# فرەشوناسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین

# فرەشوناسەکانی رۆژهەڵاتی ناوین

**بێرنارد لویس**

**وەرگێرانی ئینگلیزییەوە**
**لەیلا حەمید**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

**هەولێر - ٢٠١١**


**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **فرەشوناسەکانی رۆژهەڵاتی ناوین**
- نووسینی: بێرنارد لویس
- وەرگێڕانی: لەیلا حەمید
- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر
- بەرگ: هۆگر سەدیق
- ژمارەی سپاردن: (٤٦٤) لەساڵی ٢٠١١
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١١
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٧٢)**



**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


**پێشەکی ...... ٧**

بەشی یەکەم/ پێناسەکان ...... ١٣

بەشی دووەم/ ئایین...... ٣٥

بەشی سێیەم/ نەژاد و زمان ...... ٥٣

بەشی چوارەم/ وڵات ...... ٧٣

بەشی پێنجەم/ نەتەوە ...... ١٠١

بەشی شەشەم/ دەوڵەت...... ١١٥

بەشی حەوتەم/ هێماکان ...... ١٣١

بەشی هەشتەم/ بێگانە و بێ دینان ...... ١٣٩

بەشی نۆیەم/ ئاواتەکان...... ١٦٣

# پێشەکی

ناوونیشانی ئەم کتێبە، وەك خوێنەر بۆی دەچێت، لە زمانی دەروونزانی یان بە شێوەیەکی وردتر لە پزیشکیی دەروونی وەرگیراوە. مەبەستم لە بەکارهێنانی ئەم ناوونیشانە ئەوە نییە بڵێم ڕۆژهەڵاتی ناوین بە دەست گرفتی دەروونیی جەرگبڕەوە دەناڵێنێت. نامەوێت هیچ جۆرە چارەسەرێکیش پێشکەش بکەم.

ئەوەی دەمەوێت لە ڕێی ئەم ناوونیشانەوە بیگەیەنم، شتێکە لە ئاڵۆزی و جۆراوجۆرێتیی ئەو شوناسە جیاوازانە دەکرێت لە یەك کات و لە هەمان کاتدا، تەنانەت زیاتر لە تاکەکان، کۆمەڵەکانیش هەڵگریان بن- گۆڕانی بەردەوام و پەرەسەندنی شوناس لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، گۆڕانی بەردەوام و پەرەسەندنی ئەو ڕێگەیانەی بە هۆیانەوە نەتەوەکانی هەرێمێك لە خۆیان و ئەو کۆمەڵانەی بەشێکن لێیان و جیاوازیی نێوان خۆ و خەڵکی تر تێ دەگەن.

تەنانەت لە جیهانی ڕۆژئاواشدا شوناسی جۆراوجۆر هەن. لەوەتەی دامەزراندنی شانشینیی یەکگرتوو هەر نەتەوەیەکی ئەم شانشینە لانی کەم سێ شوناسی هەبووە: بە نەتەوایەتی، وەك تاکێکی[١] بەریتانی، دواتر وەك هاووڵاتییەکی ئەم شانشینە، بەو شتەی ئێمە ئەمڕۆ بە ئیتنیك ناوی دەبەین، وەك ئەندامی یەك یان پتر لەو پێکهاتە خۆجێیانەی ئەو نەتەوە کە بریتین لە ئینگلیز و سکۆتلەندی و وێلش و ئیرلەندی؛ و بە ئایین. لەم سەردەمەدا هەم مەودای ئیتنیك و هەم مەودای ئایین، لە ناو نەتەوایەتیی

(١) Subject یان تابع.



بەریتانییی هاوبەشدا زۆر بەرفرەوان کراون و کەرتە گرووپەکانیش[٢] بەردەوام پتر ئاوێتەی یەکتر بوون. ئەم کەرتە گرووپانە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا تەنانەت پتریش تێکەڵن ، لە شوێنێك کە بە هەمان شێوە هەر هاووڵاتییەك بەدەر لە هاووڵاتینی ئەمریکی شوناسی تری پێناسەکراو بە تیرە و ڕەچەڵەکی ئیتنیکی، و یان زۆربەی جار ڕەچەڵەکە ئیتنیکییەکانی، و شوناسی پێناسەکراو بە ئایینی کەسێنی یان ئایینی بابوباپیرانییەوە هەیە.

ڕووسیاش بە وێنەی ئەمریکا، زۆر کۆمەڵی ئیتنیکیی تێدایە کە نەك بە هۆی کوچکردن بگرە لە ڕێی دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنەوە هاتوونەتە کایەوە. فەڕەنسا و ئیسپانیاش هەردووکیان کەمایەتیی هەرێمیی گرینگیان هەن. هەندێك لەم کەمایەتییانە وەك بریتۆن و باسکەکان بە زمانێکی تەواو جیاواز لە زمانی نەتەوەیی فەرمی دەدوێن، بەڵام ئەم کەمایەتییانە ڕەگداکوتاو و خۆجێین و هیچ جۆرە جیاوازییەکی بەرچاوی کولتووری یان ئایینییان لەگەڵ زۆرینەگەلی زاڵدا نییە. لە شوێنی دیکەی ئەوروپادا کەمایەتییە ئیتنیکییەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بچووك و کەمن و پلەیەکی یاسایی یان سیاسی یان تەنانەت مافێکیشیان نییە.

ئەم دۆخە ئێستا بە شێوەیەکی زەق گۆڕاوە، چونکە کۆچی بە ملیۆنەها خەڵکی نوێ کەمایەتیی نوێیی لێ کەوتووەتەوە. ئەم خەڵکانە بێ شومار و پەڕاگەندەن و لە ڕووی ئیتنیك و زمان و کولتوور و ئایین و زۆربەی کات لە ڕووی نەژادەوە لە زۆرینەی دانیشتووانی خۆجێیی جیاوازن. سروشتییە ئەم خەڵکە لەگەڵ خۆیان چەمك و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە شوناس دەگوازنەوە کە ئەمانەش ڕەنگە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هی ئەوروپا و ڕۆژئاوا جیاواز بن. هەر دوو زاراوەی "ئەوروپا" و "ڕۆژئاوا" هەڵبەتە ئەوروپی و ڕۆژئاوایین و تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم لە پارچەکانی تری جیهان، بە شێوەیەکی هەستپێکراویش لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، هیچ جۆرە مانا یان واتایەکی ئەوتۆیان نەبوو. هەمان شت ڕاستە بۆ ناوی "ئاسیا" و "ئەفریقا".

(٢) Subgroups .

ئەوروپا بیرۆکەیەکی ئەوروپییە کە لە یۆنان لە دایك بوو و لە رۆم پەروەردە کرا و ئێستا پاش تەمەنێکی درێژ و پڕدەردەسەریی منداڵی و هەرزەکاری لە ناو جیهانی مەسیحییەتدا، لە کۆمەڵگەیەکی عیلمانی و سەروونەتەوەییدا بەرەو هەراشی هەنگاو دەنێت. ناوەکانی ئاسیا و ئەفریقاش بیرۆکەی ئەوروپین، شێوازی ئەوروپییانەن بۆ وەسفکردنی خەڵکی تر. هەر کۆمەڵێکی مرۆیی زاراوەی بە زۆری سووکایەتپێکەری هەیە بۆ ناونانی ئەو خەڵکانەی دەکەونە دەرەوەی کۆمەڵی ئەوانەوە. هەندێك لەم زاراوانە بە نزیکەیی بوونەتە جێی بایەخی جیهان. بەربەرییەکان لە بنەڕەتدا خەڵکی نایۆنانی بوون و جێنتایلەکان[1] کەسانی نایەهوودین و ئاسیایی و ئەفریقییەکانیش نائەوروپین و لە روانگەی ئەوروپییەکانەوە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا سنوورەکانی ئەوروپا لە دەستی رۆژهەڵات و باشوورەوە دیاری دەکەن.

لە ماوەی ململانێیی دۆمدرێژی نێوان مەسیحییەت و ئیسلامدا ئەم سنوورانە زۆر جار گۆڕان. بەربەرییەکان، هەڵبەتە خۆیان بە بەربەری لە قەڵەم نەدەدا وەك چۆن جێنتایلەکانیش خۆیان بە کافر دانەدەنا تا ئەو کاتەی هەردووکیان بە هۆی پرۆسەی بەیۆنانیکردن[٢] و بەمەسیحیکردنەوە فێر کران خۆیان لەم روانگە بێگانەیەدا ببینن. بە یۆنانیکردنی بەربەرییەکان لە دێرزەمان و بە مەسیحیکردنی جێنتایلەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەستی پێ کرد. ئاسیایی و ئەفریقییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەم سەردەمەدا لەم شوناسەی ئەوروپییەکان پێناسەیان کردبوو، تێ گەیشتن، واتە کاتێك ئەوروپییەکانی دەسەڵاتگێڕ و مامۆستا و قەشەکان فێری ئەم پۆڵێنەیان کردن. ئێستاکە دەستپێشخەریی یۆنانییەکان لە دۆزینەوەی هەر سێ کیشوەری جیهانی کۆن[٣] بە گشتی پەسەند کراوە. کۆشش و بلیمەتیی دۆزەرەوەکانیش، کە زۆربەیان ئەوروپین، چەند کیشوەرێکی نوێی بۆ جیهانی کۆن زیاد کردووە.

---

١ Gentiles.کافرەکان

٢ هێلێنایزێیشن.

٣ ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا.



"رۆژهەڵاتی ناوین" لە خۆیەوە دیارە زاراوەیەکی رۆژئاواییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە. ئەم زاراوە ناوچەییە کە تەنیا لە روانگەیەکی رۆژئاواییەوە واتادارە، وای لێ هاتووە لە سەرانسەری جیهاندا بەکار دێت، بەڵگەیەکی هەژێنەرە بۆ کاریگەریی بەردەوام و دەسەڵاتی پێشووی رۆژئاوا. تەنانەت ئەو نەتەوانەی زاراوەکە ئاماژە بە هەرێمەکەیان دەدات، بۆ وەسفکردنی نیشتیمانەکانیان خودی زاراوەکە بە کار دێنن. ئەمەش لەو سەردەمەدا کە داواکاری بۆ مافە هەرێمی و ناوکۆیی و نەتەوەییەکان، کە لەبنەڕەتدا لە سەر شێوازێکی دژەڕۆئاوییدایە، پتر زەقە.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا شوناسی جۆراوجۆر هەن، کە هەر کامیان لقی جۆراوجۆر و هەندێك جار ناکۆکیان لێ دەبێتەوە. ئەم شوناسانە رەنگە کۆمەڵایەتی یان ئابووری بن- بە گوێرەی پلەوپایە، چین و پیشە و پسپۆری. نەوە و رەگەز٤ دوو سنووری سەرەکیی شوناس دیاری دەکەن، بە هەمان شێوەش بەراوردکردنی کەسانی سیڤیل و سوپایی، نائایینی و ئایینی و بابەتی لەم چەشنە. لە ئینجیل (تەکوین[(٥)] بەندی ٤) چیرۆکی یەکەم ململانێ و یەکەم کوشتن لە سەر بنەمای رکابەرایەتییەکی کۆمەڵایەتی- ئابوورییەوە باسی لێوە کراوە. "هابیل شوان و قابیل وەرزێڕ بوو".

هەردووکیان دیارییان بۆ خوا هێنا، یەکێکیان لە "بەرهەمی زەوی" و ئەوی تریان "لە نۆبەرەی مێگەلەکەی". خوا ئەوەی دووەمیانی پتر بە دڵ بوو و قابیل لە تووڕەیی و ئیرەیی "لە دژی هابیلی برای وەستا و کوشتی". رکابەرێتیی نێوان مەڕدارانی کۆچەری و جووتیارانی کشتکار بابەتێکی سەرهەڵدەرەوەیە لە ناو مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین و لە زۆر پارچەی ئەم هەرێمەدا ناکۆکیی بەرژەوەندیی ئەم دوو لایەنە تا ئێستاش گرینگیی خۆی هەر ماوە. لە "تەکوین"دا جووتیار کۆچەری دەکوژێت، بەڵام

---

٣ Gender.

٥ Genesis یەکەم بەشی تەورات.

به زۆری له مێژووی ڕۆژهه‌ڵاتی ناویندا پێچه‌وانه‌ی ئه‌مه ڕووی داوه. دواتر، له‌گه‌ڵ په‌ره‌سه‌ندنی شاره‌کان، هه‌ڵشاخانێکی زۆر نوێی لایه‌نگری و شوناسه‌کان له نێوان شار و لادێ و گه‌ڕه‌که‌کانی ناو شاردا، که زۆربه‌ی جار شوناسی ئیتنیکی و ناوکۆیی و پیشه‌یی لێك گرێ ده‌دا، سه‌ری هه‌ڵداوه. له ئیمپراتۆرییه‌ته مه‌زنتره‌کانی وه‌ك هی خه‌لیفه‌کان ره‌نگه لایه‌نگری و شوناسه هه‌رێمییه‌کان رۆڵێکی کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتورییان وه‌رگرتبا، به‌ڵام به ده‌گمه‌ن گرینگییه‌کی سیاسییان ده‌بوو.

ناکۆکییه کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابوورییه‌کان گرینگییه‌کی حاشاهه‌ڵنه‌گریان هه‌یه له په‌ره‌سه‌ندنی لایه‌نگری و شوناسه‌کانی ناو کۆمه‌ڵگه‌یه‌ك. به‌ده‌ر له چه‌ند ریزپه‌ڕێك، ئه‌م ناکۆکییانه کاریگه‌رییه‌کی که‌م یان هیچ کارتێکه‌رییه‌کیان له سه‌ر راستییه‌کان، یان ته‌نانه‌ت تا ئه‌م دواییه‌ش له سه‌ر تێگه‌یشتنی جیاوازییه‌کانی نێوان کۆمه‌ڵگه‌کاندا نه‌بووه. تاکه هه‌وڵێکی گه‌وره بۆ شوناسێکی سه‌روونه‌ته‌وه‌یی و یه‌کێتییه‌کی پشتبه‌ستوو به چینی کرێکار له سه‌روبه‌ندی تێکشکانی نه‌ته‌وه‌په‌رستیی رووسی و به‌رژه‌وه‌ندیی ده‌وڵه‌تی سۆڤیه‌تدا شکستی هێنا.

جیاوازیگه‌لی ره‌گه‌زی[٦] به ئاشکرا کاریگه‌ریی گه‌وره‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتوورییان له سه‌ر په‌ره‌سه‌ندنی بۆچوون و شوناسه‌کانی ناو هه‌ر کۆمه‌ڵگه‌یه‌ك هه‌یه. له کۆمه‌ڵگه‌ی پیاوسالاری رۆژهه‌ڵاتی ناویندا ئه‌م جیاوازییانه تازه به تازه خه‌ریکه کاریگه‌ریی سیاسییان ده‌بێت.

له رۆژهه‌ڵاتی ناویندا وه‌ك هه‌ر شوێنێکی تر نووسراوه مێژوویی و ئه‌ده‌بییه‌کان ئاماژه به‌وه ده‌ده‌ن تێگه‌یشتنی خه‌ڵك له پێناسه‌ی بنه‌ڕه‌تیی شوناسی خۆیان، له هێڵی جیاکه‌ره‌وه‌ی نێوان خۆیان و ئه‌وانی تر، نه به هۆی جیاوازیگه‌لی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و نه به هۆی جیاوازیگه‌لی نه‌وه‌یی و ره‌گه‌زییه‌وه بووه، بگره ئه‌م شوناسه ئێستاشی له‌گه‌ڵدا بێت، له رێگه‌ی پێوه‌ره کۆنباوه‌کانه‌وه دیاری ده‌کرێن.

٦ Gender .



شوناسه بنه‌ڕه‌تییه‌کان ئه‌وانه‌ن که له‌گه‌ڵ له دایکبوونه‌وه ده‌گوازرێنه‌وه. ئه‌مانه‌ش سێ جۆرن. یه‌که‌میان به خوێنه، واته له رێزبه‌ندێکی له خواره‌وه بۆ سه‌ره‌وه له خێزانه‌وه بۆ هۆز و خێڵ تا ده‌گاته نه‌ته‌وه‌یه‌کی ئیتنیکی. دووه‌میان به شوێنه و زۆربه‌ی جار، به‌ڵام نه‌ك هه‌میشه له‌گه‌ڵ یه‌که‌م شوناسدا ده‌گونجێت و هه‌ندێك جاریش له راستیدا له‌گه‌ڵی ناکۆکه. ئه‌مه‌ش ره‌نگه به‌و مانایه‌یه بێت که لادێ، ناوچه، که‌رت، گه‌ڕه‌ك، پارێزگا یان شار له سه‌رده‌می هاوچه‌رخدا به په‌ره‌سه‌ندن ده‌بێته ولاتێك. سێیه‌میان که به زۆری پێوه‌ندیی هه‌یه به یه‌که‌م یان دووه‌م یان هه‌ردووکیان بریتییه له کۆمه‌ڵگه‌ی ئایینی که ئه‌مه‌ش ره‌نگه دابه‌ش ببێته‌وه بۆ تایفه‌کان. بۆ زۆر که‌س ئایین تاکه لایه‌نگرییه‌که، که سنووره ناوخۆیی و راسته‌خۆکان ده‌به‌زێنێت.

دووه‌م جۆری به‌رفره‌وانی شوناس بریتییه له دڵسۆزی[٧] بۆ حوکمڕانێك، که ئه‌مه‌ش له رابردوودا به زۆری بۆ پاشایه‌کی میراتگره‌وه بووه. ئه‌م شوناسه به شێوه‌یه‌کی ئاسایی له زگماکه‌وه ده‌گوازرێته‌وه و ده‌شێ به داگیرکاری و ده‌ستاوده‌ستکردنی ده‌سه‌ڵات، یان بۆ تاکه‌کان به هۆی کۆچکردن و له‌م سه‌رده‌مه‌دا له‌گه‌ڵ وه‌رگرتنی مافی هاوولاتیبوون، بگۆڕدرێت. ئه‌م شوناسه به مانای ملکه‌چبوونی که‌سه‌که‌یه به‌رامبه‌ر به خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات و نوێنه‌ره جۆراوجۆره‌کانی له سه‌ر ئاسته جیاوازه‌کانی ژیانیدا- واته سه‌رۆکی ده‌وڵه‌ت یان سه‌رۆکی به‌شێك، پارێزگاری پارێزگایه‌ك یان شارێك، به‌ڕێوه‌به‌ری ناوچه‌یه‌ك یان چاودێری لادێیه‌ك.

له زۆربه‌ی شوێنه‌کانی جیهاندا و له زۆربه‌ی مێژووی رۆژهه‌ڵاتی ناویندا ئه‌م دوو شوناسه- شوناسی ده‌سه‌ڵات به‌سه‌ردانه‌شکاوه‌ی زگماکی و شوناسی سه‌پێندراوی ده‌وڵه‌ت- ته‌نیا شوناسه‌کان بوون. له‌م سه‌رده‌مه‌دا، له سایه‌ی کاریگه‌ریی رۆژئاوادا جۆره شوناسێکی نوێ له نێوان ئه‌م دوو شوناسه‌دا په‌ره ده‌سه‌نێت- یه‌کبوونی سه‌ربه‌ستانه له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگه ویستراوه‌کان و به سه‌ربه‌ستی لایه‌نگریکردنیان، ئه‌و کۆمه‌ڵگانه‌ی که بۆ پێکهێنانی ئه‌و شته‌ی ئه‌مڕۆکه پێی ده‌گوترێت کۆمه‌ڵگه‌ی شارستانی، ئاوێته‌ی یه‌کتری بوون.

٧- Allegiance .

# بەشی یەکەم

## پێناسەکان

ڕۆژهەڵاتی ناوین هەرێمی شوناسە کۆن و ڕەگداکوتاوەکانە کە لە سەردەمی هاوچەرخدا کۆمەڵە گۆڕانێکی گرینگی بە سەردا هاتووە. لە سایەی ئەو ڕاستییەی ئێمە و بە شێوەیەکی ڕووەو هەڵکشانیش تەنانەت نەتەوەکانی ئەم هەرێمە بە زمانێکی وەرگیراو لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن سیستەمێکی جیاوازی شوناسی کۆمەڵ٨، لەم شوناسانە تێ دەگەین، گفتوگۆیان لە سەر دەکەین، و تەنانەت بیریان لێ دەکەینەوە، لێکۆڵینەوە و تەنانەت تێگەیشتن لێیان ئاڵۆزتر و سەختتر بووە. من ئەم کتێبە بە ئینگلیزی دەنووسم، بە زمانێکی ڕۆژئاوایی، بەلاّم هەمان گرفت سەری هەڵدەدایەوە، ئەگەر بە زمانی عەرەبی یان هەر زمانێکی ترم نووسیبا کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەکار دێت. زمانی ئاخافتنی سیاسیی سەردەمانە لەم هەرێمەدا ڕۆژئاواییە، تەنانەت ئەگەر وشەی خۆماڵی بەکار بهێنرێن. هەندێك لەم وشانە وەك دیموکراسی و دیکتاتۆری وشەی وەرگیراو[9] یان وشەی تازەداڕێژراوەن[10] بۆ گەیاندنی زاراوەی ڕۆژئاوایی. وشەی تری وەك حکومەت و ئازادی وشەی کۆنن کە مانای نوێیان خراوەتە سەر. بەشی هەرە زۆری زمانی بەرهەڤدانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئێستاکە بەم شێوەیەیە. ئەمەش بە تایبەتی ڕاستە بۆ زمانی ئێستای شوناسی سیاسی و دڵسۆزی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەزموونی مێژوویی ئەوروپاوە وەرگیراوە.

---

٨ Group Identity.

٩ Borrowed.

١٠ Neologism.



بەلاّم ڕاستییە دێرینەکان ون نابن. لە شەڕەکانی دژ بە بێگانەدا، جا بە هەر شێوەیەك دەرکی پێ کرابێت یان پێناسە کرابێت، لە کشمەکشمەکانی نێوان کۆمەڵ یان شوناسە ڕکابەرەکانی ناو کۆمەڵگەدا، هەندێك جار وشەی نوێ بە مانا کۆنەکانیەوە بەکار هاتووە و وشەی کۆن مانای خۆی پاراستووە یان دووبارە مانای ڕەسەنی خۆی وەرگرتووەتەوە.

لە بەر ئەوە ڕەنگە باش بێت چاوێکی تر بەم زاراوە جۆراوجۆرانەدا بخشێنرێتەوە و هەوڵ بدرێت بۆ پێناسەکردنەوەیان بە ئاوایەك کە زێتر لەگەڵ کەلەپووری رابردووی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕاستییەکانی ئەم هەرێمە لە دەمی ئێستادا بگونجێت. نەتەوایەتی[11] و هاووڵاتیبوون[12]، نەتەوەپەرستی[13] و نیشتیمانپەروەری[14] لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وشەی نوێن، کە بۆ گەیاندنی چەمکی نوێ داڕێژراون. نەتەوە، خەڵك، وڵات، کۆمەڵگە و دەوڵەت وشەی کۆنن، بەلاّم هەڵگری مانای ناجێگیر و بەم هۆیەشەوە مانای دەنگدەرەوەن. ئەوەی بابەتەکە پتر ئاڵۆز دەکات، ئەوەیە کە هەمان شت ڕەنگە بۆ ناوی قەوارە ئیتنیکی، نەتەوەیی، ناوکۆیی و هەرێمییەکان ڕاست بێت.

لە کانوونی دووەمی ساڵی **١٩٢٣**دا، وەك بەشێك لە دوا یەکلاکردنەوەی پرسەکانی نێوان دەوڵەتگەلی جۆراجۆری جێگرەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و هاوپەیمانانی سەرکەوتوو، ڕێکەوتننامە و پرۆتۆکۆلێك لە نێوان حکومەتی یۆنان و تورکیا واژوو کران کە داوای بە زۆر ئاڵوگۆڕکردنەوەی کەمە ئایینییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتیان دەکرد. دوو هەرێم سەرپشك بوون- شاری ئەستەمبوڵ لە تورکیا و پارێزگای سرێسی ڕۆژئاوا[15] لە یۆنان. لە شوێنەکانی دی کەمایەتییەکان، بە گوێرەی ڕێکەوتنی نێوان هەر دوو حکومەت، جگە لە وازهێنان لە ماڵوحاڵی خۆیان و گیرسانەویان لەو وڵاتەی بە وڵاتی شوناسی خۆیان لە قەڵەم درابوو،

---

١١ Nationality.

١٢ Citizenship.

١٣ Nationalism .

١٤ Patriotism .

١٥ Western Thrace .

چارەیەکی تریان نەبوو. جگە لەوەش لە یەکەم ماددەی رێکەوتنەکەدا هاتبوو هەر کەسێك بەم شێوەیە گواستراوە رێگەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی پێشووی خۆی پێ نادرێت، نە بۆ تورکیا بە بێ مۆڵەت لە حکومەتی تورکیا و نە بۆ یۆنان بە بێ مۆڵەتی حکومەتی یۆنان.

بابەتەکە بە ئاشکرا بە شتێکی بەپەلە دەزانرا. کە پەیماننامەی لۆزان لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣دا واژوو کرا، دەبووایە لە یەکی ئایاری هەمان ساڵدا دەست بە راگوێزانەکان بکرابا. لە نێوان ١٩٢٣ و ١٩٣٠دا نزیکەی ملیۆن و چارەکێك یۆنانی لە تورکیاوە نێردرانە یۆنان و ژمارەیەکی تا رادەیەك بچووکتری تورکەکانیش لە یۆنانەوە بۆ تورکیا رەوانە کران. لانی کەم لە زۆربەی نووسراوەکانی ئەم ئاڵوگۆڕەدا خەڵکەکە بەم شێوەیە وەسف کراون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەو شێوازە نییە کە خەڵکەکەی لە پرۆتۆکۆلەکەدا پێ وەسف کراوە، پرۆتۆکۆلەکە ئەو خەڵکانەی کە دەبووایە بگۆڕدرێنەوە بە" تاکەکانی[16] تورکی سەر بە ئایینی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی کە لە تورکیادا نیشتەجێن" و "تاکەکانی یۆنانیی بڕوادار بە ئایینی ئیسلام کە نیشتەجێی یۆنانن" ناو دەهێنا.

لێڕامانێکی وردتر لەو شتەی کە بە راستی روویدا، لە سەدان هەزار ئەو یۆنانی و تورکانەی "گەڕێندرانەوە بۆ نیشتیمان[17]"، جەخت لەو وردبینییە دەکاتەوە، کە بە هۆیەوە دارێژەران و واژووکارانی پرۆتۆکۆلەکە تێگەیشتن و نیازی خۆیان دەرخستووە. گەشتیارێکی ناو پارێزگای کارامانی[18] ئاناتۆلی تورکی کە لەوێوە زۆر یۆنانی رەوانەی یۆنان کرانەوە، ئاسەواری کۆنی ئەم یۆنانییانە دەدۆزێتەوە، ئەو کەلیسە و پەرستگایانەی بە ئەلفوبێی یۆنانی نووسینیان لە سەر هەڵکەندراوە. بەڵام بە تێڕامانێکی نزیکتر ئەوە وەدەر دەخات ئەوە روون دەبێتەوە، هەرچەندە ئەلفوبێیەکە یۆنانییە، بەڵام زمانەکە بە زۆری تورکییە. یۆنانییەکانی کارامان لە راستیدا لەو رووەوە یۆنانی بوون کە شوێنکەوتووی کەلیسەی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی بوون، بەڵام ئەو زمانەی کە لە ناو خۆیاندا و هەروەها لەگەڵ ئەوانی تردا بەکاریان دەهێنا، ئەو زمانە تورکییە بوو کە بە

١٦ Subjects. تەوابع کۆی تابع.

١٧ Repatriated .

١٨ Karaman .



ئەلفوبێی یۆنانی دەیاننووسی، نەك بە ئەلفوبێی عەرەبی کە دراوسێ موسوڵمانەکانیان بە کاریان دەهێنا. هەڵبەتە ئەو ئەلفوبێیە لە لایەن کەسانی بەرامبەریان کە لە یۆنانەوە هاتبوون، بەکار دەهات، واتە ئەو کەمایەتییە موسوڵمانە یۆنانی زمانەی دانیشتووی کێرت[19] و شوێنەکانی تری یۆنان کە زۆربەیان کەمێك تورکی یان هیچیان لێی نەدەزانی، بەڵام بە یۆنانی دەدوان و هەندێك جار ئەلفوبێی تورکی-عەرەبییان بەکار دەهێنا.

ئەم گرێدانەی ئەلفوبێ و ئاین و بە شێوەیکی وردتر، ئەلفوبێ و نووسراوی ئایینی،نەریتێکی رۆژهەڵاتی ناوین بوو. بۆ ماوەی پتر لە هەزارەیەك لە نێوان بەعەرەباندن و بەسەردەمیانەکردنی سووریادا مەسیحی و موسوڵمان و یەهوودییەکانی ئەو وڵاتە بە عەرەبی دەدوان و دەیاننووسی، بەڵام موسوڵمانان بە ئەلفوبێی عەرەبی و مەسیحییەکان بە ئەلفوبێی سریانی و یەهوودییەکانیش بە ئەلفوبێی عیبری، واتە هەر کۆمەڵەگەیەك ئەو ئەلفوبێیەی بەکار دەهێنا کە بە کتێبە ئاسمانییەکەی پیرۆز کرابوو و بۆ پەرستش داوای کرابوو. پیاوانی ئایینی و بە شێوەیەکی گشتیتر، خوێندەواران بە زۆری زمان و هەروەها ئەلفوبێی کتێبە ئاسمانییەکانیان دەزانی، بەڵام بۆ زۆربەی خەڵکی ئاسایی ئەلفوبێیەکە بەس بوو کە بۆ نووسینی زمانی خۆماڵیی خۆیان سوودیان لێ وەردەگرت. جگە لە چەند دەستەبژێرێکی تێگەیشتوو، یۆنانییەکانی کارامان تا ئەو کاتەی نەگەیشتنە یۆنان فێری یۆنانی نەبوون، تورکەکانی کێرتیش تا ئەو دەمەی لە تورکیا نیشتەجێ نەبوون، فێری تورکی نەبوون. لە هەر دوو لادا گرفتی کولتوورگۆڕی[20] و توانەوە[21] هەبوون.

چاودێرێکی رۆژئاواییی کە لە سیستەمێکی جیاوازی پۆلێنکردن راهاتبێت، رەنگە بە ئاسانی بگاتە ئەو ئەنجامەی ئەو شتەی لە نێوان حکومەتی یۆنان و تورکیا رێکەوتنی لە سەر کرا و جێبەجێش کرا، ئاڵوگۆڕی کەمە ئیتنیکی و نەتەوەییەکان و گەڕاندنەوەیان

١٩ Crete .

٢٠ Acculturation .

٢١ Assimilation .

بۆ نیشتیمان نەبووە بگرە شاربەدەرکردنی[٢٢] دوو کەمایەتیی ئایینی بووە، واتە دوورخستنەوەی موسوڵمانانی یۆنانی بۆ تورکیا و مەسیحییانی تورک بۆ یۆنان.

تەنانەت زاراوەکانی بەکارهاتوو، واتە یۆنانی و تورکەکان و یۆنان و تورکیا هەڵگری هەندێك نهێنین. ئەو وشەیەی تورکەکان و بە شێویەکی گشتیتر موسوڵمانانی ڕۆژهەلاتی ناوین خەڵکی یۆنانیيان پێ ناو دەبرد، وشەی "ڕۆم[٢٣] "ە، بەلاّم ڕۆم بە مانای یۆنانییەکانەوە نییە، بەڵکو بە مانای ڕۆمییەکانە و بەکارهێنانی ئەو وشەیە سەرەتا لە لایەن خودی یۆنانییەکان و دواتر لە لایەن سەرۆکە موسوڵمانەکانیانەوە دوا بیرەوەرییەکانی سەروەری و دەسەلاتی سیاسیی ڕۆمەکان، واتە ئیمپڕاتۆرییەتی بیزەنتین[٢٤] دووپات دەکاتەوە. هەڵبەتە بیزەنتین زاراوەیەکی زانستی سەردەمە. بیزەنتینەکان هەرگیز خۆیان بە بیزەنتینی ناو نەدەبرد، وەك چۆن بریتۆنە کۆن یان ئەنگلۆساکسۆنەکان بەم زاراونەوە ئاماژەیان بە خۆ نەدەدا. بە لای حوکمڕانەکان و خودی خەڵکەکەشەوە ئەو دەوڵەتەی بە یەکجاری لە ساڵی ١٤٥٣ ڕووخا، ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆم بوو کە پایتەختەکەی شاری قوستەنتەنییە بوو نەك ڕۆم و زمانەکەی یۆنانی بوو نەك لاتین. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەوڵەتە جێنشینی شەرعیی ڕۆمای ئیمپێریاڵ بوو و خەڵکەکەی خۆیان بە ڕۆمی ناو دەبرد ئەگەرچی لە یۆنانیش بان. بۆ عوسمانییەکان ناوی ڕۆم ئاماژەی بە ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمای ڕۆژهەلاّت دەدا، کە خۆیان دەستیان بە سەردا گرتبوو و شوێنی ئەو ئیمپڕاتۆرییەتەیان گرتبووە کە تێیدا زمانی فەرمی یۆنانی بوو و ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی کەلیسەی فەرمانڕەوا بوو. لە بەر ئەوە، لە ژێر حوکمی عوسمانییەکاندا، ڕۆمییەکان لە ناو کۆمەڵگە(میللەت)ە ناموسوڵمانەکاندا پلەی یەکەمیان هەبوو. ڕۆژئاواییانی گیرۆدەبووی بیرەوەرییەکانی ڕابردوویەکی زۆر کۆنتر، کۆمەڵگەکەیان سەرەتا بە یۆنانی و پاشان لە موودێکی نیوکلاسیکدا، بە هێلێنیك ناوزەد کرد، کەچی بۆ مەسیحی و موسوڵمانانی ئیمپڕاتۆرییەتەکە ناوکە هێشتا ڕۆمی بوو و بە ئاوایەك ئیمپێریاڵیش بوو و سرب و بولگار و ئالبانییە ئۆرسۆدۆکسەکان و هەروەتر عەرەب و یۆنانییە ئیتنیکییەکانیشی دەگرتەوە. بزاڤە نەتەوەپەرستانەکانی خەڵکانی باڵکان

---

٢٢ Deportation

٢٣ Rome .

٢٤ Byzantine .



لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە دوو بەرەدا خەباتیان دەکرد و لە یەك کاتدا هەم بۆ نەهێشتنی دەسەلاّتی پەرەسەندووی یۆنانییە ئیتنیکییەکان لە ناو کەلیسەکانیاندا و هەم دەسەلاّتی تورکە عوسمانییەکان بە سەر نیشتیمانی خۆیاندا تێ دەکۆشان.

زاراوی "تورکە عوسمانییەکان"یش گرفتی هاوشێوە دێنیتە ئاراوە. زمانی فەرمیی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بە زۆری بە تورکی ناو دەبردرا، بەلاّم خەڵکەکە خۆیان بە تورك و هەروەتر ولاّتەکەی خۆیشیان بە تورکیا ناو نەدەبرد. وشەکانی تورك و تورکیا لەوەتەی لانی کەم سەدەی دوازدەهەمەوە لە ئەوروپا بە کار هاتوون، بەلاّم خەڵکی ناو تورکیا ئەم وشانەیان بە کار نەدەهێنا. لە بری ئەوە، ئەم وشانە ئەو ولاّتانەیان دیاری دەکرد، کە تورکەکان تێیاندا حوکمیان دەگێڕا کە ئەمەش بە زاراوەی ئایینی بە ولاّتانی ئیسلام و بە زاراوەی خانەدانی وەك شانشینەکانی عوسمانی، یان کاتێك پێناسەیەکی هەرێمیی وردتر پێویست بووایە، بەو ناوەی لە ئیمپڕاتۆرییەتی پێشووتری خۆیاندا بۆیان بەجێمابوو، واتە بە ولاّتی ڕۆمەکان ناویان دەهات. "تورکیا" بە شێوەیەکی فەرمی تا پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ وەك ناوی فەرمیی ولاّت بە کار نەهات. تەنانەت لە ئەوروپاشدا وشەی "تورك" بە شێوەیەکی سەرەکی هەڵگری مانایەکی ئایینی بوو. ئەم وشەیە عوسمانییەکان و هەندێك جار تەنانەت موسوڵمانانی تری سەر بە کۆمەڵەی جۆراوجۆری ئیتنیکی و زمانیی لە خۆ دەگرت، بەلاّم دانیشتووە مەسیحی و یەهوودییەکانی شانشینیی عوسمانیی نەدەگرتەوە تەنانەت ئەگەر بهاتبا و وەك چۆن لە هەندێك هەرێمدا ڕووی دا، بە تورکی ئاخەفتبان. بە پێچەوانەوە، ئەوروپییەکی هەڵگەڕاوە بۆ ئیسلام پێی دەگوترا "بووە بە تورك" تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە ئێران یان مەراکیش ڕووی دابا.

بە گشتی زاراوە ئایینی و ئیتنیکییەکان بە شێوەیەکی باو لە هەر دوو کەنارەکانی مەسیحی و موسوڵمانشینی مەدیتەرانەدا شێواو بوون. هەر دوو لا مەیلیان نەبوو زاراوەی ئایینی ڕوون بۆ ئەوەی بەرامبەر بەکار بێنن، نەوەك بەم شێوەیە، دان بە هەبوونی ئایینێکی جیهانیی ڕکابەر دابنێن. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ مەسیحییەکانی ئەوروپا وشەی ئایینیی وەك "موسوڵمان" یان "ئیسلام"یان بەکار نەدەهێنا. هەندێك جار زاراوەی ناتەواو و هەڵخەڵەتێنەری موحەممەدییان بەکار دەهێنا کە لە چاو زاراوەی "مەسیحی" داڕێژرابوو.

زیاتریش موسوڵمانانیان بە زاراوی ئیتنیکیی وەك موور[٢٥] و سارێسن[٢٦] و تورك و تەتەر ناو دەبرد. نووسەرانی موسوڵمانی بەری سەردەمی هاوچەرخیش بێمەیلییەکی وێکچوویان بۆ بەکارهێنانی زاراوەی ئایینیی "مەسیحی" پێشان داوە و پتر حەزیان کردووە خەڵکی ئەورووپا یان بە زاراوەی گشتیی نارروونی"بێ دینان"، یان بە شێوەیەکی باوتر، بە زاراوەی ئیتنیکیی وەك رۆمی و فرانك و سلاڤ ناو بەرن. هەرسێك لەمانەش دووبارە لە زمانی موسوڵماناندا پتر مانایەکی ئایینییان هەیە نەك ئیتنیکی و ئاماژە بە شوناسێك دەکەن، کە دەکرێت وەربگرێت و بە هەڵگەڕانەوە وازی لێ بهێنرێت. کاتێك ناوێکی ئایینیی تایبەت بۆ مەسیحییەکان پێویست بووایە، زۆربەی جار بە نەسرانی[٢٧] (کۆیەکەی نەسارا)، ناسری[٢٨]، واتە شوێنکەوتووانی عیسای نەسارا، ناویان دەبردن. لە پرۆتۆکۆلی عوسمانییەکان و لە زمانی عەرەبیی هاوچەرخدا ناوونیشانە بەرێزەکە زاراوەی مەسیحییە، کە وەرگێڕانێکی دەقاودەقی "کریستییەن"ە (و لە عەرەبی بە مەسیح و لە عیبری بە مێسیاح و لە یۆنانی بە کریستۆس ناوی پیرۆز کراوە).

لە سەردێڕی ئەو نامانەی لە لایەن سوڵتان موڕادی سێیەم، حوکمڕانێکی موسوڵمانەوە بۆ شاژن ئیلیزابێسەوە نێردراون، رەنگە هەست بە گرینگیی هاوڕێژەیی ئایین و وڵات بکرێت لە روانگەی جیهانیی کۆنی موسوڵمانانەوە. ئەم نامانە گشتیان بەم سەردێرانەی ژێرەوە دەست پێ دەکەن:

فەخری خانمانی پاکداوێنی شوێنکەوتووی عیسی، سەروەری خانمانی بە شەرەفی کۆمەڵگەی مەسیحی، دادوەری کاروباری دەستەی ناسری کە سەرقافڵەی کاروانەکانی رەوشتبەرزی و شکۆمەندیت ، خاوەن نیشانەکانی سەربەرزی و شانازی، شاژنی وڵاتی[٢٩] ئینگلاند، خوا دوارۆژت بەخێر بکات.

---

٢٥Moor هاووڵاتییەکی موسوڵمانی باکووری ئەفریقا لە رەگەزی تێکەڵاوی عەرەب و بەربەر، بەربەر.

٢٦ Saracen عەرەب (لە کاتی شەڕی خاچپەرستیدا).

٢٧ Nasrani.

٢٨ Nazarenes.

٢٩ Land .



وەك تێبینی دەکرێت شاژن لە یەکەم و دووەم و سێیەم شوێندا وەك سەرکردەیەکی مەسیحی و تەنیا چوارەم جار وەك حوکمڕانی هەرێمێك بە ناوی ئینگلاند پێناسە کراوە. هەندێك بەڵگەنامەی دی زۆر تایبەتترن و شاژن بە سەرکردەیەکی مەسیحییە "لوسەری"[٣٠] ییەکان پێناسە دەکەن. ئەو وشە تورکییەی لەم سەردێرانەدا بە وڵات وەرگێردراوە، "ڤیلایەت" ە کە بە مانای پارێزگا یان هەرێمێکی کارگێڕییەوە دێت، نەك وڵاتێك بە مانا سەردەمیانەکەیەوە. زاراوەی "شا" و "شاژن" بە رەچەڵەك ئەورووپین و هەرگیز بە هیچ شێوەیەك بۆ پاشاکانی تورکی و پاشاکانی تری موسوڵمان بەکار نەهاتوون. بەکارهاتنی ئەم وشانە لەو بەڵگەنامە تورکییانەی بۆ حوکمڕانە مەسیحییەکانی ئەورووپا نووسراون، دەقاودەق هاوتایە لەگەڵ بەکارهێنانی نازناوی خۆماڵی بۆ شازادە خۆجێییەکانی هیندستانی بەریتانی. کەواتە سەیر نییە کە پاشا ئەورووپییەکان بە شانازییەوە داوایان لە سوڵتانەکان کردبێت کە بە هەمان ئەو نازناوانە، و بەم شێوەیە بە هەمان ئەو پلەوپایەوە کە خۆیان هەیانبووە، رێز لەوانیش بگرن. لەگەڵ لاوازبوونی عوسمانییەکان و وەهێزکەوتنی دەسەڵاتە ئەورووپییەکان پاشایانی ئەورووپی یەك لە دوای یەك داوایان دەکرد لە ناو بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا بە نازناوی خودی سوڵتان، واتە بە پادشا ناویان بهێنرێت.

رۆژئاواییی عیلمانیی ئەم چەرخە بۆ تێگەیشتن لە کولتوورێك کە تێیدا نە نەتەوایەتی و نە هاووڵاتیبوون و نە رەچەڵەك، بەڵکو ئایین و بە شێوەیەکی وردتر ئەندامبوون لە کۆمەڵگەیەکی ئایینی پێوەری بنچینەییی شوناسە، تووشی گرفتێکی زۆر دەبێت. بۆ ماوەی پتر لە سەدەیەك ئەورووپا زۆربەی رۆژهەڵاتی ناوینی جادوو کردبوو، سەرەتا بە کاریگەری و دواتر بە دەسەڵاتگیری و پاش ئەوەی دەسەڵاتگێڕییەکە کۆتایی هات دووبارە بە کاریگەری. لەم ماوەیەدا بیرۆکەگەلی رۆژئاواییی تایبەت بە مافی چارەنووسی نەتەوایەتی کاریگەرییەکی قووڵیان هەبوو لە سەر هەموو خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوین بە موسوڵمانان و ئەوانی تریشەوە، بەڵام تەنانەت ئەمڕۆش یەکێتی و دڵسۆزییە ناوکۆییە کۆنەکان هەمیشە فاکتەرێکی پڕهێز و هەندێك جار بڕیاردەرن. ئەمە نەك تەنیا لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەدی دەکرێت، بگرە لەو وڵاتانەشدا کە ماوەیەکی زۆر بەشێکی

---

٣٠ Lutheran .

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوون و تەنانەت پاش ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە، پارێزگارییان لە زۆر ئاسەواری بۆچوون و نەریتەکانی عوسمانییەکان کردووە.

دوو نموونەی نوێ لەوانەیە بەس بن. یەکێکیان یۆنانە کە ئێستا ئەندامی یەکێتیی ئەوروپایە کە تێیدا هاوولاتییانی دەولەتانی ئەندام دەشێن بە سەربەستی بە بەکارهێنانی کارتی ناسنامە و بێ ئەوەی پێویستییان بە پاسپۆرت بێت، سەفەر بکەن. حکومەتی یۆنانی لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئەوروپا لە برۆکسل، لە سەر ئەو هێڵەی لە سەر کارتی ناسنامەی یۆنانیدا تایبەتە بە ئایین، لێیان بووە ناکۆکی. هیچ کام لە ولاتانی تری ئەوروپی ئەم بەندەیان نەبوو کە بە پێچەوانەی نەریتی دیموکراسیی ئەوروپی لە قەڵەم دەدرا، بەلام یۆنانییەکان سووربوون و بەڵگەشیان ئەوە بوو کە ئەو ئایینە بەشێکی دانەبڕاوی شوناسەکەیانە.

نموونەیەکی تری زۆر گرینگتر و زەقتر لەوانەیە لە یوگۆسلاڤیای پێشوودا بەدی بکرێت. حوکمی عوسمانییەکان هەرگیز تەواوی ئەم ولاتەی نەگرتەوە و لە یەکەمین سالانی ئەم سەدەیەدا کۆتایی پێ هات. لەگەڵ ئەوەشدا ململانەکانی ئەم دواییە و ئێستای نێوان یوگۆسلاڤییەکان بە ئاوایەکی زۆر راستەقینە درێژەدانە بەو کشمەکشمە تالانەی ئاماژەیان بە سەرەمەرگی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەکرد. چاودێران و شرۆڤەکارانی رۆژئاوایی زۆربەی جار بە زاراوەی نەتەوەییەوە پێوەندییە ئالۆزەکانی نێوان سرب و کرۆڤات و موسوڵمانان وەسف دەکەن و باس لە ناکۆکیی ئیتنیکی و پاکتاوی نەژادی دەکەن. لەو سەردەمەی دیکتاتۆرییەتێکی کۆمۆنیستی، مارکسی، حوکمی بە سەر یوگۆسلاڤیادا دەگێڕا، ئایین هیچ شوێنێکی لە پۆلێنی سیاسیی ولاتدا نەبوو، بەلام تەنانەت رژێمە کۆمۆنیستەکەش ناچار بوو دان بە شوناسە جیاوازەکەی موسوڵماناندا بنێت، بەوەی جیاوازیی کرد لە نێوان موسوڵمانان کە بە پیتی "ئێم"ی بچووک دەنووسراو و ئاماژەی بە ئایینێك دەدا و هەمان وشە کە بە پیتی "ئێم"ی گەورە دەنووسرا و ئاماژەی بە"نەتەوە"یەکی ناسراو لە ناو پێکهاتەکانی یەکێتیی یوگوسلاڤیا دەدا[٣١].

٣١ مەبەست Muslim و muslim ە کە بە هەمان پیت دەست پێ دەکەن، بەلام یەکێکیان بە پیتی بچووك و ئەوی تر بە پیتی گەورە.



بە رەچاوکردنی ئەو شتەی لە بۆسنیادا کرا و گوترا، رەنگە کەسێك پرسیارە بکات ئاخۆ زاراوەی وەك "نەتەوەیی" و "ئیتنیکی" هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە یان نا. لە رووی ئیتنیکییەوە، هەر سێ کۆمەڵە سەرەکییەی سرب و کرۆڤات و موسوڵمان بە نزیکەیی وەك یەکن. ئەو زمانەش کە بەکاری دەهێنن بە نزیکەیی هەمان زمانە، هەرچەندە بە گوێرەی نەریتی کۆنی رۆژهەلاتی ناوین، سێربە ئۆرسۆدۆکسەکان بە ئەلفوبێی سیریلی و کرۆڤاتە کاسۆلییەکان بە لاتینی و بۆسنییە موسوڵمانەکان تا ئەم سەردەمەش بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسیویانەتەوە. دەکرێت هەمان جۆری شێوان و کشمەکشم کە لە شوناسە تێکچڕژاو، بەلام دژیەکەکانی هاوولاتیبوون و کۆمەڵگە و ئیتنیکەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە زۆرێك لە ولاتانی روژهەلاتی ناویندا ببینرێت.

چاودێری رۆژئاواییی ئەم چەرخە، تەنانەت لەو ولاتانەشدا کە جیاکردنەوەی ئایین لە دەولەت بەشێکی یاسای ولات نییە، ئیدی گرینگییەکی سەرەکی ناداتە شوناسی ئایینی، هەر بۆیەش بۆی سەختە تێ بگات خەڵکانی تر رەنگە بایەخی پێ بدەن و حەز دەکات تێبینی روونکردنەوەیەکی نائایینی بۆ کشمەکشمە بە روالەت ئایینییەکانەوە بکات، یانیش بدۆزێتەوە. هەڵبەتە لە رۆژئاوا ریزپەڕ هەن و هەندێکیان وەك ناکۆکیی نێوان پرۆتێستانت و کاسۆلیکەکانی ئیرلەندای باکوور ئاشکران، بەلام تەنانەت ئەم ناکۆکییە لە لایەن ئەو کەسانەی تێکەڵی نین، بە شێوەیەکی سەرەکی بە زاراوەی نەتەوەیی نەك ئایینی وەك ناکۆکییەکی ئاساییی نێوان بەریتانی و ئیرلەندییەکانەوە باسی لێوە کراوە. هەوالنێرانی رۆژئاوایی لە هەولدان بۆ تێگەیاندنی خوێنەرانی رۆژئاوایی لە ئالۆزییەکانی شەڕە ناوخۆییەکانی لوبنان راهاتوون باس لە "مەسیحییانی باڵی راست" بکەن کە لەگەڵ "موسوڵمانانی باڵی چەپ"دا ناکۆکییان هەیە، وەك ئەوەی بلێی نەخشەی رێکخستنی ئەنجوومەنە نەتەوەییە وروژێنەرەکەی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩دا لە هەر رووبەکەوە پێوەندیی هەبووە بەو کشمەکشمە تایفییانەی٣٢ لوبنانیان پارچە پارچە کردووە. بەدڵنیاییەوە ئەو جۆرە زاراوەگەلەی رۆژئاوایی ناتوانێت نە وەسف و نە روونکردنەوەیەك لەمەڕ کشمەکشمێك بدات کە

٣٢ Sectarian struggles.

تێیدا لە زۆربەی بارودۆخە ناوخۆییەکاندا کوتلەی٣٣ رکابەر لە جیاتی مەسیحی خۆی بە کاسۆلیك یانیش ئۆرسۆدۆکس، یان لە جیاتی موسوڵمان خۆی بە شیعە یانیش سوننی، یان خۆی بە هەر شتێك تری لەم بابەتانە جگە لە لوبنانی پێناسە دەکات.

لە پەیماننامەی لۆزان لە ١٩٢٣دا ئەو تاکانەی دەبووایە بگوازرێنەوە بە دوو جۆر پێناسە کراون- وەك شوێنکەتووانی ئایینێك و وەك تاکەکانی دەوڵەتێك. لە رۆژهەڵاتی ناویندا جۆری یەکەمیان چەسپاوە و بە شێوەیەکی گشتی زانراوە و پەسەندکراوە، دووەمیان، لانی کەم لە سەر شێوازەکەی ئێستایدا، نوێیە. لە جیهانی رۆژئاوادا بەڵگەنامەکانی ناسنامە کە بۆ سەفەرکردن دەردەکران، هەڵگری بەڵگەنامەکانیان بە تابعی ئەم پاشایە یان ئەوی تر، یان دواتر وەك هاووڵاتیانی ئەم کۆمارە یان ئەوی تر پێناسە دەکرد. لەم سەردەمەدا زاراوەی هاووڵاتی تەنانەت لە شانشینە ماندەگارەکانیشدا شوێنی تابعی گرتووەتەوە. هەر دوو زاراوەکە ئاماژە بەو دەوڵەتە دەدەن، کە بە گوێرەی ئەو سنوورانەی بە جۆرەها شێوە پێناسەکراون، تاکەکە ملکەچیەتی و دڵسۆزە بۆی و لە بەرامبەردا دەوڵەتەکەش دەیپارێزێت.

کۆمەڵێك زاراوە بۆ گەیاندنی ئەم پێوەندییە سوودیان لێ وەرگیراوە. لە ئینگلیزیدا، بە لە خۆگرتنی ئینگلیزیی بەریتانی و ئەمریکیش، ئەو وشەیەی کە بە بەربڵاوی بەکار هاتووە "نەتەوایەتییە"[٣٤]ە کە ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لەو شتەی کە لە سەر پاسپۆرتێکەوە نووسراوە. Nationalité بە فەرەنسی و وشەکانی بەرامبەری لە هەندێك زمانی تری ئەوروپیدا بە نزیکەیی بە هەمان شێوە بەکار هاتوون، بەڵام نەك لە هەموویاندا. nationalität ی ئەڵمانی و nasional'nost ی رووسی نەتەوایەتییەکی ئیتنیکی و کولتووری نەك یاسایی و سیاسی دەگەیەنن. بۆ ئەمانە ئەوان وشەی تر بەکار دێنن- لە ئەڵمانی staatsangehörigkeit بە مانای "سەر بە دەوڵەتبوون" و لە رووسیدا graždanstvo بە مانای "هاووڵاتیبوون"- بەکار دێت. زمانی یاسا لە ئینگلیزیدا هێشتاش هیچ زاراوەیەکی پەسەندکراوی بۆ دیاریکردنی ئەم چەشنە شوناسە ئیتنیکی کولتوورییەی ناو نەتەوایەتیی نییە.

٣٣ Faction.

٣٤ Nationality .



نیو سەدە پێش هێشتاش باو بوو چوار پێکهاتەکەی نەتەوەی بەریتانی، واتە ئینگلیز و سکۆتلەندی و وێلش و ئیرلەندییەکان، بە "نەژادەکان"[٣٥] ناو بهێنرێن، بەڵام گۆڕان لە کرۆك و کاریگەریی ئەم وشەیەدا، وای کردووە ئەم بەکارهێنانە جێی پەسەند نەبێت. بەم شێوەیە تەنانەت لە ناو ئەوروپاشدا جیاوازیی بەرچاو لە زاراوەگەل و شێوەی بەکارهێناندا هەیە. جیاوازی و ئەگەری سەرلێشێوان لەو هەرێمانەدا زۆرتر دەبێت کە ئەم زاراوەگەلە گشتییە هەندێك جار وەرگیراوە یان سەپێندراوە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەشێکی گەورەی دانیشتووانی بە نامۆیی ماوەتەوە.

باوترین وشەی رۆژئاوایی هاوچەرخ بۆ گەیاندنی شوناس و دڵسۆزیی سیاسی هەڵبەتە هاووڵاتیبوونە. سەیر لەوەدایە زمانەکانی رۆژهەڵاتی ناوین تا ئەم دواییانە هیچ وشەیەکیان بۆ هاووڵاتی یان هاووڵاتیبوون نەبووە. وشەی شەهرڤەند لە فارسیی هاوچەرخدا لە شەهر، واتە شارەوە وەرگیراوە و بە ئاشکرا وشەیەکی وەرگیراوی وەرگێڕدراوە[٣٦]. ئەو وشانەی بە گشتی وەك هاوواتایەك بۆ هاووڵاتی بەکارهاتوون، بریتین لە مواتن لە عەرەبی و ڤەتەنداش یان یورتاش لە تورکی و هەمڤەتەن لە فارسی کە بە مانای هاونیشتیمانی، واتە کەسێکی سەر بە هەمان وەتەن یان وڵاتەوە دێن. زمانی عیبریی هاوچەرخیش بە ئاراستەیەکی هاوشێوەدا رۆیشتووە و وشەی ئێزراه و ئێزراهۆتی بۆ هاووڵاتی و هاووڵاتیبوون بەکار هێناوە. چەندین جار لە دەرچوون[٣٧] (١٢:١٩، ٤٨، ٤٩) و لیڤییەکان[٣٨] (١٦:٢٩، ١٧:١٥، ١٨:٢٦، ١٩:٣٤، ٢٤:١٦، ٢٢) و ژمارە[٣٩] (٩:١٤، ١٥:١٣تا ١٥:١٥، ٢٩، ٣٠) ئیزراه دووبارە بووەتەوە و تێیاندا بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ وشەی gēr واتە بێگانە یان " نیشتەجێیەکی کاتەکی لە ناو ئێوەدا" پێچەوانە کراوەتەوە. ئێزراه بە زۆری لە ناو ئینجیلی باوەڕپێکراودا[٤٠] بە "کەسێکی وڵاتی خۆتان" یان

٣٥ Races .

٣٦ Loan translation.

٣٧ Exodus کۆڕەوە، خروج، بەشێکی کتێبی پیرۆز.

٣٨ Leviticus بەشێکی کتێبی پیرۆز.

٣٩ Numbers .

٤٠ Authorized Version.

هەندێك جار بە "کەسێکی نەتەوەی خۆتان" وەرگێڕدراوە. وەرگێڕانەکانی تری بریتین لە "یەکێك کە لە ناو ئێوەدا لە دایك بووبێت" و "یەکێك کە لە ناو ولاتی ئێوەدا لە دایك بووبێت". ڕەنگە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم بەندانە[٤١]دا تێبینی بکرێت مەبەست جەختکردنەوەیە لەوەی ئەم بێگانە یان نیشتەجێیە کاتەکییە وەك کەسێکی خۆجێیی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت بە بێ جیاوازی.

لە زمانی ئیسلامیی کلاسیکدا زاراوەی باو بۆ تاکەکانی ولاتێك ڕەعییە بووە کە وەك وشە بە مانای مێگەل و ڕەووگە، و ئەمەش وێنەیەکی لادێیانەی ئەو حکومەتە پێشان دەدات، کە لە ناو هەر سێ ئایینەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین و بێ گومان ئایینەکانی تریشدا باو بووە. لای عوسمانییەکان هەمان ئەو زاراوەیە و بە زۆری لە شێوەی کۆدا واتە ڕەعایا بۆ ناونانی گشت جەماوەری باجدەرەی ناو دانیشتووان بەکار دەهات، بە پێچەوانەی دامەزراوە حکومی و سەربازی و ئایینییەکاندا. بە گشتی ئەمەش هەم شارنشین و هەم گوندنشینان، هەم موسوڵمانان و هەم ناموسڵمانانی دەگرتەوە، بەلام لە درەنگانی سەدەی هەژدەهەم و بە شێوەیەکی زۆر چڕتریش لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ڕاستیدا بەکارهێنانی بۆ ناموسڵمانان و لە بنەڕەتدا بۆ تاکە مەسیحییەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بەرتەسك کراوە. وشەکە بە دوو فۆڕمی جیاوازەوە هاتە ناو زمانی ئینگلیزی، rayah لە ڕێی گەشتیارە ڕۆژئاواییەکانی ناو ولاتانی عوسمانی و ryot لە ڕێی هیندستانەوە کە موسوڵمانان تێیدا حوکمیان دەکرد و لەوێدا وشەکە بووە زاراوەی گشتی بۆ جووتیار.

پرۆسەکانی بە ڕۆئاواییکردن لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوین هەندێك زاراوەی نوێیان پێ بەخشین. زاراوەی کارگێڕیی تابع، واتە ژێردەستە یان ملکەچ، لە لای عوسمانییەکان (و هەروەها فارسەکان) مانای وشەی sbject [٤٢]ی وەرگرت، لە کاتێکدا تەبەعییەت بە مانای حاڵەتی تابعبوون دەهات، یان بە واتایەکی دی ئەو شتەی لە زمانی ئینگلیزیی هاوچەرخدا بە نەتەوایەتی یان هاوولاتیبوون ناودەبردرێت. ئەمە لە زمانی عەرەبیی هاوچەرخدا بە زاراوەیەکی جیاواز، واتە بە جنسییە کە ناوێکی نابەرجەستیە و لە جنس داڕێژراوە، دەردەبردرێت. وشەی

---

٤١ Passages .

٤٢ تابع، هەروەها تاك.



جنس کە ڕەنگە پێوەندییی بە gensی لاتینییەوە هەبێت، هەر خۆی لە زمانی عەرەبیی کلاسیکدا بە کار دەهات و لە دەقی جیاوازدا دەکرا مانای جۆر، توخم، چین، نەژاد، نەتەوە، سێکس، یان واتای ڕێزمانیی ڕەسەنی وشەکەوە، مانای ڕەگەز[٤٣]، ببەخشێت. وشەی citizen[٤٤] (لە لاتینی cives و لە یۆنانی polites) کە لە سەر چەمکی شار و ئەندامانی بەشدار لەم شارە داڕێژراوە، کە ئەمەش چەمکێکی یۆنانی-ڕۆمیییە، نەریتێکی تەواو جیاوازی سیاسی و بەم هۆیەشەوە نەریتێکی تەواو جیاوازی واتایی بەرجەستە دەکات، کە تەنانەت زاراوەیەکی بە نزیکەیی هاوواتاشی نییە. سەرەڕای ئەوەش، بەدڵنیاییەوە جێی بایەخە کە ئەو زاراوەیەی بۆ جێگرتنەوەی هاوولاتی و هاونیشتیمانی یان هاوڕێی هاونیشتیمان بەکار دێت پێوەندییی بە چەمکێکی تری شوناس و دڵسۆزییەوە هەیە کە بە وشەی وەك ولات و نیشتیمانپەروەر و نیشتیمانپەروەری دەربڕاوە. ئەم وشەیەش لە ڕووی واتە سیاسییەکەیەوە ڕەچەڵەکێکی بێگانەی هەیە و لە ڕۆژهەلاتی ناویندا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لە ڕۆژهەلاتی ناویندا تەنانەت پتر لە هەر شوێنێکی دی، بۆ شوناسی کۆمەڵی زۆربەی جار تیشکۆی[٤٥] جەخت خراوەتە سەر بیرەوەریی هاوبەش لە ڕابردوویەکی هاوبەشەوە و هەروەها ئەو ڕووداوانەی لە مێژووی تۆمارکراو و وەبیرهاتوو و هەندێك جاریش خەیاڵیدا بە چارەنووسساز لە قەڵەم دراون.

بە لای دوو نەتەوەی هەرێمەکە، واتە تورك و ئێرانییەکانەوە شوناسەکەیان لە بنەڕەتدا ئەم بیرەوەرییە پێك دێنێت و پێویست بە هیچ جۆرە تیشکۆیەکی تایبەتی نییە. هەستکردنیان بە یەکێتیی کۆمەڵ لە سەر بنەمای پتەوی ولات بەندە، بە هۆی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە نەتەوایەتی بەهێزتر دەکرێت و چەندین سەدە لە ڕێگەی سەربەخۆییی نەتەوەییەوە دەچەسپێت. تورك و فارسەکان زۆر بیرەوەرییان لە ڕابردووی نەتەوایەتیی خۆیانەوە هەیە، کە هەندێکیان بە دڵتەنگی و هەندێکیان بە شانازییەوە یاد دەکەنەوە. نوێترینی ئەم یادەوەرییانەی جێی شانازین،

---

٤٣ Gender.

٤٤ هاوولاتی.

٤٥ Focus .

بێشك شۆڕشەكانی هەر دوو وڵاتن كە كۆمارە عیلمانییەكەی توركیا و كۆمارە ئیسلامییەكەی ئێرانیان دامەزراند. ئەمانە هەموویان كاریگەرییی خۆیان هەبووە لە سەر چۆنیەتی تێڕامانی تورك و فارسەكان بۆ شوناسی خۆیان لە ناو وڵات و لە دەرەوەیدا.

لە ناو نەتەوەكانی تری هەرێمەكەدا كە تاوەكو ئەم سەردەمەش پشتیوانیی ماددی و ئاماژە سیاسییەكانی نەتەوایەتی زۆربەی جار نەبوون، بیرەوەریی مێژوویی لە پێناسەكردنی شوناسدا تەنانەت گرینگییەكی پتریش وەردەگرێت. بۆ ئیسرائیلییان و بۆ زۆرێك لە یەهوودییەكانی تریش، دوو رووداو پێناسەی شوناسی هاوچەرخیان دەكەن. یەكەمیان قەڵاچۆكردنی بەرنامە بۆ دارێژراو و بە نزیكەیی وەدیهاتووی یەهوودییەكانی كیشوەری ئەورووپا لەوەتەی ١٩٦٠ەكانەوەیە، كە بە هۆلۆكۆست[٤٦] ناسراوە. دووەمیان كە لە زۆر رووەوە وەك دەرەنجامێكی راستەوخۆی یەكەم رووداوە، دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨دا كە بە بۆچوونی یەهوودییەكانەوە وەك گەڕانەوەیەكە بۆ زایۆن و بنیاتنانەوەی نەتەوەی كۆنی یەهوودی لە وڵاتی رەسەنی خۆیدا. بۆ كەسانی ئایینیش رووداوەكە وەدیهاتنی ئەو پێشبینییەیە كە دەڵێت "پاشماوەیەكیان دەگەڕێنەوە" (ئەشیاو ٢٠:١٠ تا ٢٠:٢٢).

بۆ فەلستینی و بە شێوەیەكی گشتیش بۆ عەرەبەكان ئەم رووداوە نەك دەسكەوت بگرە داگیركاری بوو. لە دایكبوونی ئیسرائیل و سەرنەكەوتن لە پێشگرتن یان لەباربردنی ئەم لە زایینە، كە بۆ فەلستینییەكان ئازار و بۆ عەرەبەكانی تر ریسواییی بار هێنا، لە مێژووی هاوچەرخی عەرەبدا بە ساتێكی یەكلاكەرەوە و بە خاڵی دەستپێكی زنجیرەیەكی گشتیی گۆڕانكارییی كۆمەڵایەتی و كولتووری و بە شێوەیەكی سەرەكی گۆڕانكاریی سیاسی هەژمار دەكرا. ئەم رووداوە لە ناو عەرەبدا بە نەكبە یان نەهامەتی ناوی دەركرد. ئەم زاراوەیە ئیكۆیەكی زاراوەی پێشووتر واتە نەهزەیە كە بە مانای زیندووكردنەوە یان ژیانەوەیە، زاراوەیەك بۆ ئاماژەدان بە وروژاندنی خۆوشیاریی[٤٧] و داهێنانی عەرەب پاش چەند سەدەیەكی دوور و درێژ خەوتن و سستی لە ژێر حوكمی بێگانەدا.

---

٤٦ Holocaust قڕكردنی بەكۆمەڵ لە رێگەی سووتاندن.

٤٧ Self-awareness .



هەندێك جار ئەو شتەی خۆوشیاریی نەتەوەیی بەهێز دەكات نە رووداوێكە و نە شوێنێك، بگرە بیرەوەریی تاكێكە كە دەسكەوتەكانی سەرچاوەی شانازییە بۆ هەموو ئەو لایەنانەی پێیان وایە لەگەڵ ئەو كەسەدا شوناسێكی هاوبەشیان هەیە. نموونەیەك بۆ ئەمە سەلاحەددینی خودان شیان، سەركردەی سەدەكانی ناوەڕاست لە شەڕی دژ بە خاچپەرستان و قارەمانی ناوزەدی ژمارەیەكی زۆر چیرۆك و ئەفسانەیە كە خاچپەرستانی بە سەركردایەتیی ریچارد لاینهارت لە ئینگلاند شكەست دا و داروسەلامی لە مەسیحییەكان سەندەوە. تا ئەم سەردەمە سەلاحەددین تەنیا قارەمانێكی موسوڵمان بوو و سەركەوتنەكانی جێی شانازیی سەرجەم موسوڵمانان بوو. لەم سەردەمەدا ئەمە بەس نەبووە و هەوڵ دراوە ناوونیشانێكی ئیتنیكی یان نەتەوەیی بدرێتە پاڵ. سەلاحەددین بە كەسێكی تورك و بە عەرەب و بە عێراقی دانراوە. لە روویەكەوە ئەم گوتانە هەموویان تا رادەیەك راستن. سەلاحەددین لە دامەزراوەییەكی سەربازیدا كە بە گشتی توركی بوو، توانی بگاتە فەرمانڕەوایی. كارەكەی خۆی بە تەواوەتی لە وڵاتانی خاوەن زمان و كولتووری عەرەبییدا بووە و مێژوونووس و پەسندەرانیشی تەنیا بە زمانی عەرەبی نووسیویانەتەوە. ئەو لە تكریت، شاری لە دایكبوونی سەدام حوسێن، لە عێراق لە دایك بوو و لەو شوێنەی ئێستا پێی دەگوترێت سووریا، پێ گەیشت. لەوێوەش چووە میسر، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت شوناسێكی ئیتنیكیی بدرێتە پاڵ هیچ كام لەم شوناسانە هەو نین. بە پێی نووسراوەكانی تایبەت بە پێشینەی خێزانیی سەلاحەددین كە مێژوونووسان پاراستوویانن، ئاشكرایە ئەو كورد و ئەندامی خێزانێكی كورد بووە. ئەم راستییەش كە پێشتر وردەكارییەكی بچووك بووە لەم سەردەمەی ئێمەدا گرینگییەكی نوێی وەرگرتووە.

دەمێكە ئێمەی جیهانی رۆژئاوا لەوە راهاتووین، لە سەر ئەو گریمانەیە بڕۆین كە دەڵێت، بنەڕەتیترین بڕیاردەری شوناس و لایەنگری بۆ مەبەستی سیاسی ئەو شتەیە كە ئێمە بە جۆرەها شێوە بە نەتەوە یان وڵات ناوی دەبەین. لە زمانی ئەمریكیدا ئەم زاراوانە بە نزیكەیی هاوواتان هەرچەندە لە زمانەكانی ئەورووپیدا وا نین. لە زۆربەی زمانەكانی ئەورووپیدا بە لە خۆگرتنی زمانی ئینگلیزی، ئەم زاراوانە تا رادەیەك جوایزن هەرچەندە لە هەندێك باردا دەچنە سەر یەك. وەك زۆربەی خەڵك، ئێمە هەموومان دەمانەوێت وا دابنێین دابونەریتەكانی ناوخۆییمان سروشتین. بەڵام وا نییە. نەریتی پۆلێنكردنی خەڵك بە سەر نەتەوە و وڵاتەكاندا و

هەژمارکردنی ئەم پۆلێنــە وەك بنــەمای بنــەڕەتیی شوناســی سیاســیی هاوبــەش، تــا ئــەم دواییەشی لەگەڵدا بێت، تایبەت بوو بــە ئــەورووپای ڕۆژئــاوا و ئــەو هەرێمانــەی ئەورووپییــە ڕۆژئاواییەکان داگیریان کردبوون و تێیدا نیشتەجێ بوون. لە سەردەمی ئێمــەدا، لــە ئاکــامی جۆرەها بارودۆخ، زۆربەی جیهان ئەم شێوازەی روانین لە خەڵکی یــان بــە ســەردا ســەپێدراوە یانیش وەری گرتووە. لە زۆر وڵات و لەوانەش وڵاتانی ڕۆژهــەڵاتی ناوینــدا، ئــەم چــەمکانە هێشتاش تا رادەیەك نوێن و بە شێوەیەکی نەشیاو جێیان بووەتەوە و تەنانەت لەم سەردەمەدا بە هیچ شێوەیەك بە گشتی پەسەند نەکراون، لانی کەم لە رووی شێوازی تێگەیشتن لێیــان و چۆنیەتیی پیادەکردنیان لەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون.

هەڵبەتە هەمیشە ڕۆژهەڵاتی ناوین وەك هەر شوێنێکی تر هــەم نەتــەوە و هــەم وڵاتــی هەبووە. وڵات، واتە شوێن هەبووە و نەتەوە، واتە خەڵك هەبوون. نەتەوەکان و هەنــدێك جــار وڵاتانیش ناویان هەبووە کە بەشێکی زانراوەی ژیانی ڕۆژانە بوون. سەرەڕای ئەوەش نە نەتەوە و نە وڵات بە بنەما یان تەنانەت بە توخمێکی گرینگی بڕیاردەر لە سەر شوناســی سیاســی و ئاراستەکردنی لایەنگریی سیاسی هەژمار نەدەکران. لە ڕۆژهــەڵاتی ناوینــدا بــە شــێوەیەکی نەریتی ئەمانە لە سەر بنەمایەکی تەواو جیاوازەوە بڕیاریان لە سەر دەدرا. شوناس بــە ئــایین دەردەبڕدرا و دیاری دەکرا و ئاین لە راستیدا بە مانای کۆمەڵگەوە دەهات. لایــەنگریش بــۆ دەوڵەت بوو، کە لە راستیدا مەبەست لێی حوکمگێڕ و دەستەبژێری دەسەڵاتدار بوو.

لــە مــاوەی ململانێــی بــە ســەدە درێژخایــەنی نێــوان دەوڵــەتانی ئــەورووپا و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ئەورووپییەکان هەمیشە بە ئۆتریشی و فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیز و نەتەوەکانی تر لە بەرامبەر تورکەکاندا گفتوگۆیان لە سەر پێوەندییەکانی خۆیــان دەکــرد و لێیــان رادەمــان. تورکــەکانیش بــە موســوڵمانان لــە بەرامبــەر مەسیحییەکان لە پێوەندییەکانیان دەڕوانی. لە نووســینەکانی موســوڵمانان، لەوانــەی پێش سەردەمی هاوچەرخ، لقوپۆ هاوێشتنەوەی ئــایینی مەســیحییەت گرینگییــەکی کەمی پێ دراوە. لە روانگەی جیهانیی موسوڵمانانەوە، کە بە شێوەیەکی سروشــتی وا دەزانن ئەوانی تریش هەمان روانگەیان هەیە، ئاین بڕیاردەر بووە لــە ســەر شــوناس و تیشکۆی لایەنگری و بە هەمان رادەی گرینگییەوە، سەرچاوەی دەسەڵات بووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا دوو چەمکی نوێی ئەوروپی هاتنە ناساندن. یەکێکیان- واتە نیشتیمانپەروەری- لە ڕێی وڵات و ئەوی تریان- واتە نەتەوەپەرستی- لە ڕێی زمان و رەچەڵەکی ئیتنیکیی لەقەڵەمدراو[48]، شوناس و لایەنگرییان پێناسە دەکرد. لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، جیاواز لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و زۆر وەك ئەوروپای ناوەڕاست، پێناسەکانی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەپەرستی لەگەڵ یەك نەدەگونجان و زۆربەی جار دژ بەیەك دەوەستان. هەردووکیان بێگانە بوون، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو. دووەمیان[49] زیاتر لە راستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نزیك بوو و بە هەمان رادە جەماوەریتر بوو.

لەم دوو بیرۆکەیە یەکەمیان کە گەیشتە ڕۆژهەڵاتی ناوین نیشیمانپەروەری بوو. ئەمە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە دایك بوو و گەیشتە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، دەوڵەتێکی خانەدانی کە بە هۆی جەماوەرە فرەنەتەوە و فرەئایینەیەوە تا رادەیەك باوەشی بۆ بانگەوازە نیشتیمانپەروەرانەکانی سەر شێوازی فەرەنسی و ئینگلیزی نەکردەوە. تا پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، واتە کاتێك دەوڵەتێکی نەتەوەیی تورکیی تا رادەیەك هاونەژاد[50] لە پاشماوەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە سەری هەڵدا، نیشتیمانپەروەری رەگی پتەوەی دانەکوتا. بیرۆکەکانی نیشتیمانپەروەری کاریگەرییان لە سەر میسر و هەندێك وڵاتی دیش هەبوو، بەڵام لە دەرنگانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئایدیۆلۆژیاکانی نەتەوەپەرستانەی بە رەسەن ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی، کاردانەوەیەکی زۆر پڕهێزتریان لە سەر جەماوەرە تێکەڵەکەی ئیمپراتۆرییەتە کۆن و نوێیەکاندا هەبوو.

یەکگرتنی ئیتاڵیا و هەروەها یەکبوونی ئەڵمانیا، هیوا و سروشی هێنا بۆ زۆر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە لەم ڕووداوانەدا ڕێگەیەکیان دەبینی بۆ ڕزگاربوون لەو دابەشکاری و داگیرکارییەی بەدەستیانەوە دەیانناڵاند. یەکەم دەوڵەت کە تینووی

٤٨ Presumed.

٤٩ نەتەوەپەرستی.

٥٠ Homogenous.



وەرگرتنی ڕۆڵی پرووسیا یان ساردینیا بوو، ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو. عوسمانییەکان ئەم ڕۆڵەیان بە زاراوەی ئایینییەوە لێك دەداوە — وەك یەکێتی و رەنگە لە کۆتاییدا وەك یەکبوونی جیهانی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی سوڵتان و خەلیفەی عوسمانی. ئەوانی دی کە زیاتر کراوە بوون بۆ وەرگرتنی بیرۆکەگەلی ئەورووپی، ڕۆڵەکەیان بە زاراوەی ئیتنیکییەوە لێك دەداوە- وەك ڕزگارکردن و یەکخستنەوەی ئەو نەتەوە جیاوازانەی لەگەڵیاندا شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەشیان هەیە، بێ رەچاوکردنی شێوازی پێناسەکردنی ئەم نەتەوانە.

ئەم لایەنگرییە سیاسییە نوێیانەی کە لە سەر بنەمای نیشتیمانپەروەری و نەتەوەپەرستی دامەزرابوون، جێی سەرنجێکی تایبەتی عەرەبە مەسیحییەکان بوون کە بۆ وەرگرتنی کاریگەرییەکانی جیهانی مەسیحییەت زیاتر کراوە بوون و بە شێوەیەکی سروشتی پەلکێشی ئەو پێناسەیەی شوناس بوون کە، لانی کەم بە گشتی، ئەوانی بە بەشێوەبووانی تەواو و یەکسانی سیستەمی حوکم هەژمار دەکرد، واتە شتێك کە ئەوان هەرگیز لە کۆمەڵگەیەکی پێناسەکراو بە ئایینەوە، بە هیوای وەدەستهێنانی نەبوون. هەندێك جار ئەو کەسانەی کە هەر هەمان ئەم بیرۆکە بێگانە و دەرەنجامەکانیان بە پێچەوانەی بەها رەسەنەکانی ئیسلام لە قەڵەم داوە، بەرهەڵستیان کردووە.

هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ شوناسێکی سیاسیی ئیسلامی، یان وەك ڕۆژئاواییەکان هەندێك جار بە شوناسێکی سیاسیی یەکێتیی ئیسلام[51] ناوی دەبەن، شتێکی نوێ نەبوو. لە سەدەی رابردوودا کۆمەڵێك سەرکردەی موسوڵمان، لە ناویشیاندا سەرکردە عوسمانییەکانی سەردەمی تورکانی کۆن و تورکانی گەنج[52] و پاشاکانی میسر و عەرەبستان، پاڵپشتییان لەم هەوڵە کردووە. ئەم هەڵمەتانە بۆ یەکێتیی سیاسیی ئیسلامی

٥١ Pan-Islamic political identity.

٥٢ Young Turks، هاوپەیمانێتیی کۆمەڵانی جیاوازی خەڵکی چاکسازیخواز کە لە دژی شانشینیی عوسمانییەکان بوون و داوای دەستووریان دەکرد و لە ساڵی ١٩٠٨دا شۆڕشێکیان بەرپا کرد.

که له لایەن دەوڵەتەوە ئاراستەکراون، هەموویان شکەستیان هێنا، ئەمەش بێ گومان لە بەر ئەوەی، بە پێی هەندێك بەڵگەوە، ئەم شاڵاوانە بە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی هەستەکانی ئیسلامی بۆ خەبات لە پێناو ئامانجی یەکێك لە سەرکردەکانی موسوڵمانانەوە دادەنران. بزاڤێکی یەکێتیی ئیسلامیی زۆر جەماوەریتر و رادیکاڵیتریش هەبوو، کە پاڵپشتییەکی زۆر زیاتری لێ دەکرا، بەڵام ئەمەشیان زۆربەی جار لە لایەن دەوڵەتانی رادیکالەوە پشتیوانی لێ دەکرا و بە خزمەتکاری ئامانجەکانی دەوڵەت هەژمار دەکرا.

ئەو دەمەی بۆ یەکەم جار بیرۆکەگەلی جۆری ئەوروپی لە رۆژهەڵاتی ناوینی ئیسلامی وەدەرکەوتن، کەسانێك هەبوون ئەم بیرۆکانە بە دووبەریکخەر و نائایینی تۆمەتبار بکەن. ئەمڕۆکە پاش ماوەیەکی زۆر کە تێیدا ئایدیۆلۆژییەکانی نەتەوەپەرستانە بە بێ رکابەر فەرمانڕەوان، دیسان هەمان ئەو رەخنانە دەبیستریێنەوە. کتێبێکی عەبدولفەتتاح مەزلۆم بە ناوی "فیتنەی نەتەوەپەرستی لە جیهانی ئیسلامیدا"[٥٣] باس لەوە دەکات نەتەوەپەرستی لەگەڵ رەگەزپەرستی[٥٤] یەك شتە و لە رێی "کافرانی لەخۆباییەوە" و بە شێوەیەکی سەرەکی لە رێی یەهوودییەکانەوە بە جیهانی ئیسلامییەوە هاتووەتە ناساندن، لە پێناو دابەشکردنی موسڵمانان و هاندانیان لە دژی یەکتری.

بەڵام وێ دەچێت تەنانەت ئەوانەش کە دژی نەتەوەپەرستین و رەتی دەکەنەوە لە توانایاندا نەبێت لە چنگی رزگاریان بێت. شاعیری تورك، موحەمەد ئاکیف، کە پیاوێکی یەکجار ئایینی و رەخنەگرێکی سەرسەختی نەتەوەپەرستیی ئیتنیکی بووە، پاش جاڕدانی کۆماری تورکیا بە خواستی خۆی مەنفای[٥٥] هەڵبژارد کەچی یەکێك لە شیعرەکانی ئاوازی بۆ دانەرا و بووە سروودی نەتەوەیی تورکیا.

لە کاتی خۆیدا، ئەم بزاڤانە نیشتیمانپەروەری و نەتەوەپەرستانە روونکردنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی نوێیان دابین کرد بۆ ئەو شتەی پێشتر بە خەباتی ئیسلام لە دژی کافرەکان

٥٣ The sedition of Nationalism in the Islamic World.

٥٤ Racism.

٥٥ Self-imposed exile .



لێك دەدراوە و دەردەبڕا. نەتەوەکانی جیهانی ئیسلامی رابردووی نوێیان وەردەگرت و هاوکات لەگەڵ وەدەستخستنی ئەم رابردووە، تێگەیشتنێکی نوێ و جیاوازییان لەمەڕ شوناسی ئەو کاتەی خۆیان و خواستە بەرزەکانی داهاتوویان، پەیدا کرد.

# بەشی دووەم

## ئایین

لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، وەك هەر شوێنێکی دی، خواوەندەکانی کۆن بە زۆری تایبەت بوون بە ناوچەیەك یان خێڵێك و شوێنکەوتووانیان بە شوێنی نیشتەجێبوون و ڕەچەڵەك پێناسە دەکران. هەندێك جار فرەخواپەرستی[٥٦] دەگۆڕا بۆ پەرستشی یەك خوای گەورەتر[٥٧]، واتە بڕواهێنان بە خوایەکی مەزنتر کە خاوەنی هەموو ئەفرێندراوەکانە، بە لە خۆگرتنی خوایەکانی دیش. بیروباوەڕی عەرەبەکانی بەری ئیسلام و هەروەها هەندێك نەتەوەی تری دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەم شێوەیە بوو. لە ئێراندا ئەم بیروباوەڕانە بۆ جۆرە تاکپەرستییەکی دوولایەنەیی پەرەی سەند- بڕواهێنان بە دوو قەوارەی بەهێز، بەڵام نایەکسان کە یەکێکیان چاکە و ئەوی تریان خراپەیە و لە ململانێیەکی گەورەدان، کە تێیدا مرۆڤایەتی ڕەنگە ڕۆڵێکی گرینگ یان لەوانەیە یەکلاکەرەوەش بگێڕێت. دەکرێت کاریگەریی ئەم جۆرە بیرۆکانە لە ناو بەشە کۆتاییەکانی تەورات و هەروەها لە مەسیحییەت و ئیسلامیشدا ببینرێت.

لە کاتی خۆیدا سێ ئایینی گەورەی تاکپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە بە ریزبەندێکی مێژوویی یەهوودی و مەسیحییەت و ئیسلام بوون، جێی هەموو ئەم جۆرە ئایینانەیان گرتەوە. ئایینە کۆنەکان هەڵوەشانەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەسڕانەوە. بیروباوەڕ و نەریتە

---

٥٦ Polytheism .

٥٧ .Henotheism

کۆنەکان بە ڕواڵەتێکی تازەوە، بۆ نموونە لە پەرستشی شوێنە پیرۆزەکان یان پیاوچاکان یان تەنانەت بنەماڵە پیرۆزەکانەوە، پارێزران. ناوە ناوە تووڕەیی و هاواری ئایینە کۆنە بەخوێن تینووەکان زاڵ دەبوو بە سەر ناو و پەرستشی خوای جیهانیی و بەخشندەی بە یەکسانی پەرستراو لە ناو یەهوودی و مەسیحی و موسوڵمانەکاندا. "بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان" ستایشی باوی ناو موسوڵمانانە. یەهوودی و مەسیحییەکانیش هەمان دەستەواژە یان دەستەواژەی وێکچوو بۆ سیفاتی خواوەندی بەکار دێنن، بەڵام خواوەندی شەڕی تیرۆریستەکان نە بەزەیی و نە میهرەبانی دەناسێت و وێنەیەکی ئەوتۆ دەنەخشێنێت کە هەم بێڕەحمانە و هەم قیناوییە. ئەو خوایە لاوازیشە و پێویستە مرۆڤی زەبروەشێن بەکرێ بگرێت بۆ ئەوەی دوژمنانی بدۆزێتەوە و بیانکوژێت و بە کۆمەڵێك بەڵێنی تایبەت بە چەژە جەستەییەکانی بەهەشت پاداشتی دەداتەوە.

لە جیهانی هاوچەرخدا ڕۆڵی سیاسیی ئیسلام لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەروەها لە ناوخۆدا لە ڕۆڵی سیاسیی مەسیحییەتی هاوتا و ڕکابەری بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە. سەرۆك و وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە سکاندیناڤییەکان و ئەڵمانیا ناوە ناوە بۆ بەستی لوتکەیەکی لوسەری کۆ نابنەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە یەکێتی سۆڤیەت هێشتا مابوو، نەریت نەبووە سەرۆکەکانی سۆڤیەت لەگەڵ یۆنان و یوگۆسلاڤیا یەك بگرنەوە و کاتەکیانە جیاوازییە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانیان فەرامۆش بکەن و لە سەر بنەمای لایەنگریی پێشوو یان لایەنگریی ئەو کاتەیان بۆ کەلیسەی ئۆرسۆدۆکسی، کۆبوونەوەی بەردەوام بکەن. بە هەمان شێوە، نەتەوە بوزییەکانی ڕۆژهەلاّت و باشووری ڕۆژهەلاّتی ئاسیا و نەتەوە کاسۆلیکییەکانی ئەورووپای باشوور و ئەمریکای باشوور بلۆکی بوزی یان کاسۆلیکییان لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان یان بۆ هەر بابەتێکی تری پێوەست بە چالاکییە سیاییەکانیان، پێك نەهێناوە.

ئەم بیرۆکەیەی بەکۆمەڵبوونە لە سەر بنەمای شوناسی ئایینی ڕەنگە بۆ زۆرێك لە چاودێرە ڕۆژئاواییەکانی ئەم چەرخە بێمانا و تەنانەت گاڵتەئامێز بێت، بەڵام لەوەی پێوەندی بە ئیسلامەوە هەبێت نە بێ مانا و نە گاڵتەئامێزە. پەنجا و پێنج حکومەتی ئیسلامی، و لەوانیش شانشینی و کۆماری و پارێزگار و شۆڕشڤانان و ئەوانەی



سەرمایەدارییان گرتووەتە بەر و هەروەها شوێنکەوتووانی جۆرەها سۆسیالیزم و دۆست و نەیارانی ویلاتە یەکگرتووەکان و هەروەتر لایەنگرانی شەبەنگێکی تەواوی ڕەنگەکانی بێلایەنی، سیستەمێکی ئاشکرای ڕاوێژکاریی نێودەوڵەتی و تەنانەت بۆ هەندێك کێشە سیستەمێکی ئاشکرای هاوکاریی نێودەوڵەتییان دامەزراندووە. ئەوان کۆنفرانسی بەردەوام لە سەر ئاستی بالاّ دەبەستن و سەرەڕای جیاوازیگەلێك لە پێکهاتە و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت گەیشتوونە ئاستێکی بەرزی ڕێکەوتن و کاری هاوبەش.

ئەگەر لە سیاسەتەکانی نێودەوڵەتییەوە بۆ هی ناوخۆیی ئاوڕ بدەینەوە، دەبینین جیاوازییی نێوان ولاّتانی ئیسلامی و پاشماوەی جیهان هەرچەندە کەمتر زەقە، بەلاّم هێشتا بنەڕەتییە. ڕاستە، لە ئاسیا و ئەورووپادا ولاّتانێك هەن پارتی سیاسیی ئەوتۆیان تێدایە خۆیان بە بوزی یان مەسیحی ناو دەبەن. لەگەڵ ئەوشدا، ژمارەیان کەمە و بابەتەکانی ئایینی بە واتای وشەوە لە بانگەوازەکانیان بۆ دەنگدەران ڕۆڵێکی بچووك یان هیچ ڕۆڵێك نابینن. بە پێچەوانەوە، لە زۆربەی ولاّتانی ئیسلامیدا ئایین تەنانەت لە کاروباری ناوخۆییدا زۆر بەهێزترە بە بەراورد لەگەڵ کاروباری نێودەوڵەتی.

بۆ ئەم جیاوازییە هەیە؟ ڕەنگە هەندێك کەس ئەو وەلاّمە ساکار و ئاشکرایەی پێ بێت کە ولاّتانی ئیسلامی هێشتاش ئەوەندە بە قووڵی ئیسلامین بە شێوەیەك کە زۆربەی ولاّتانی مەسیحی ئیتر بەم شێوەیە نەماون. ئەم بەرسڤە، هەرچەندە لاوازیش نییە، لە خودی خۆیدا ورد نییە. بیروباوەڕەکانی مەسیحییەت و ئەو زانا ئایینیانەی پاڵپشتییان لێ دەکەن، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە زۆرێك لە ولاّتانی مەسیحی دەسەلاّتێکی بەهێزن و هەرچەندە ڕۆڵیان وەك سەدەکانی پێشوو نەماوە، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك ئەم ڕۆڵەیان بێ بایەخ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ ولاّتێکی مەسیحییی ئەم سەردەمەدا سەرکردە ئایینییەکان دەسەلاّتیان بە سەر ئاستی بیروباوەڕی ئایینی و ڕادەی بەشداریی شوێنکەوتووانی ئایینەکەدا ناشکێتەوە، هەرچەندە ئەم دەسەلاّتە لە ولاّتانی ئیسلامیدا ئاساییە. بە شێوەیەکی بەجێتر، ئەوان نە ئەو جۆرە ڕۆڵە سیاسییەیان هەیە کە لە ولاّتانی ئیسلامیدا نەك تەنیا باوە، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرفرەوانیش بە شتێکی بەجێ قبووڵ کراوە، و نە تەنانەت داواشی دەکەن.

ئاستە بەرزترەکەی ئایین و نەریتی ئایینی لە وڵاتانی ئیسلامیدا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری سەر بە ئایینی دی، بێشك توخمێکی بارودۆخەکەیە، بەڵام لە خودی خۆیدا روونکردنەوەیەکی پڕبەپێست نییە. لەباتی پێویستە جیاوازییەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم ئایینە جیاوازانە و هەروەها بۆ پێوەندییەکی بەتین و بنەڕەتی لە نێوان ئایین و سیاسەت لە ئیسلامدا، کە لە هیچ ئایینێکی تردا هاوتای نییە.

ئاکارێکی بنەڕەتی و جیاکەرەوەی ئیسلام تایبەتمەندیی گشتگیری ئایینە لە روانگەی موسوڵمانانەوە. پەیامبەر، بە پێچەوانەی دامەزرێنەرانی ئایینەکانی پێشوو، سیستەمێکی دامەزراند و رێبەری کرد. وەك حوکمڕان یاسای دانا و دادوەری کرد و فەرمانداری سوپاکان بوو، شەڕی بەرپا کرد و ئاشتی بەرقەرار کرد، باجی کۆ کردەوە و هەر هەموو ئەو کارانەی کرد، کە حوکمڕانێك دەیان کات. ئەمە لە خودی قورئان و ژینامەی پەیامبەر و نەریتەکانی ژیان و کرداری ئەودا ئاماژەی پێ دراوە. ئەم سیفەتە جیاکەرەوەی ئیسلام زۆر بە روونی لەو فەرمانانە دەردەکەوێت کە نەك یەك جار بگرە چەندین جار لە قورئان (٣:١٠٤, ٣:١١٠ ; ٢٢:٤١; ٧:١٥٧ و هتد) دووبارە بوونەوە، کە بە هۆیانەوە موسوڵمانان بۆ ئەرکی سەرەکیی خۆیان، واتە " فەرماندان بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە"، رێنمایی دەکرێن- ئەمەش نەك ئەوەی بە تەنیا چاکە بکەن و دوورکەونەوە لە خراپە، واتە ئەرکێکی کەسی کە هەموو ئایینەکان سەپاندوویانە، بەڵکو فەرمان بە چاکە بدەن و رێگە لە خراپە بگرن، بە واتەیەکی تر، دەسەڵات بگرنە دەست بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. لە ژێر حکومی جێگرەوە راستەوخۆکانی پەیامبەردا لە تەمەنی ساوای شەرع و ئایینی ئیسلامدا، دەوڵەتی پەیامبەر بووە ئیمپراتۆرییەتێك کە موسوڵمانان دەستیان بە سەر غەیرە موسوڵماناندا دەگرت و دەیان خستنە ژێر حوکمیانەوە. ئەمەش بەو مانایەیە لە ئیسلامدا لە سەرتاوە تێکچڕژانێك لە نێوان ئایین و حکومەت، لە نێوان بڕوا و دەسەڵاتدا هەبووە، کە لە یەهوودییەتی تەوراتیدا هاوتایەکی هەیە، بەڵام نەك بە هیچ یەك لەو شێوازانەی لێی دەکەونەوە.

تیۆر و ئایینی مەسیحییەت بە شێوازی تر پەرەی سەند. لە زاری دامەزرێنەری مەسیحییەتەوە دەگوازنەوە "ئەو شتانەی هی قەیسەرن بۆی بگەڕێننەوە و بۆ خواش ئەو



شتانەی ئەو خاوەنیەتی". لەم قسە نەستەقە بەناوبانگەدا کە زۆر دەخوازرێتەوە، لە سەرەتای مەسیحییەتدا بنەمایەکی داڕێژراوە، کە بۆ هزر و ئایینی مەسیحی وەك کۆڵەکەیەك وایە و لە مێژووی مەسیحییەتدا ئاشکرایە. هەمیشە دوو دەسەڵات هەبوون، واتە خوا و قەیسەر کە سەروکاریان لەگەڵ بابەتی جیاواز هەبووە و خاوەنی دەسەڵاتی دادوەریی جوداش بوون، مانای هەر یەکەیان خاوەنی یاسا و دادگەی خۆی بووە تا یاساکان دەربکات و هەر یەکەیان دامەزراوەگەل و رێکخستنی خۆی هەبووە بۆ بەڕێوەبردنیان.

ئەم دوو دەسەڵاتە جیاوازانە ئەوانەن لە جیهانی رۆژئاوادا ئێمە بە کەلیسە و دەوڵەت ناویان دەبەین. لە مەسیحییەتدا هەمیشە هەبوونە و هەندێك جار پێوەست بە یەکتر و لە هەندێك باردا لە دژی یەك وەستاون، جاری وابووە یەکێکیان بە سەر ئەوی دیدا دەسەڵاتی گێڕاوە و جاری دیکەش بە پێچەوانەوە، بەڵام هەمیشە هەر دوو دەسەڵات هەبوون نەك یەك. لە تیۆری ئیسلامدا کەلیسە و دەوڵەت دامەزراوەی جیا یان شیاوی جیابوونەوە نین. مزگەوت بینایەکە، شوێنێکە بۆ پەرستش و خوێندن. هەمان شت راستە بۆ کەنیشتە[٥٨]. پەرستشکارانیان هیچ کام لەم زاراوانەیان بۆ ناونانی دامەزراوەیەکی ئایینی کە بکرێت لەگەڵ کەلیسەی مەسیحییەتدا بەراورد بکرێت، بەکار نەدەهێنا. هزر و ئایینی ئیسلامیی کلاسیك جیاوازی دەکات لە نێوان شتەکانی ئەم دنیایە و دنیاکەی تر و ئەو کۆمەڵە جیاوازانەی خەڵك کە چاودێری ئەم شتانە دەکەن، بەڵام هەر هەمان شەرعە پیرۆزەکە کاروباری هەر دوو دنیا رێك دەخات. جووتە وشەی ئاشنای وەك نائایینی و ئایینی، پیرۆز و کوفرانی، رۆحانی و ئانی، و وشەی لەو جۆرە لە زمانی عەرەبیی کلاسیك یان زمانەکانی تری ئیسلامیدا هاوتایان نەبوو، لە بەر ئەوەی ئەو دژیەکییەی ئەم جووتە وشانە دەریان دەبڕن، کە بە قووڵی لە مەسیحییەتدا رەگیان داکوتاوە، بە بەراورد تا سەردەمانی هاوچەرخ بە ئیسلام نامۆ بوون. لە ئەنجامی کاریگەرییە دەرەکییەکانەوە ئەم دژیەکییە هاتە ناسین کە وشەکانی وەرگێراو، داڕێژراو یان ئەو وشانەن کە مانای نوێیان بۆ زیاد کراوە. لەم

٥٨ Synagogue پەرستگای یەهوودی.

ساڵانەی دواییدا ئەو کاریگەرییە دەرەکییانە هێرشیان کراوەتە سەر و لە هێز خراون و ئەو بیرۆکانەی کە لەگەڵ خۆیان گواستبوویاننەوە جگە لە لایەن ژمارەیەکی بە بەراورد بچووك و نامۆی دەستەبژێرانەوە نەبێت، هەرگیز قبووڵ نەکراون و رووەو نەمانن. هاوکات لەگەڵ نەمانی پەلکێشیی کاریگەرییە دەرەکییەکان هەڵگەڕانەوەیەکی مسۆگەر بە ئاراستەی بیروبۆچوونی کۆنتر و رەگداکوتاوتر ڕوو دەدات.

جیاوازی تریش هەن. مەسیحییەت لە سەروبەندی رووخانی ئیمپڕاتۆرییەتێکدا سەری هەڵدا. سەرهەڵدانی مەسیحییەت هاوتایە لەگەڵ نەمانی رۆم و کەلیسەش رێکخستنی خۆی دامەزراند بۆ ئەوەی لەم ماوەیەدا زیندوو بمێنێتەوە. لە ماوەی ئەو سەدانەی مەسیحییەت ئایینێکی چەوسێنراوەی مافخوراوان بوو، وا دادەنرا خوا بڕوادارانی خۆی دەخاتە ناو ئازار و کوێرەوەری بۆ تاقیکردنەوە و بێگەردکردنی باوەڕیان. لە دواییدا کاتێك مەسیحییەت بووە ئایینی دەوڵەت، مەسیحییەکان هەوڵیان دا دەست بە سەر دامەزراوەکاندا بگرن و ئەم دامەزراوانە و تەنانەت زمانی رۆم لە بەرژەوەندیی پێویستییەکانی خۆیان نوێ بکەنەوە.

بە پێچەوانەوە، ئیسلام لە سەروبەندی لە دایکبوونی ئیمپڕاتۆرییەتێکدا سەری هەڵدا و بووە ئایینی شانشینێکی گەورە و سەرکەوتوو و فرەوانبوو، شانشینییەك کە لە سایەی ئایینێکی نوێ خوڵقا کە بە زمانی عەرەبی، واتە زمانی ئایینی نوێوە دەربڕابوو. لە کاتێکدا کە بۆ ئاگۆستینی پیاوچاك و هزرڤانانی تری سەرەتای مەسیحییەت دەوڵەت خراپەیەکی بچووکتر بوو، بۆ موسوڵمانان دەوڵەت، کە هەڵبەتە مەبەست دەوڵەتی ئیسلامییە، چاکەیەکی خوایی بوو، کە بە شەرعی پیرۆزەوە رێکخراوە تاوەکو ئایینی خوا بلاّو بکاتەوە و یاسای خوا جێبەجێ بکات و پارێزگاری لە بڕوادارانی خوا بکات و ژمارەیان بەرز بکاتەوە. لەم روانگەیەی گێتییەوە، خوا وا دەبینرێت لەباتی ئەوەی بیەوێت بڕوادارانی تاقی بکاتەوە، دەیەوێت یارمەتییان بدات، هیوای سەرکەوتنیان لەم جیهانەدا بۆ دەخوازێت، دەیەوێت رەوابوونی ئاسمانیی خۆی بە سەرکەوتن و زاڵبوونی خۆی، بۆ سوپا و کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی خۆی بەرجەستە بکات. بە گوێرەی پێناسەی



ئیسلام شەهیدبوون بریتییە لە مردن لە جیهادێکی ئاییندا. شیعەکان، کوتلەی شکستخواردوو لە ململانێیە زووەکانی وەدەستهێنانی خەلافەت، ریزپەڕێکی بەشەکییان بۆ ئەم سەرکەوتنە ئایینییە داڕشتووە. بۆ مەینەتی و خۆشەویستی و شەهیدبوون، شکست و سەرکوتکاری چەمکێکی بە نزیکەیی وەك هی مەسیحییەتیان بە شیعەکان بەخشی. لەم سەردەمەدا ئەم چەمکە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و تەکنەلۆژیانی نوێ ئاوێتە بووە تا هێزێکی کۆمەلاّیەتیی بەتینی دەنگدەرەوە بێنێتە بەرهەم.

ئەم بیروبۆچوونانەی هەڵقوولاّو لە رابردوویەکی دوورتری ئیسلام، هێشتاش دەرەنجامی گرینگییان بۆ کاتی ئێستا هەیە و بە شێوەیەکی بەرچاویش کاریگەرییان لە سەر خولقاندنی خۆئاگاییی موسوڵمانانەوە هەیە. لە زۆربەی مێژووی تۆمارکراوی زۆرینەی جیهانی ئیسلامیدا، ئیسلام پێناسی سەرەکی و بنیاتیی شوناس بووە، جا چ ئەم شوناسە هەڵبژێردراو بووبێت چ دراوەپاڵ[59]. بۆ موسوڵمانانیش ئەو ئایینە هەڵبەتە ئیسلام یاخۆ بە شێوەیەکی دیاریکراو، ئەو ئایینزایە تایبەتییەی ئیسلامە کە بڕوایان پێیەتی. هەر جۆرە فاکتەرێکی تر لە ئارادا بووبێت، بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبووبێت، دەبووایە فۆڕمێکی ئایینی یان لانی کەم تایفیی وەرگرتبا. لە رۆژئاوای عیلمانیی هاوچەرخ و ئەو هەرێمانەی تر کە نەریتەکانی رۆژئاواییان پەسەند کردووە، جیهان دابەش بووەتە سەر نەتەوەکان و نەتەوەکان رەنگە دووبارە دابەش ببنەوە سەر کۆمەڵگەی ئایینی جۆراوجۆر. لە روانگەی موسوڵمانانەوە، جیهان بە پێی ئایین دابەش بووە و ئەم ئایینانەش رەنگە بە سەر نەتەوەکان و بە ناچاری بە سەر دەوڵەتەکانیشدا دابەش ببنەوە.

رای گشتی هێشتاش داکۆکی لەم شوناسە ئایینییە بنیاتییە دەکات و بەم دواییانە شوناسەکە تەنانەت گەیەندراوەتە بواری چەکسازیی ناوەکی. جاربەجار ئەو پاساوە دەبیسترێت کە گوایە لە بەر ئەوەی رۆژئاوا، و لەم سونگەیەوە رووسیاش، خاوەنی بۆمبی مەسیحین و گوایە ئیسرائیلیش بۆمبی یەهوودیی هەیە، زۆر بەجێ و لە راستیدا پێویستە وڵاتێکی ئیسلامی یان زیاتر بۆمبی ئیسلامی بدۆزنەوە یاخۆ بەرهەمی بێنن.

---

٥٩ Ascriptive.

بە زۆری ئەم قسەیە کاتێك دەکرا کە پاکستان توانی بە سەرکەوتوویی شەش چەکی ناوەکی لە ئایاری ١٩٩٨دا بتەقێنێتەوە کە شەپۆلێکی شادیی بە ناو زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو کردەوە. لە کاتی سەردانەکەی بۆ عەرەبستانی سعودی، نکۆڵیکردنێکی روونی سەرۆك وەزیرانی پاکستان لەوەی بۆمبەکە هیچ شوناسێکی ئایینیی نییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر سستکردنەوەی ئەم کاردانەوەیە نەبوو.

لە شوێنێکدا کە ئیسلام بە کۆڵەکەی بنیاتیی شوناس دابنرێت، هەر ئەم ئایینە بە ناچاری دەبێتە پێویستییەکی سەرەکی بۆ دڵسۆزیش. لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان لایەنگری و ناپاکی لە راستیدا لە رێگەی ئایینەوە دیاری دەکرێت. بە پێچەوانەی مەسیحییەت، لە ئیسلامدا تاقیکردنەوەی سەرەکی، ئەوە نییە مرۆڤ شوێنکەوتووی بیروباوەر و رێبازی راست و دروست بێت، هەرچەندە ئەمانەش گرینگن وەلێ گرینگتر خۆگونجاندن و لایەنگریی ناوکۆییە. لە بەر ئەوەش کە خۆگونجاندنی ئایینی هێمای رواڵەتیی لایەنگرییە، دەربڕینی رایەکی جیاواز بە نەبوونی لایەنگری و هەڵگەڕانەوەیش بە ناپاکی لێك دەدرێتەوە. ئیسلامی کلاسیك هیچ دامەزراوەیەکی پلەداری[٦٠] بۆ پێناسەکردن و سەپاندنی ئایینی راست و دروست نەبوو بۆ ئەوەی بیروباوەڕی چەوت بدۆزێتەوە و سزای بدات. لە جیاتی، موسوڵمانان جەختێکی پتریان لە سەر هاوبڕوایی دەکردەوە، وەك سەرچاوەیەك بۆ رێنمونی و هەروەها وەك بنەمایەك بۆ شەرعییەت. سەرەڕای گۆڕانە بەرفرەوانەکانی دوو سەدەی رابردوو، لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا خودی ئیسلام بە روونی وەك شێوازی هەرە باوی هاوبڕوایی و زۆر بەکارەتر لە بەرنامە و دروشمە سیاسییەکان ماوەتەوە; هێما و بانگەوازەکانی ئیسلامی هێشتاش کاریگەرترین هۆکارن بۆ بزواندنی هەستی کۆمەڵایەتی.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە وشەی "ئیسلام" بە شێوەیەکی گشتی بە دوو ماناوە بەکار دێت- وەك هاوتای "مەسیحییەت"، واتە وەك ناوی ئایینێك، سیستەمێکی بیروباوەڕ و پەرستش و هەروەها وەك هاوتای "جیهانی مەسیحییەت"، کە ئاماژەی بە

٦٠ Hierarchial .



شارستانییەتێکی تەواو دەکرد کە لە ژێر سایەی ئەو ئایینەوە گەشەی کردبوو. چاودێرانی بیانی کە نەیانتوانیوە سەر لەم جیاوازییە دەربکەن تووشی گێژەنێکی زۆر هاتوون و زۆرجار گەلێك بیروباوەڕ و نەریتی گشتیی ئەوتۆیان داوەتە پاڵ ئیسلام، کە هەرچەندە لە رابردوو و ئێستای ئەم ئایینەدا گرینگیشن، بەڵام بە قەدەر دوورکەوتنەوەی خاچپەرستان و دادپرسانی ئایینیی لە مەسیحییەتی رەسەنەوە، ئەوەندەش لە ئیسلامی رەسەنەوە دوورن. میلیشیا و رادیکالیستە ئیسلامییەکان هەمیشە زیرەکانە وریای ئەم جیاوازییە بوونە و بانگەوازیان بۆ شتێك کردووە، کە بە گوێرەی تێگەیشتنیان بە ئیسلامی راستەقینە و پاکیان داناوە، بە پێچەوانەی نوێگەری و ساختەکارییەکانی ئەو کەسانەی کە وا دەنوێنن بە ناوی ئیسلامەوە حوکم دەکەن. ئەوانیش کۆمەڵێك نوێگەریی خۆیان خستووەتە سەری.

لە بنەڕەتدا ئیسلام نە قەشە و نە کەلیسەی هەبووە. ئیمامەکان تەنیا پێشنوێژن، عولەما رۆشنبیرانی ئایینزان و فیقهزانن، بەڵام هیچ جۆرە نووسینگەیەکی وەك هی قەشەیان نییە، مزگەوت تەنیا شوێنێکە. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی مێژووی ئیسلامیدا لە راستیدا بارەکە بەم شێوەیە بوو، بەڵام بە تێپەڕینی کات ئیمام و عولەماکان راهێنانی پیشەیی و بڕوانامەیان وەرگرت و ئەگەر لە رووی ئایینزانییەوەش نەبێت، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، بوونە قەشە، هەرچەندەش رێوەڕەسمی پیرۆزکردنیان بۆ نەدەکرا. مزگەوت تەنیا وەك بینایەك ماوە، بەڵام عولەما بە گوێرەی ریزبەندەوە، لە ناو پلە بەرز و نزمەکاندا، خۆیان پۆلێن کرد. لێکدانەوە و بەڕێوەبردنی جیهاد، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەرپرسیارێتیی عولەما بوو، هێز و پایە و دەسەڵات و هەروەها لە هەندێك باردا سامانیشی پێ بەخشین. بێ گومان نموونەی کەلیسەکانی مەسیحی لەو وڵاتانەی موسوڵمانان دەستیان بە سەردا گرتبوون و بە شێوەیەکی بەرچاویش لە هەرێمەکانی پێشووتری بیزەنتین کە خرابوونە سەر ئیمپڕاتۆریەتیی عوسمانییەوە، یاریدەدەر بوو بۆ ئەم پێشڤەچوونانە. ئەوەی بە "مەسیحیکردنی دامەزراوە ئایینییەکانی ئیسلامی" ناو دەبردرێت، لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی ئەمڕۆدا گەیشتووەتە ترۆپکی خۆی، لە وڵاتێکدا کە بۆ یەکەم جار لە دیرۆکی ئیسلامدا ئێمە

هاوتای پیشەی قەشە و سەرۆک قەشە و مەتران و بە گوتەی هەندێک کەس تەنانەت پۆپیش دەدۆزینەوە. ئەم کاریگەرییە مەسیحییانە هەڵبەتە تەنیا لە رووی رێکخستنەوە بووە و لە بەرامبەردا بیروباوەڕ یان بەهاکانی مەسیحی قبووڵ نەکراون. بەڵام فەرمانڕەواکانی ئێران لە راستیدا کەلیسەیەکی ئیسلامییان خوڵقاندووە کە خاوەنی دەسەڵاتێکی هەم مەعنەوی و هەم ماددییە و زۆری پێ ناچێت بەرەورووی چاکسازییەکی ئیسلامی ببنەوە.

شوناسی ئیسلامی یەکپارچە نییە. لە میسر و بە گشتی لە ئەفریقای باکووری موسوڵماننشیندا، ئیسلام بە چەسپاوی سوننەیە، و لە بەر ئەوەی تەشەییوع لە راستیدا نەناسراوە، جیاوازییەکە بە گرینگ دانانرێت. تورکیاش بۆ ماوەیەکی زۆر بە وڵاتێکی تەنیا و تەنیا سوننی دادەنرا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی گەشەسەندنی دامەزراوە دیموکراسییەکان، کەمایەتییە شیعەکانی لە رابردوودا بێدەنگ، هەتا دێت زیاتر دەبینرێن و دەبیسترێن. لە نێوان وڵاتانی ئیسلامیی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقای باکووردا بە تەنیا لە ئێراندا تەشەییوع ئایینزای زاڵ و فەرمییە و هەندێک کەس لەم باوەڕەی فارسەکان بە ئایینزای شیعەدا رێگەیەکی سەلماندنی شوناسی فارسیی جیاکراوەی خۆیان دەبینن لە بەرامبەر دراوسێیەکانی عەرەب و تورک و ئاسیای ناوین و هیندییەکانیان کە بە شێوەیەکی سەرەکی سوننین. بەڵام لە ئێران و بە شێوەیەکی هەستپێکراو لە پارێزگایە رۆژهەڵاتییەکاندا، کەمایەتیی سوننەی بەرچاو لە ناو تورک زمان و بەلوچەکاندا هەن.

باشووری رۆژئاوای عەرەبنشینی ئاسیا جیاوازیی گرینگ دەخاتە روو. فەلستینی و ئوردنییەکان سوننین، بەڵام لە شوێنەکانی تر، لە سووریا و لوبنان و عێراق و ئەمڕۆکە تەنانەت لە پارێزگایە رۆژهەڵاتییەکانی عەرەبستانی سەعودی و ژمارەیەک پارێزگای شیخنشینانی کەنداودا جەماوەرگەلێکی گەورەی شیعە هەن. ئێستا لە لوبنان شیعەکان گەورەترین تاکە گرووپ پێک دێنن و بەردەوام زیاتر بۆ شوێنیان لە ناو سیستەمی فەرمانڕەواییی لوبناندا داوای گۆڕانێکی هاوقەوارە دەکەن. لە عێراق بە



گشتی و تەنانەت لە بەغدای پایتەختیشیدا، شیعەکان ئێستا زۆرینەی دانیشتووان پێک دێنن. ئەوان هەردەم لە ژێر کونترۆڵی دەسەڵاتێکی سوننیدا بوونە کە بێ ئەوەی گۆڕانێکی زەقی بە سەردا بێت لە کاتی تورک و بەریتانییەکانەوە بگرە تا کاتی شانشینیی سەربەخۆ و "کۆمار"ی ئەمڕۆ بەردەوام بووە.

هاوشێوەی ئەو لقە سەرەکییەی بە تەشەییوعی "دوازدە ئیمامەکان" ناو دەبردرێت و لە ئێراندا بیروباوەڕی چەسپاوە، لە ناو تەشەییوعدا کۆمەڵی لادەر هەن. لە نێوان ئەمانەشدا، ئەوەیان کە بەرچاو بێت، عەلەوییەکانی سووریان کە پێشتر بە نوسارییەکان ناسرابوون و لەوێدا بە نزیکەیی لە سەدا دوازدەی دانیشتووان پێک دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لە سەدا دوازدەیە، سەرۆک و زۆرینەی دەستەی دەسەڵاتدار دەگرێتەوە. هەر هەمان ئەو ناوە، واتە عەلەوی، بۆ جۆرەها موسوڵمانی غەیرە سوننیی ناو تورکیا بە کار دێت کە بڕوایان بە شێوازەی جیای ئایینزای شیعە و نەریتەکانی تەسەووفەوە هەیە.

هەندێک کۆمەڵی بچووکتر هەن، کە لەو شتەی کەسێک بە تەشەییوعی سەرەکیی ناوی دەبات، لا دەدەن. یەکێک لەمانە تاقمی ئیسماعیلییەکانە کە دوو لقی لێ دەبێتەوە و گوایە خاوەن چەندین هەزار شوێنکەوتووە لە سووریای ناوین و ژمارەیەکی زۆر گەورەتری لە هیند و پاکستان و ئاسیای ناوین و ئەفریقای رۆژهەڵات. ئەوانەی گرینگییەکی پتریان لە هەرێمەکەدا هەیە دروزەکانن، لقێکی ئیسماعیلییەکان، کە شوێنکەوتووانی لە سووریا و لوبنان و ئوردن و ئیسرائیلن. لە دوایین وڵاتی ناوبراودا، دروزەکان تاکە پێکهاتەی دانیشتووە عەرەبەکانن کە لە سەر فەرمانی سەرکردەکانیان ئەرکی سەربازی بەجێ دەگەیەنن.

لە هەر وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوین جگە لە ئیسرائیل و تا ئەم دواییانە لە لوبنانیشدا نەبێت، ئیسلام ئایینی زۆرینەیە. دۆخەکە هەمیشە وا نەبووە. لە کاتی لە دایکبوونی ئیسلام و داگیرکارییەکانی عەرەب لە سەدەی حەفتەمدا زۆربەی دانیشتووانی ئێران بڕوایان بە جۆرێک لە جۆرەکانی ئایینی زەردەشتییەوە هەبوو.

زۆرینەی دانیشتووان لە رۆژئاوای ئێران و نەك تەنیا لەو پارێزگایانەدا کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەتی بیزەنتین، بگرە لە عێراقی ئارامی ئاخێوەر کە ئەو کات بەشێك بوو لە ئیمپڕاتۆرییەتی فارس، مەسیحی بوون. ئەم مەسیحییانە سەر بە کەلیسەی جیاواز بوون و هەندێکیان و بە شێوەیەکی بەرچاو مەسیحییەکانی میسر و سووریا لەگەڵ کەلیسەی ئۆرسۆدۆکسی قوستەنتەنییە لە دووبەرەکی دابوون.

تاکە ئایینی تری بەجێماو کە گرینگییەکی ئەوتۆی هەبێت، یەهوودی بوو کە لە هەموو ئەم وڵاتانەدا و لە نێوانیشیاندا سەعودیای ئەو کات، کۆمەڵگەی هەبوو. سەنتەرە سەرەکییەکانی ژیان و هزری یەهوود لە عێراقی ژێر حوکمی فارسەکان و لە نیشتیمانی پێشووی یەهوود بوو، کە سەرکردە رۆمی و بیزەنتینییەکانی بە فەلستین ناویان دەبرد.

زۆربەی ئەوانەی سەرەتا وەرگەڕانە سەر ئیسلام عەرەبە بتپەرستەکان بوون. دواتر هەڵگەڕاوەکان لە کۆمەڵگە زەردەشتی و مەسیحی و یەهوودییەکانی باشووری رۆژئاوای ئاسیا و ئەفریقای باکوور و تا ماوەیەکیش لە ئەوروپای باشوورەوە، هاتنە ریز ئیسلام. بەرە بەرە ئیسلام بووە ئایینی زۆرینە، بەڵام ئایینەکانی تر مانەوە و زۆربەی وڵاتانی هەرێمەکە کەمایەتییەکی سەر بە ئایینێك یان ئایینێکی تریان هەیە یان تا ئەم دواییانە هەیان بووە.

ژمارەی زەردەشتییەکان بۆ چەند دە هەزار کەسێك لە ئێران و ژمارەیەکی تا رادەیەك گەورەتر لە نەوەی ئەو کۆچبەرە فارسانەی روویان کردبووە نیمچە کیشوەری هیند، لە کورتی دا. ئەوان هێشتاش لەوێ بە ناوی وڵاتی رەچەڵەکی خۆیان، واتە بە پارسەکان ناو دەبردرێن. مەسیحی و یەهوودییەکان ژمارەیەکی گەورەتریان لێ ماوە.

لە عەرەبستانی سەعودیدا بە پێی حوکمێك کە دەگەڕێتەوە بۆ خەلیفە عومەری سەدەی حەفتەم، هەر ئایینێکی تر قەدەغەیە و غەیرە موسوڵمانان (مەبەست مەسیحییەکانە و یەهوودییەکان ناگرێتەوە) تەنیا وەك گەشتیاری کاتەکی رێگەیان پێ دەدرێت و سنووریان چەند ناوچەیەکی دیاریکراوە. هیچ غەیرە موسوڵمانێك بۆی نییە پێ بنێتە ناو شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە لە حیجازدا. لە بەشەکانی تری نیمچە دوورگەی عەرەبی و دوورگەکانی دراوسێیدا، کەمایەتیی بچووکی یەهوودی تا بە نزیکەیی ئەم دواییانەش



هەبوون، بەڵام مەسیحییەکان لە کاتێکی زوودا دیار نەمان. لە میسر و هیلالی بەپیتدا[٦١] هەم مەسیحی و هەم یەهوودییەکان تا ئەم دواییانەش لە ژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا دەژیان. مەسیحییان هەندێکیان و یەهوودییەکان هیچ کامیان نەماون. رەنگە نزیکبوونی ئەفریقای باکوور لە دوژمنی مەسیحیی نیشتەجێ لە ئەوروپادا بووبێتە هۆی ئەوەی لەوێدا مەسیحییەت لە کاتێکی زوودا هەڵ بکەندرێت. کەمایەتییە یەهوودییەکان بۆ ماوەیەکی درێژتر زیندوو مانەوە و تەنانەت لە سەدەی پازدەهەم و شازدەهەمدا لەگەڵ گەیشتنی پەنابەرانی یەهوودی لە ئەوروپای مەسیحییەوە بەهێزتر بوون.

کۆنترین و داهێنەرترین کۆمەڵگەی یەهوودیی عەرەب — ئەوەیان کە پتر لە هەموو کۆمەڵگەکانی تر بە تەواوی بە وڵات و ئەو خەڵکەی ئەوان بەشێك بوون لێی پێناسە کرابێت، یەهوودییەکانی عێراق بوون. یەهوودییەکان لەوەتەی رۆژانی دەسبەسەریی بابیلییەکانەوە لە عێراقدا دەژین و بە شێوەیەکی قووڵ رەگیان لەو خاکەدا کوتاوە، یان باشترە بگوترێت رەگیان داکوتابوو. عەرەبەکانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ یەهوودییەکان، خەڵکی تازەهاتووەن و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ تەنیا سەرەتاکانی سەدەی حەفتەمی زایینی. یەهوودییەکانی عێراق لە زووەوە بوونە عەرەب و جگە لە چەند تایبەتمەندییەکی لاوەکییەوە نەبێت، زمان و کولتوور و شێوازی ژیانی هاونیشتیمانانی موسوڵمانی خۆیانیان وەرگرت. پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی عێراق لە ١٩٢٠ەکاندا، هەڵبەتە یەهوودییەکان عێراقی بوون. لە هەرەتی نیشتیمانپەروەریی سەر شێوازی ئەوروپیدا، یەهوودییانیش خۆیان وەك هاونیشتیمانانی مەسیحی دەبینی و لە هەندێك بازنەی نەتەوەپەرستیدا بە عەرەب هەژمار دەکران. لە ١٩٢٠ەکانەوە تا ١٩٣٠یەکان کۆمەڵێك یەهوودیی عێراقی لەگەڵ عێراقییەکانی تر یەکیان گرت بۆ رەتدانەوەی ئەو شتەی، کە ئەوان بە جێگیرکردنی نامۆی یەهوودییەکانی ئەوروپا لە ناو فەلستینی عەرەبیدا وەسفیان دەکرد.

٦١ The Fertile Cresent. هلال الخصيب

ئەم خەونەی برایەتیی عێراقییانە پەیتا پەیتا لەگەڵ خەبات بۆ فەلەستین و تەنانەت پتریش بە هۆی پڕۆپاگەندەی ئێجگار کاریگەری ئەڵمانی نازییەوە لە هێز کەوت. لە حوزەیرانی ١٩٤١ کاتێک یەکەمین هێرشی سەرەکی کرایە سەر کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی یەهوودی لە وڵاتێکی عەرەبی لە بەغدادا، لە ماوەی کورتی نێوان دارمانی ڕژێمی ڕەشید عەلیی لایەنگری ئەکسیز[٦٢] و گەیشتنی هێزەکانی شاهانە و بەریتانی، خەونەکە بە سەختی کۆتایی هات. بە دوای ئەمەشدا ژمارەیەکی زۆر پێشێلکاریی تر لە دژی یەهوودییەکان لە عێراق و سووریا و میسر و عەرەبستانی باشوور و ئەفریقای باکوور کرا کە بە هۆیانەوە هەزاران کەس کوژران و بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆرتریان پاش وێرانبوونی ماڵ و شوێنی کاریان بێ جێوڕێ مانەوە.

ئەم هێرشانە و لە ئەنجامدا کۆچکردنی یەهوودییەکان دەگەڕێنەوە بۆ پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و بێ گومان بەشیان بە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتەوە هەبووە. ئەو ڕووداوە و ئەو شەڕی لێی کەوتەوە، پێگەی یەهوودییەکانی پتر سست کرد و بووە هۆی کۆچکردنی پاشماوەی کۆمەڵگە یەهوودییەکان و گواستنەوەیان بۆ ئیسرائیل، کە ئەمەش هەندێک جار وەک ئەوەی لە عێراق و سووریا ڕووی دا بە هاوکاریی حکومەتی ئەو وڵاتانەوە بوو. لە کاتی ئێستادا تاکە وڵاتێکی عەرەبی کە کۆمەڵگەیەکی یەهوودیی بەرچاوی هەبێت مەراکیشە، بەڵام بە هۆی کۆچکردنی ئارەزوومەندانە ئەم کۆمەڵگەیەش خەریکە بچووک دەبێتەوە. وێ دەچێت مێژووی درێژ و دیاری یەهوودییەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا بەرەو کۆتایی هەڵبکێشێت. کۆمەڵگەی یەهوودیی بچووک لە تورکیا و ئێران ماون. لە وڵاتی یەکەمدا، پایەی فەرمیان یەکسانە لەگەڵ پایەی هاووڵاتییەکی دەوڵەتێکی عیلمانی، لەوەی دووەمیان تاکی ئازاد و پارێزراوی حکومەتێکی ئیسلامین. ژمارەیان لە هەردوو وڵات لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی کۆچکردن کە بە زۆری بۆ ئیسرائیل بووە، یەکجار زۆر دابەزیوە.

٦٢ Axis پەیماننامەی نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و ژاپۆن لە دژی هاوپەیمانان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا.



کەمبوونەوەی کۆمەڵگە مەسیحییەکان، جگە لە ناو لوبناندا نەبێت، ڕاتەکانێکی بێهزتری هەبوو، بەڵام ڕەوتە گشتییەکە هەم لە ڕووی دیموگرافی و هەم لە ڕووی سیاسییەوە بێشک لە دژی مەسیحییەکان بووە. لە لوبنان مەسیحییەکان پاش شەڕە ناوخۆییە درێژ و تاڵەکان بە ژمارەیەکی بچووک و دەسەڵاتێکی کەمەوە ڕزگاریان بوو. لە ناو تورکیا و ئێراندا هەم کەمایەتیی یەهوودی و هەم کەمایەتیی مەسیحی ماونەتەوە، بەڵام لە ژیانی سیاسیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕن. ئەم کەمایەتییانە، جگە لە یەهوودییانی فارسی زمان نەبێت، کە لە دێرزەمانەوە جێی خۆیان کردووتەوە، بە پێچەوانەی کەمایەتییەکانی ناو وڵاتە عەرەبییەکان، تا ئەم دواییەش لە ڕووی زمان و کولتوور و هەروەها ئایینەوە لە زۆرینەکانی موسوڵمانەوە جیاواز بوون.

مەسیحییەکان هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە زۆر لە موسوڵمانان کەمترن، بەڵام جۆرە تایفەگەرییەکی زۆر گەورەتریان هەیە. ژمارەیەک پرۆتێستانت هەن، کە دەرهاوێشتەی چالاکییەکانی نێردەکانی[٦٣] ئەورووپی و ئەمریکیین لە سەدەی نۆزدەهەم بەسەرەوە و ژمارەیەکی زۆر گەورەتری کاسۆلیکەکان هەن کە زۆربەیان ئاوێتەن و لەو کەلیسە ڕۆژهەڵاتییە جۆراوجۆرانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە لە هەمان کات یان کاتی جیاوازدا لەگەڵ ڕۆم یەکیان گرتەوە. و پاشان هەڵبەتە کەلیسە ڕۆژهەڵاتییەکان هەن، کە ڕووبەرێکی بەرینی مێژووی خواناسی و مێژووی ئایینیی جیهانی مەسیحییەت لە ماوەی یەکەمین هەزارەی چاخی مەسیحییەتدا پێشکەش دەکەن. شوێنکەوتووانی کەلیسەی ئۆرسۆدۆکس بێ ڕەچاوکردنی ئینتیمایە ئیتنیکییەکانیان هێشتاش بە ڕۆمی ناسراون.

لە ناو یەهوودییەکاندا جیاوازیی تایفەگەریی هاوشێوە نییە، بەڵام جیاوازیی کولتووریی بنەڕەتی هەن. گرینگترینی ئەم جیاوازییانە، جیاوازیی نێوان یەهوودییە خۆجێییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، کە لە ڕووی مێژوویی و کولتوورییەوە بەشێکی جیهانی ئیسلامن، لەگەڵ یەهوودییە ئەورووپییەکان، کە بە هەمان ئەو پێوەرانەوە بەشێکی جیهانی مەسیحییەتن. جیاوازییە زۆرەکان و گرژییە پچڕپچڕەکانی نێوان ئەم دوو کۆمەڵانە لە ئیسرائیلدا، وێنەی ناکۆکیی نێوان جیهانی مەسیحی و ئیسلام، لە سەر ئاستێکی بچووک، پێشان دەدەن. ئەم ململانێیە هەم کاریگەرە بۆ

٦٣ Missioneries نێردەی ئایینی بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی.

سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان مانا ئایینی و عیلمانییەکەی ئیسرائیلی و لەئەنجامیشدا بۆ ناکۆکی لە شوناسی ئیسرائیلی، و هەم خۆشی بە هۆی ئەمانەوە دەگۆڕێت.

ئەو یەهوودییانەی لە ئیسرائیل نیشتەجێن، بە زۆری لە وڵاتانی سەر بە دوو شارستانییەت، واتە جیهانی مەسیحی و جیهانی ئیسلامییەوە هاتوون. بێشك ئەوان لەگەڵ خۆیان بەشێکی زۆری شارستانییەتی وڵاتانی پێشووی خۆیان هێناوە، لەوانەش تێگەیشتن و پێناسەکانیان بۆ شوناس. هەر کەسێك سەردانی ئیسرائیلی کردبێت، هەست بە جیاوازیی نێوان یەهوودییەکانی بۆ نموونە بەرلین و یەهوودییەکانی بەغدا دەکات، نەك لە رووی یەهوودیبوونیانەوە بگرە لە کولتووری بەرلینیی یەکێکیان و کولتووری عەرەبی عێراقیی ئەوەی تریاندا، بەڵام ئەم جیاوازییە لە سەرووی شار و وڵاتە و لە جیاوازیی نێوان دوو شارستانییەت واتە مەسیحییەت و ئیسلام سەرچاوە دەگرێت، کە لەم دەوڵەت و کۆمەڵگە بچووکەی یەهوودیدا بەیەك گەیشتوون. جیاوازیی زۆر قسەهەڵگری نێوان یەهوودییە ئەشکێنازی و سیفاردییەکان، بە دەربڕینێکی تەواو یەهوودییانەوە، تەنیا بریتییە لە جیاوازییە لاوەکییەکان لە دابونەریتە ئایینییەکاندا کە هەر یەکەیان ئەوەی خۆی پێ راستە. ئەم جیاوازییە هیچ جۆرە گرینگییەکی ئایینی یان یاسایی نییە. هەروەتر جیاوازییەکە، وەك چۆن هەندێك کەس بە زاراوەی نوێ لێکیان داوەتەوە، لە ناکۆکیی نێوان یەهوودییە ئەمریکی ئەورووپییەکان و ئاسیاوی ئەفریقییەکانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. هێڵی جیاکەرەوەی بە راستی قووڵ لە نێوان ئەوانەدایە کە کەسێك رەنگە بە یەهوودییە "مەسیحی" و یەهوودییە "موسوڵمان"ەکان ناویان ببات، ئەگەر ئەو کەسە ئەم دەستەواژانەی بە مانایەکی شارستانی نەك ئایینییەوە بە کار هێنابێت. یەهوودییەکانی کۆچیان کردە ئیسرائیل، لەگەڵ خۆیان لە وڵاتانی رەچەڵەکی خۆیانەوە زۆربەی کولتووری رەسەنیان گواستەوە و لە بەر ئەوە بێشك دەبووایە ناکۆکی و تەنانەت پێکدادان لە نێوانیاندا رووی بدابا.

بەم شێوەیە دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕێگەی هاووڵاتیبوونێکی هاوبەش و ئایینێکی هاوبەشەوە، نوێنەرانی دوو شارستانییەتی سەرەکیی بە ئایینەوە پێناسەکراو، کە لە هەردووکیاندا یەهوودییەکان رۆڵێکی لاوەکی، بەڵام گرینگیان گێڕاوە، لێك نزیك دەکاتەوە. یەهوودییەکان هەڵبەتە کولتووری ئایینی تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە بێشك هەر یەهوودی ماوەتەوە، هەرچەندە



کولتووری ئایینیی زاڵی وڵاتانی پێشووی یەهوودییەکان کاریگەرییەکی بەتینی لە سەر هەبووە. بەڵام لەوەتەی رووخانی دەوڵەتی کۆنی یەهوودییەوە، یەهوودییەکان هیچ جۆرە کولتوورێکی سیاسیی راستەقینەیان نەبووە. یەهوودییەکان رەنگە وەك تاك بە دەسەلاتێکی ژێردەستانەوە ناوەناوە بەشدارییان  لە پرۆسەی سیاسیدا کردبێت. سەرکردە ناوکۆییەکانی یەهوودی لە راستیدا ناوەناوە دەسەڵاتیان بە سەر نەتەوەی خۆیاندا گێڕاوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتانە هەمیشە سنووردار و پێراسپێردراو بوون- کە لە ژێر حوکمی موسوڵماناندا زۆرتر و لەگەڵ مەسیحییەکاندا کەمتر بوون، بەڵام هەمیشە راسپێردراو و سنووردار بوون و دەتونرا لێیان بسەنرێتەوە. یەهوودییەکان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان نەبووە، چونکە بیرەوەرییەکانی دەسەڵاتێکی سەروەرانەی یەهوودییەکان ئەوەندە کۆن و ئەزموونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان لەم چەرخەدا ئەوەندە کورتە، بۆیە رێنوێنییەکی ئەوتۆیان لە بەر دەست نییە. هەڵبەتە لە ئەدەبیاتی ئایینیی یەهوودیدا مشتومڕییەکی چڕوپڕ لە سەر دەوڵەت و کاروباری دەوڵەت هەیە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوانەی لەم ئەدەبیاتەدا بەشدارییان کردووە، نەیانتوانیوە دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنە دەست، بۆیە بەڵگەکانیان یەکجار لێڵ و تیۆری، یان ئەگەر بە زاراوەی تر دەرببردرێن، عیسەوین. لە بەر نەبوونی کولتوورێکی سیاسیی بە ئاشکرا یەهوودییەوە، کە لە سەر بنەمای ئەزموونەوە دانرابێت، کولتووری ئیسرائیل لە سیاسەتدا پتر لە هەر شتێکی تر کولتوورێکی خوازراوەیە. وڵاتانی رەچەڵەکی یەهوودییەکان جۆرەها نموونەیان پێشکەش کردوون: شەماشە و عولەما، قەشە و موفتی، سەرۆك قەشە و ئایەتولاٌ، یان لەوانەیە بە روانین لە ئاراستەیەکی ترەوە، شەڕی خاچپەرستی و جیهاد، دادپرسانی کەلیسە و بکوژەکان. کۆچبەرە نوێیەکانی سەر بە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو چەند مۆدیلێکی تریان هێنا- کۆمیسار و ئاپاراچیك و توخمەکانی تری کۆمەڵگەی سیاسیی سۆڤیەت، و لەوانیش بەکارهێنانی حیزب وەك جۆرە ئایینێکی فەرمانڕەوا.

ئەم گرووپانە لەگەڵ خۆیان بیروبۆچوونی کولتووریی زۆر جیاوازیان هێنا لەمەڕ بابەتی وەك پێوەندیی نێوان سیاسەت و ئایین و پێوەندیی نێوان دەسەلاٌت و سامان، و بە شێوەیەکی گشتیتر، لە بارەی شێوەی وەرگرتن و بەکارهێنان و دەستاودەستکردنی دەسەلاٌت. لە ئیسرائیل بەم دواییانە تا دێت ئاماژەکانی تایبەت بە بۆچوونەکانی رۆژهەلاٌتی ناوین لەمەڕ ئەم بابەتانەوە بەرز دەبێتەوە. ئەگەر ئەم رەوتە بەردەوام بێت، ئیسرائیل لەگەڵ ئەو هەرێمەدا کە لێی کەوتووە، لێکچوونی زیاتری دەبێت. مەرج

نییە ئەمەش پێوەندییەکان باشتر بکات. لە ڕاستیدا ڕەنگە ڕەوتەکە کاریگەرییەکی پێچەوانەی هەبێت و لەوانەیە تەنانەت ئەو سەرپشکییە جۆرییە بخاتە مەترسییەوە کە ئیسرائیلی لە ژینگەیەکی بە گشتی دژبەرانەدا پێش خستووە.

لە وڵاتانی ئیسلامیدا گۆڕانکاریی خێرای کۆمەڵگە و کولتوور و لە سەرووی هەموو شتێکەوە دەوڵەت، سەرکردەکانی ئایینی چەسپاو تووشی گرفتی نوێی ئەوتۆ دەکات، کە لە مێژووی خۆیاندا هیچ جۆرە هاوتایەکی نەبووە و ئەدەبیاتی کۆنی خۆیان هیچ جۆرە ڕێنوێنییەکی ڕوونی بۆ دابین نەکردوون. دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەهوودیش، یەهوودییەکانی بۆ یەکەم جار لەوەتەی دێرزەمانەوە بەرەورووی کێشەی پێوەندیی نێوان ئایین و حکومەت کردەوە، کە بە زاراوەی ئیسلامی کێشەی پێوەندیی نێوان کاروباری ئەم دونیایە و دونیای تر و بە زاراوەی مەسیحی کێشەی پێوەندیی نێوان کەلیسە و دەوڵەت و خوا و قەیسەرە. لە ڕاستیدا مەسیحییەکان بۆ ئەو گێژەنەی خولقاوە، چارەسەرێکیان دۆزییەوە. تا گەیشتن بەو چارەسەرە چەندین سەدە شەڕ و چەوساندنەوەی ئایینیی سەختی پێ چوو، بەڵام ئێستا زۆربەی وڵاتانی مەسیحی، ئەگەر هەموو کات بە یاساش نەبێت، بە کردەوە چارەسەرەکەیان پەسەند کردووە. چارەسەرەکە بە جیابوونەوەی کەلیسە و دەوڵەت ناسراوە. ئەم داهێنانە ئامانجێکی دووانە دەپێکێت. لە لایەکەوە ڕێگە بە دەوڵەت نادات خۆی لە کاروباری ئایینی هەڵبقورتێنێت و لە لایەکی ترەوە ڕێگە بە نوێنەرانی ئەم ئایینە یان ئەوی تر نادات دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕ یان حوکمەکانیان بە کار بێنن.

تا ماوەیەکی درێژ ململانێیی نێوان کەلیسە و دەوڵەت بە کێشەیەکی بە تەنیا تایبەت بە مەسیحییەکانەوە دەزانرا، کە پێوەندیی بە یەهوودی و موسوڵمانانەوە نەبوو و جیابوونەوەشیان وەك چارەسەرێکی مەسیحییانە بۆ تەنگ و چەڵەمەیەکی مەسیحییانە دەزانرا. کەسێك کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی هاوچەرخ و هەم لە موسوڵمان و هەم لە یەهوودییەکان بڕوانێت، پێویستە پرسیار بکات، ئاخۆ ئێستاش ئەمە ڕاستە یان ئاخۆ موسوڵمان و یەهوودییەکان کە بە ئەگەری زۆرەوە تووشی نەخۆشییەکی مەسیحی بوونە، دەبێت بیر لە چارەسەرێکی مەسیحی بکەنەوە یان نا.



# بەشی سێیەم

## نەژاد و زمان

یەکەمین و سەرەکیترین و نەسڕاوەترین هێمای شوناس نەژادە. لە هەندێك بەشی جیهاندا نەژاد هێشتاش گرینگییەکی زۆری هەیە. لەوانەیە جگە لە عەرەبستان، کە کۆیلەداریی تا ساڵی ١٩٦٠ەوە قەدەغە نەکرد، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا نەژاد گرینگییەکی کەمتری هەبێت. لە زۆربەی بەشەکانی هەرێمەکەدا، لە ناو جیاوازیگەلێکی زۆر لە زمان و کولتوور و نەتەوە و وڵاتدا، پێکهاتەی نەژادی تەنیا چەند جیاوازییەکی لاوەکی پیشان دەدات کە تەنیا بایەخێکی کەمیان هەیە، کە ئەمەش لە ڕووی خۆهەڵدانەوەی کۆمەڵایەتییە نەك جیاکاریی کۆمەڵایەتی. ڕاستە کە لە ماوەی چەندین سەدەدا ژمارەیەکی زۆر بێگانە ڕژاونەتە ناو هەرێمەکەوە، هەندێك جار وەك داگیرکەر و بەبەردەوامیش وەك کۆیلە، بەڵام هیچ کام لەو دوو کۆمەڵانە هیچ جۆرە شوێنەوارێکی هەستپێکراویان لێ بەجێ نەماوە. نەریتیی بەکارهێنانی کۆیلە مێیینەکان وەك کەنیز و خەساندنی نێرینەکان، تا لە ئەنجامدا مەرجی نەمێرییان بۆ پاراستنی ئەو کەنیزانە هەبێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا یەکیان گرت، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی جەماوەری ناسراو و بە نژاد بێگانەی پێکهاتوو لە کۆیلە و کۆیلەکانی پێشوو و نەوەکانیان، وەك ئەو جەماوەرانەی کە لە ئەمریکادا هەن. جگە لە قەراغەکانی هەرێمەکەدا نەبێت، وەك لە ناو سوودان و موریتانیادا، ڕەشپێستەکان ژمارەیان زۆر نییە. سپیپێستە تازەهاتووەکان چ کۆیلە و چ داگیرکەر، بەهەمان شێوە لە ناو پێکهاتەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا توێندرانەوە.

ئێستا بۆ ماوەیەکی درێژە شوناس لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە شێوەیەکی فشارهێنەر نێرینەیە. پلەوپایە و خزمایەتی و شوناسی ئیتنیکی و تەنانەت ئایینی بە ڕەچەڵەکی پیاوەوە دیاری دەکرێن. لە شەرعی ئیسلامیدا زەواج لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە ئایینە تاکپەرستەکانی تر هەیە، ڕێگە پێدراوە، بەڵام تەنیا لە نێوان پیاوێکی موسوڵمان و ئافرەتێکی ناموسوڵماندا، کە تەنانەت ڕێگەی پێ دەدرێت لە سەر ئایینەکەی بمێنێتەوە. هاوسەرێتیی پیاوێکی ناموسوڵمان و ئافرەتێکی موسوڵمان- لە لایەکی ترەوە- گوناهێکی گەورەیە. دکتۆرەکانی بواری شەرعی پیرۆز لێکدانەوەکەیان بەم شێوەیەیە: لە هەر جۆرە بەیەکگەیشتنێکی نێوان ئیسلام و ئایینێکی تر، پێویستە ئیسلام زاڵ بێت و لە هاوسەربووندا ئەوەی زاڵە، پیاوەکەیە. لە کۆشکە شاهانەکانی ئەوروپا بۆماوەزانان وردکارییی دڵکێشیان دەخستە ڕوو سەبارەت بە وەچەی دیاریکراوی شا و شازادەکان، هەم لەوەی پێوەندیی بە باوك و هەم لەوەی پێوەندیی بە دایکیانەوە هەبووە. لە نێوان سوڵتان و شایەکانی ئیسلام، لە زۆربەی کات و شوێنەکاندا بە ئاسایی تەنیا ناوی باوکەکان دەزانران. دایکەکان زۆربەی کات کەنیزی کۆیلە و بێ ناوونیشانی ناو حەرەمەکان بوون و جگە لە چەند ریزپەڕێك نەبێت، ناو و کەسێتی و ڕەچەڵەکیان گرینگی نەبوو و لە ڕاستیدا هیچ جێی بایەخی مێژوونووسان و ئەوانی تر نەبوون.

دۆخەکە هەمیشە وا نەبووە. لە کۆندا لە نێوان خوا و قارەمانەکاندا مێیینە هەبوون، شازادە و تەنانەت شاژنی حوکمگێڕیش لە سەر ڕووی زەوی هەبوون. ناوی سێمیرامیسی[٦٤] ئاشووری و نەفەرتیتیی میسر و زینۆبیای[٦٥] عەرەبستان هێشتاش لە سەر زمانانن. ئینجیل لە پاڵ باوك سالاران باس لە دایك سالارانیش دەکات و وەسفی هەندێك ئافرەتی بەرچاو دەکات- دێبۆرا و ڕووس و ئیستر لە ناو باشەکان و ئیزابێل[٦٦] لە

٦٤ Semiramis.

٦٥ Zenobia.

٦٦ Jezebel.



ناو خراپەکان. لە عەرەبستانی کۆندا دایکانیش لە پاڵ باوکان لە ناو لیستی پڕ لە شانازیی بابوباپیرانەوە ناویان دەهات، لە خەلافەتی ئومەوییەکاندا تەنیا کوڕی دایکە ناسراو و ئازاد و خانەدانەکانی عەرەب بۆ جێنشینی ڕەچاو دەکران. ئەوانەی لە دایکێکی ناعەرەب و کۆیلەوە بوون، لە بنەڕەتدا ڕەچاو نەدەکران. لە ناو یەهوودییەکاندا شەرعی ڕەببانی یەهوودی بە کەسێك کە لە دایکێکی یەهوودییەوە بووبێت، یان کەسێك کە هەڵگەڕابێتە سەر ئایینی یەهوودی پێناسە دەکات. منداڵی دایکێکی یەهوودی و باوکێکی نایەهوودی دەبێتە یەهوودی، کەچی منداڵی باوکێکی یەهوودی و دایکێکی غەیرە یەهوودی نابێتە یەهوودی. ئەم حوکمە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بەخشییە دایکی یەهوودی، هەرچەندە ڕەنگە لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتبێت کە یاسازانایانی ڕۆمی بە کورتبڕییە گەوهەرناسانەکەی هەمیشەییانەوە دەریانبڕیوە: ماتر سێرتا پاتر ئینسێرتس (دایك دڵنیا و باوك نادڵنیا). موسوڵمانان کە شوناسی باوك سالارەیان لە دایك سالارانە پێ باشتربوو، هەوڵیان دا هەمان ئەو دڵنیاییە لە ڕێی سیستەمێکی یەکجار وردی جیاکردنەوە و پاراستنی ئافرەتەکانیان دەستەبەر بکەن.

سەرەکیترین گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی هەشتەم، لەگەڵ ئەو شۆڕشەی پێی دەگوترا شۆڕشی عەباسی- واتە کاتێك خەلافەتی عەباسی جێی ئومەوییەکانی گرتەوە. وەك زۆرجار لە شۆڕشەکاندا ڕوو دەدات، پرۆسەی گۆڕان هەم لە پێش و هەم لە پاش گۆڕانی دەسەڵات هات. دوا خەلیفەی ئومەوییەکان کوڕی دایکێکی کۆیلە بوو، یەکەمین خەلیفەی عەباسییەکان کوڕی ئافرەتێکی ئازادی عەرەب بوو، بەڵام لە ناو جێگرەوەکانی و لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو خانەدانە سوڵتان و پاشایانەی بە دوایدا هاتن، حەرەم بووە پێوەر و دایکی سوڵتانەکان زۆربەی جار کەنیزی کۆیلە بوون. لە بەر ئەوەی شەرعی ئیسلامی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەکۆیلەگرتنی تەوابعی موسوڵمان و ئازاد و تەنانەت تاکی ناموسوڵمان و ئازادی ناو دەوڵەتی ئیسلامیی قەدەغە کردووە، کەواتە کەنیزەکان لە بنەڕەتدا لە ڕەچەڵەکێکی بێگانەوە بوون. لە سنووری عوسمانییەکاندا، کەنیزەکان بابەتی زۆر جۆراوجۆری وەك جەرکەسی و قەفقازییەکانی

تر و سلاڤ و هی ئەوروپای رۆژهەلاَت و تەنانـەت ناوەنـاوە رۆژئاواییەکانیـشیان تێدا بوون، کە دەریاگەڕە بەرەبەرییەکانەوە دەیان هێنان.

رەنگە پرۆسەیەکی هاوشێوە، بە رادەیەکی کەمتر لە ناو ماڵباتـە موسـوڵمانەکانی زەنگین و دەستڕۆیشتوودا بەدی بکرێـت. پیـاوانی زەنگیـنتر کـەنیزی جەرکەسـی یـان کەنیزی سپیپێستی تریان هەبوو، کەچی کۆیلەدارانی کەم دەسـەلاَتتر، بـە ئیـسیۆپی و نوبییەکانی نرخ هەرزانتر رازی بوون. تەنانەت ئەمـەش، کـە هەرچـەندە لـە هەنـدێك شوێندا بووە هۆی دەرکەوتنی جیاوازییەکی ئـابوورییی پێکهاتـە، نـەیتوانی کێـشەی کۆمەلاَیەتییی زەق یان تەنانەت هوشیارییی نەژادییی سیاسیانەی گرینگ بجوڵێنێت. فرەژنی و بە رادەیەکی زیاتریش کەنیزەداری رێگر بوون لە پێکهاتنی گرووپی نـەژادیی ناسراو و خاوەن هەستێکی بەهێزی شوناسی نەژادی. بۆ نەژادپەرستێك، هـەم دایـك و هەم باوك، لە پێناسەکردنی شوناسدا وەك یەك گـرینگن و لـە بـارودۆخێکی سـەختی نەژادپەرستانەدا کەسانی رەچەڵەك تێکـەڵ لـە هـەر دوو لاوە بـە گومانـەوە تەماشـا دەکرێن. لە کۆمەڵگەیەکدا کە داگیرکەران یاساییانە و بە ئاسایی داگیرکردووانیـان بـە کۆیلە دەگرت و لە شوێنێکدا کە خاوەنە نێرینەکان مافگەلێکی سێکسییان بـە سـەر کۆیلە مێینەکانیانەوە هەبوو، جەماوەرێکی بەرچاوی رەچەڵەك تێکەڵ درووست بـوو. ئەگەر ئەم جەماوەرە بە میراتگری ڕەچەڵەکی باوکیان دابنرێن، کەواتە زوو جیاوازییـە نەژادییەکان دەسڕێنەوە، وەك چۆن لە دواییدا لە زۆربەی رۆژهەلاَتی ناویندا رووی دا.

لە یەکەم ساڵانی پاش داگیرکارییـە گـەورەکانی عـەرەب لـە سـەدەی حەفتەمـدا جیاوازییەکی کۆمەلاَیەتی و تەنانەت سیاسیش هەبوو لە نێوان موسوڵمانە عەرەبەکان و ئەو غەیەرە عەرەبانەی بووبوونە موسوڵمان، و بە رادەیەکی کەمتریش عەربە تـەواو عەرەبەکان و عەرەبە نیمچە عەرەبەکان، واتە کوڕانی بـاوکێکی عـەرەب و دایکێکـی بێگانە (پێچەوانەکەی بە خەیاڵدا نەهاتبوو). لە سەدەی دووەمی مێژووی ئیسلامیدا، ئەو جۆرە جیاوازییانە رەنگە تـەنیا وەك جـۆرە شـانازیکردنێکی ئەریـستۆقراتیانە بـە رەچەڵەك، دەنا گرینگییان پێ نەدرا و فەرامۆش کران.



ئەمـە رێگـر نـەبووە لـە بـەکارهێنانی بـەردەوام زیـاتری "نەژادپەرسـت[٦٧]" وەك زاراوەیەکی سووکایەتیپێکەر لە مشتومڕییەکانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا. جگە لە نـاو بنیاتگەرایان[٦٨] نەبێت، و تا رادەیەك تەنانەت لە ناو ئەوانیـشدا، زمـانی سیاسـی بـە تایبەتیش جوێنی سیاسی بە زۆری بووەتە رۆژئاوایی. تەنانـەت وێ دەچـێت تـۆخترین دژەڕۆژئاواییـەکانیش زیـاتر حـەز بـە زاراوەی ئـەورووپیی بـاو بکـەن، "نـازی" و "نەژادپەرست" ئێستا باوترین رێگەن بۆ ریسوا و شەرمەزارکردنی ناحەزێك. هیچ کام لەم زاراوانە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە واقیعـەکانی رۆژهـەلاَتی ناوینـەوە نییـە. تاکـە ریزپەڕێك زاراوەی "دژەسامیبوون"[٦٩] ە کە بە شێوەیەکی بـەرفرەوان لـە سەرانـسەری جیهانی عـەرەبی، و لەولاوەتر لە ناو وڵاَتانی ئیـسلامیدا بـلاَو بووەتـەوە، بـەلاَم ئـەم ریزپـەڕە زیـاتر لـەوەی دیـارە، راسـتەقینەیە. دژەسـامیبوونی عـەرەبی بـە مانـای ئەورووپییەوە نەژادپەرستانە نییە، هەرچەندە زۆربەی جار وێنـە و کلیٚـشەکان و زمـانی نەژادپەرستانەی تێدا بەکار هاتووە، کە هـەموویان لـە ئـەوروپاوە وەرگـیراون یـانیش لەگەڵی گونجێنراون. ئەم دوژمنایەتییـە بـە پلـەی یەکـەم ئـایینی و بـە پلـەی دووەم نەتەوەییـە و لـە بـری زاراوەی ئەورووپییـەوە بـەردەوام زیـاتر بـە زاراوەی ئیـسلامی دەردەبردرێت. شایەنی باسە، سـەرەڕای ئـەوەش لـە مـشتومڕییی سیاسـیی ئێـستای رۆژهەلاَتی ناویندا هەندێك مەسیحیی بەناوبانگ کـە بنەچـەیەکی یـەهوودی یـان تـا رادەیەك یەهوودییان هەیە، بە ئاسایی بە یەهوودی ناو دەبردرێن.

بە گوێرەی تیۆرێکی نەژاد کە بە گشتی لـە چـەند بەشـێکی ئـەورووپا لـە نیـوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا پەسەند کـراوە، مرۆڤایـەتی دابـەش بووەتـە سـەر ژمارەیـەك نەژادی بە روونی پێناسەکراو و جێگیر و نایەکسان. لە ئەورووپا و لە رۆژهەلاَتی ناویندا

---

٦٧ Racist.بە زۆریش ڕەگەزپەرست ،

٦٨ Fundementalists .

٦٩ Anti-Semitism.

بە گوێرەی ئەم تیۆرە، دوو نەژادی سەرەکی هەبوون، ئارییاییەکان کە بەرزتر و سامییەکان کە نزمتر و لە راستیدا ناپەسەند بوون. یەهوودی و عەرەبەکان سەر بە نەژادی نزمتر بوون، فارسەکان سەر بە نەژادی ئارییاییی بەرزتر بوون. پلەی تورکەکان بابەتی مشتومڕی بوو لە ناو تیۆرزانانی نەژادی. بێشك، تورکەکان سامی نەبوون، بەڵام پرسیارەکە لەوەدا بوو ئاخۆ دەکرێت ئەوان بە بەشێکی نەژادی بەرزتری ئارییایی دابنرێن یان سەر بە رەچەڵەکی کەمتر ناسراوەی ئاڵتاییکن.

ئەم بۆچوونە سەبارەت بە مرۆڤایەتی لە ئەڵمانی نازیدا بە رەسمی چەسپا و جەماوەرێکی بەرچاوی لە شوێنەکانی تردا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەرییەکی زۆر کەمی لە سەر رۆژهەڵاتی ناوین هەبوو. نە عەرەب و نە یەهوودییەکان خۆیان بە سامی وەسف نەدەکرد، ئەوان رێگەی زۆر وردتر و بەجێتریان هەبوو بۆ پێناسکردنی خۆیان و نەیارانیان. تەنانەت نازییەکانیش  لە سەروکاریاندا لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوین، گرینگییەکی زۆر کەمیان بە جیاوازییە نەژادییەکان دەدا. نازییەکانیش جیا لە برا ئارییاییە ناوداراکانیان هەولێکی بەرچاویان دا بۆ دڵڕاگرتنی تورك و عەرەبەکان. بە رادەیەکی زۆر لە ناو عەرەبەکاندا، بە بۆنەی هۆکارگەلێك کە بە تەواوی پێوەندییان بە نەژادەوە نەبوو، نازییەکان توانیان هەندێك کاردانەوە بوروژێنن. پاش ئەوە نازییەکان زوو روونیان کردەوە دژەسامیبوونی ئەوان هەم لە بیروباوەڕ و هەم لە سیاسەتیاندا تەنیا ئاراستەی یەهودییەکانە، نەك هیچ کام لەو نەتەوانەی تر کە بە سامی ناودەبردرێن. تەنانەت لە ماوەی جەنگیشدا لێژنەیەکی ئەڵمانیی پێکهاتوو لە شارەزایانی رۆژهەڵاتی ناوین هەوڵیان دا، قەناعەت بە هیتلەر بێنن ئەو چاپە هەموارکراوەی "شەڕی من"[٧٠] پەسەند بکات، کە تێیدا وشەکانی Semite و Semitic و Anti-Semitic لە هەر شوێنێکیدا، بە وشەکانی "یەهوود" و "یەهوودی" و "دژەیەهوودی" گۆڕابوونەوە. ئەم پێشنیارە پەسەند نەکرا و حوکمەکە بە نەگۆڕی ماوە، بەڵام بە کردەوە روون بووە و باش زانرا بە لای ئەڵمانەکانەوە،

٧٠ Mein Campef، ، کتێبی بەناوبانگی ئادۆلف هیتلەر کە تێیدا بنەماکانی نازیسمی داڕشت.



سامییەکان یەهوودی بوون. حوکمەکە هیچ کام لە سامییەکانی تری نەدەگرتەوە و لە راستیدا هەڵسوکەوتی نازییەکان لەگەڵ ئەو عەرەبانەی بە سامی ناو دەبردران، زۆر باشتر بوو لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو چێك و پۆلەندی و رووسییانەی بە ئارییایی ناو دەبردران. ئەم بە کردەوە پێناسەکردنەوەی دژە سامیبوونە دواتر رێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی بە ناوی تر لە ناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا قبووڵ بکرێت.

پڕۆپاگەندەی نازی لە تورکیا پێش و تەنانەت لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا کارا بوو. پڕۆپاگەندەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو گرووپە توندڕەوەکانی یەکێتیی ئیسلامی و بە رادەیەکی زۆریش لە ناو یەکێتیی تورکیدا کاردانەوەیەکی کەمی وروژاند. بە شێوەیەکی سروشتی هەر دوو یەکێتییەکە پەلکێشی هێزێك بوون، کە وێ دەچوو بەڵێنی دابەشبوونی یەکێتی سۆڤیەت و ئازادکردنی نەتەوەگەلی تورك و موسوڵمانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت بدات، ئەمەش لانی کەم لە چنگ دەسەڵاتی خودی یەکێتی سۆڤیەت. تەنانەت هەندێك کەس لە تیۆرەکانی نەژادیی نازیدا مۆدێلێکیان بۆ ئایدیۆلۆژیای یەکێتیی تورکیی خۆیان دۆزییەوە، بەڵام بە گشتی کاریگەریی نەژادپەرستی لە تورکیا سنووردار بوو.

فارسەکان بابەتێکی تر بوون. ناوی دێرینی وڵاتەکەیان، ئێران، لە بنەڕەتدا هەمان ئەو وشەیەیە کە بۆ ئارییایی بەکار هاتووە. وشەکە لە ناوونیشانی شایە کۆنەکانی ئێرانیی بەری ئیسلامدا بەکار هاتبوو و لەو نووسینە کۆنە عەرەبییە مێژوویی و جوگرافییانەدا هاتووە، کە پاش داگیرکاریی عەرەب لە سەدەی حەفتەمدا نووسراون. لەگەڵ ژیانەوەی ئەفسانە کۆنەکانی ئێرانی لە سەدەی دەیەم بە سەرەوە، وشەکە جەماوەرکێشییەکی نوێی پەیدا کرد، بەڵام بە گشتی تا درەنگانی سەدەی نۆزدەهەم وەك ناوی وڵات بەکار نەدەهات.

ناوی فارس لە ناوی ئەو پارێزگایەی باشووری رۆژئاوا وەرگیراوە، کە لە کۆندا بە پارس و پاش داگیرکاریی عەرەب بە فارس ناوزەد کرابوو، ئەمەش لە بەر ئەوەی زمانی عەرەبی هیچ پیتێکی بۆ "پ" نەبوو. شێوەزاری پارێزگایەکە بووە زمانی

نەتەوەیی و ناویشی بە جۆرەها شێوە بووە ناوی وڵات بە گشتی، بەڵام ئەمە تەنیا لە لای بێگانەکانەوە وابوو. لە عەرەبیدا پارسەکان، نەك پارس، بە فورس ناو دەبردران. ئەو پارسانەی بە زمانی خۆیان دەئاخەفتن، بە زمانەکەیان دەگوت فارسی و بە گشتی بە ناوی هەرێمییەوە ئاماژەیان بە بەشە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی خۆیان دەکرد.

لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا فارسەکان زیاتر لە جاران ناوی کۆنی ئێرانیان بۆ ئاماژەدان بە مەملەکەتی نوێی شایەکانەوە بە کار دەهێنا. ئەم نەریتە لە سایەی دۆزینەوەی مێژووی کۆنی ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە لایەن ئەو شوێنەوارناس و پەیڤزانانەوە[71] کە بە زۆری ئەوروپی بوون، بەهێز بوو.

لە ١٩٣٠دا لەگەڵ بەشداریی چڕ وبەردەوام پتری ئەڵمانیا لە گەشەسەندنی ئابووریی ئێران و لە ئەنجامدا پەرەسەندنی کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای نازیدا، تۆخمێکی نوێ زیاد کرا. لە ئازاری ساڵی ١٩٣٥دا ناوی وڵات بە فەرمی لە هەموو زمانەکاندا لە فارسەوە گۆڕا بۆ ئێران، ساڵی دواتری لە سەردانێکی بۆ ئێراندا، وەزیری ئابووریی ئەڵمان، دکتۆر هگالمار شاخت، ئێرانییانی دڵنیا کردەوە ئەوان "ئاریاییی رەسەن"ن و یاسا دژە سامییەکانی نێرێمبێرگ نایان گرێتەوە.

کورد و ئەرمەنییەکان لە لایەن رایشی سێیەمەوە لە هەمان ئەو سەرپشکییە نامسۆگەرە، دڵنیا بوونەوە. هەندێك لە ئەرمەنییەکان لە رێی دامەزراندنی رێکخراوێکی نەتەوەیی-کۆمەڵایەتیی ئەرمەنی بە ناوی Hossank و پێکهێنانی ژمارەیەك بەتالیۆنی ئەرمەنی بۆ خزمەتکردن لە پاڵ هێزەکانی ئەڵمانیدا، کاردانەوەیان نواند. ئەم هێزە پێکهاتبوو لە زیندانیانی جەنگیی سوپای سوور و تاراوگەنشینانی ئەمریکیی ناو ئەوروپای داگیرکراو لە لایەن ئەڵمان و هەروەها کۆمەڵێك خۆبەخش لە ئەمریکای باکوور، کە لەمەدا هەلێکیان بۆ ئازادکردنی ئەرمەنستانی ژێر حوکمی سۆڤیەتدا دەدیت. نازییەکانیش کە بێشك ئاواتی هاوشێوە سروشی بۆ هێنابوون، توانیان پێکهاتەی هاوشێوە لە تاراوگەکانی تر و لە ناو زیندانیانی جەنگیی سەر بە سوپایە

٧١ Philologist .



ئیمپڕیالەکانی تر دروست بکەن. ئەمانەش کۆمەڵگە تورکییەکانی ئاسیای ناوەڕاست و عەرەبەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقای باکوور، لەگەڵ جۆرەها خەڵکی "ئاریایی"ی ترانسقەفقازیای سۆڤیەت و هیندستانی سەر بە بەریتانیای لە خۆ دەگرت. هیچ کام لەمانەش نەدەگەیشتنە ژمارەیەکی بەرچاو.

"سامی" و "ئاریایی" وشەی هەمان زمانن و هەمان لادانیان بە سەردا هاتوون. هەردووکیان لە سەرەتاکانی پەیڤزانیی هاوچەرخ لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا و وەك دەرهاوێشتەی ئەو بیردۆزە گرینگە بوون کە زمانەکان بۆ سەر کۆمەڵ و خێزانی هاوڕیشەوە پۆلێن دەکات. لە ١٧٨١دا پەیڤزانێکی ئەڵمانی بە ناوی ئاوگۆست لودویگ شۆڵتزە زاراوەی "سامی"ی کە لە ناوی سامی کوڕی نوحەوە وەرگیراوە، پێشنیاری کرد بۆ خێزانی ئەو زمانانەی سریانی و عیبری و ئارامی و عەرەبی و ئیسیۆپیی دەگرتەوە. بە هەمان شێوە زاراوەی ئاریایی بە مانای "رەسەن"، کە لە لایەن دانیشتووە کۆنەکانی فارس و هیندستان بۆ وەسفکردنی خۆیان بەکار دەهات، وەك ناوی کۆمەڵێك زمانی پێوەندیدار، لەوانەش سانسکریت و فارسیی کۆن و هەندێك زمانی تر سوودی لێوە وەرگیرا. لە رابردوو لە ١٨٦١دا پەیڤزانی گەورەی ئەڵمانی، مەکس مولێر، روونی کردەوە تێکەڵکردنی مێژووی زمانەکان لەگەڵ مێژووی نەژادەکان هەموو شتێك پێچەوانە دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمەش، تیۆرزانانی نەژادی، بە تایبەتیش ئەوانەی پەرۆشی چەسپاندنی بێ هاوتایی و بەرزێتی خۆیان بوون، بە تاسەوە ئەم زاراوەیان قۆستەوە و بۆ مەبەستی خۆیان بەچەوتی بەکاریان هێنا.

شکستی ئەڵمانیای نازی لە ١٩٤٥دا و دۆزینەوەی ئەو تاوانە تۆقێنەرانەی بە ناوی نەژادپەرستییەوە ئەنجام درابوون، جیاوازییەکی لە بۆچوون و لە ئاکامدا لە شێوەی بەکارهێناندا لێ کەوتەوە، بەڵام نەك جیاوازییەکی بنەڕەتی. ئەمڕۆکە کەم کەسی دەرەوەی بازنەی توندڕەوان، وشەی "ئاریایی" وەك ئاماژەیەکی نەژادی بەکار دێنێت، بەڵام هەر هەمان ئەو تابووە لە بەکارهێنانی بە هەمان رادە پڕکەموکوڕی و هەڵخەڵەتێنەری وشەی "سامی"دا پێڕەو ناکرێت. تەنانەت هەندێك جار ئەو نووسەر و

رۆژنامەنوسانەی وەکی دی بەڕێزن، ڕێگە بە خۆیان دەدەن بە فەرمی بڵێن "یەهوودی و عەرەبەکان هەردووکیان سامین". ئەم ڕستەیە هەر لە بنەڕەتەوە ئەگەر مانایەکیشی هەبێت، ئەوەیە زمانی عیبری و زمانی عەرەبی هەردووکیان زمانی سامین.

ئەوە بێ بایەخ نییە. ئەو ڕاستییەی کە ئەو جۆرە توخمە بنەڕەتییانەی زمان وەك زاراوەکانی تایبەت بە خێزان و ژمارە بە ئاشکرا لێك دەچن، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت کاریگەریی لە سەر تێڕوانینەکان هەبێت و جەخت لە سەر ئەو هەستە خزمایەتییە بکاتەوە کە دابونەریتە ئایینییەکانیان گەشەیان پێی داوە.هەم بە گوێرەی ئینجیل و هەم قورئان، ئیسحاق و ئیسماعیل برا و بەڕیز نەوەی یەهوودی و عەرەبەکان بوون. بەکارهێنانی زاراوەی "کوڕەمام"، (لە عەرەبیدا ئیبن عەم- کە بە واتای وشەوە یانی کوڕی مام) لە لایەن هەر یەك لەم دوو کەسەوە بۆ ناوزەدکردنی ئەوەی تریان، ئەو هەستە خزمایەتییە دەردەخات، بەڵام تا ئەو کاتەی ئەو هەستە بەردەوام بێت، مەبەست لێی خزمایەتیی خۆمانە و پەسەندکراوی خێزانییە نەك چەمکی بێگانەی نەژاد. مەرج نییە ئەم خزماتییە لە بەرژەوەندیی پێوەندییی باشتردا بێت. لە ڕاستیدا لە هەرێمێکدا کە دوژمنداریی نێوان خێڵەکان یان بنەماڵەکانی خێڵێك لە ڕابردوویەکی دوورەوە تا ئەمڕۆ درێژەی هەبێت، ڕەنگە خزمایەتییەکە کاریگەریی پێچەوانەی هەبێت. هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە ئاخێوەرانی زمانی عەرەبی و عیبری و ئارامی و هەندێك لە زمانەکانی ئیسیۆپیا هەست بە جۆرە خزمایەتییەك بکەن لە بەر ئەوەی زمانی دایکیان سەر بەو خێزانەیە کە پەیڤزانانی ئەورووپی بە سامی ناویان ناوە.

زمان لە ڕاستیدا لە زۆر ڕووەوە مۆرکێکی سەرەتاییی شوناسە. زمانی دایك کە لە تەمەنی کۆرپەلەییەوە وەردەگیرێت و ئەو ناوەی بە شیاوی لێ نراوە، لەگەڵ خۆی جیهانێکی پڕ لە بیرەوەری و پێوەندی و ئاماژە و بەهایەکان دەگوازێتەوە. زمانی دایك وەك ڕایەڵی یەکبوونە لەگەڵ ئەو کەسانەی بە هەمان زمان دەدوێن و وەك کۆسپێکە لە بەردەم ئەوانەی بەشیان پێیەوە نییە. جگە لە ژمارەیەکی کەم خەڵکەوە نەبێت، ئەمە بۆ هەمووان لە ماوەی ژیاندا بەم شێوەیە دەمێنێتەوە و هیچ پرۆسەیەکی هەڵگەڕانەوە



یان بەهاوولاتیبوون ناتوانێت جیاوازییی نێوان ئاخێوەری ڕەسەن و ئەوەی زمانەکە فێربووە، بسڕێتەوە. ئەم جیاوازییە لە ڕاستیدا بابەتێکی ژیان و مردن بووە، وەك لەو چیرۆکە بەناوبانگەدا دەردەکەوێت کە چۆن ئیفرامیتییەکان[٧٢] لە بەر ئەوەی نەیان دەتوانی وشەی "شیبۆلێس" گۆ بکەن، دەناسرانەوە و دەکوژران (دادوەران ١٢:٥، ١٢:٦ ). نموونەیەکی هاوچەرخ لە ماوەی پێکدادانەکانی ناو لوبنان، بەکارهێنانی وشەی شیبۆلێسە بۆ تەماتە، ئەمەش بۆ ناسینەوەی لوبنانی و فەلستینییەکان بوو، چونکە کۆمەڵێکیان دەیان گوت "بەندۆرە" و ئەوانی تریان دەیان گوت "بەنەدۆرە". هەردوو وشەکە لە وشەی ئیتاڵیی پۆمۆدۆرۆ هاتوون.

بە پێچەوانەی هەندێك لە هەرێمەکانی تری شارستانییەتە دێرینەکانەوە، ڕۆژهەلاتی ناوین زۆر زمانی هەبوو و ئەو گێژەنەی لە ئاکامیدا دروست بوو بە ڕوونی لە چیرۆکی بورجی بابلی ناو ئینجیلدا و هەروەها بڕیاری ئیلاهی بۆ "شێواندنی زمانەکانیان تاوەکو لە قسەی یەکتر تێ نەگەن" (تەکوین ١١:٧)، شی کراوەتەوە. زۆرێك لەم زمانانە ناوچەیی و کەم تەمەن بوون، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاویان کە هەر یەکەیان ئەلفوبێی خۆی هەبوو، بوونە زمانی شارستانییەت و حکومەت و ئایین و ئەدەبیات. زۆربەیان زۆر لەمێژە نەماون. ژمارەیان بە هۆی کۆچبردن و گیرسانەوە، بە هۆی داگیرکاری و ئیمپڕاتۆرییەتەوە، بە هۆی گۆڕانی ئایینی و کاریگەریی کولتوورییەوە، بەردەوام زیاتر دادەبەزێت.

لە سەرەتای سەردەمی مەسیحییەتدا تەنیا سێ ناوچە هەبوون کە تێیاندا زمانە خۆماڵییەکان، هەم لە نووسین و هەم لە ئاخەفتن، هێشتاش کاریان پێ دەکرا، ئەمانەش فارسی و قبتی و ئارامی بوون. لە ڕۆژهەلات لە ئیمپڕاتۆرییەتی ئێراندا شێوازێك لە زمانی فارسی، زمانی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی و زمانی فەرمیی دەوڵەتی ساسانی بوو. شێوازە زۆر کۆنترەکانی زمانی فارسی کە بە ئەلفوبێی بزماری و جۆری تر دەنووسران، وازیان لێ هێنرابوو و فارسیی ئەو کاتە بە ئەلفوبێیەکی وەرگیراو لە ئارامییەوە دەنووسرا.

٧٢ Ephraimites .

بەمەسیحیکردنی میسر دەرەنجامێکی هاوشێوەی هەبوو. نووسینی هیرۆگلیفیی کۆنی میسری لە بیر کرابووە و دوا شێوەی زمانی میسریی کۆن، واتە قبتی کە بە ئەلفوبێیەکی وەرگیراوە لە یۆنانییەوە دەنووسرا، ئامرازی گەیاندنی دەقە ئایینییەکان و ئەدەبیاتی تری مەسیحییەت بوو. لە ولاتانی ناوەڕاستی هیلالی بەپیتدا زمانی ئارامی کە بە جۆرەها دیالێکت قسەی پێ دەکرا و بە ئەلفوبێی جۆراوجۆرەوە دەنووسرایەوە، شوێنی زمانگەلێکی زۆر کۆنتری گرتبووە. زمانی ئاشووری و بابیلی و فینیقی و گشت زمانەکانی تری کەنعانی جگە لە یەکێکیان، نەمان. ئەوەشیان زمانی عیبری بوو، کە بە هۆی گرینگیيە ئایینییەکەی، و لە سەرووی هەموو شتێکەوە لە بەر تەوراتی عیبری، رەبەق زیندوو مایەوە. بەلام ئیدی قسەی پێ نەدەکرا. لە سەرەتای سەردەمی مەسیحییەتدا، یەهوودییەکان وەك گشت خەلکی تری ناو هیلالی بەپیت بە ئارامی دەئاخەفتن و تەنانەت بەشێکی زۆری نووسراوە ئایینییەکانیان و بە شێوەیەکی بەرچاویش تالمودیان[٧٣] بەم زمانە بەرهەم هێنا. زمانی عیبری بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەقی ئایینی و نزاکاندا بە زیندوویی مایەوە، کە ئەمانەش زۆرجار وەردەگێڕدرانە سەر زمانی ئارامی و بە ئەلفوبێی عیبری دەنووسرانەوە.

زمانە بێگانەکانیش، سەرەتا یۆنانی و دواتر لاتینی، کاریگەرییەکی سەرەکییان هەبوو و زمانەکانی رۆژهەلاتی ناوین، بە لەخۆ گرتنی عیبریی پاش دەرکەوتنی ئینجیل و عەرەبیی قورئانیش، بێبەش نین لە وشەی کلاسیکی خوازراو و وشەی خوازراوەی وەرگێڕدراو. لەگەڵ لە دایکبوونی ئیسلام و داگیرکاریی عەرەب لە سەدەی حەفتەمدا، زمانی لاتینی و یۆنانی نەمان و تا سەردەمی هاوچەرخەوە نەبێت هیچ کاریگەرییەکی دەرەکیی هەستپێکراو لە رووی زمانەوانییەوە لە ئارادا نەبوو.

بەیۆنانیکردن و بەکاسۆلیککردن و لە سەرووی هەمووشیانەوە بەمەسیحیکردن یەکیان گرت بۆ سڕینەوەی بەشێکی زۆری زمان و کولتوور و شوناسە کۆنەکانی رۆژهەلاتی ناوین.

٧٣ تالمود بریتییە لە کۆکراوەی یاسا و نەریتە کۆنەکانی یەهوودییەکان سەبارەت بە بابەتی ئایینی و کۆمەلایەتی.



بەموسولمانکردن و بەعەرەبکردن پرۆسەکەیان تەواو کرد و زۆری نەبرد زمانە کۆنەکان ئیتر قسەیان پێ نەدەکرا و ئەلفوبێیە کۆنەکان پێیان نەدەنووسرا و ئیتر کەس نەی دەتوانی بیان خوێنێتەوە. پالنەرێکیش نەبوو بۆ ئەوەی کەس هەولیان بۆ بدات.

زمانی ئارامی و قبتی هەردووکیان لە سەردەمی ئیسلامدا بەزیندوویی مانەوە. ئارامی بە جۆرەها شێواز زمانی هاوبەشی زۆرینەی مەسیحی و کەمایەتییەکی یەهوودی و پاشماوەیەکی رووەو نەمانی بتپەرستەکان بوو. ئەمڕۆکە جەماوەرگەلێکی گوندنشینی ژمارەیەکی کەم ناوچەی دوورەدەستی سووریا و عێراق و تورکیا و ئێران کە زۆربەیان مەسیحین، یان تا ئەم دواییەش یەهوودییەکانیشیان تێیدا مابوون، هێشتاش بە زمانی ئارامی دەدوێن، بەلام پێی نانووسن. گشت ئەم جەماوەرە بە هۆی کۆچکردن یان توانەوە رووەوە نەمانە. زمانی قیبتی بۆ ماوەیەك بە شێوەیەکی سەرەکیش لە میسری سەرووداقسەی پێ دەکرا، بەلام وێ دەچێت لە سەدەی هەژدەهەمەوە نەمابێت. قیبتی و ئارامی هەردووکیان بە نووسین لە رێوڕەسم و دەقە ئایینییەکانی کەلیسەکانی رۆژهەلاتدا مانەوە. لە هەر رووێکی ترەوە، زمانی عەرەبی شوێنی ئەم زمانانەی گرتەوە.

تا سەدەی نۆزدەهەم عیبریش تەنیا زمانێکی کتێبی پیرۆز، ئایین و زانست و ئەدەبیات، و بە رادەیەکی کەم، زمانی پێوەندیکردن بوو لە ناو یەهوودییەکانی ولاتانی جیاوازدا. ئەوەی سروشی زیندووبوونەوەی بۆ زمانی عیبری لە سەردەمی هاوچەرخ هێنا، ئاوێتەبوونی ئایین و نەتەوەپەرستی بوو. ئەم کارە دەکرا و تەنانەت پێویستیش بوو، ئەمەش بە هۆی لێك گردبوونەوەی یەهوودییەکانی خاوەن رەچەلەکی جیاواز و زمانی زۆر و پێویستیی فشارهێن بۆ زمانێکی هاوبەش، کە جێی پەسەندی گشتیان بێت. ئەو یەهوودییانەی بە زمانی یدیش[٧٤] و ئەوانەیان بە عەرەبی دەدوان، بە خۆیان شەرم بوو زمانی یەکتری فێر بن، بەلام هەر دوو کۆمەڵ لە سەر زمانی دەقە ئایینییەکان و زمانی باوباپیرانیان کۆك بوون. لە دایکبوونەوەی زمانی عیبری هێزێکی پڕتین بوو بۆ خولقاندنی شوناسێکی ئیسرائیلیی نوێ.

٧٤ Yiddish.

لە ماوەیەکی یەکجار کورتی داگیرکارییە گەورەکانی عەرەب لە سەدەی حەفتەمدا، زمانی عەرەبی کە پێشتر تەنیا تایبەت بوو بە نیمچە دوورگەی عەرب و وڵاتانی بیابانیی سنووری هیلالی بەپیت، بووە زمانی زاڵ و لە کاتی خۆیدا لە زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقای باکووردا بووە زمانی زۆرینە. قورئان زمانی عەرەبیی کردە زمانی کتێبی ئاسمانی و شەریعەت و زمانی یاسا. ئیمپڕاتۆرییەتی عەرەبیش، عەرەبیی کردە زمانی حکومەت و لە کۆتاییدا زمانی بەڕێوەبردن و هەروەها ئەو شارستانییەتە نوێ و پڕبارەی کە لە سایەی خەلیفەکانەوە ئاوا کرا، عەرەبیی کردە زمانێکی گەیاندنی ئەدەبیات و توێژینەوە و زانست. تەنیا لە ئێراندا نەبێت، دەنا زمانی عەرەبی بە یەکجاری جێی گشت زمانە کۆنترە نووسراوەکانی شارستانییەت و بە رادەیەکی بەرچاویش تەنانەت زمانی ئاخەفتنی شار و گوندەکانی گرتەوە. تەنانەت ئەو کەسانەی لە سەر ئایینی مەسیحی یان یەهوودیی خۆیان مانەوە، لە کاتی خۆیدا، زمانی عەرەبییان بە کار هێنا، ئەمەش نەك تەنیا لە بەر پێویستی، واتە وەك زمانی پێوەندیکردن و بازرگانی، بەڵکو تەنانەت وەك زمانی زۆربەی ئەدەبیاتی ئایینیی خۆیان.

بەڵام ئەوان لە راستیدا ئەلفوبێی خۆیان پاراست، کە بە کتێبی پیرۆز و تەفسیر و رێوڕەسمی ئایینی پیرۆز کرابوو. ئەلفوبێی عەرەبی ئەلفوبێی قورئان و بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەلفوبێی مەسیحی و یەهوودییەکان بوو، هەرچەندە ئەوان بە زمانی عەرەبی قسەیان دەکرد و پێیان دەنووسی، بەڵام ئامادە نەبوون زمانی عەرەبی بۆ نووسینەکانی ناوخۆیان بەکار بێنن. دۆخێکی هاوشێوە لە ئەورووپا سەری هەڵدا، کە تێیدا ئەلفوبێی لاتینی بە دەوڵەتی مەسیحی و کەلیسەوە گرێ درابوو. یەهوودییەکانی ئەورووپا هەمان زمانەکانی هاونیشتیمانانی خۆیان بەکار دەهێنا، بەڵام پێیان باشتر بوو ئەو زمانانە بە ئەلفوبێی عیبری و بە ژمارەیەکی کەم وشەی عیبرییەوە بنووسن و بەم شێوەیەش زمانی فەڕەنسی-یەهوودی و ئیسپانی-یەهوودی و ئەڵمانی-یەهوودی و ئیتاڵی-یەهوودی و جۆرەکانی تر بخوڵقێنن. هەر لە بەر هەمان ئەو هۆیانەوە، موسوڵمانان لە ئیسپانیای سەرلەنوێ داگیرکراودا ئیسپانییان بە ئەلفوبێی عەرەبییەوە نووسی و بەم



رێگایەوە پارێزگارییان لە شوناسی ئیسلامییی خۆیان کرد. لە رۆژهەڵاتی ناویندا، مەسیحییەکان ئەدەبیاتێکی بەرچاویان بەرهەم هێنا، کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە و هەروەها بە ئەلفوبێی سریانی کە بە کارشوونی دەناسرێت. یەهوودییانی عەرەبی و فارسی زمان، ئەو دوو زمانەیان بە ئەلفوبێی تەورات نووسییەوە. نەریتی باو ئەوە بوو ئەلفوبێی عەرەبی بۆ نووسینی زانست و پزیشکی و بابەتەکانی تری خولیای گشتی بە کار بێت، بەڵام ئەلفوبێی عیبری بۆ نووسینی ئایین و شەرعی ئایینی. بە هەمان ئاسا، کۆمەڵگە مەسیحییە تورکی ئاخێوەرکانی ئاناتۆلیا کە سەر بە کەلیسەی جیاواز بوون، پێیان باشتر بوو تورکی بە ئەلفوبێی یۆنانی یان ئارامی بنووسنەوە. هەندێك دەستنووس ماونەتەوە کە بە زمانی تورکی-یەهوودی، واتە بە زمانی تورکیی عوسمانی و بە ئەلفوبێی عیبرییەوە نووسراون. شێوازێکی تورکی-یەهوودی لە ناو نەتەوە تورکەکانی دەرەوەی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بە جێ ما، بەڵام بە هۆی هاتنی ژمارەیەکی گەورەی پەنابەرانی یەهوودی لە ئیسپانیاوە لە سەدەی پازدەهەم و شانزدەهەمدا، کە لەگەڵ خۆیان زمانی ئیسپانی- یەهوودییان هێنا کە شێوازە ئەدەبییەکەی بە لادینۆ ناسراوە، زمانی تورکی-یەهوودی لە وڵاتانی عوسمانیدا نغرۆ بوو. لادینۆش تا سەدەی بیستەم، واتە تا ئەو کاتەی لە کۆتاییدا شوێنی بۆ تورکیی ستاندارد چۆڵ کرد، وەك زمانی زاڵی یەهوودییەکانی تورکیا ماوە. نووسینی کارشوونی و عەرەبی-یەهوودی بە هەمان ئاسا لە ناو چوون. لە سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە، عەرەبە مەسیحییەکان کە بۆ یەکەم جار بەم شێوەیە ناو دەبردران- چوونە سەر رێڕەوی سەرەکیی کولتووری عەرەب. یەهوودییەکان بە شێوەیەکی بەرچاویش لە عێراقدا، بۆ ماوەیەك هەمان ئەو کارەیان کرد، بەڵام ئەم رەوتە لەگەڵ قڕکردنی گشتیی کۆمەڵگە عەرەبە-یەهوودییەکان بە کۆتا هات.

لە جیاوازییەکانی نێوان عەرەبە موسوڵمان و مەسیحی و یەهوودییەکانەوە گرینگتر و درێژخایەنتر، جیاوازییەکانی نێوان زمانی هەرێمەکان و بێ گومان زمانی وڵاتان بوو. لە ئەورووپا بەرەو کۆتاییی سەدەکانی ناوەڕاست، لاتین رێگەی بۆ جۆرەها

زمانی خۆجێیی چۆڵ کرد، کە لە کاتی خۆیدا پلە و پایەی زمانی ئەدەبی و حکومی و لە دواییدا پلەوپایەی زمانی نەتەوەییان وەرگرت. لە ڕۆژهەلاتی ناویندا ئەمە رووی نەدا. بۆ موسوڵمانان قورئان گوتەی ئەبەدی و نەفرێندراو و نەگۆڕی خوا بوو و لە بەر ئەوە ئەو زمانەی قورئانی پێ نووسرابووە، پێگەیەکی هەبوو کە هەموو زمانەکانی ئەورووپیی لێی بێبەش بوون. ئەو پایەیە بە هۆی ئەدەبیاتێکی زۆر و دەوڵەمەندەوە بەهێز کرابوو، کە هەموو رەهەندێکی تێکۆشانی مرۆڤ لە شیعر و مێژووەوە بگرە تا نووسینە پێشکەوتووە زانستی و فەلسەفییەکانی سەردەمی لە خۆ دەگرت. زمانە خۆجێییەکان بە بەراورد هەژار و سەرەتایی بوون.

چاندنی لاتین لە زۆربەی ئەورووپای رۆژئاوا و بەلاتینیکردنی بەردەوامی فەرەنسا و ئیسپانیا و پورتوگال، لە رووی زمانەوانییەوە، دەسکەوتێکی مەزن بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو راستییەی پێشتر هیچ شارستانییەتێکی پێشکەوتوو یان نووسراو لەو ولاتانەدا نەبووە، کارەکەی ئاسانتر کرد. جگە لە مێکزیکۆ و پیرۆ نەبێت، هەمان شت راستە بۆ چاندنی بەم دواییانەی زمانی ئیسپانی و پورتوگالی لە ئەمریکای ناوەڕاست و باکوور، بەلاّم وێ دەچێت ئەم دەسکەوتانە بە بەراورد لەگەڵ بەعەرەبکردنی باشووری رۆژئاوای ئاسیا و ئەفریقای باکوور گرینگ نەبن. ئەم شوێنانە هەرێمی شارستانییەتی کۆن و پێشکەوتوو و رەگداکوتا بوون. سڕینەوەی بە تەواوەتی و یەکجارەکیی ئەم شارستانییەتانە و جێگیرکردنەوەیان بە ئیسلامی عەرەبی، دەبێت بە یەکێك لە سەرکەوتووترین شۆڕشە کولتوورییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت.

هەم نەتەوە بەلاتینکراوەکانی ئەورووپای رۆژئاوا و هەم نەتەوە بەعەرەبکراوەکانی رۆژهەلاّتی ناوین بۆ ماوەیەکی درێژ زمانە کلاسیکییەکانی سەرکردە داگیرکەرەکانی پێشوویان وەك زمانی حکومەت و بازرگانی، ئایین و یاسا، ئەدەبیات و زانست پاراست یان هەوڵیان دا بیپارێزن. بە پێچەوانەی نەتەوەکانی ئەورووپای رۆژئاوا، کە خۆیان لە کۆتوبەندەکانی لاتینی ناپەسەندەوە رزگار کرد و زمانە خۆجێییەکان خۆیان گەیاندە ئاستی زمانی ئەدەبی، خەڵکی رۆژهەلاّتی ناوین هێشتاش گیرۆدەی



بەربەستەکانی دایگلۆسی[٧٥] و زمانێکی پێوەندیکردنن کە بەردەوام کۆنتر و دەستکردتر دەبێت. هەندێك هەوڵ لە ئارادا بوون بۆ رزگاربوون لەمە. ئەلجەبەرتی، مێژوونووسی کۆچکردووی میسری لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بە زمانێك نووسیویەتی کە هەرچەندە لە شێوەدا عەرەبیی ئەدەبییە، بەلاّم هەندێك وزە و تینی زمانی ئاخەفتنی وەرگرتووە، بەلاّم ئەم دەستپێکە ئومێدبەخشە بە هۆی نیووکلاسیسیستەکانی سەردەمی ژیانەوەی عەرەب لە سەدەی نۆزدەهەم و دواتری کپ کرایەوە. بۆ ئەم کەسانە ئەمە زمانی عەرەبیی زیندوو نەبوو، بەڵکو تەنیا عەرەبییەکی چەوت بوو. لە سەدەی بیستەمدا لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو نەتەوەپەرستییەی لایەنگری یەکێتیی عەرەب بوو، نیووکلاسیسیزمی ئەدەبی رەهەندێکی سیاسیی وەرگرت. ئەگەر میسری و سووری و عێراقییەکان و ئەوانی تر بیانویستبا زمانی خۆیان بکەنە زمانی نەتەوەیی، وەك ئەوەی سپانی و ئیتالی و نەتەوەکانی تری ئەورووپا کردیان، ئەو کاتە گشت هیواکان بۆ یەکێتییەکی عەرەبیی مەزنتر لە دواییدا کۆتایان پێ دەهات.

زمانە جیاوازەکانی عەرەبیی خۆماڵی و هەروەها زمانی نووسینی هاوبەش، هەموویان پێیان دەگوترێت عەرەبی- تا رادەیەك وەك ئەوە وایە وا بیر بکرێتەوە لە ئەورووپادا بۆ ناونانی زمانی لاتینیی سەردەمی رۆمای کۆن و ئەوەی کەلیسە و دادگاکانی سەردەمی ناوەڕاست و مرۆڤگەرایانی رێنێسانس و هەروەها زمانی فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتالی و هەموو ئەو زمانە هاوچەرخانەی بە رەچەڵەك لاتینین، یەك ناو، واتە "لاتین" بەکار هاتبێت.

لە رۆژئاوای ئێران لە عێراقەوە بگرە تا ئەتلانتیك، سەرەڕای زاڵبوونی تا رادەیەك گشتگیری زمانی عەرەبی، بەردەوام تەنیا دوو کۆمەڵەی زمانی بە بەربلاّوی قسەیان پێ دەکرا. ئەمانەش بریتی بوون لە بەربەری لە مەراکیش و ئەلجەزیرە و تونس و لیبیا و بە کۆمەڵگەی بچووکتر لە موریتانی و سەحارا و مالی و لە ئاواییەك لە میسر، و

٧٥ Diglossy، دیاردەیەك کە تێیدا دوو جۆری هەمان زمان لە یەك کاتدا لە ناو هەمان کۆمەڵگەدا بەکار دێت، یەکێکیان وەك زمانی گشتی و ئەوەی تریان وەك زمانی ئەدەبی و راگەیاندن.

کوردیش لە عێراق و ئێران و تورکیا و بە کۆمەڵگەی بچووکتر لە سووریا و سێ کۆمارەکەی ترانسقەفقاز. هیچ کام لەم زمانانە پلەوپایەی زمانی فەرمیی نەبوو، هیچ کامیان زمانێکی نووسینی هاوبەش و ستانداردیان نەبوو. لە رابردوودا نووسەرانی ئەم نەتەوانە بە عەرەبی و فارسی و تورکی خۆیان دەدردەبڕی، سەرباز و پیاوانی دەوڵەتیان لە سوپا و دەوڵەتانی بە زۆرینە عەرەب و فارس و تورک کاریان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆکە ئاخێوەرانی ئەم زمانانە بەردەوام زیاتر هەست بە شوناسێکی ئیتنیکیی هاوبەش و جیاواز دەکەن. هەندێکیان داوای مافگەلێکیان کردووە کە لە مەودای نێوان ناسینەوەی کولتووری تا سەربەخۆییەکی جوداییخوازانەدان.

ئێرانییەکان کە کولتوورێکی دێرینی نووسراویان هەیە، وازیان لە زمان و شوناسی کولتووریی خۆیان نەهێنا. هەرچەندە ئەوان زمانی عەرەبییان وەك زمانی ئایین و یاسا، کولتوور و زانست گرتە بەر و بە گڕوتینەوە بەشداربوون لە کولتووری عەرەبدا، بەڵام نەبووە عەرەب زمان، و وەك دراوسێیە رۆژئاواییەکانیان نەبوونە عەرەب. ئەوان پارێزگارییان لە زمان و شوناسی خۆیان کرد، هەرچەندە ئەمەش بە شێوازێکی جیاوازەوە بوو. گۆڕان لە زەردەشتییەوە بۆ فارسی موسوڵمان، کۆمەڵە لێکچوونێکی سەرنجڕاکیشی هەیە لەگەڵ گۆڕان لە ئەنگلۆساکسۆنەوە بۆ ئینگلیزی سەدەکانی ناوەڕاست، واتە پاش ئەو کاتەی نۆرمەنەکان ئینگلاندیان داگیر کرد. زمانی فارسی ئەو کات بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسراوە، نەك بە ئەلفوبێی کۆنی پەهلەوی کە تەنیا زەردەشتییەکان پاراستبوویان. فارسی هەروەها گۆڕانگارییی رێزمانیی سەرەکی و هەروەتر گۆڕانکارییی وشەییی زۆری بە سەردا هات. رێزمانەکەی، وەك رێزمانی ئەنگلۆساکسۆن، بە هۆی کاریگەرییی داگیرکەرانەوە کە بە زمانێکی ترەوە دەئاخەفتن، شی کرایەوە و ئاسانتر کرا. وشە و زاراوەکانی رۆشنبیری و رۆحانیی فارسی بە نزیکەیی گشتیان عەرەبی بوون و تا رادەیەك وەك وشە و زاراوەکانی فەڕەنسین لە ناو زمانی ئینگلیزیی لە پاش سەردەمی داگیربووندا، بەڵام زمانەکە هێشتاش فارسی بوو، عەرەبی نەبوو و تەنانەت سەر بە خێزانی زمانەکانی وەك زمانی عەرەبی نەبوو.



لە ناو موسوڵمانانی ئێراندا بۆ ماوەیەکی درێژ زمانی عەرەبی وەك زمانی دەقی ئایینی و خواناسی و شەرع ماوە، بەڵام زمانی نیوو-فارسی وەك زمانی ئەدەبیات و حکومەت، جێی گرتەوە. لە کاتی خۆیدا زمانی فارسی وەك دووەم زمانی کلاسیکی و سەرەکیی شارستانییەتی ئیسلامی، بە تایبەتیش لە وڵاتانی تورکی، هەم لە وڵاتانی عوسمانی و هەم لە ئاسیای ناوەڕاست، لە ناو موسوڵمانانی هیندستان و ئەولاتری، گەیشتەوە زمانی عەرەبی.

ئەگەر عەرەبی زمانی ئایین و یاسا و فارسی زمانی خۆشەویستی و نامەگەلی بەڕێزەوە بووبێت، تورکی هەر زوو بووە زمانی فەرماندان و حوکم. تورکەکان وەك عەرەبەکان و بە پێچەوانەی فارسەکان لە دەرەوە لە ئاسیای ناوەڕاست و ئەولاتری رژانە ناو هەرێمەکەوە. ئەوان وەك فارسەکان ئەدەبیاتی کۆنی خۆیان هەبوو کە بە ئەلفوبێیە کۆنترەکان نووسرابوو. وەك نەتەوەکانی تر کە وەرگەڕانە سەر ئیسلام، تورکەکانیش وازیان لە نووسینە کۆنترەکانیان هێنا و ئەلفوبێی قورئانیان لەگەڵ وشە و زاراوەگەلێکی بەرچاوی زمانی عەرەبی بەکار هێنا و لە هەمان کاتدا کۆمەڵە دەستەواژەیەکی بەرچاویشیان لە زمانی فارسی وەرگرت. ئەوانیش زۆر زمانی خۆماڵییان هەبوو کە زۆربەیان پێیان نەنووسرابووەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی زمانەکەیان کۆتوبەندی پیرۆزیی پێوە نەبوو، پەرەیان بە کۆمەڵە زمانێکی جیاوازی نووسین دا. گرینگترینی ئەمانەش بریتی بوون لە عوسمانی و ئازەری کە لە ئازەربایجان بەکار دێن، تەتەر و هەروەها تورکیی ئەدەبیی ئاسیای ناوەڕاست کە بە شێوەی جۆراوجۆر بە تورکی و چەغەتای ناسراوە. سەرجەم ئەم زمانانە بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسران. لە ژێر حوکمی سۆڤیەتدا ئەلفوبێی عەرەبی هەڵگیرا و سەرەتا لاتینی و پاشان شێوەیەکی هەموارکراوی ئەلفوبێی رووسی جێی گرتەوە. چەغەتای، زمانی ئەدەبیی هاوبەشیش، لە راستیدا نەما. هەر نەتەوەیەك جۆرە زمانێکی نووسینی بە گوێرەی زمانی خۆماڵیی خۆی، و هەروەها شوناسێکی نەتەوەییی جیاوازی بە گوێرەی ناوچەکەی، پێشکەش کرا. زمانەکانی خێزانی زمانە تورکییەکان کە کەم یان زۆر لە زمانی تورکیی تورکیا دەچن، لە پێنج کۆماری پێشووی سۆڤیەتدا و هەروەها لە لایەن تەتەر و بەشکیر و نەتەوەکانی تری فدراسیۆنی رووسیا، بەکار دێن. هەروەها لە ئێران و ئەفغانستان و کۆماری خەڵکی چین، جەماوەرێکی زۆر هەن کە بە زمانە تورکییەکان دەدوێن.

بەدەر لە ئێران، فارسی لە دوو وڵاتی تردا پێگەی زمانی فەرمیی هەیە، لە ئەفغانستان کە زمانی فارسیی ناوچەکە بە دەری ناسراوە و لە تاجیکستانی کۆماری پێشووی سۆڤیەت. دەری بە ئەلفوبێی عەرەبی-فارسی دەنووسرێت و شێوەزارێکی هەرێمیی کەمێك کۆنی زمانی فارسییە. ئەزموونی مێژوویی جیاواز زمانی تاجیکیی دروست کردووە. لە بنەڕەتدا تەنیا شێوەیەکی زمانی فارسی کە بە هەمان ئەلفوبێوە دەنووسرایەوە، وەك دەڵێن، کرایە نافارسی، ئەمەش لە لایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە کە بەگرتنەبەری هەمان ڕێوشوێنی بەکارهاتوو لەگەڵ زمانە تورکییەکان، شێوازێکی ستانداردیان لە سەر بنەمای دیالێکتە ناوچەییەکان دانا و سەرەتا بە لاتینی و دواتر بە ئەلفوبێیەکانی سریلی نووسییانەوە.

عەرەبیی ئەدەبی ئێستا زمانی فەرمیی پتر لە بیست دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقای باکوورە. لە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان تاکە زمانی فەرمییە. لە ئیسرائیل عەرەبی لە تەك عیبری وەك یەکێك لە دوو زمانەکەی دەوڵەت، پەسەند کراوە. لە تورکیا و ئێران هەرچەندە لە هەر دوو وڵاتدا کەمایەتیی گرینگی عەرەبی ئاخێوەر هەن، بەڵام زمانی عەرەبی پایەی زمانی فەرمیی نییە.

هیچ کام لەم زمانە عەرەبییە خۆماڵییە بێشومارانەش ئەو پێگەیەیان نییە. لە بنەڕەتدا عەرەبیی ئەدەبی بە لەخۆگرتنی زمانی عەرەبیی وەشاندن، لە مەراکیشەوە تا سەر سنوورەکانی ئێران هەمان شتە. سروشتیانە جیاوازی لە بەرکارهێناندا دەبێت، بەڵام ئەم جیاوازییانە گەورەتر نین لە جیاوازییەکانی نێوان ئەندامە جیاوازەکانی دوو کۆمەڵگەی تری گەورەی زمان، واتە جیهانی ئینگلیزی زمان و ئیسپانی زمان. ئەگەر ئەم ڕەوتانەی ئێستا بەردەوام بن، ئەگەری ئەوە هەیە عەرەبی زمانان شوێن ئەو نموونەیە بکەون کە ئەم دوو زمانانە دایانناوە- کۆمەڵگەیەکی زمانی، کولتووری، کەلەپووری، و لە سەر ئاستێکی گەورە، کۆمەڵگەیەکی ئایینی کە هیچ شوناسێکی نەتەوەییی هاوبەشی نییە، بەڵام هەمیشە ڕێی تێ دەچێت، کە ململانێ لەو شوێنانەی عەرەب و غەیرە عەرەبەکان پێك دەگەن، هانی یەکێتییەکی گەورەتری عەرەب بدات و ڕەنگە ببێتە هۆی ژیانەوەی ئاواتەکانی ئەم یەکێتییە.



# بەشی چوارەم

## وڵات

لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی هاوچەرخ وشەی "وەتەن" لەگەڵ هەموو داتاشراو و هاوواتا جۆراوجۆرەکانی تەواوی مانا سیاسی و سۆزئامێزەکەی وڵات وPatrie و Vaterland و وشەکانی تری وەرگرتووە. وشەکە لە ناوی ژمارەیەکی بێکۆتای پارت و یانە و کۆمەڵگە سیاسییەکان و تەنانەت بانکەکانیشدا دەردەکەوێت و سروشهێن بووە بۆ بەرهەمێکی زۆر لە قاڵبی شیعر و مشتومڕیدا و لە کۆمەڵێك سروودی نەتەوەییدا دەنگ دەداتەوە. لە سەردەمانی پێشووتردا کە وشەی وەتەن تەنیا هەڵگری مانای زێد یان نیشتیمان بوو، دەکرا زۆر واتای سۆزئامێزی هەبێت و دەربڕینی شاعیرانە هەن بۆ سۆز و خۆبەختکردنی خەڵك بەرامبەر بە شوێنی لە دایکبوون یان نیشتیمانی خۆیان. زۆربەی کات "وەتەن" لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا بە مانای شارۆچکەیەك یان تەنانەت گەڕەکێك، پارێزگایەك یان تەنانەت گوندێك بووە، نەك وڵاتێك بە مانای هاوچەرخەوە. وەتەن ڕەنگە وروژێنەری سۆز و نۆستالژیا بێت، زۆربەی جاریش لەگەڵ خۆزگەی گەنجێتیی بەسەرچوو، هاوڕێیانی لەدەستچوو و نیشتیمانێکی دوور گرێ دراوە. بە پێی گوتەیەك کە ڕاستییەکەی مسۆگەر نییە، تەنانەت لە سەر زاری خودی پیامبەرەوە دەگوازنەوە "خۆشەویستی بۆ وڵات بەشێکە لە ئایین"، بەڵام ئەو جۆرە سۆزانە هەڵگری هیچ جۆرە مانایەکی سیاسی نەبوون و لە ڕووی سیاسییەوە "وەتەن"ێك تەنیا بە مانای شوێنێك بوو. بە پێچەوانەوە مانایەکی سیاسی بە ئاشکرا ڕەت دراوەتەوە و بە سووکایەتیپێکەر زانراوە. لە خەلیفە عومەرەوە دەگوزانەوە کە بە عەرەبەکانی گوتووە "ڕەچەڵەکی خۆتان بزانن و وەك

خەڵکی خۆجێیی مێسۆپۆتامیا نەبن کە کاتێك پرسیاری رەچەڵەکیان لێ دەکرێت بە (من خەڵکی فلان لادێم) وەڵام دەدەنەوە". بە واتایەکی تر، رەچەڵەك ئەو شتەیە کە شوناسەکە بە رێژەوە پێناسە دەکات، نەك وەك جووتیارێکی گرێدراو بە گوندێك.

رۆژئاواییەکان لە رێی هۆمەر و هۆراس و هەزاران شاعیر و وتاردەری سەرانسەری ئەوروپاوە بە شەرەفی جەنگان یان مردن لە پێناو ولات - περιπατρις، ، Pro Patria ئاشنان. تا ئەو کاتەی بیرۆکەکانی شۆڕشی فەرەنسا( کە بوونە نامەسیحی و لەبەر ئەوەش پەسەند کران) یەکەم کاریگەریی راستەقینەی رۆشنبیری و ئایدیۆلۆژییان لە ئەوروپاوە بۆ جیهانی ئیسلام نەگواستەوە، ئەم جیهانە بەم شەرەفە ئاشنا نەبوو.

تا ئەو کاتە زۆربەی دانیشتووانی رۆژهەڵاتی ناوین، کە نە دۆزی خۆیان و نە هی دوژمنەکانیان بە ولات پێناسە نەدەکرد، بیرۆکەی نەتەوە یان نیشتیمانێکی نەتەوەییان بە بنەمای شوناس و دەسەڵاتێکی سیاسی نەدەزانی. هەڵبەتە پێوەستبوونێکی سروشتی بە ولاتی دایکەوە هەبوو و هەروەها شانازی و کێبرکێی ناوچەیی بە هەمان ئەو رادەیەی لە ناو ئەدەبیاتی رۆژئاواییدا ناسراوبوون، لە ناو ئەدەبیاتی ئیسلامیشدا ناسراوبوون، بەڵام هەڵگری هیچ پەیامێکی سیاسی نەبوون. ژمارەیەکی کەم لە ولاتانی جیهان تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە و مێژوویەکی جیاوازی وەك میسریان هەیە و نووسەرانی میسری بە درێژاییی تەمەنی ئیسلام شانازییان بە سەرکەوتن و جوانییەکانی نیشتیمانیان کردووە. بەڵام لە بارەی باوباپیرانی نەزان و بتپەرستی خۆیان کە پێش هاتنی ئیسلام ژیابوون، کەمیان دەزانی و گرینگییەکی کەمتریان پێ دەدان.

دەکرێت ئەم جیاوازییە لە نێوان شێوەی بەکارهێنانی مەسیحی و موسوڵماناندا یەکجار بە روونی لە نازناو و مێژوونووسیدا ببینرێت. پاشا ئینگلیزی و فەرەنسییەکان وەك پاشای ئینگلاند و فەرەنسا حوکمیان دەگێڕا و مێژوونووسەکانیان دیرۆکی ئەم ولاتانەیان نووسییەوە. میرە خانەدانەکانی موسوڵمانان خۆیان بە حوکمڕانی باوەڕدارانەوە ناو دەبرد و مێژوونووسانیان دیرۆکی خانەدان و ئیمپراتۆرییەتەکان یان، لە سەر ئاستێکی بچووکتر، مێژووی شار و پارێزگاکانیان دەنووسییەوە. لە سەدەی شازدەهەمدا، کاتێك سوڵتانی تورکیا و شای فارس وەك دەستپێکێك بۆ شەڕ نامەی سووکایەتیپێکەریان ئاڵوگۆڕ کرد، هیچ کامیان ئەم نازناوانەی بۆ



خۆی بەکار نەهێنا، بەڵام هەر یەکەیان بۆ کەمکردنەوەی رکابەرەکەی سوودی لێ وەردەگرتن. هەر کامیان بەخۆ بە نازناوەکەیەوە، تاکە حوکمڕانی رەوای ئیسلام بوو و ئەوەی تر حوکمڕانێکی بچووکی ناوچەیی بوو. تەنیا لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم و لە ژێر کاریگەری و هەندێك جار فشاری ئەوروپادا حوکمڕانانی موسوڵمان دەستیان کرد بەوەی فەرمانڕەوایێتیی خۆیان بە دەستەواژەی نەتەوەیی یان ناوچەیی، واتە بە دەستەواژەی رۆژئاواییەوە وەسف بکەن.

لە یەکەم روانینەوە نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوین یان رۆژهەڵاتی نزیك (وەك چۆن بەو ناوە بانگ دەکرا) زۆر لە نەخشەی هەر هەرێمێکی تر دەچێت. نەخشەکە پڕە لەو هێڵانەی بە ناویدا تێ پەڕیون و سنووریان بۆ ئەو ناوچانە داناوە کە بە ولات یان بە گوێرەی زمانی سەردەم، بە نەتەوە ناو دەبردرێن کە هەر یەکەیان ناوی جیای خۆی هەیە و شوێنی حکومەتێکی جودایە کە کۆنترۆڵی دەوڵەتێکی دەسەلاتداری سەربەخۆ دەکات.

بەڵام ئەگەر وردتر بڕوانین و نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوین لەگەڵ نەخشەی سیاسیی، با بڵێین، ئەوروپادا بەراورد بکەین، کۆمەڵە جیاوازییەکی گرینگ دەبینین. لەو بیست و پێنج یان چەند ولاتەی کە نەخشەی سیاسیی ئەوروپا پێك دێنن هەموویان، جگە لە چەند ریزپەرێکی کەم وەك بەلژیك و سویسرا، و ئێستاش قوبرسەوەش نەبێت، یەك تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە. ناوی ولات یان نەتەوە یەك شتە لەگەڵ ناوی گرووپی ئیتنیکیی زۆرینە کە هەندێك جار تاکە گرووپی ئیتنیکییە و یەك شتیشە لەگەڵ ناوی زمانی سەرەکیی بەکارهاتوو کە هەندێك جار تاکە زمانە لەو ولاتەدا. چیکۆسلاڤاکیا و یوگوسلاڤیا لە بنەڕەتدا ریزپەڕی ئاشکرا بوون، چونکە ئەو ناوانە، ناوی سەردەمیانە بوون بۆ قەوارە نەتەوەیی و کولتوورییە رەگداکوتاوەکان. لەو کاتەوە هەردووکیان دابەش بوون، چیکۆسلاڤاکیا بۆ دەوڵەتی چیك و سلۆڤاك و یوگۆسلاڤیاش بۆ سەر پێکهاتە ئایینی-ئیتنیکییەکانی.

ئەم ئاوێتەبوونەی سیستەمی ناونانی ئیتنیکی و ناوچەیی و زمانییەی ئەوروپا، تەمەنی چەندین سەدەیە. هەندێك لەم ولاتانە وەك ئینگلاند و فەرەنسا و سوید یان ئیسپانیا پێش چەندین سەدە یەکێتیی نەتەوەیی و سەربەخۆییان وەدەست هێنا، بەڵام تەنانەت زۆرێکیان کە نەیانتوانی

بینە وڵاتی سەربەخۆ، ناو و زمان و کولتووری تایبەت بە خۆیان و هەستێکی بەهێزی شوناسی ناوچەیی و نەتەوەییان هەبوو، کە بە پەرستشی مێژووی نەتەوەیی و بەدواداچوونی ئامانجە نەتەوەییەکان دەربڕاوە. لە چەند حاڵەتێکی کەمەدا، وەك لە فینلاند و هەنگاریا و گریس[٧٦] و بە زەقیش لە جێرمەنیدا[٧٧]، ئەو ناوانەی ئەم وڵاتانە لە دەرەوە پێیان ناسراون، جیاوازن لەو ناوانەی خودی ئەو وڵاتانە بەکاری دێنن، بەڵام بەکارهێنانی هەمان زاراوە بۆ وڵات و نەتەوە و زمان وەك خۆی دەمێنێتەوە. تەنانەت هەندێك لە بچووکترین ئەم قەوارە سیاسییانەی ئەوروپا وەك ئەڵبانیا و ماڵتا زمانی نەتەوەیی خۆیان هەیە، کە بە ئینگلیزی بە ئەڵبانی و ماڵتیز ناو دەبردرێن. ئەم تایبەتمەندییەی شێوازی ئەوروپییانەی شوناس زۆر بنەڕەتییە، بە رادەیەك کە تەنانەت ئەو نەتەوانەش کە وەك ئیرلاندی و نەرویجییەکان لە ماوەی چەندین سەدەی دەسەڵاتی بێگانەدا لە زمانی تری جگە لە زمانی خۆیان راهاتبوون، لەم سەردەمەدا هەوڵی زۆریان داوە بۆ وەرگرتنەوە یان دارِشتنەوەی زمانە نەتەوەییە لە دەستچووەکانیان.

لەم سەردەمەدا دەسەڵاتدارانی ئەوروپی، لە پرۆسەیەکدا کە سنوورەکانی حوکمی ئیمپریالی ئەوروپیی بەزاند و زۆربەی جار دەرەنجامی خۆی بەجێهێشت، دەسەڵات و لەگەڵیشیدا نەریتە ناوچەییەکانی خۆیان بە سەر پاشماوەی جیهاندا سەپاند. یەکێك لەم نەریتانە دیاریکردنی سنوورەکان و کێشانی هێڵ بوو لە سەر نەخشەکان. لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا سەرەتا ئەمریکا و دواتر ئاسیا و ئەفریقا دابەش کران، سنووریان دیاری کرا و زۆر جار دووبارە ناویان بۆ دانرا، تا ئەو کاتەی نەخشەی تەواوی جیهان، لانی کەم لە رواڵەتدا، لەگەڵ شێوە ئەوروپییەکە گونجا.

بەڵام ئەو رواڵەتە زۆربەی کات هەڵخەڵەتێنەر بوو. لەو وڵاتانەی لە رۆژهەڵاتی ناوینی ئەمڕۆکە لە سەر نەخشەکە وەدەر دەکەون، تەنیا سێیانیان لەگەڵ یەکگرتنەوەی ئەوروپییانەی نەتەوە و وڵات و زماندا دەگونجێن، کۆماری تورکیا کە دانیشتووانەکەی تورکن و بە زمانی

٧٦ Greece واتە یۆنان.

٧٧ Germany واتە ئەڵمانیا.



تورکی دەدوێن، عەرەبستان کە دانیشتووانەکەی عەرەبن و بە عەرەبی دەدوێن و ئێران کە پێشتر لە رۆژئاوا بە پێرسیا[٧٨] ناو دەبردرا و دانیشتووانەکەی و زمانەکەی پێرژنە[٧٩]. لەگەڵ ئەوەشدا، وێ دەچێت ئێستاکە ئەو ناوەی ئێران کە بە گشتی پەسەند کراوە، ئەمەی گۆڕیبێت، چونکە ئێرانی ناوی خێزانی زمانیی گەورەترە کە پێرژن لێوەی هاتووە و ئەو ناوە ناتوانێت بە دروستی بۆ ناوی زمانی نەتەوەیی ئێران بەکار بێت.

بەڵام ئەگەر ئێمە وردتر لەم سێ وڵاتە بڕوانین، هەندێك ئاکاری سەیر دەبینین. خودی تورکەکان ناوی تورکیایان، وەك لە سەرەوە تێبینی کرا، تا ساڵی ١٩٢٣ وەك ناوی فەرمیی نیشتیمان و دەوڵەتی خۆیان بەکار نەهێنا. پیش ئەوەی ئەم ناوە بچەسپێت، هەندێك ناکۆکی هەبوو سەبارەت بە شێوەی دروست و رێنووسی ئەو شتەی تا ئەو کاتیش هەر زاراوەیەکی نائاشنا بوو. ئەو شێوەیەی کە لە دواییدا بە کار هات، واتە Türkiye، بە روونی رەچەڵەکی ئەوروپییانەی ناوەکە ئاشکرا دەکات. ئەگەر زمانی تورکی بۆ وشەی "تورکیا" زاراوەیەکی وەرگرتبێت و بەکاری هێنابێت، زمانی عەرەبی هێشتاش وشەیەکی بۆ "Arabia" نییە. هەڵبەتە بۆ "عەرەب" وشە هەن، هەم وەك ئاوەڵناو و هەم وەك ناو و هەروەها بۆ "عەرەبی"یش وەك زمان، بەڵام هیچ وشەیەکی ناوچەیی هاوتای "Arabia" نییە. زمانی عەرەبیی هاوچەرخ پەنا بۆ درێژبڕیی وەك وڵات یان نیمچە دوورگەی عەرەبەکان یان وڵاتی عەرەبی یان میرنشینی عەرەبی دەبات. هەر دوو وشەی تورکیا و ئەرەبیا وەك ناوی دەوڵەتی سەربەخۆ کە بە تورکبوون یان عەرەببوونیان پێناسە دەکرێن، تەنیا لە سەدەی بیستەمدا لە لایەن حوکمڕان و دانیشتووانی ئەو دەوڵەتانەوە بە کار هات.

ئەمەش خاڵێکی تری جیاوازیمان دەخاتە بەردەم. لە ئەوروپا ناوەکان و بە زۆری ئەو قەوارانەی ئەو ناوانەیان بۆ بە کار دێن، کۆنن و مێژوویەکی نەپچڕاوەیان هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ لانی کەم سەدەکانی ناوەڕاست و هەندێك جار بۆ سەردەمی کۆن. ئەمە راستە بۆ تەنانەت ئەو وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، کە تا سەدەی نۆزدەهەم یەکێتیی سیاسیان

٧٨ Persia.فارس

٧٩ Persian.فارسی

وەدەست نەهێنا، یان ولاتانی تری وەك پۆلاندا و دەوڵەتانی باڵتیك، كە تا سەدەی بیستەم سەربەخۆییان وەرنەگرت یان پێی نەگەیشتن. هێڵەكانی سەر نەخشە، زۆرێكیان، وەك لە بەشی هەرە زۆری ئەمریكای باكووردا، كە بەروونی بە ڕاستەیەك كێشراونەتەوە، ڕۆژهەلاتی ناوینی ئەمڕۆكەیان دابەش كردووەتە سەر دەوڵەتانی سەربەخۆ (جگە لە ژمارەیەكی كەم ریزپەڕەوە نەبێت) و نوێ. هەندێك لەو قەوارانەش كە ئەم دەوڵەتانە دیارییان دەكەن، نوێن بێ ئەوەی لە سەدەكانی ناوەڕاست و كۆندا پێشینەیەكیان هەبووبێت.

جیاوازی لە ئاكاری خودی ناوەكان تەنانەت زۆر سەرنجڕاكێشترە. ئەو ناوانەی دەوڵەتانی ئەوروپی پێیان ناسراون، لە زمان و مێژووی خۆیان داتاشراون و ئاماژە بە قەوارەی زیندوو و لەخۆزان دەدەن. جگە لە ژمارەیەكی كەم ریزپەڕەوە نەبێت، دەنا ناوەكانی سەر نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوێنی هاوچەرخ دووبارەكردنەوە یان ژیاندنەوەی ناوی كۆنن، كە سەرسڕمێنەرانە ژمارەیەكی گەورەیان ڕەچەڵەكێكی بێگانەیان هەیە. هەندێك لەم ناوانە هی سەردەمی كلاسیكی كۆنن. سووریا و لیبیا هەردووكیان لە رووی ڕەچەڵەكیانەوە زاراوەی جێ ناكۆكن، ئەمانە سەرەتا بەو شێوەیە لە نووسینە مێژوویی و جوگرافییەكانی یۆنانیدا دەركەوتوون و لە لایەن حكومەتی ڕۆمییەوە وەك ناوی پارێزگا بەكار هاتوون. لەوەتەی داگیركاریی عەرەب لە سەدەی حەفتەمدا، ئەم ناوانە هەردووكیان بە نزیكەیی بەم ولاتانە و بە ولاتانی دەوروبەریان نامۆ بوون و ئیتر دەرنەكەوتنەوە، تا ئەو كاتەی لە ئەنجامی بلاوبوونەوەی كاریگەریی ڕۆژئاوا دووبارە هاتنە ناساندن. ناوی سووریا ناوچەییانە و بە گشتیش لە ناو ناموسوڵمانان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەكار هات و ئاماژەی بە تەواوی رووبەری نێوان تۆرۆس و سینا و نێوان بیابان و دەریا دەكرد. زاراوەی "Syrians"[80] بە فرەوانی لە ویلایەتە یەكگرتووەكان بۆ ئاماژەدان بەو كۆچبەرانە بە كار دەهات، كە زۆربەیان مەسیحییانی سەر بەو ناوچەیە بوون. "Syria" لە سەر شێوەی "سووریە" لە لایەن عوسمانییەكانەوە لە ساڵی ١٨٦٤ وەك ناوی پارێزگای دیمەشق بەكار هات و بۆ یەكەم جار لە ماوەی دەسەلاتی فەڕەنسیدا بووە ناوی فەرمیی ولات. كۆماری دامەزراو لەو ناوچەیەی لە لایەن دەسەلاتی فەڕەنسییەوە پێناسە

٨٠ سوورییەكان.



كرابوو، یەكەم دەوڵەتی سەربەخۆ بوو كە تا ئەو كات ناوی "Syria"ی بەكار هێنابێت و مانەوەی بە بەرگێكی عەرەبیی ناسكەوە لەم ڕۆژگارەدا گەواهە بۆ هێزی نەشكاوەی شێوازە هزرییەكانی ئەوروپی، تەنانەت لە بابەتی ئەوەندە بنیاتیی وەك شوناسی نەتەوەییدا.

حاڵەتی لیبیا زۆر زەقترە. ناوی بە رواڵەت هاوڕیشە هەم لە ئینجیلی عیبری (پاشایانی دووەم ١٢:٣، ٦:٨ و دانییێل ١١:٤٣ و نەعووم ٣:٩) و هەم لە دەستنووسە كۆنەكانی میسری دێنە بەر چاو و ئاماژە بەو نەتەوانە دەدەن كە دراوسێی میسر بوون. یۆنانییە كۆنەكان وشەكەیان لە سەر شێوەی ύβιΛn و αύβιΛ بۆ ناوی ئەو كیشوەرە باشوورییە بەكار هێنا، كە لە دابەشبوونە سێ كوچكەییەكەی جیهان لە لای خۆیاندا ئەوروپا و، لە دەستی ڕۆژهەلات، ئاسیا و، لە لای باشوور، لیبیای دەگرتەوە. لە زمانی ڕۆمیدا، ئەفریقا شوێنی لیبیای بۆ ئەم مانا بەرفرەوانە گرتەوە، بەلام لیبیا وەك ناوی پارێزگایەك ماوە. وشەكە بەتەواوەتی لە زمانی عەرەبیدا نەما، جگە لە چەند ئاماژەیەكی كەم نەبێت كە ئەمانەش لە ناو ئەو نووسینە جوگرافییاندا هاتبوون كە لە بنەڕەتدا یۆنانی بوون. وا دیارە بەكارهاتنەوەی وشەكە لەم سەردەمەدا لە نووسینێكی جوگرافی چاپكراو لە ١٩٠٣، سەرچاوەی گرتووە. بۆ یەكەم جاریش پاش دەسەلاتی ئیمپڕاتۆر دیۆكلێتاینەوە[81]، شازادەیەكی ئیتاڵی لە ١ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٤پێگەیەكی فەرمیی بەم وشەیە بەخشی. لەمەوە كۆلۆنییەكەی تر دروست بوو كە بە لیبیا ناویان نا و لە یەكگرتنی هەر دوو ئەو كۆلۆنییەی ئیتاڵییەوە پێك هات، كە پێشتر لیواكانی بەرقا و ترابلۆسی سەر بە عوسمانی بوون. ئەوەی پتر شیاوی تیبینیكردنە ئەوەیە ، ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەی پاش كۆتاییهاتنی دەسەلاتی فەڕەنسی و ئیتاڵییەوە سەریان هەڵدا، پێیان باشتر بووە ئەم ناوانە بهێڵنەوە، نەك ئەو ناوانەی پێشتر لە زمانی عەرەبیدا بەكار هاتبوون.

حاڵەتێكی تری تەنانەت زۆر هەستپێكراوتر هی فەلستینە[82]، ناوێك كە لە سەر شێوەی ئێستای لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە. لە كاتی ڕۆمەكاندا وشەكە بووە زاراوەیەكی كارگێڕی. وەك لە كۆتاییی ناوەكە، واتە لە (ine-)ەوە دیارە، وشەكە لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوێك

٨١ Diocletian.

٨٢ Palestine .

بووە نەك ناو و وەك وشەیەكی وەسفی لەگەڵ سووریا بە كار هاتووە. Syria – Palestina، ئەو بەشەی سووریای باشوور بوو كە لە سەردەمانی پێشوو بەشێكی داگیركراو بوو و ئەو فەلستینییانەی كە لە زووەوە لە ناوچووبوون، تێیدا نیشتەجێ بوون. بە پێچەوانەی سووریا و لیبیا، ناوی رۆمیی فەلستین تا سەدە سەرەتاییەكانی حوكمی عەرەب ماوە و ئاماژەی بە ناوچەیەك لە ناو پارێزگای دیمەشق دەدا. بەڵام وشەكە لە كۆتاییی سەدەی یازدەهەمەوە، لەگەڵ گەیشتنی خاچپەرستان بەو شوێنەی بە خاكی پیرۆز ناویان دەبرد، هەڵگیرا. ناوەكە لە ئەوروپا پاش ژیاندنەوەی زانستی كلاسیكی پێوەست بە رێنێسانس و هەروەها لە سەدەی نۆزدەهەمدا بووە بەشێكی زمانی سیاسیی رۆژئاوا، نەك هی هەرێمەكە و لە لایەن بەریتانیای مەزنەوە وەك ناوی ئەو ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی بەریتانی بەكار هات، كە لە باشووریترین ناوچەكانی پارێزگا عوسمانییەكانی دیمەشق و بەیروت و ناوچەی دابڕاوی داروسەلام پێك هاتبوو. بۆ یەكەم جار لەوەتەی سەرەتای سەدەكانی ناوەڕاستەوە، سیاسەتی ئیمپریالّی بەریتانی فەلسینی كردە ناوی ناوچەیەكی دیاریكراو، هەرچەندە سنوورەكانی لەچاو ئەوانەی سەردەمی حكومەتی رۆمی و عەرەبی تەواو جیاواز بوون و هەروەها بۆ یەكەم جار لە مێژوودا "حكومەتێكی فەلستینی"ی بۆ دەستبەر كرد. رووداوەكانی پاشتر، هاوكات لەگەڵ لەناوبردنی ئەم حكومەتە، نەتەوەیەكی فەلستینییان هێنایە كایەوە.

ناوەكانی تر جۆراوجۆرن. لوبنان چیاییەكە، ئوردن رووبارێكە، عێراق ناوی پارێزگایەكی سەردەمی خەلافەتی سەدەكانی ناوەڕاستە. بە نزیكەیی گشت ناوەكانی سەردەمی پێش كلاسیك نەماون. ئیسرائیل كە بە تەنیا بە هەمان ناو لە هەمان زماندا ناسراوە، هەرچەندە لە كۆنەوە هەمان ئەو سنوورانەی نەبووە، ریزپەڕێكی ئاشكرا، بەڵام ناڕاستەقینەیە. هۆی بوونی ناوەكە نەك زیندوومانەوەی بەڵكو ژیاندنەوەیەتی پاش بە نزیكەیی دوو هەزار ساڵ دابڕانی سیاسی. Egypt[٨٣] لە ناو خودی وڵاتەكە و لە جیهانی ئیسلامیدا بە ناوی عەرەبیی میسر ناسراوە، كە ئەمەش لە ناوێكی كۆنی سامییەوە وەرگیراوە كە لەوانەیە بە مانای پارێزگایەكی سەرەڕێ یان سنووری بێت. ناوی هاوڕیشە لە

٨٣ میسر بە زمانی ئینگلیزی.



عیبری و ئارامی و زمانە سامییەكانی تردا بەكار دێن. لە شوێنەكانی تر میسر بە داتاشراوێكی ناوێكی یۆنانی، بە Eigyptos ناسراوە، كە بڕگەی دووەمی ئیكۆیەكی دووری یەكێك لە ناوە كۆنەكانی میسرییە و هەمان ئەو ئیكۆیەیە كە لە "قبت" دەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەو ناوانەی میسرییە كۆنەكان و لەم سۆنگەیەشەوە ئاشووری و بابیلی و فینیقی و ئارامییە كۆنەكان و ئەوانی تریش خۆیان و وڵاتەكانی خۆیانیان پێ دەناسی، هیچ ئاسەوارێكیان نەماوە، جگە لە ناو نووسراوە كۆنەكان و ئەدەبیاتی هاوچەرخدا نەبێت، كە ئەم ناوانەیان ژیاندووتەوە یان دۆزیوەتەوە.

لە زۆربەی ئەمەشدا كۆمەڵە لێكچوونێكی ئاشكرا هەن لەگەڵ رەوشەكە لەئەمریكادا. لە ئەمریكاشدا، ناوە نەتەوەیی و ناوچەیی و ئیتنیكی و ناوی زمانەكان بە دەگمەن یان هەرگیز ناچنەوە سەر یەك و زۆربەی دەوڵەتە سەربەخۆكانی كیشوەرەكە بەو ناوانە ناسراون، كە رەنگدانەوەن بۆ خەیاڵ و خوێندەواری یان قەناعەتی داگیركەران یان حوكمڕانانی پێشوویان. بەشێك لەم لێكچوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی هاوبەش. لە رۆژهەڵاتی ناوین وەك لە ئەمریكا و لە راستیدا زۆربەی ئەفریقادا دانانی هێڵ لە سەر نەخشەكان ئاسەوارێكی سەردەمی ئیمپریاڵە و رەنگدانەوەیەكە بۆ ململانێ و سازشەكانی دەسەڵاتە ئیمپریاڵەكانی پێشوو. تەنانەت ئەو ناوانەی ئەو ناوچانەی بەم هێڵانەوە سنووریان بۆ دانراوە، بەشێكن لە هەگبەی كولتووریی حوكمڕانانی ئیمپریالّی لەناوچوو.

بەڵام رۆژهەڵاتی ناوین زۆر جیاوازە لە كیشوەری ئەمریكا. لە ئەمریكادا جگە لە دوو ناوچەوە نەبێت، دەنا پێش گەیشتنی كۆنكیسدێدۆرەكان[٨٤] هیچ جۆرە شارستانییەتێكی پێشكەوتوو و زمانێكی نووسراو و هیچ یادەوەریی مێژوویی نەبووە. رۆژهەڵاتی ناوین ناوچەی شارستانییەتە دێرینەكان و لە راستیدا شارستانییەتە هەرە دێرینەكانی جیهانە، بەڵام ئەم شارستانییەتە كۆنانە مردبوون و تا ئەم دواییانە لەبیر كرابوون و بە مانای وشەوە لە ژێر گڵ نێژرابوون. سەرهەڵدانی ئیسلام و بەكارهێنانی زمانی عەرەبی شوناسێكی نوێی و لەگەڵیشیدا رابردوویەكی نوێ و كۆمەڵە یادەوەرەییەكی نوێی هێنا.

٨٤ Conquistador خەڵكی ئیسپانی كە لە سەدەی شازدەهەمەوە رژانە ناو ئەمریكا و دەسەڵاتیان بە سەر پیرۆ و مەكزیكدا گیڕا.

ئەو هەرێمانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە سەردەمی ئیسلامی کلاسیکدا بە سەریاندا دابەش بووبوو، هەم لە هەرێمەکانی شارستانییەتەکانی کۆن و هەم لە هەرێمەکانی ناو سیستەمی سەردەمیانەی دەوڵەت جیاوازن، تەنانەت ئەو کاتەش کە ناوی هەرێمەکان هەمان شت بێت. هەڵبەتە میسر هەمیشە میسر بووە کە لە جوگرافیا بە ڕوونی پێناسە کراوە و بە شێوە ژیانێك وەسف کراوە کە تەنانەت لە کاتی گۆڕینی ئایین و زمان و کولتووردا هەر بەردەوام بووە. لە شوێنەکانی تر سنوورەکان کەمتر مسۆگەر بوون. ئەفریقای باکوور کە موسوڵمانان بە "مەغریب"ی ناو دەبەن، دوو ناوەندی سەرەکیی هەبوو، ئیفریقیا (لە وشەی ڕۆمانیی ئەفریکا وەرگیراوە)، واتە تونسی ئەم سەردەمە و مەراکیش. ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ پێیان دەگوترێت جەزائیر و لیبیا ناوچەی سنووری بوون. جەزائیر کەوتبووە نێوان ناوەندکانی مەراکیش و تونس و لیبیا لە نێوان تونس و میسردا بوو. سەرهەڵدانی قەوارەی جیاوازی سەربەخۆ لەم دوو ناوچانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان. ناو و سنوورە هاوچەرخەکانیان میراتێکی داگیرکاریی فەڕەنسایە لە یەکێك لەم وڵاتانە و ئیتاڵیا لەوەی تریان.

لە باشووری ڕۆژئاوای عەرەبنشینی ئاسیادا بە پێی نووسینە ئەدەبی و مێژووییەکانی عەرەبی چوار ناوچەی سەرەکی لەگەڵ هەندێك ناوچەی بچووکتر جیا کراونەتەوە. ناوی عەرەبیی "شام" ئاماژەی بە هەرێمێك دەدا کە لە کاتی یۆنانی-ڕۆمییەکان بە سووریا ناسراوە. بە زاراوەکانی سەدەی بیستەمەوە ئەو ناوچەیە تەواوی ڕووبەری سووریا و لوبنان و ئوردن و فەلستین و ئیسرائیل و لە پاڵ ئەوانیشدا هەندێك پارچەی تری ئەو ناوچەیەی لە خۆ دەگرت، کە ئێستا تورکیای باشوورە. بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات، مێسۆپۆتامیا بوو کە عەرەبەکان بە جەزیرە ناویان دەبرد و ئێستا باکووری عێراق و چەند بەشێك لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە خۆ دەگرێت. لە باشووری مێسۆپۆتامیادا، عێراقی ناوەڕاست هەبوو کە لە تکریتەوە بۆ کەنداوی فارس هەڵدەکشا و ڕووبەرێکی ئێرانیشی پێوە لکا بوو، کە بە زاراوە کلاسیکییەکەوە عێراقی عەجەمی بوو. نیمچە دوورگەی عەرەبی وەك هەمیشە بە بێسنووری دووبارە دابەش کرابووە. جوگرافیزانانی عەرەبی باس لە دوو ڕووبەری



سەرەکی دەکەن، باکوور، کە ناوەندەکانی لە نێوان حیجاز و نەجدەوە دەگۆڕا و باشووریش کە لە سەر شارستانییەتە کۆنەکانی یەمەنەوە دامەزرابوو.

ئێران تەنیا لە ئەفسانە و ئەدەبیاتدا شوناسێکی هاوبەشی هەیە. بۆ ئامانجگەلێکی ڕاستەقینە، خاکی ئێران دیسان دابەش کرابووە سەر ناوچەی جیاواز بە شێوەیەکی هەستپێکراویش بۆ سەر فارس لە باشووری ڕۆژئاوادا کە یۆنانییەکان بە پێرژیا ناویان دەبرد، خۆراسان لە ڕۆژهەڵات، و سیستان لە باشووری ڕۆژهەڵات. ناوچەکانی تر بە زۆری بە ناوی شارە سەرەکییەکان یان خێڵەکانیان کراونەتەوە. لەوبەر سنوورە دێرینەکانی ئێرانەوە، واتە چیاکانی ئەلبۆرز لە باکوور و ڕووباری سێیحوون لە باکووری ڕۆژهەڵات، هەرێمی نوێ بۆ نیشتەجێبوونی ئێرانییەکان هەبوون.

زمانی عەرەبی بە زۆری هەمان ناوی بۆ ناوچە یان پارێزگا یان پایتەختی خۆی بەکار هێناوە. تا ئەمڕۆش، هەمان وشە بۆ Algiers[٨٥] و Algeria[٨٦] و بۆ Tunis[٨٧] و Tunisia[٨٨] بەکار دێت. لە زمانی کلاسیکی و تا ڕادەیەك لە زمانی هاوچەرخیشدا "شام" هەم ئاماژە بە سووریا و هەم دیمەشق دەدات و میسریش بە میسر و قاهیرە.

هەرچەندە لە ڕوانگەی یۆنانی ڕۆمییەکانەوە شارێك هەبوونی نەبووە، بەڵام چەند ڕووبەرێکی شارستانیی سەرەکی هەبوون کە پەرەیان بە هەستێکی پڕهێزی شوناس داوە. کێبەرکێکردن لە نێوان شارەکاندا بە زۆری لە ئەدەبیاتدا و زۆربەی کات لە تۆنی سووکە توانجێکدا دەربڕاوە. نموونە بۆ ئەم جۆرە چاولێکەرییانە، کێبەرکێ و پێشبرکێیە کۆنەکانی نێوان ئیسفەهان و شیرازی ئێران و دیمەشق و حەلەبی سووریا و موسڵ و بەغدا و بەسرای عێراقن. هەندێك چاولێکەری و دوژمنایەتیی زۆر سەختتر کە هەندێك جار درێژخایەن بوونە، ڕەنگە لە نێوان گوندە هاوسێیەکان لاپەڕی شار و لە نێوان

---

٨٥ شاری جەزائیر.

٨٦ وڵاتی جەزائیر.

٨٧ شاری تونس.

٨٨ وڵاتی تونس.

کەرتە هاوسێیەکانی شارێك سەریان هەڵدابا. ئەم لایەنگری و دوژمنایەتییە هەرێمی و ناوچەییانە هێشتاش لە سیاسەتی سەردەمدا رۆڵێکی مەزن دەبینن. فەلستینی و ئوردنییەکانی میرنشینی هاشمی نموونەیەکی ئاشکران. فەلستین و ئوردن کە ئاماژە بە قەوارەی دەوڵەتی دەدەن، هەردووکیان داهێنانی سەدەی بیستەمن و لە دوو قۆناغدا هاتوونەتە ناساندن، سەرەتا بە هۆی دامەزراندن و پاشان بە هۆی لە ناوچوونی دەسەڵاتی بەریتانی. پێش ئەو کاتە لە هەر دوو کەنارە رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتییەکانی ئوردن، موسوڵمانانی عەرەبی زمان نیشتەجێ بوون و لە لایەن هەمان حوکمەتەوە بەڕێوە دەبردران، جا چ ئەو حکومەتە لە ئەستەمبوڵ با چ لە دیمەشق چ لە قاهیرە چ لە هەر شوێنێکی تر هەڵکەوتبا. هەڵبەتە جیاوازی و کێبەرکییە هەرێمییە هەمیشەییەکانی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات و هەروەها نێوان باکوور و باشوور لە ئارادا بوون، بەڵام لە درەنگانی سەدەی بیستەمدا جیاوازییە هەرێمییەکانی نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵات بە هۆی ئەزموونەگەلی سیاسییی جیاوازی عەرەبەکانی کەرتی رۆژئاوا و کەرتی رۆژهەڵات رەهەندێکی تری وەرگرتووە.

ژیاندنەوەی مێژووی کۆن و لە ئەنجامدا ژیاندنەوەی شوناسی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لە لایەن خودی نەتەوەکانەوە تاوەکو سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێ نەکرد. ئەوەی ئەم مەیلە نوێیەی بۆ رابردوویەکی دوور وروژاند، بیرۆکەی ئەورووپیی تازە-هەناردەکراوەی تایبەت بە زێدی باپیران بوو، بیرۆکەی پێوەندیی نەپساوە و نهێنیی نێوان نەتەوەیەك و ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێن.

ئەم ژیاندنەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە پێوەندیی بە دوو فاکتەرەوە هەبوو: کۆڵنەدانی خودی کەمایەتییە غەیرە موسوڵمانەکان و زانینخوازی و داکۆکیکردنی ئەو بێگانانەی لە ئەورووپاوە هاتبوون. لە دەستپێکی مێژووی هاوچەرخدا تەواوی ئەو شتەی ئەورووپای مەسیحی سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناوین دەی زانی، ئەوە بوو کە لە نووسینەکانی دوو نەتەوەدا هاتبوو- نەتەوەکانی یۆنانی و یەهوودی کە لە کۆندا چالاك بوون و توانیان بیرەوەرییەکان و دەنگیان بپارێزن. موسوڵمانانیش کە نە بەرهەمە کلاسیکییەکان و نە



ئینجیلییان دەخوێندەوە، تەنانەت خراپتر حاڵی کرابوون و بۆ ئەو زانیارییە کەمەی دەیان زانی پشتیان بە دەقە قورئانییەکانی چیرۆکەکانی ئینجیل دەبەست.

بەڵام لە نێوان ئەمانەدا و لە ناو ئەو کۆمەڵگە ئایینییانەدا، کە بە قەد یەهوودییەکان کۆن و کۆڵنەدەر بوون و لە دێرزەمانانێکی دوورەوە ریشەیان داکوتیبوو، بۆ زانیاری سەرچاوەیەکی تری رێتێچوو[٨٩] هەبوو. دوو لەم کۆمەڵگانە، قیبتییە مەسیحییەکانی میسر و زەردەشتییەکانی ئێران و هیندستانن. ئەوان بەرهەمە نووسراوەکانی خۆیان، کە ئەوانی بە باوباپیرانیانەوە گرێ دەدا، بە تایبەتی پاراست. ئەم کۆمەڵگانە ئەو کلیلانەیان بەدەستەوە بوو، کە بە هۆیانەوە لێکۆڵەرەوانی ئەورووپی توانیان قفڵی نهێنییەکانی رابردووی رۆژهەڵاتی ناوینی کۆن بکەنەوە. یەکێك لەم لێکۆڵەرانە یەسوعییەکی ئەڵمانی بە ناوی ئاتاناسیۆس کێرکیەر بوو کە لە ١٦٨٠ کۆچی داوی کرد و یەکەمین لێکۆڵەری سەرەکیی ئەورووپی بوو لە بواری لێکۆڵینەوەکانی قبتی. لە ژێر دەستی قەشە قبتییەکانەوە خوێندی، فێری خوێندنەوەی زمانی کۆنیان بوو، کتێبی رێزمان و فەرهەنگەکانی زمانی قبتی دارشت و بەم شێوەیە یەکەم هەنگاوی پێویستی نا، کە چەند پشت دواتر بووە هۆی دۆزینەوەی مانای هیرۆگلیفی میسری. یەکێکی تر Anquetil Duperron پەیڤزانێکی فەرەنسی بوو کە رێی هیندستانی گرتە بەر و کەوتە بەر دڵی پیاوە ئایینییەکانی پارسی[٩٠] و هەندێك لە نووسینە پیرۆزەکانی زەردەشتییی هەڵچنی کرد و وەری گێڕان و بەم شێوەیەش، لە دەیەکی دواتردا رێگەی بۆ دۆزینەوەی مانای دەستنووسە کۆنەکانی ئێرانی والا کرد.

لە بنەڕەتدا ئەم هەموو پرۆسەیە، یان ئەو شتەی بە ئیجیپتۆلۆژی، ئەسیریۆلۆژی و ئێرانیۆلۆژی[٩١] و بنەما هاوتاکانی تری توێژینەوە لە رۆژهەڵاتی ناوینی کۆندا هاتە

٨٩ ئیحتیمالی، Possible.

٩٠ Parsee یان Parsi کۆمەڵگەیەکی ئایینیی زەردەشتی لە رۆژئاوای هیندستان.

٩١ ئەمانە ناوی دارێژراون و "لۆژی" لە ناویاندا بە مانای زانستە.

ناساندن، بە دەربەستی و بە تەواوەتی زەینی لێکۆڵەرە ئەورووپی و دواتر لێکۆڵەرە ئەمریکییەکانی داگیر کردبوو. دۆزینەوەی ئەم نووسراوە دێرینانەی رابردوو و پاراستن و دۆزینەوەی مانا و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیان، هەوڵ و دەسکەوتێکی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوین بوو، کەچی بۆ ماوەیەکی درێژ هیچ کاریگەرییەکی لە سەر نەتەوەکانی ئەم هەرێمە موسوڵمانە نەبوو، چونکە پەلکێشی رابردوو بتپەرستانەکەی خۆیان نەدەبوون. بۆ ئەوان مێژووی بەرچاو لەگەڵ هاتنی ئیسلام دەستی پێ کرد. ئەوەش مێژووی ئەوان و مێژووی راستەقینە و ئەو مێژووە بوو، کە گرینگیی هەبوو. ئەوەی پێشتر سەردەمێکی نەزانین بوو، سەردەمێکی بێ بەها و بێ بەش لە وانەیەکی رێنیشاندەر.

قوناغێکی نوێ و تێڕوانینێکی نوێ بەرامبەر بە رابردووی نەتەوەیی- دەربڕینێك کە ئەو کاتە بۆ یەکەم جار لەم بەشانەدا مانایەکی بەخشی- لە میسر دەستی پێ کرد و لە دەیەیەکی دواتردا بە ناو وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناویندا بڵاوەی کرد. هەندێك بارودۆخ لە میسر لە بەرژەوەندیی ئەم گۆڕانەدا بوون. یەکێکیان تایبەتمەندیی خودی میسرە وەك وڵاتێك، درزە سەوزەکەی رووباری نیل بە دێلتایەك کە لە هەر دوو لاوە بە بیابان دەورە دراوە، لێك دەکشێتەوە. ئەستەمە وڵاتێکی تر لە جیهاندا هەبێت کە شوناس و جیاوازییەکەی ئەوەندە گرێدراوی جوگرافیا و مێژووەکەی بێت. بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانەی تر، کە تێیاندا سنوورەکان هەم لە رووی جوگرافی و هەم ئیتنیکییەوە لەگەڵ هی دراوسێیەکانیان بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو ئاوێتە دەبوون، بۆ میسرییەکان زۆر ئاسانتر بوو پەرە بە هەستێکی شوناسی میسری بدەن. میسر هەروەها ئەو شتەی  هەبوو کە لەوانەیە نەك تەنیا کاریگەرترین ئاسەوارەکانی کۆن بووبێت، بگرە بەردەستترینیشیان بووە. لە ئێران پێویستە مرۆڤ بچێتە پێرسپۆلیس یان بێستوون، لە تورکیا بۆ بۆگازکۆی، لە عێراق بۆ نەینەوا و شوێنە دوورەدەستەکانی تر کە زۆربەی جار لە رێی گەشتی سەخت و پڕمەترسییەوە دەبێت، کە تەنیا ئۆرێینتلیستەکان[92] پاڵنەریان بۆ ئەنجامدانیان هەبووە. لە میسر کۆمەڵێك لە

---

٩٢ Orientilist.



دەستنووسە هەرە کاریگەرەکانی سەردەمی فیرعەونە کۆنەکان بەردهاوێژێك لە شوێنە سەرەکییەکانی نیشتەجێبوونەوە دوورن. ئاسەوارەکە ئەو شتانە بوون خەڵکەکە دەی توانی بیان بینێت و لە راستیدا لە دیتنیان راهاتووبوو. هەر بۆیەش گەیاندنی پەیامە نوێیەکەی شانازیی نیشتیمانپەروەرانەوە زۆر ئاسانتر بوو.

جگە لە تورکیا میسریش بۆ ماوەیەکی زۆر کراوەترین وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوین بووە بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەوروپا و بەو هۆیەشەوە بۆ کاریگەربوون بە ئەوروپا لە رووی رۆشنبیری و هەروەها سیاسی و بازرگانییەوە. هۆکارێکی تری تا رادەیەك پێوەندیدار ئەوەیە لە سەدەی نۆزدەهەمدا میسر لە ژێر حوکمی دەسەڵاتی خانەدانێکی بە ناو باجسەپێن و فرەوانخوازی جوداخوازدا بوو. لە بەر ئەوەش لە ناو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، کە ئەو کات میسر پارێزگایەکی بوو، مەیلێکی مسۆگەر هەبووە بۆ برەودان بە چەمکی شوناسێکی میسریی سەربەخۆ. لە ١٨٦٨دا شێخ ریفاعەرافی ئەلتەحتاوی، رۆشنبیرێکی میسری کە ساڵانێکی لە فەڕەنسا بە سەر بردبوو، کتێبێکی لە بارەی مێژووی میسر لە سەرەتاکانەوە تاوەکو داگیرکاریی عەرەب بڵاو کردەوە. واتە مێژووەکەی لەو خاڵەدا بە کۆتا هێنابوو، کە تا ئەو کات بۆ مێژوونووسانی عەرەبی ناو میسر دەستپێك بوو. کتێبەکە ئەو مێژووە پێشتری وڵاتی دەگرتەوە کە تا ئەو کات نەزانراو بوو. ئەم کتێبە نەك تەنیا لە پێشکەوتنی مێژوونووسیی میسری، بەڵکو لە وشیاریی خودی میسرییەکانیش سەبارەت بە خۆیان، وەك نەتەوەیەك، چارەنووسساز بوو. ئەمە سەرەتای پرۆسەیەك بوو، کە چەند هەزار ساڵێکی خستە سەر زانیاریی میسرییەکان لە بارەی مێژووی خۆیان و پەرەسەندنێکی خێرای بەدوادا هات، بە چاپکردنی زۆر کتێب، سەرەتا بە وەرگێڕان و پاشان وەك بەرهەمی رەسەن و هەروەها گەشەسەندنی ئیجیپتۆلۆژی لە ناو میسرییەکان و شێوازێکی نوێی گوتنەوەی مێژوو لە قوتابخانەکاندا.

ئەوە هەروەها ئاماژەیەك بوو بۆ سەرچاوەی ئەو شتەی بووەتە گرژییەکی هەمیشەیی لە نێوان دوو کەسێتیی میسریدا، کە یەکێکیان ئیسلامییە و زمان و کولتوورەکەی عەرەبی و مێژووەکەی مێژووی ئیسلامە، و ئەوەی تریان میسری یان وەك دەگوترێت فیرعەونییە کە خۆی نەك بە زاراوەگەلی ئایینی و ناوکۆیی، بگرە بە

زاراوەگەلی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە پێناسە دەکات. ئەمە جۆرێکی نوێ و جیاوازی لایەنگری بوو، کە لە سەر بنەمای هەستێکی نوێ و جیاوازی شوناس بنیات نرابوو.

بە ئاشکرا ئەم دژیەکییە هەڵگری واتاگەلێکی سیاسیی گرینگ بوو. یەکێك لە شوناسەکان، میسری بە ئاراستەی پرسەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و تەنانەت کۆمەڵگەی ئیسلامییەوە راکێشا و شوناسەکەی تر بە ئاراستەی نیشتیمانپەروەرییەکی هەرێمییی بنیاتنراو لە سەر شێوازی رۆژئاوایی. ئەوەی دووەم زۆربەی جار بە میسرپەرستی[٩٣]، یان لە لایەن خەڵکی وڵاتانی عەرەبییەوە بە فیرعەوەنپەرستی[٩٤] ناو دەبردرێت، وشەیەك کە بە مەبەستێکی دوژمنکارانەوە بە کار دێت. وشە عەرەبییەکە "تەفەرعون"ە کە دەقاودەق بە مانای "خۆ بە فیرعەونی نواندن"ە.

ئەم بزووتنەوەیەی میسر سەرەتا دژایەتیی و سەرکۆنە کرا و تەنانەت لە وڵاتانی تری عەرەبی زماندا گاڵتەی پێ کرا. بە شتێکی دەستکرد دەبینرا، بە هەوڵێکی کورتبینانە بۆ خولقاندنی میسرێکی بچووك لە ناو برایەتیی عەرەبی یان ئیسلامیی گەورەتردا. لە لایەن کۆمەڵگەی عەرەبییەوە وەك جوداخوازی و لە لایەن خەڵکانی ئایینییەوە وەك بتپەرستیی نوێ و لە لایەن هەردووکیانەوە وەك شتێکی دووبەرەکیخەر شەرمەزار کرا. سەرەڕای ئەمەش نموونەی میسر لە وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوین کاریگەرییەکی هەبوو. لە رووی رۆشنبیرییەوە میسر بە نزیکەیی پێشکەوتووترین وڵاتی جیهانی عەرەبی بوو کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، نەك تەنیاش لە سەر عەرەبەکان بگرە لە هەر شوێنێك عەرەبی بخوێندرابا و ئەوەش ئەو کاتە لە راستیدا بە مانای تەواوی جیهانی ئیسلامی بوو. تەڤگەڕی هاوشێوە لە ناو نەتەوەکانی تر پەرەیان سەند کە زۆربەی جار ماناگەلێکی لاوەکی و تایبەتمەندیی سیاسیی بەرچاو و تەنانەت هەرێمیشیان هەبوو.

---

٩٣ Egyptianism .

٩٤ Phoaronism .



لە عێراقدا ژیاندنەوە و رابڕدوو گەڕاندنەوەیەکی لێکچوو رووی دا، هەرچەندە لەوێدا ئەمە هێواشتر و درەنگتر لە میسر بوو. عێراقییەکانیش ئیدیعای بابوباپیرانی کۆن و بەشکۆی خۆیان یان لانی کەم پیشینیانی خۆیان، واتە سۆمەری و سریانی و بابیلییەکانیان دەکرد، کە ئەوانیش دەسکردی زەبەن و شکۆداریان بە جێ هێشتبوو، بەڵام لە بەر چەندین هۆکارەوە پێشکەوتنی ئاسەوارزانیی نەتەوەیی لە عێراقدا هێواشتر و درەنگتر بوو لە هی میسر. کاتێکیش عێراقییەکان، ئاشووری و بابلییەکانیان بە بابوباپیرانی شکۆداری خۆیان لە قەڵەم دا، جۆرە شوناسێکی عەرەبیی هەڵگەڕاوەیان لە پاش مردنیان دایە پاڵ و لە جیاتی ئەوەی خۆیان بە ئاشووری-بابیلیی هاوچەرخ دابنێن، بابوباپیرانی خۆیان بە عەرەبە کۆنەکان ناو نا. زمانە کۆنەکەکانی ئاشووری و بابیلییەکان هەرچەندە عەرەبی نەبوون، بەڵام بە پێچەوانەی میسری سەر بە زمانەکانی سامی بوون و ئەم خزمایەتییە یاریدەدەر بوو بۆ هێورکردنەوە، نەك بنبڕکردنی ناکۆکییی نێوان شوناس و مێژووە نەتەوەییەکان. هەندێك لە نووسەرانی عەرەبی هاوچەرخ لە راستیدا ئەوەندە دوور رۆیشتوون، ئیدیعای ئەوە دەکەن هەموو زمانە سامییەکانی کۆن عەرەبین و ئاخێوەرانی ئەم زمانانەش عەرەبن. هەندێکیان هەمان شت دەڵێن، بەڵام بە دوو ریزپەڕەوە، واتە یەهوودی و ئیتیۆپییەکان. ئەم بە عەرەبکردنە پشتاوپشتە رێگەی بە ئاکارێکی تری مێژوونوسیی نەتەوەیی هاوچەرخ داوە. ئەگەر دانیشتووانی عێراق و سووریا و فەلستین و ناوچەی کەناریی ئەفریقای باکوور لە کۆنەوە عەرب بوونایە، کەواتە ئەو شەڕانەی خەلیفەکانی ئیسلام کردوویانە داگیرکاری نەبوونە، بەڵکو شەڕی رزگاری بوون بۆ ئازادکردنی برا عەرەبەکانیان لە ژێر ستەمی ئیمپریالیستە فارس و بیزەنتینییەکان.

لەم ساڵانەی دواییدا و بە تایبەتیش بە بۆنەی لەشەهەژەی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، وروژاندنی سەردەمی کۆن باوتر و پێویستتر بووە. عێراق وڵاتێکی یەکجار پارچەبووەیە. لە رووی ئایینییەوە، دەسەڵاتێکی سوننە حوکم بە سەر زۆرینەیەکی شیعەدا دەگێڕێت و شیعەکان هەرچەندە عەرەبن، هەمان ئایینزای

فارسەکانیان هەیە. لە رووی ئیتنیکییەوە، زۆرینەیەکی عەرەب بە سەر کەمایەتییەکی کورددا زاڵە و زمانی کوردی نە سەر بە عەرەبی و نە سەر بە خێزانی زمانە سامییەکانە، بەڵکو پێوەندیی بە زمانی فارسییەوە هەیە وەك چۆن پورتوگالی پێوەندیی بە ئیسپانییەوە هەیە. چەمکی نەتەوەیەکی کۆنی عێراقی کە بە شێوەیەکی هەرێمی پێناسە کراوە و ریشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دێرزەمان، دەشێ هێزێکی یەکخەرەوەی پرتێن بێت و جێی سەرسڕمان نییە سەرکردە عێراقییەکان زۆربەی جار پەنایان بۆ بردووە. سەرۆك سەدام حوسێن زۆر جار نەبوخوزنوسەری بە قارەمانێکی عێراقی ناو بردووە و بە تایبەتیش لەوەی زۆر دەستوبردانە کێشەی زایۆنی لە سەردەمی خۆیدا چارەسەر کردووە، پەسنی داوە[٩٥].

لە ئێران کە رۆشنبیرە ئێرانییەکان لێکۆڵینەوە و ئەدەبیاتی ئەوروپییان دەخوێندەوە و هەستیان بەوە کرد ئەوانیش رابردوویەکی کۆن و پرشکۆیان هەیە کە دەتوانن خۆیان بە خاوەنی بزانن، ژیاندنەوەکە پتر دوا کەوت. وەك میسر لە ئێراندا رابردووی کۆن لە بیر کرابوو و بە رادەیەکی تەنانەت زیاتریش سڕابووەوە. لە پێرسپۆلیسی پایتەختی کۆنی فارسدا موسوڵمانە داگیرکەرەکان رووی ئەو میدی و فارسانەیان شێواندبوو کە لە سەر دیوارەکان کێشرابوونەوە، چونکە دەربڕینێکی بتپەرستانەیان تێدا دەدیت. تەنیا نزیکترین مێژووی پێش ئیسلام، واتە ئەوەی شایەکانی ساسانی کە پێش داگیرکاریی عەرەبەوە حوکمیان بە سەر ئێراندا دەگێڕا، لە بنەڕەتدا زانراو بوو و ئەوەش هەر بە شێوەیەکی رووکەشیانە و لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا وەرگیرابوو. کۆنترین مێژووی ئێران لە بیر کرابووەوە و تەنانەت ناوی سیروسی٩٦ دامەزرێنەری دەوڵەتی فارسی نەزانراو بوو.

یەکەمین نووسینەکانی هاوچەرخی ئێرانی لە بارەی ئێرانی کۆن، لە سێیەم چارەکی سەدەی نۆزدەهەمدا وەدەر کەوتن و ئەمانەش هێشتا لە سەر ئاستێکی بچووك بوون و

٩٥ ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٩٨دا نووسراوە.

٩٦ Cyrus کە هەندێك کەس بە "کوروش"یش دەیخوێننەوە.



بە تەواوەتی پشتیان بە سەرچاوە رۆژئاواییەکان و بە زۆریش سەرچاوە فەرەنسییەکانەوە بەستبوو. سیروس تا ئەم سەدەیە نەبێت، نەبووە قارەمانێکی جەماوەری ، واتە ئەو کاتەی لە ناو ئەو دوو رۆمانە مێژووییەی یەکێکیان لە ١٩١٩ و ئەوەی تریان لە ١٩٢١دا چاپ کرا، وەك قارەمانێك ناوبانگی دەکرد. پەلکێشبوون بۆ سەردەمی کۆن لە ئێران لە سەردەمی خانەدانی پەهلەویدا کە لە ١٩٢٥ تا ١٩٧٩ فەرمانڕەواییان دەکرد، گەیشتە ترۆپکی خۆی. ئەو زانیارییەی لە بارەی کۆنەوە لە لایەن مێژوونووسە ئێرانییە هاوچەرخەکانەوە بە کار دەهات، بۆ ماوەیەکی درێژ بە تەنیا لە سەرچاوە رۆژئاواییەکانەوە وەرگیرابوو. لە درەنگانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا مێژووەکانی ئێران ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکانیشیان تێهەلکێش کرد و بۆ یەکەم جار لەو ئەفسانە بەجۆشانەوە لایان دا، کە تا ئەو کات تاکە نووسراوەکانی ئێرانی کۆنیان بە زمانی فارسی دابین کردبوو.

باری ئێران تا رادەیەك ناتەبایە. دۆزینەوەی کەلەپوور لەو وڵاتەدا یەکجار درەنگتر لە عێراق و سووریا و زۆر درەنگتر لە میسر رووی دا. لە سەردەمی هاوچەرخدا ئێران، لە رووی ژیاندنەوەی بیرەوەرییەکانی دێرزەمانی خۆی، دوایین وڵاتی سەرەکیی ئیسلامیی بووە لە ناو رۆژهەڵاتی ناویندا. سەرەڕای ئەوەش پاش لەشەهەژەی داگیرکارییەکانی عەرەب، ئێران یەکەم وڵات بووە کە هەستی شوناسێکی جودا و جیاوازی زیندوو کردبێتەوە. لە هەموو وڵاتانی باشووری رۆژئاوای ئاسیا و ئەفریقای باکوور کە لە لایەن عەرەبەکانەوە لە سەدەی حەفتەم و هەشتەمدا داگیر و بە ئیسلامی کران، تەنیا ئێران زمانی خۆی پاراست، کە هەرچەندە تا ئەمڕۆکەش بە ئەلفوبێی عەرەبی دەنووسرێتەوە و وشەگەلێکی بەرچاوی وەرگیراو لە زمانی عەرەبیی تێدایە، بەڵام هەر بەکار دێت. فارسەکانیش تێگەیشتنێکی بەهێزیان هەبوو سەبارەت بە وڵاتی خۆیان، بۆ ئەوان وڵات تەنیا شوێنێك نەبوو بەڵکو شتێکی گەورەتر بوو. ئێران رەنگە قەوارەیەکی سیاسی پێکەوەگرێدراوی وەك میسر نەبووبێت و هەروەها بە گوێرەی واتای هاوچەرخی

وشەکانی نەتەوە یان وڵات، کەمتر لە نەتەوە یان وڵاتێك بووبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بیرۆکە و قەوارەیەك بووە کە سەرەتا لە ناو زاراوە کولتووری و دواتر لە زاراوە سیاسییەکاندا سەری وەدەر ناوە. شانازیکردنی فارسەکان بە زمان و ئەدەبیاتیان بە لای هەر کەسێك کە سەروکاری لەگەڵیاندا هەبووبێت، زانراوەیە. ئەوەش بە تایبەتی لەو داستانە فارسییە مەزنانەی باس لە بەسەرهاتە پڕشکۆ و قارەمانانەکانی ئێرانی کۆن دەکەن، دەربڕاوە. ئەو چیرۆکانەی لە شاهنامە، واتە کتێبی بەناوبانگی فارسی لەبارەی شایەکانەوە هاتوون، لە مێژوویەکی ئەفسانەیی نەك راستەقینەوە وەرگیراون. بەڵام ئەفسانە بۆ بنیاتنان و پتەوکردنی ئەم هەستەی شوناسی نەتەوەیی فارسی لە ناو سنووری ئیسلامیدا سوودی لێ وەرگیراو و دواتر رێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی دەوڵەتانی سەربەخۆ لە ئێران کە لەلایەن خانەدانی موسوڵمان، بەڵام ئێرانییەوە کۆنترۆڵ دەکران و ئەم دەوڵەتانەش ئەو دەربارانەیان هەبوو کە بوون بە ناوەندەکانی کولتووری فارسی و بەمەش ئەفسانە رێگەی بۆ خۆیشی هەموار کرد.

تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەوەی بۆ ئێرانییەکان، هەرچەندە ئەوانیش بەهەمان گڕوتینی زۆری هەر نەتەوەیەکی موسوڵمانی تر باوەشیان بە ئیسلامیاندا کرد، بەڵام شوناسێکی عەرەبییان وەرنەگرت، سەخت نییە. عەرەبەکان ئێرانیان لە فەرمانڕەوایەکی بێگانەوە داگیر نەکرد، بگرە لە ئیمپڕاتۆرییەتێکی گەورەی ئێرانی، واتە لە چنگ شایەکانی ساسانییەوە دەریان هێنا. ئێرانییەکانیش بە پێچەوانەی دراوسێیەکانی دەستی رۆژئاوایانەوە هێشتاش گیرۆدەی بیرەوەرییە خۆش و نزیکەکانی سەربەخۆیی و شکۆمەندی بوون. ئەو وڵاتانەی لە بەری رۆژئاوای ئێراندا بوون، واتە عێراق و سووریا و فەلستین و میسر و ئەفریقای باکوور، هەموویان بۆ ماوەیەکی درێژ پارێزگای ژێردەستی ئیمپڕاتۆرییەتە دوورەدەستەکان بوون و لە رووی حکومەت و یاسا و ئایین و کولتوور و تەنانەت زمان زۆر گۆڕانکارییان بە سەردا هاتوون. پرۆسەی ریشەکێشکردنی رابردووی کۆن هەر خۆی پێش گەیشتنی عەرەبەکان زۆر گەشەی کردبوو.



هیچ کام لەمانە لە ئێراندا رووی نەدابوو و لە بەر ئەوەش جێی سەرسڕمان نییە، کە پاش سەدەیەك یان دووان لە فەرمانڕەواییی عەرەبە موسوڵمانەکانەوە، رابوونێکی کولتووری هاتە کایەوە- ژیاندنەوەی زمانی فارسی و سەرهەڵدانی کولتوورێکی نەتەوەیی فارسیی نوێ کە زمانی عەرەبی یەکجار کاری تێ کردبوو و لەگەڵ رۆحی ئیسلام ئاوێتە کرابوو و سەرەڕای ئەوەش بێ گومان کولتوورێکی فارسی بوو و جیاواز بوو لە کولتووری عەرەبی ئیسلامی لە چەند لایەنێکی گرینگەوە. لە ئەدەبیاتی فارسیی ئەو سەردەمە و تەنانەت لە ئەدەبیاتی عەرەبیی نووسراو لە لایەن فارسەکانەوە، هەستکردنێك بە جیاوازی، واتە هەستی شوناسێکی مێژوویی و کولتووری دەخوێندرێتەوە. شاعیرانی فارس بە شانازییەوە باس لە میراتە دووانەکەیان دەکەن، واتە ئایینی موحەممەد و شکۆی خوسرەوییەکان و ئەوانەی ئێستا قارەمانە ئەفسانەییەکانی ئێرانی کۆنن. ئێرانیان هەندێك جار تەنانەت ورەی ئەوە دەدەنە بەر خۆ ئیدیعای ئەوە بکەن، لە داگیرکەرە تازە پێگەیشتووەکانیان بەرزترن. ئەمە پرۆسەیەك بوو کە لە هیچ شوێنێکی تری رۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی ئیسلامیی ئەفریقای باکووردا، تا کاتی گەیشتنی تورکەکان، هاوتای نەبوو.

بارودۆخی نەتەوەی تورك زۆر جیاوازە لە هی نەتەوەکانی تری هەرێمەکە. تورکەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە، کە لەوێدا پێشتر بووبوونە موسوڵمان، رژانە ناو رۆژهەڵاتی ناوین و داگیرکردن و نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتەی بە تورکیا هاتە ناساندن، تەنیا بۆ سەدەی یازدەهەم دەگەڕێتەوە. تا کاتی گەیشتنی تورکەکان، لە وڵاتدا زمان و کولتووری زۆرینە یۆنانی و ئایینەکەیش مەسیحی بوو و لە سەردەمی خۆپێناسەکردن بە ئاسەواردا هەر هەوڵێکی تورکەکان بۆ ئەوەی خۆیان بە زمان و کولتوورەوە پێناسە بکەن، بە ئاشکرا شتێکی نەکردەنی بوو. هەر بۆیەش تورکە نەتەوەپەرستەکانی هاوچەرخ لە سەروەتری داگیرکەرانی یۆنانیی ئاسیای بچووك و لە دانیشتووانی دێرینی نیمچە دوورگەکەیان روانی و خۆیان وەك جێنشینانی نەتەوەگەلی ئاناتۆلییی پێش یۆنانییەکان[97] و زیاتریش خۆیان بە هیتییەکان[98] دادەنا.

---

٩٧ Pre-Hellenic.

عەرەبە فەلەستینییەکانیش بە شێوەیەکی زۆر هەستیارتر تووشی هەمان کێشە بوونەوە. ئەگەر بهاتباو یەهوودییەکان وەك زۆربەی نەتەوەکانی کۆن لە ناو چووبان، رەنگە فەلستینییەکان خۆیان بە میراتگری ئیسرائیلی کۆن زانیبا، وەك چۆن میسرییەکان میراتگرانی فیرعەون و عێراقییەکان میراتگرانی پاشاکانی بابل بوون، بەڵام یەهوودییەکان لە ناو نەچووبوون و تەنانەت دەشگەڕانەوە و لە بەر ئەوەش فەلستینییەکان لە دانیشتووانی پێش ئیسرائیلییەکان، واتە کەنعانییەکان شەرعییەتی خۆیان وەرگرت. لە سووریا ژیاندنەوەی مەسیحایەتیی ئارامی بە شێوەیەکی زۆر سستر هەمان کێشەی هێنایە ئاراوە. سەردەمێك کولتووری ئارامی بە تایبەتی بە کولتووری مەسیحیی کەمینە و تەنانەت بە کولتووری پارتی جەماوەری سووریا بە سەرکردایەتیی مەسیحییەکانەوە[٩٩] دادەنرا، بە رادەیەك هەر جۆرە ئاماژەیەك بەم کولتوورە وەك کردەوەیەکی گێرەشێوێنانەی سیاسی لە قەڵەم دەدرا. وێ دەچێت ئەم قۆناغە بە سەر چووبێت. ئارامییەکان ئێستا وەك بابوباپیرانی راستەقینەی سووریای سەردەم قبووڵ کراون.

لە لوبنان بۆ ماوەیەك لە نێوان هەندێك لوبنانییدا مەیلێك هەبوو بۆ خۆ پێناسەکردن بەو فینیقییە کۆنانەی بە درێژایی کەنارەی "کەرتی شام"[١٠٠] ژیابوون و لوبنانییەکانی تریش بە توندی دژایەتیی ئەمەیان کرد. بە شێوەیەکی سەرەکی مەسیحییەکان و بە تایبەتیش مەسیحییانی مارۆنی[١٠١] کە بە رۆژئاواییەکان دەچوون، ئەم مەیلەیان هەبوو، چونکە لەم مەیلەدا رێگەیەکیان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە دراوسێ عەرەب و ئیسلامییەکانیاندا دەدیت. ئێستا مەیلەکە پاڵپشتییەکی زۆر کەمی لێ دەکرێت، بەڵام دانیشتووە فینیقییەکانی ئەفریقای باکوور کە شار و

٩٨ Hittites .

٩٩ Christian-led Syrian Popular Party.

١٠٠ The Levant Coast.

١٠١ Maronites .



شارستانییەتی قەرتاجیان[١٠٢] دامەزراند، لە تونس و تا رادەیەکیش لە جەزائیردا هەم بە عەرەب و هەم بە باپیرە قبووڵ کراون. ئەو راستییەی کە زمانی قەرتاجی و فینیقی و کەنعانی وەك زمانی عیبری سەر بە هەمان کەرتە گرووپی زمانە سامییەکانن، بە هیچ شێوەیەك رێگەی لەم شرۆڤانە نەگرت.

بیرۆکەی پێوەندییەکی قووڵ و بێکۆتا لە نێوان نەتەوەیەك و ئەو وڵاتەی تێیدا نیشتەجێن، پێوەندییەك کە لەگەڵ گۆڕانی کولتوور و زمان و تەنانەت ئایینیش نەپساوە، شتێکی نامۆ و قبووڵکردنی سەخت بووە، بەڵام پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە دیوە و لە شوێنی چاوەڕواننەکراودا سەری هەڵداوە. لە ١٩٧١دا کاتێك شای ئێران جەژنێکی گەورەی بە بۆنەی بیرەوەریی ٢٥٠٠مین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی رژێمی شاهانە فارسی لە سەر دەستی سیرووسی مەزن لە پێرسپۆلیس سازدا، لە سەر بنەمای ئایینیی ئیسلامییەوە بە توندی رەخنەی لێ گیرا. پەسندانی رژێمی شاهانە بە رادەی پێویست ناپەسەند بوو، بەڵام لەوە خراتر راگەیاندنی شوناسێکی هاوبەش بوو لەگەڵ رابردوویەکی کافرانە و لە ئەنجامدا پێناسەکردنەوەیەك لە سەر بنەمای دڵسۆزی. بۆ رەخنەگرانی ئایینیی شا ئیسلام شوناسی ئێرانییەکانی پێناسە کردبوو و برایانیان موسوڵمانانی وڵاتانی تر بوون، نەك بابوباپیرانی بێ دین و گومڕای خۆیان. شۆڕشی ئیسلامی کۆمەڵە گۆڕانکاریی سەرنجڕاکێشی بە سەر ئەم بابەتەدا هێنا.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا مەسیحییەکی عەرەبی زمانی کەلیسەی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی لە دیمەشق لە بارودۆخی جیاوازدا خۆی بە تاکێکی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها بە ئەندامێکی کەلیسەی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی پێناسە دەکرد. ئەگەر پێناسەیەکی هەرێمی پێویست بووایە، ئەو خۆی بە دیمەشقی ناو دەبرد. ئەگەر زمانێکی رۆژئاوایی زانیبا و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی رۆژئاواییدا هەبووایە رەنگە تەنانەت خۆی بە سووری ناو بردبا، هەرچەندە ئەمە ڕێی تێ ناچێت. هەرچەندە ئەو بە

١٠٢ Carthage.

عەرەبی دەدوا، لە هیچ هەلومەرجێکدا خۆی بە عەرەب ناو نەدەبرد. لەو کاتەوە بارودۆخی بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕاوە. ئەگەر پاسپۆڕتێکی هەبێت، پاسپۆڕتەکەی نەك وەك پێشوو بە تاکێکی ئیمپڕاتۆرییەتێکی فرەلایەنی فرەزمان، بەڵکو بە کەسێکی سووری وەسفی دەکات، بە هاوولاّتییەکی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کە بە فەرمی بە "کۆماری عەرەبیی سووریا" ناو دەبردرێت. ئەو کەسە بە ئایین ئۆرسۆدۆکس و ئەندامی کەمینەیەکی بە تەواوەتی ئایینییە و یەکسانییەکی تیۆریی تەواوی لەگەڵ زۆرینەدا هەیە و لە بەر ئەوەش هیچ لێبووردن و پارێزگارییەکی زیمییانەی نییە. ئەو بە زمان و کولتوور عەرەبێکە کە هەستێکی بەتین، بەلاّم بە جیاوازی پێناسەکراوی هەیە بۆ شوناسێکی هاوبەش لەگەڵ ئەو خەڵکانەی لە ولاّتانی تردا دەژین و سەر بە هەمان زمان و کولتوورن.

تەنانەت لە میسردا کە بە نزیکەیی هاونەژادترین و یەکگرتووترین ولاّتی عەرەبی زمانە، ئاستی جیاوازی شوناس هەن. موسوڵمانێکی قاهیرەیی رەنگە لە بارودۆخی جیاوازدا خۆی وەك میسرییەك پێناسە بکات، کە شانازی بە شکۆی چەندین هەزار ساڵەی ولاّتەکەی دەکات کە مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەونەکانی کۆن، یان وەك عەرەبێك، کە خۆی بە خاوەنی شوناسێکی هاوبەش لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی بێ رەچاوکردنی ولاّت و نەژاد یان ئایینیان هاوبەشن لە زمان و کولتووری عەرەبی یانیش وەك موسوڵمان خۆی پێناسە بکات، کە موسوڵمانانی تری ئەوەندە دووری ناو بەنگلادێش و ئیندۆنێزیاش بۆ ئەو بران، لە کاتێکدا دراوسێیە زۆر نزیکە قبتییەکانی کە بێشك بە رەچەڵەك میسری و بە زمان و کولتوور عەرەبن، بەلاّم مەسیحین، برا نین. مێژووی هاوچەرخی میسر ئاوێنەی کارلێککردنی ئەم شوناسانە و گەشەکردن و نەمانی ئەو ئایدیۆلۆژییە جیاوازانەیە کە ئەم شوناسانە دەیان وروژێنن.

لە ولاّتانی تر کە جیاوازییەکان زۆرترن، بە هەمان رادە شوناسەکانیش ئاڵۆزترن. لە شانشینی و دواتر کۆماری عێراقدا کە یەکێك لە دەوڵەتانی جێگرەوەی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بوو، هاوولاّتییەك رەنگە خۆی بە هەرێمەوە پێناسە بکات.



موسڵ و بەغدا و بەسرا، ئەو سێ ویلایەتەی عوسمانی کە دەوڵەتی عێراقیان پێك هێنا، دابونەریتی ناوچەیی کۆن و چەسپاو و جیاکراوەیان هەبوو. هاوولاّتییەکە رەنگە بە ئیتنیکییەوە پێناسەکە بکات، واتە بە عەرەب یان بە کورد، ئەوەی دووەمیان رەچەڵەکی لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، یەکەمیان پێوەندییی لانی کەم سۆزیی لەگەڵ ولاّتانی عەرەبیی تردا هەیە، یان بە ئایین پێناسەکە بکات، بە موسوڵمان یان مەسیحی، یەکەمیان دابەش بووەتە سەر سوننی و شیعە و دووەمیان بە سەر نەستووری و ئاوێتەکاندا[١٠٣]. کەمینەی یەهوودی لە راستیدا نەماوە.

هەڵبژاردنی فەلستینییەکان لە هەمان کاتدا زەقتر و لێڵتر بوو. ناوچەی دەسەلاّتی فەلستینی وەك هی عێراق و سووریا لە سەر پارێزگاکانی پێشووی عوسمانییەوە دامەزرا و سنوورەکانی لە لایەن دەسەلاّتدارانی فەرماندەرەوە، کە پێکەوە یان سەربەخۆ کاریان دەکرد، دیاری کرابوون. وەك سووریا و بە پێچەوانەی عێراق ناوچەی دەسەلاّتی فەلستینی دابەش کرایەوە. لە سووریا فەڕەنسییەکان کۆمارێکی سەربەخۆی لوبنانیان دامەزراند، کە هەرێمە کوێستانییە ئۆتۆنۆمییەکەی کۆنی لە پاڵ هەندێك ناوچەی زێدەکی لە خۆ دەگرت و ناوی سووریایان بۆ بەشەکانی تر هێشتەوە. لە فەلستین بەریتانییەکان فەلستینی ترانسجوردنیان[١٠٤] جیا کردەوە کە بووە میرنشینییەکی عەرەبی و پاشان شانشینییەکی ناسراو بە ترانسجوردن و پاش ئەوە گۆڕا بۆ جوردن و ناوی فەلستینیان بۆ ناوچەکانی سیسجوردن[١٠٥] هێشتەوە. ئەو جیاوازییەی لە ئەنجامدا لە نێوان "فەلستینی" و "ئوردنی"یەکاندا هاتە کایەوە، مێژوویی و ئایدیۆلۆژییە نەك نەتەوەیی و جوگرافی. فەلستین و ئوردن هەردووکیان لە سەرەتای سەردەمی عەرەبدا ناوی پارێزگا بوون و مەبەست لێیان فەلستینی یەکەم و

١٠٣ Uniates.

١٠٤. Transjordan Palestine.

١٠٥ Cisjordan، وشەیەکی نیولاتینییە و بە مانای "ئەمبەر رووباری ئوردن"ەوە دێت.

فەلستینی دووەمی سەردەمی رۆمییە لە ناوچووەکان بوو، بەلام هەردووکیان لە دەریاوە بۆ ناو بیابان هەلدەکشان و هێلّ (نەك سنوور)ی نێوانیان ئاسۆیی بوو، نەك ئەستوونی. لەم سەدەیەدا هەر دوو ناوەکە لە هەر دوو لای رووباری ئوردندا بە کار هاتووە. لەوەتەی بەکۆتاهاتنی دەسەلاتی بەریتانی لە ١٩٤٨دا مەبەست لە شوناسی ئوردنی دلسۆزی بووە بۆ شانشینیی هاشمی، ناوی "فەلستین"یش مانای خواستنی دەولەتێکی فەلستینیی وەرگرتووە- بۆ هەندێك کەس لە پالّ ئیسرائیل و بۆ ئەوانی تر وەك جێگرەوەی ئیسرائیل. ئەمرۆکە جیاوازییەکانی نێوان ئوردنی و فەلستینییەکان تێکەلەیەکە لە تایبەتمەندییەگەلی هەرێمیی کۆنباو و ئەزموونی نزیك و تازە و هەلّبژاردنە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان.

هەندێك جار ژیاندنەوەی رابردووە جیاوازەکان دەشێ لە دلسۆزی و تەنانەت شوناسیشدا ناکۆکی بوروژێنێت. تا ئەو کاتەی میسرییەکان هەستیان بە دۆزینەوەکانی ئیجیپتۆلۆژی نەکرد، هەر هەموو ئەو شتەی سەبارەت بە فیرعەون دەیان زانی، ئەوە بوو لە قورئان فێری بووبوون و وێنەی فیرعەون لە قورئاندا بە نزیکەیی هەمان ئەو وێنەیە لە تەوراتدا هەیە. بۆ موسولمان و هەروەها بۆ مەسیحی و یەهوودییەکان فیرعەون نموونەی رەسەنی زۆرداری کافر و چەوسێنەر بووە، بەدزاتەکەی ئەو چیرۆکە بووە کە قارەمانانەکانی بەنی ئیسرائیل، واتە مندالانی ئیسرائیلن. بەلام تێهەلکێشکردنی دۆزینەوەکانی ئێجیپتۆلۆژی لە ناو کتێبە مێژووییەکانی قوتابخانەکانی میسر، وێنەیەکی تازەی فیرعەونی پێشکەش بە تێکرای میسرییەکان کرد- قارەمانی رابردووی درەوشاوە و پرشکۆی ولاتەکەی کە سەرچاوەیەکی رەوایە بۆ شانازییەکی نەتەوایەتیی. دوو وێنەکان- فیرعەونەکەی ناو کتێبەکانی قوتابخانە و فیرعەونەکەی ناو قورئان- بە ئاشکرا لەگەلّ یەکتر ناگونجێن و کاتێك میسرییەکان خۆیان لە شەڕ لەگەلّ مندالانی ئەمرۆی ئیسرائیلدا دۆزییەوە، ناکۆکییەکە گەورەتر بوو. بۆ موسولمانی خواناس بەنی ئیسرائیلەکەی ناو چیرۆکە قورئانییەکەی کۆڕەو پێوەندییەکی کەم یان هیچ پێوەندییەکی نییە لەگەلّ یەهوودییەکان، کە لە سەردەمی پەیامبەر و هەروەها ئێستاکەش بەو ناوە



ناسراون. بەنی ئیسرائیلییەکان شوێنکەوتووانی پیامبەر مووسا بوون، یەکێك لەو زۆر کەسانەی پێش پەیامبەر موحەممەدەوە هاتوون و بەم شێوەیە بەنی ئیسرائیل بەشێك بوون لە زنجیرەی ئەو ئایینانەی ئیسلامیان پێك هێنا و لەو زنجیرەیەدا ئەرکی موحەممەد دوا ئالّقە بووە. کاتێك بکوژە لەخوابترسەکەی سەرۆك سادات بە شانازییەوە گوتی "من فیرعەونم کوشتووە"، بە ئاشکرا مەبەستی فیرعەونی ناو ئەدەبیاتی ئایینیی کۆن بووە، نەك فیرعەونە نوێیەکەی نیشتیمانپەروەریی میسری. گرژیی نێوان رابردووە جیاوازەکانی میسر بەردەوامە.

هەندێك جار کێشەکە ولاتێکی خاوەن دوو رابردوو نییە، بگرە یەك رابردووە کە دوو ولات بە هی خۆی دەزانن. لە ماوەی شەڕە نێوان عێراق و ئێران لە ١٩٨٠بۆ ١٩٨٨ لە پڕۆپاگەندەکانی هەر دوو لادا زۆر جار ئاماژە بە شەڕی قادسییە دەدرا، کە لە سالی ٦٣٥ یان ٦٣٧ی زایینی رووی دابوو. لە ناو سەرچاوە رەسەنەکاندا مێژووە راستەقینەکە ناکۆکە، بۆیە ئەو دەمە بووە کرۆکی شەڕەکە. سەبارەت بە رەوتی رووداوەکان هاوڕاییی گشتی هەیە. سوپایەکی موسولمانی عەرەب لە عەرەبستانەوە رووبەرووی سوپای شای ساسانی بووەتەوە و سەرکەوتنێکی مەزنی تۆمار کردووە و رێگەی بۆ داگیرکردن و بەئیسلامیکردنی فارس والا کردووە. بۆ سەدام حوسێن ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنی عەرەب بووە بە سەر فارس و بۆ عێراقییەکان لە شەڕەکەیاندا دژ بە ئێراندا سەرچاوەیەکی شانازیی نەتەوایەتی و دلگەرمییەك بووە. بۆ ئێرانییەکان ئەوە گرینگ نەبووە موسولمانەکان عەرەب بوونە و فارسەکانیش بێ دین، قادسییە رووداوێکی پیرۆز بووە، سەرکەوتنی ئایینی راستەقینە بووە بە سەر بێ دینی کە ئەمەش رێخۆشکەر بووە بۆ بەئیسلامکردنی ئێران و نەتەوەکانی. بۆیە هەر دوو لا بە رەوایی و بەشانازییەوە دەیان توانی قادسییە بە سەرکەوتنێك لە قەلەم بدەن، ئەمەش بە گوێرەی شێوازی پێناسەکردنیانە بۆ لایەنەکانی بەشدار لەم شەڕە دێرینە و ئەوانی بەشدار لە شەڕە هاوچەرخەکەدا.

جەنگی نێوان عێراق و ئێران بە شێوەیەکی سەرنجراکێش سستیی بانگەوازە ئیتنیکی و تایفییەکان و رەنگە بێهێزی دلسۆزیی نیشتیمانپەروەرانەش بسەلمێنێت.

ئەو کاتەی عێراقییەکان هێرشیان کردە سەر ئێران چاوەڕێ بوون جەماوەری عەرەبی زمانی پارێزگای خوزێستانی ئێران بەخێرهاتنیان بکات. ئەو جەماوەرە وایان نەکرد و دڵسۆزیی ئێرانیی خۆیان پاراست. کاتێك ئێرانییەکان لە بەرامبەردا هێرشیان برد، ئومێدەوار بوون جەماوەری مەزنی شیعەی عێراق پشتیوانی لە بزووتنەوەی کۆماری ئیسلامیی شیعە بکات. هەندێك لەو جەماوەرە لە راستیدا کاردانەوەیان نواند، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری شیعەکانی عێراق بە وڵاتەکەی خۆیان وەفادار مانەوە.

لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناویندا، نەك تەنیاش لە ناو نەتەوەگەلی دێرینی وەك ئێران و میسردا، بگرە تەنانەت لە ناو هەندێك لە نوێترین و دەسکردترین نەتەوەکانیشدا، خەریکە جارێکی تر دەوڵەت دەبێتەوە تیشکۆی سەرەکیی دڵسۆزیی سیاسی و شوناس. جیهانی عەرەبی، وەك ئەمریکای باشوور کە لە هەندێك رووەوە لێی دەچێت، لە ژمارەیەکی گەورە دەوڵەتی سەربەخۆ پێك هاتووە. دەوڵەتەکان لە زۆر لایەن- لە زمان و کولتوور و ئایین و کۆمەڵگە و مێژوو و چارەنووس- دا هاوبەشن. بە هەمان شێوەی ئەمریکای باشوور پاش وردوخاشبوونی ئیمپڕاتۆرییەتەکان، ئەو ساتە هات کە بتوانن یەکێتییەکی گەورەتر پێك بێنن، بەڵام پێکیان نەهێنا و ساتەکە بوورا. لە زمان و کولتووردا، گەشەی خوێندەواری و پێشکەوتنی پێوەندیکردن بێ گومان یەکێتییەکی مەزنتر بەرهەم دێنێت. لە سیاسەتدا وێ دەچێت چارەنووسیان چارەنووسی دەوڵەتێکی سیاسیی سەربەخۆ بێت، واتە سەربەخۆییی نەتەوەیی. ئەو هێڵانەی سەربازان و فەرماندارانی داگیرکەر و دیپلۆماتە ئیمپریاڵەکان بە سەر نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەفریقای باکووردا کێشاویانن، دەقیان بەستووە و دەسەڵاتیان بۆ سنووردانان و دابەشکردن لەوانەیە تا کاتێکی تر بەردەوام بێت.



# بەشی پێنجەم

## نەتەوە[١٠٦]

وشەی نەتەوە تەنانەت لە ئینگلیزیشدا کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بە سەردا هاتووە. یەکەمین پێناسە لە کۆمەڵە پێناسەیەکی ناو فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرد بەم شێوەیە نەتەوە ڕاڤە دەکات " نەژاد یان خەڵکێکی جیاواز کە بە رەچەڵەك و زمان یان مێژوویەکی هاوبەشەوە جیا دەکرێنەوە کە بە زۆری فۆڕمی دەوڵەتێکی سیاسیی سەربەخۆیان وەرگرتووە و ناوچەیەکی دیاریکراویان داگیر کردووە". ئەمە لە رابردوودا هەمیشە وا نەبووە و لەم سەردەمەشدا هەر بەم شێوەیە نەماوەتەوە. لە زانکۆکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، "Nations" ئەو بەشانە بوون کە قوتابییانی سەر بە رەچەڵەکی جۆراوجۆر، بە گوێرەی شوێنی رەسەنی خۆیان، تێیاندا دەمانەوە. لە ناو ئەمانەشدا رەنگە پارێزگاکانی سەر بە هەمان وڵات هەبان. لە زمانی ئەمریکیی هاوچەرخدا نەتەوە زێدەمانایەکی روون و ئاشکرا، مانای ناوچە و سەربەخۆییی وەرگرتووە. هەر بەم مانایەشیەوە، وشەی نەتەوە لە "کۆمەڵەی نەتەوەکان" و "نەتەوە یەکگرتووەکان"دا بەکار هاتووە. دەوڵەتێکی تازە سەربەخۆبووە، بێ رەچاوکردنی ئەوەی چۆن پێك هاتووە و شوناسی نەتەوەییی چەند کۆنە، لەوانەیە بە "نەتەوەیەکی نوێ" وەسف بکرێت. ئەو ئەمریکییەکانی بەنیازن بە ئۆتۆمبێل لە نیویۆرکەوە بۆ کالیفۆرنیا سەفەر بکەن، تەنانەت دەڵێن "لەوسەر بۆ ئەوسەری نەتەوە لێ دەخوورن"، قسەیەك کە بۆ بیسەری ئینگلیزەوە بیرۆکەی ناحەقییەکی گەورە دەرحەق بە ژمارەیەکی زۆر خەڵك دەگەیەنێت.

١٠٦ Nation .

لە جیهانی رۆژئاوادا ئەو بیرۆکەیەی کە سەربەخۆییی نەتەوەیی و بەدەوڵەتبوون هەمان شتن یان پێویستە هاوتا بن، ئەوەی کە دەبێت لایەنگری بۆ نەتەوە و دڵسۆزی بۆ دەوڵەت یەك بگرنەوە و ئەگەر وا نەبوون، ئەمە هەڵەیەکە پێویستە چارەسەر بکرێت، بەرەبەرە قبوڵ کراوە و جێی کردووەتەوە. بە گوێرەی بۆچوونی سەردەمیانەی زاڵ، نەتەوەیەك کە سەربەخۆییی نەتەوایەتیی خۆی لە بەدەوڵەتبووندا دەرنەبڕیبێت، بە شێوەیێك بێبەشکراوە و دەوڵەتێك کە نەتەوایەتی نەبێت و تەنیا خانەدانی یان ئیمپراتۆری بێت، لە بنەڕەتدا کەموکوڕیی هەیە و لە دواییدا لە ناو دەچێت.

لە بەرژەوەندیی ئەم بەرهەڤدانە، وشەی نەتەوە بە بێ مانا زێدەکییەکانی ناوچە یان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەکار دەهێنرێت. لەم رووەوە، نەتەوە بە مانای کۆمەڵێك خەڵکە کە بە زمانێکی هاوبەش و باوەڕ بە رەچەڵەك و مێژوو و چارەنووسێکی هاوبەشەوە پێکەوە گرێ دراون. مەرجیش نییە بەڵام ئەوان بە زۆری لە ناوچەیەکی نزیك لەیەکتر نیشتەجێ دەبن و زۆربەی کات سەربەخۆییەکی سەروەرانەیان بە ناوی خۆیانەوە هەیە و ئەگەر نەیان بێت هەوڵ دەدەن، دەستەبەری بکەن. ئەم پێناسەیە تێگەیشتن لە پەرەسەندنی سەربەخۆییی نەتەوەیی لە ناو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساناتر دەکات. بۆ ئەم مەبەستە، رەنگە چاوگێرانێکی ورد بە سەر زاراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بەسوود بێت.

تەوراتی عیبری بە گشتی چوار وشە بەکار دێنێت کە لە دەقی جۆراوجۆردا رەنگە بە نەتەوە یان خەڵك وەربگێڕدرێن: Lĕom و Umma و 'am و Goy. هەر چواریان بە مانای نەتەوە و خەڵك بەکار هاتوون، هەر چواریان، بە لەخۆگرتنی دوا وشەش، بۆ یەهوودییەکان و بۆ دراوسێیەکانیشیان بە کار هاتوون. بەم شێوەیە لە بەندە بەناوبانگەکەی کۆڕەودا (١٩:٦) کە بە مندالانی ئیسرائیل دەگوترێت "شانشینێك لە قەشەکان و نەتەوەیەکی پیرۆز"یان لێ دەکەوێتەوە، ئەو وشەیەی بە نەتەوە وەرگێڕدراوە Goyیە. دواتر لە زمانەکەدا شێوەی کۆی Goyim بە کار هات بۆ نەتەوەکانی بەدەر لە ئیسرائیل و لە بەر ئەوەش بۆ جێنتایلەکانیش[١٠٧] - وشەیەك کە بە پەرەسەندنێکی واتاییی لێکچوودا تێ

١٠٧ کافر.



پەڕی. لە عیبریی هاوچەرخدا وشەی Lĕom رێگەی داوە بە دەرکەوتنی وشەی Lĕumi واتە نەتەوەیی وەك لە Bank Lĕumi، واتە بانکی نەتەوەیی و تەنانەت وشەی Lĕumanut بە واتای نەتەوەپەرستی. هەڵبەتە ئەمانە زاراوەی رۆژئاواییی خوازراوەی وەگێڕدراون. لە سەر کارتی پێناسە، کە هەر ئیسرائیلییەکان پێویستە لەگەڵ خۆیدا بیگێڕێت، هەم بە عیبری و هەم بە عەرەبی، واتە دوو زمانە فەرمییەکەی دەوڵەت، دوو هێڵ بۆ پێناسەکردنی شوناس هەن. یەکەمیان هاووڵاتیبوونە ( بە عیبری Ezrahūt و بە عەرەبی جنسییە) کە بۆ هەموو هاووڵاتیانی دەوڵەتەکە هەمان شت واتە ئیسرائیلییە. هێڵەکەی تر کە بە عیبری Lĕom و بە عەرەبی قەومییەی لە سەر نووسراوە بە روونی بە مانای نەتەوایەتیی ئیتنیکییە، کە بۆ بەشی هەرە زۆری هاووڵاتیانی ئیسرائیلی وشەی بەرامبەری هەمیشە یان یەهوودی یان عەرەبە.

زاراوەی قەومییە ئێستاکە بە شێوەیەکی باو لە زمانی عەرەبیدا بەکار دێت و بە تایبەتی لە روانگەی بزووتنەوەی سیاسیی عەرەبەوە مانای زێدەکیی نەتەوایەتیی ئیتنیکی یان نەتەوەپەرستی دەبەخشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە رەچەڵەك وشەیەکی تا رادەیەك نوێیە و لە مانادا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە. ئەو وشە کلاسیکییانەی عەرەبی کە ئاماژە بە شوناسی کۆمەڵ دەدەن، بریتین لە ئوممە و میللە. هەردووکیان وشەی هاوتایان لە عیبری و ئارامیدا هەیە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە وشەی وەرگیراو لەو زمانانەن. هەر دوو وشەکە لە قورئاندا هاتوون. وێ دەچێت ئوممە مانایەکی تری نەبێت جگە لە کۆمەڵە خەڵکێك، بەڵام کۆمەڵێکی پێناسەکراو بە رەچەڵەك و زمان و ئایین و کردار و بابەتی تر. وشەکە رەنگە ئاماژە بە کۆمەڵگە گشتییەکان بدات یان بە کەرتە گرووپەکانی ناو ئەم کۆمەڵگانە، بۆ نموونە خواناسان[١٠٨] ( ٣:١٠٩ و لاپەڕەکانی دواتری، ٥:٧٠، ٧:١٥٩). لە ژمارەیەك لە ئایەتەکاندا وشەکە تەنانەت بۆ جن یان جنۆکەکان بەکار دێت (قورئان ٧:٣٦، ٤١:٢٤، ٤٦:١٧) و لە یەکێك لە ئایەتەکاندا بۆ هەموو بوونەوەرە زیندووەکان (٦:٣٨). لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام ئوممەی عەرەبەکان بووە ئوممەی موحەممەد، کۆمەڵگەیەکی بە ئایین پێناسەکراو کە عەرەبی بێ دینی لێ بڕێردرابوو و غەیرە عەرەبەکان بە

١٠٨ Righteous.

بڕواهێنان دەیان توانی بچنە ناوی. لەم جۆرە بەکارهێنانەی زاراوەکەدا، یەهوودی و مەسیحی و خەڵکانی تر هەریەکەو ئوممەی تایبەت بە خۆی هەبوو.

سەرەڕای ئەم پێناسەکردنەوە ئایینییەی کە بەرە بەرە قبووڵ کرا، ئۆممە بە واتا کۆنترە ئیتنیکییەکەی هەر بەکار دەهاتەوە. زۆر دەق لە عەرەبیی کلاسیکدا هەن، کە بەراوردی نێوان لێهاتوویی و کەموکوڕییەکانی "ئۆممە" جیاوازەکان دەکەن. ئەو کۆمەلانەی باسیان لێوە دەکرێت هەندێك جار ئیتنیکین: عەرەب و فارس و تورك، هیندی و چینی، ئەفریقی و ئەوروپی، و هەندێك جار ئایینین: یەهوودی و مەسیحی و زەردەشتی. زۆربەی جار مەبەستی نووسەر ڕەنگە تەنانەت بۆ خۆیشی روون نەبێت. کە باس لە "فارسەکان"دەکات، ئاخۆ مەبەستی ئەو شوێنکەوتووانی ئایینی کۆنی فارسییە یاخۆ فارسە موسوڵمانەکانی سەردەمی خۆیشی بەگەڵ داون؟ کە باس لە "عەرەبەکان" دەکات، ئاخۆ مەسیحییەکانیشی بەگەڵ داون؟ ئەم پرسیارانە بە شێوازی جیاواز وەڵام دراونەتەوە. لە زمانی فارسی و تورکیدا کە زاراوەی ئوممە و زۆر زاراوەی تر لە قورئان وەرگیراون، وشەکە زێدەمانایەکی ئایینیی بێگەردی هەڵگرتبوو و ئێستاکە کەم بەکار دێت. لە زمانی عەرەبیی هاوچەرخدا وشەکە زێدەمانا نەتەوەییەکەی پێشووی وەرگرتووەتەوە و بە ڕادەیەکی زۆر لە بازنەی نەتەوەپەرستانە، لە باسی نەتەوەیەکی عەرەبیی مەزنتر بێ جیاوازیکردن لە سەر بنەمای وڵات و ئایین بەکار دێت. بەڵام زێدەمانایە ئایینییەکە بەخۆ بەو لێڵییە مسۆگەری بە دواییدا دێت، بە شێوەیەکی سەرەکی، بەڵام نەك بە تایبەتی لە باسی ئایینیدا هەر ماوەتەوە.

وێ دەچێت وشەی میللە ئاراستەی پێچەوانەی گرتبێتە بەر. زۆر جار لە ئینجیلی عیبریدا بە مانای "وشە" یان "وتە" هاتووە. لە سەر شێوەی Milta یان Mellta لە دەقە کۆنەکانی یەهوودی و ئارامیی مەسیحیدا بە هەمان واتاوە بە کار هاتووە. لە هەندێك لە دەقە مەسیحییەکاندا وەك هاوواتای وشەی Logosی یۆنانی دێتە بەر چاو. لە قورئاندا وشەکە بە مانای کۆمەڵێکی ئایینییە، کە ڕەنگە ئاماژە بەو کەسانە بدات بە شێوەیەکی دیاریکراوەوە شوێنکەوتووی کەلامی خوان، ئەمانەش یەهوودی و



مەسیحی و شوێنکەوتووانی پیامبەرە کۆنەکانی تر و تەنانەت بتپەرستانیش دەگرنەوە. وشەکە بە شێوەیەکی زۆر تایبەتیتر بۆ "ئایینی ئیبراهیم" (Millat Ibrāhīm) بەکار هاتووە، کە لە لایەن ئەو باپیرەوە دامەزرا و بە کۆمەڵێك پیامبەری یەك لە دوای یەك نوێ کرایەوە و لە سەر دەستی موحەممەدی پیامبەرەوە گەیشتە دوا پلەی تەواوەتی. لە زمانی عەرەبیی کلاسیکدا وشەکە بە مانای کۆمەڵگەیەکی ئایینییەوە بوو، بە شێوەیەکی سەرەکیش بەڵام نەك بەتەواوەتی، مەبەست لێی کۆمەڵگەی ئایینیی ئیسلام بوو. ئێستاکە میللە لە زمانی عەرەبییدا ئیتر بەکار نایەت.

لە زمانی هاوچەرخی فارسی و تورکیدا کە وشەی میللەت لەگەڵ وشەکانی تری زمانی عەرەبی وەرگیراوە، وشەکە مانای تەواو نوێی وەرگرتووە. وشەی Millatی فارسی و Milletی تورکی بۆ ماوەیەکی درێژ بە مانا قورئانییەکەی کۆمەڵگەیەکی ئایینییەوە بەکار دەهاتن. لە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا لە ڕاستیدا میللەت ئەو وشە تەکنیکییەکە بوو، کە بۆ کۆمەڵگە ئایینییە بە فەرمی دانپێدانراوەکان بە کار دەهات و ئەمەش موسوڵمانان، کە هەندێك جار بە "میللەتی دەسەڵاتدار" (Millet-I Hakime) ناو دەبردران و ئۆرسۆدۆکس و ئەرمەنی و یەهوودییەکانی دەگرتەوە. دواتر هەندێك پۆلێنی تری مەسیحی زیاد کران. وشەکە بە مانایەکی لێکچوو لە ئێرانیش بەکار دەهات. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەگەلی نەتەوەپەرستانەی هاوچەرخ لە هەر دوو وڵاتدا Millet زیاتر بووە وشەیەك بە مانای نەتەوە و Milli مانای نەتەوەیی و Milliyet واتای نەتەوەپەرستی دەدایەوە و لە تورکیدا Milliyetçe بە مانای نەتەوەپەرست بوو. لە زمانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانییی لە ناوچوودا بەینولمیلەل (واتە لە نێوان میللەتاندا) وەك هاوواتای زاراوەی ڕۆژئاواییی "ناونەتەوەیی"[١٠٩] بەکار دەهات. لە تورکییی هاوچەرخدا وشەی Uluslararasiی وەرگیراو لە Ulus کە زاراوەیەکی ئاتلانتیکییە بۆ خێڵێکی گەورە، جێی بەینولمیلەلی گرتووەتەوە.

---

١٠٩ نێودەوڵەتی. International

باسەکانی تایبەت بە ئیتنیك لە ئەدەبیاتی کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە زۆری لە چوارچێوەی ڕەچەڵەك یان کار- واتە لە چوارچێوەی خێڵ یان کۆیلەکانە. زۆربەی کات هەردووکیان پێکەوە گرێدراون چونکە زۆرێك لە کۆیلەکان بە خێڵی ڕەچەڵەکیانەوە پێناسە دەکرێن. بەشی زۆری گوتەکانی تایبەت بە جۆر و جیاوازیگەلی ئیتنیکی لەو شتەدا کە دەکرێت بە ڕێنماییەکانی تایبەت بە کڕیارانی کۆیلە ناو بنرێت، دێتە بەر چاو. ئەدەبیاتێکی تا ڕادەیەك چڕ هەیە لە بارەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە کۆیلەکان، بە گوێرەی ڕەچەڵەکی ئیتنیکی و لێهاتوویی و کەموکوڕییەکانی هەر کۆمەڵێك و ئامادەگییە جۆراوجۆرەکانیان بۆ هەر سێ ئەرکی سەرەکیی کۆیلەیەك، واتە نۆکەری و کەنیزی و سەربازی.

جیاوازیگەلی ئیتنیکی هەروەها لە چوارچێوەی چاولێکەرییە سەربازی و هەندێك جار، هەرچەندە کەمتر ڕووی دەدا، لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریی شارستانیدا ئاماژەیان پێ دراوە. بەم شێوەیە بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سەبارەت بە چاولێکەری و ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێوان سپیپێست و ڕەشپێستەکان، تورك و بەربەرەکان و کۆمەڵە دوژمندارەکانی ناو هەر یەك لەمانە، ڕاپۆرت دراونەتە دادگای خەلیفەکانی فاتیمی لە قاهیرە. بە هەمان شێوە لە دامەزراوەی عوسمانیدا چاولێکەری و ناکۆکی هەبووە لە نێوان کۆیلەکانی باڵکان و قەفقاز و لە نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی هەر یەکەیان. ڕەنگە هێشتاش بکرێت پاشماوەکانی ئەم کۆمەڵانە- بۆسنی و ئاڵبانییەکانی ئەورووپا، گورجی و قێرقیزییەکانی[110] قەفقاز- لە کۆماری تورکیای هاوچەرخدا ببینرێن و لەوێدا ئەگەر موسوڵمان بن بە تورك هەژمار کراون.

هاتنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرستانی بێگانە و بە شێوەیەکی وردتر بەکارهێنانەوەی زاراوەگەلی ئایینیی پیرۆز بە مانایەکی نوێی نەتەوەپەرستانە و لە دەرەنجامدا مانایەکی نائایینی، لە بزواندنی هەستی دژایەتی لەو کەسانەی ئەم

110 Circassin.



بیرۆکانەیان بە دووبەرەکیخەر و وێرانکەر دەبینی، کەمی نەهێنایەوە. بە شێوەیەکی مەجازی وێ دەچێت وشەی قەومییە لە سەر شێوەی Kavmiyet لە تورکیدا یەکەم جار لە لایەن دژە-نەتەوەپەرستەکانەوە بە مانایەکی بێ گومان نەرێنی بۆ لایەنگرییە خێڵی و تاقمییەکانەوە داڕێژرابێت و بەکار هاتبێت. تا ڕادەیەك بە هەمان ئەو شێوەیەی ڕۆژئاوا لاتین و یۆنانییان بەکار هێنا، عوسمانییەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش وەك کانێکی کەرەستەی خاوی وشەیی، سوودیان لە زمانە تایبەت و کلاسیکییەکانی خۆیان، واتە عەرەبی و فارسی وەرگرت. لەم کارەشیاندا ئەوان زۆر وشەی عەرەبی و فارسییان داڕشت کە بە لای عەرەب و فارسەکان نەزانراوە بوون. هەندێك جار بڕێك لەوانەش وەك وشەی قەومییە، پاش گۆڕانێکی زەق لە مانادا بەکار هاتنەوە.

لەکاتێکدا قەومییە لە زمانی عەرەبیی هاوچەرخدا زێدەمانایەکی ئەرێنیی هەیە، زاراوەکانی تر لە لایەن پشتیوانانی یەکێتییەکی عەرەبیی گەورەترەوە بۆ شەرمەزارکردنی شوناسە هەرێمی و بەشەکییەکان سوودیان لێوە وەردەگرترێت. یەکێك لەم زاراوانە عەسابەیە[111] کە لە سەردەمانی پێشتردا زاراوەیەکی ئەرێنی بووە بۆ یەکێتیی خێڵەکی یان ئیتنیکی. زاراوەی پتر باو بۆ سووککردن شعوبییەی وەرگیراو لە شعوبە کە کۆی وشەی شەعبە بە مانای "خەڵك". وشەی شەعب لە عەرەبیدا ئەرێنییە و بە زۆری بە مانای جەماوەریبوونە نەك نەتەوەپەرستبوون. وشەکە لە ماوەی خەباتی دژی داگیرکاری و دەسەڵاتداریی بێگانە لە درەنگانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا مانای دووەمی وەرگرت. ئەم شەڕانە بە هەر شێوەیەك بێت، هەرێمی بوون و لە بەر ئەوەش زاراوەکە مانایەکی هەرێمیی وەرگرت و لە جیاتی ئەوەی بۆ عەرەبەکان بە گشتی بەکار بێت بۆ شەعبی میسری و شەعبی سووری و شەعبی فەلستینی و هتد بەکار دەهات. لەم دواترانەدا، زاراوەی شەعب بە مانایەکی کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە بە کار هاتووە بۆ ئاماژەدان بە جەماوەری خەڵکی ئاسایی. بە پێچەوانەوە شعوبییە هەمیشە بە ڕوونی نەرێنی بووە و نەرێنیشە. لە زمانی

111 'Asabiyya.

سەدەکانی ناوەڕاستدا وشەکە ئاماژەی دەدا بە هەوڵی خەڵکی داگیرکراو بە تایبەتیش فارسەکان بۆ سەلماندنەوەی شوناسی نەتەوایەتیی خۆیان و وەرگرتنەوەی سەروەریی نەتەوایەتییان لە دژی حوکمی عەرەبەکان. لە سەردەمی هاوچەرخدا وشەکە ژیێندراوەتەوە بۆ ئاماژەدان بەو شتەی لە ناو وڵاتانی عەرەبیی جیاوازدا بە جوداییخوازی یان مەیلی ناوچەیی دەبینرێت لە دژی یەکێتیی گەورەتری عەرەب بە گشتی.

لە شوناسە نەتەوەییەکانیدا وەك لە زۆر شتی تردا ڕۆژهەلاتی ناوین شێوازێك لە پچڕان و جۆراوجۆریتی پێشان دەدات. ئینجیل ناو و هەندێك لە پێکهاتەکانی مێژووی زۆر لە نەتەوەکانی گەورە و بچووکی پاراستووە، کە لە کۆن لەو هەرێمەدا ژیاون. گەڕاندنەوە و دۆزینەوەی مانای دەقە کۆنەکانی تری ڕۆژهەلاتی ناوین لە سەردەمی هاوچەرخدا، ناوی نوێی زیاد کردووە و زانیاریی ئێمەی سەبارەت بە رابردوو پتر کردووە. هەندێك لەم ناوانە وەك بابل و ئاشوور، میسر و فارس، ناوی شوێنن و ماڵی ئەو نەتەوانەن، کە دەوڵەتیان دامەزراندووە و هەندێکیان تەمەن درێژ بوون و ئیمپراتۆرییەتەکانیان داگیر کردوون. هەندێکیان خێڵ بوون کە بە ناوی باپیرەیەکەوە کرابوون. لە ناو بیابان و دەشتە رووتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین سەرگەردان بوون و ئەو دەوڵەت و میرنشینیانەی دایان مەزراندن بە زۆری تەمەن کورت بوون. لەوانەش عەمالیق و یەبووسی و ئاموونییەکان بوون.

ئیسرائیلییەکان و بەنی ئیسرائیل، واتە مندالانی ئیسرائیلیش، بەم شێوەیە بوون. ئیسرائیل ناسناوی یەعقووبی سەرۆك خێزان بوو کە دوزادە کوڕی هەبوو کە دوازدە خێڵیان پێك هێنابوو. ناوی یەکێکیان کە یەهوودا[١١٢] بوو هەم سەرچاوەی ناوی ڕۆمیی Judaea یە، کە بۆ شوێنێك بەکار هاتووە و هەم سەرچاوەی زاراوەی سەردەمیانەی جو[١١٣] یە، کە بە مانای کەسێکە کە بڕوای بە ئایینی یەهوودییەوە هەیە. بە شێوەیەکی پڕواتا، زاراوەی "Judaism"[١١٤] تا سەدەی یازدەهەمی زایینی و تا ئەو

١١٢ Judah. یان جودا.

١١٣ Jew .

١١٤ یەهوودییەت.



کاتەی لە لایەن شرۆڤەکارێکی ڕەببانییەوە[١١٥] لە فەڕەنسا بەکار نەهات، لە هیچ کام لە دەقە عیبرییەکاندا دەرنەکەوت. زاراوەکە سەرەتا لە یۆنانیدا لە سەر شێوەی Ioudaismos و لە کتێبی "مەکابییەکان"دا[١١٦] هات. لە داڕشتەکەیەوە دیارە کە بە مانای "یەهوودیبوون"، شێوە ژیانێکی یەهوودییانەیە نەك ناوی ئایینێك. لەمەدا لە کۆنترین بەکارهێنانی زاراوەی "مەسیحییەتی" دەچێت- کە لە یۆنانیدا Christianismos، واتە شێوە ژیانێکی مەسیحییانە.

تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لەو نەتەوانەی لە ناو ئینجیلدا ناویان هاتووە، لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا سەردەمی هاوچەرخ وەك قەوارەی نەتەوەیی ماون. لەمانەش زۆربەی کات گرینگترینیان کۆمەڵە پێکەوەگرێدراوەکانی ئەو خەڵکەن کە بە عەرەب ناسراون. ئەو ناوە چەندین جار لە ئینجیلی عیبری و هەروەها لە دەقە کۆن و کلاسیکەکانی تریشدا هاتووە. هەندێك جار وەك ناوی شوێنێك دێتە بەرچاو کە ئاماژە بە نیمچە دوورگەی عەرەبی یان هەرێمە باکوورییەکانی دەدات. زیاتریش بە مانای ئەو نەتەوانەیە، لە سەر ناوچە سنوورییە بیابانییەکانی عێراق و سووریا و فەلستین دەژین، نەك دانیشتووانی ئەم وڵاتانە. کۆنترین دەستنووسی مێژوویی بەرچاو کە ئەم ناوەی تێدا هاتبێت، دەستنووسێکی ئاشووریی ناوەڕاستی سەدەی نۆیەمی پێش زایینە، کە باس لە سەرکەوتنی ئاشوورییەکان دەکات لە دژی پیلانەکەی سەرخێڵە یاخبووەکان، کە ناوی یەکێکیان "گیندیبووی عریبی"[١١٧]یە. لەو کاتە بە دواوە لە دەستنووسە کۆنەکاندا زۆر ئاماژە هەن و زۆربەی جار یان باس لە ستایشکردنی سەرخێڵەکانی سەرسنوور دەکات یانیش ڕەوانەکردنی دەستەیەکی سزادەر لە کاتی کێشەنانەوەیان. ناوەکە لە دەستنووسەکانی ئاشووری و پاشان لە هی فارسیدا و لە دەقە تالموودییەکاندا و بەردەوام پتریش لە نووسینەکانی یۆنانی و لاتینیدا هاتووە و هەروەها لە دەستنووسە بەجێماوەکانی شارستانییەتی عەرەبستانی باشووردا، کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی کۆتایی پێش

١١٥ ئایینزانی یەهوودی.

١١٦ Maccabees، مەکابییە یەهوودییەکان کە سلوکییەکانیان شکست دا.

١١٧ Gindibu the Aribi.

مەسیحییەت و سەدە بەراییەکانی مەسیحییەت. لەمانەدا زاراوەکە ئاماژە بە خەڵکی کۆچەری دەدات، نەك خەڵکی نیشتەجێ. "عەرەب" وەك بیابانشین هەندێك جار وەك هێرشبەر دێتە بەر چاو. یەکەمین جار کە ئەم ناوە بە مسۆگەری لە لایەن عەرەبەکان بۆ خۆیان و بە زمانی عەرەبی بەکار هاتبێت، لە دەستنووسێکی سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینیدایە کە مەرگ و دەسکەوتەکانی سەرکردەی کۆچەرییەکانی عەرەبستانی باکوور و ناوەڕاست رادەگەیەنێت ، کەسێك کە خۆی بە "پاشای سەرجەم عەرەبەکان" وەسف دەکات. ئەم دەستنووسە هەروەها کۆنترین تۆماری بەجێماوە بە زمانی عەرەبییە.

ناوی فارس- بە عیبری Pāras- لە دوو ئایەتی حێزقیالدا (لە ٢٧:١٠ و ٣٨:٥) هاتووە کە لەوێدا، لە پاڵ ناوی شوێنە دوورەدەستەکانی تر ریز کراوە کە ئاماژەیان بە سنوورە دەرەکییەکانی جیهانی زانراوە دەکرد. فارسەکان لە نووسینی سەر دیوارەکەی "خوانی بیلشتزار" بە شێوەیەکی زەقتر دەردەکەون، واتە لە Mene Mene Tekel U-Pharsin، کە ئەو کاتەی ماناکەی لێك درایەوە، پاشای دڵگرانی بابلی ئاگادار کردەوە، کەوا بە پێوانەکانەوە هەڵسەنگێندراوە و کەمی هێناوەتەوە، کەوا شانشینییەکەی دابەش دەکرێت و دەدرێت بە میدی و فارسەکان (دانییێل ٦:٢٥ تا ٢٨). ئینجیلە عیبرییەکانی سەردەمی پاش مەنفا[118] بە زۆری ئەم سەرکەوتنانەی فارس لە سەدەی شەشەمی پێش زایین وەك وەدیهاتنی ئامانجی خوایی لێك دەدەنەوە. ئەمە بە کاریگەرترین شێوە لە ئێشیاودا (٤٤:٢٨ و ٤٥:١) بەرجەستە دەبێت، کاتێك سیروسی پاشای فارس بە شوان و تەنانەت بە پیرۆزکراوی خوا (بە عیبری Mashiah) ناوی دەهێنرێت.

شەڕەکانی فارس لەگەڵ یۆنانی و دواتر لەگەڵ رۆمییەکاندا شوێنێکی گرینگی بۆ فارسەکان لە ناو مێژوونووسی و ئەدەبیاتی کلاسیکدا کردەوە. تا سەردەمی هاوچەرخ، کە مانای دەستنووسە فارسییە کۆنەکان دۆزرایەوە، بەرهەمە کلاسیکییەکان و ئینجیل لە راستیدا هەموو ئەو شتەیان کە لە بارەی ئێرانی پێش ئیسلام دەزانرا، بەردەست کردبوو. هیچ کام لەمانەش لە ئێرانی موسوڵماندا نەدەخوێندرانەوە.

١١٨ Post-exilic.



ناوی "تورك" بۆ یەکەم جار لە نووسینەکانی چینی و کەمێك دواتر لە هی بیزەنتینییەکاندا هاتووە. ساڵنامەکانی چینیی سەدەی شەشەمی زایینی باس لە "تو کیوو"یەك[119] دەکەن، کە ئیمپڕاتۆرییەتێکی بەهێزی دامەزراند کە لە سنوورەکانی چین بە ئاراستەی رۆژئاواوە بە ناو ئاسیای ناوەڕاستدا فرەوان دەبووەوە. هەر هەمان ئەو خەڵکانە لە ساڵنامەکانی بیزەنتینی بە "تورکۆی"[120] ناو براون. دەزانین لە ٥٦٨ی زایینیدا سەرکردەکەیان بە ناوی خاقان[121] باڵوێزێکی بۆ قوستەنتەنییە نارد، بۆ ئەوەی لە دژی فارسەکان داوای پشتیوانیی ئیمپڕاتۆر بکات. لەو کاتە بە دواوە خێڵ و ئیمپڕاتۆرییەتە تورکییە جۆراوجۆرەکانی ئاسیای ناوەڕاست زۆربەی جار لە رێگەی دراوسێیەکانیان، واتە هەم ئەوانەی رۆژهەڵاتی دوور و هەم ئەوانەی رۆژهەڵاتی ناوین، ئاماژەیان پێ دراوە. یەکەم جار کە وشەی تورك لە لایەن تورکەکانەوە بۆ پێناسەکردنی خۆیان بە زمانێکی تورکیی ناسکردەنییەوە بە کار هاتبێت، لە کۆمەڵێك دەستنووسی روونیکدایە[122] کە لە نزیك رووباری ئۆرخۆن[123] لە مەنگۆلیای باکوور دۆزراونەتەوە. ئەم دەستنووسانە هی سەدەی هەشتەمی زایینین و بریتین لە ساڵنامەی شایانەی ئیمپڕاتۆرییەتێکی کورتخایەنی تورك، کە لە نێوان سنوورەکانی چین و فارسدا بووە. کەمێك دواتر ئێمە نووسینە جۆراوجۆرەکانی تورکی لە ئاسیای ناوەڕاست دەدۆزینەوە، کە بە زۆری بە ئەلفوبێیەکانی ئارامییەوە نووسراون. ئەمانەش هەم نووسینە مەسیحی و هەم بووداییەکان دەگرنەوە و ئاستی کراوەبوونی تورکەکان هەم بەرامبەر بە ئایینەکانی رۆژهەڵاتی ناوین و هەم بەوانەی ئاسیا پیشان دەدەن. لەگەڵ ئەوشدا رۆڵی مێژوویی ئەوان وەك موسوڵمان و لە ناو وڵاتانی ئیسلامدا بووە.

١١٩ Tu Kiu.

١٢٠ Tourkoi.

١٢١ Khagan .

١٢٢ Runic کە لە Runeەوە وەرگیراوە بە مانای پیتی هەڵکەندراو لە سەر بەرد یان دارە.

١٢٣ Orkhon .

تورکەکان یەکەم جار وەك کۆیلەی دەستبەسەرکراو لە لایەن عەرەب و فارسە هێرشبەرەکان لە سەرووی سنووره ئیسلامییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستدا، هاتنە ناو ڕۆژهەلاّتی ناوین و بە تایبەتیش لە بەر لێهاتووییەکانیان لە شەڕدا بەنرخ بوون. زوو بوونە پێکهاتەی گرینگ و لە کاتی خۆیدا، پێکهاتەی زاڵی ناو سوپاکانی خەلیفە و سوڵتانەکانی ئیسلام. زۆری نەبرد و کۆیلە سەربازانی تورك لە لایەن ئەفسەرانی تورکەوە سەرکردایەتی دەکران و لە کاتی خۆیدا لە لایەن ژەنەڕاڵانی تورکەوە فەرمانیان پێ دەدرا. بۆ ماوەیەك بە بۆنەی وەفادارییان بەو پاشایانەی خزمەتیان دەکردن، خەلاّت کران، بەلاّم لە ماوەی هەڵوەشانەوەیەکی سیاسی و ئاژاوەگێریدا ڕۆڵێکی سەربەخۆیان وەرگرت، سەرەتا وەك سوارە و دواتر وەك فەرماندار و لە دواییدا وەك حوکمڕانی سەربەخۆ.

بۆ ماوەیەك تورکەکان وەك کەمینییەکی بێگانە لە ناو ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناویندا مانەوە، لە ناو ئەو نەتەوانەی کە خۆیان حوکیان بەسەردا دەگێڕان. ئەمە گۆڕا، کاتێك خێڵە تورکەکان دەستیان کرد بە کۆچکردن لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئێران و ڕۆژهەلاّتی نزیکتر. ئەمانەش نەك وەك کۆیلە یان گەشتیاری بێ باك، بگرە وەك خەڵکانێکی ئازاد هاتن کە لە تەك دانیشتووانی ئەو کات نیشتەجێ بوون و لە هەندێك شوێندا دانیشتووانەکەیان لە ناو کولتووری تورکیی خۆیاندا تواندەوە. تورکەکان لە هەموو ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناویندا حوکمێکییان سەپاند کە بە نزیکەیی هەزار ساڵی خایاند. لە نێوان ئاسیای ناوەڕاستەوە تا مەدیتەرانە، تورکەکان، زنجیرە دەوڵەتێکی سەربەخۆی تورك و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو جەماوەری تورك زمانیان لە ژێر حوکمی بێگانەدا، لێ بەجێ ماوە.

تێڕوانینی عەرەبەکان بەرامبەر بە تورکەکان وەك چۆن لە ئەدەبیاتدا ڕەنگی داوەتەوە، بە چەندین قۆناغدا تێ پەڕی. لە یەکەم پێکگەیشتندا، تورکەکان بە سەرەتایی و ناپەسەند، بەلاّم خاوەنی هێژایی و هەروەها کەموکوڕییەکانی "دڕندەیەکی ماقووڵ" دەبینران. ئەو کاتەی ڕۆڵێکی سەربازییان وەرگرت، ناوبانگی نوێیان پەیدا کرد، سەرەتا وەك سەربازی بوێر و سەرفیراز و پاشان کە سەربازەکان بوون بە حوکمڕان، وەك چەوسێنەری دڵڕەق. بەلاّم بە شێوەیەکی گشتیتر لە



سەدەکانی ناوەڕاستدا هاتنی تورکەکان بۆ ڕۆژهەلاّتی ناوین پتر وەك خێروبێر دەزانرا نەك نەفرەت. وەك ئیبن خەلدوون، گەورەترین مێژوونووسی عەرەب گوتوویەتی:

ئەو کاتەی دەوڵەت نوقمی گەندەڵی بوو... خوا بەخشندەیی نواند کە ئایینی بەهێزکردنەوەی دوا هەناسەکانی ... و بەرگریکردن لە دیوارەکانی ئیسلام ڕزگار کرد. خوا ئەمەی بە ناردنی حوکمڕانانێك... لە نەتەوەی تورك بۆ موسوڵمانان.... بۆ بەرگریکردن لێیان، وەدی هێنا و یاریدەدەرانی یەکجار بەوەفا.... ئیسلام دڵخۆشە بەو خێرەی لەوانەوە بەری دەکەوێت و لقوپۆی شانشینی بە چەلەنگیی گەنجانەوە نەشونما دەکەن.

ئەم تێڕوانینە نە نائاسایی بوو نە گشتی. بۆچوون و کلێشەسازیی نەرێنی و هەروەها ئەرێنی لەئارادا بوون، بەلاّم لەو سەردەمەدا کە ئیسلام لە لایەن مەسیحیانی خاچپەرستەوە لە لای ڕۆژئاوا و مەغولە بتپەرستەکان لە لای ڕۆژهەلاّتەوە هێرشی کرابووە سەر، تورکەکان وەك ڕزگارکەری ئایین دەبینران. کاتێك هەر دوو دوژمنەکان دیار نەمان- خاچپەرستان شکەستیان خوارد و دەرکران و مەغولەکان کرانە موسوڵمان و توێنرانەوە، جەماوەری عەرەبی و فارسی ئاخێوەر وریاتر و پەشیمانتر بوون لەو شتەی کە هەندێکیان، تا دەهات زیاتر بە دەسەلاّتی بەربەرییەکانیان لە قەڵەم دەدا.

هەڵبەتە هەمیشە چاولێکەری و لە ڕاستیدا لە کاتی خۆیدا دوژمنداری لە نێوان ئەم کۆمەڵە ئیتنیکییە جۆراوجۆرانەدا هەبووە و ئەمانەش لە ئەدەبیاتێکی تێر و تەسەلی ڕەخنە و توانجی ئیتنیکی کە بە عەرەبی و فارسی و تورکییە، ڕەنگی داوەتەوە. لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم دژایەتییانە چڕ کراونەتەوە و تەنانەت لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیگەلی نەتەوەپەرستانەی نوێوە ڕێك خراون.

لە کۆمەڵگەی کۆنباودا جیاوازییەکی ئیتنیکی کە بە هۆیەوە خانەدانی حوکمگێر و دەستەبژێر لە جەماوەر جیا بکرابایەوە، نە بە شتێکی نامۆ و نە سووکایەتیپێکەر دەزانرا، بە مەرجێك هەمووان لە برایەتیی ئیسلامدا یەکیان گرتبا. لە بەشی هەرە زۆری مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، عوسمانییەکان وەك حوکمڕانی ڕەوای دەوڵەتێکی ئیسلامیی مەزن قبووڵ کرابوون و ئەندامێتی لە ناو

دەستەبژێری حوکمڕان بۆ سەرجەم تاکەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە بڕوایان بە ئیسلام هەبوو و دەیان توانی بە زمانی تورکی بدوێن، کراوە بوو. تەنانەت بۆ ئەم مەرجانە هەندێك جار ڕیزپەڕ دەکرا. تا درەنگانی سەدەی نۆزدەهەم دانەهات، لە ناو ئەو دانیشتووە موسوڵمانانەی بە زمانێکی بەدەر لە تورکی دەدوان و بە شێوەیەکی سەرەکیش لە ناو عەرەبی زمانەندا ئەو چەمکە نەچاندرا، کە ئەمە ئیمپڕاتۆرییەتێکی تورکییە نەك موسوڵمان، کە بەم هۆیەوە ئەوان خەڵکێکی ژێردەستەن، نەك بەشداربووانی یەکسان لە ناو سیستەمی حوکمی عوسمانی.

هەستەکانی دژە تورکی لە ناو عەرەبەکاندا بە شێوەیەکی ڕژد سەرەتا لە دوا قۆناغەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا سەریان هەڵدا و بە ئاشکرا دەرهاویشتەی کاریگەرییە دەرەکییەکان بوون- واتە لە لایەکەوە بیرۆکەی نوێی نەتەوەپەرستی و لە ئەنجامیدا بیرۆکەی نەتەوەیەکی مەزنتری عەرەب کە لە لایەن دەسەڵاتێکی تورکیی نامۆوە دەچەوسێنرێتەوە و لە لایەکی ترەوە، هاندان و خۆ تێهەڵقورتاندنی ڕاستەوخۆی هێزە دەرەکییەکان. لە کاتی خۆیدا ئەم هێزانە یەکیان گرت لە پێناو ڕووخاندنی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و هەڵوەشاندنەوەی ناوچەکانی. لەم کارەشدا ئەوەی ئەم هێزانە خولقاندییان نەتەوەیەکی مەزنتری عەرەب نەبوو، بەڵکو زنجیرەیەك دەوڵەتی عەرەبی بوو



# بەشی شەشەم

## دەوڵەت

ڕەنگە خەڵك خۆیان بە وڵات و نەتەوە و کولتوور و ئایین پێناسە بکەن، بەڵام دڵسۆزییەکەیان بۆ دەوڵەتە کە باج کۆ دەکاتەوە، سوپا پێك دێنێت، کارمەندی حکومەت دادەمەزرێنێت، یاسا پیادە دەکات و ڕەنگە هەندێك قازانج ببەشێتەوە. لە ڕوویەکەوە ئەمە هەمیشە بەم شێوەیە بووە، لە بەر ئەوەی حوکمڕانان سەرەتا نەك تەنیا فێری چۆنیەتیی وەرگرتنی دەسەڵات بوون، بگرە فێری چۆنیەتیی ڕادەستکردن و بڵاوکردنەوەشی بوون. دەوڵەتی بیرۆکراتی لەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە هەر شوێنێکی تری جیهان کۆنتر بێت. لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێشکەوتنییەوە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ هێزەکەی پتەوتر بووە، ئەمەش هەم بە هۆی ئاوەوە بووە و هەم بە هۆی نەوت- لە یەکێکیاندا لە ڕێی دەست بەسەرداگرتنی ئاودێری لە کۆمەڵگە ڕووباری-دۆڵییەکاندا و لەوەی تردا بە هۆی بەکارهێنانی پارە لەو ئابوورییانەی پشت بە قازانجەکانی نەوت دەبەستن. تەکنەلۆژیای سەردەمیانەی گواستنەوە و چاودێری و هەروەها دەسەڵاتگێڕی و چەوساندنەوە، دەسەڵاتی دەوڵەتیان بە سەر تاکەکانی بەهێزتر کردووە. ئێستاکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین وەك زۆر شوێنی تر ئەو دەوڵەتەی مرۆڤ لە ژێر حوکمیەتی پتر لە هەر هۆکارێکی تر بڕیار لە سەر شوناسەکەی دەدات.

لەوەتەی سەرهەڵدانی ئیسلامەوە و لە زۆربەی ئەم ماوەیەدا، تەنیا دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا هەبوون. ئیمپڕاتۆرییەتی فارس بە تەواوەتی داگیر کرابوو، ئیمپڕاتۆرییەتی بیزەنتین پارێزگا دوای پارێزگا پاشەکشەی پێ کرابوو، تا لە دواییدا لەگەڵ داگیرکردنی قوستەنتەنییە لە لایەن تورکەوە لە ناو چووبوو. ئەو

دەوڵەتانەی لە لایەن خاچپەرستانەوە لە شام دامەزرابوون بۆ ماوەیەك درێژەیان كێشا، بەڵام بچووك بوونەوە و ناوچەكانیان دووبارە تێكەڵ بە جیهانی ئیسلام بوونەوە.

لە بنەڕەتدا تەنیا یەك دەوڵەتی ئیسلامیی گشتگیر هەبوو. بە شێوەیەكی نموونەیی، و لەم ماوەیەدا بە كردەوەش، سیستەمی حوكمی ئیسلامی بریتی بوو لە تاكە دەوڵەتێكی لێكگرێدراو بە ئایین و شەرعی ئیسلام كە لە ژێر حوكمی تاكە دەسەڵاتێك، واتە خەلیفەدا بوو. تامەزرۆبوون بۆ ناسینەوەی ئەم نموونەیە لە ماوەی سەدەكانی مێژووی ئیسلامیدا وەك مژارێكی سەرهەڵدەرەوە و هاندەرێكی بەتوانا ماوە، بەڵام لە راستیدا پاش سەدەكانی سەرەتایی ئەمە هەرگیز رووی نەدا. زۆر دەوڵەت هەبوون نەك تاكە دەوڵەتێك، تاكە حوكمڕانێك نەبوو، بەڵكو زۆر حوكمران هەبوون كە لە ئاشتی و بازرگانی و دیپلۆماسی و شەڕدا پێوەندییان بەیەكەوە هەبوو.

بە ئاشكرا، پێویست بوو بە جۆرێك پێوەندییەكانی نێوانیان رێك بخرێن، واتە جۆرە یاسایەكی نێودەوڵەتیی تایبەت بە موسوڵمانان دابڕێژرێت. لە كتێب و تەفسیرەكانی شەرعی ئیسلامدا، گفتوگۆكردن لە بارەی یاسای نێودەوڵەتی یان هەر شتێك كە لە گفتۆگۆی سەردەمیانەدا بە یاسای نێودەوڵەتی ناوی بهێنرێت، وا دیارە تەنیا پێوەستە بە پێوەندییەكانی نێوان دەوڵەتی موسوڵمان- تاكە دەوڵەتی موسوڵمان- و دەوڵەتانی ناموسوڵمان. بەڵام لە راستیدا زۆر دەوڵەتی ئیسلامی هەبوون و شەرعی ئیسلامی بە شێوەیەك ئەمەی گونجاند، كە بووە هۆی هەمواركردنی هەندێك راستیی نەویستراوی تر، بە رێگەیەك كە بە فێڵی شەرعی "حیلە شەرعییە" ناو دەبردرێت. ئەو فێڵەی بۆ ئەم مەبەستە بەكار هات، بریتی بوو لە بەرهەڤدانی یاسایی لە بارەی شەڕ لە دژی رێگران و یاخیبووان كە بە شێوازە رێگەپێدراوەكانی شەڕ ناسرابوون. یاساكە جیاوازییەكی روون و ئاشكرا دەكات. رێگران هەر رێگرن و پێویستە وەك تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت و سزا بدرێن. لە لایەكی ترەوە، یاخیبووان بابەتێكی یاساییی ناسراوەن، كە مافی شەڕانگێزان و هەندێك مافی تری دیاریكراویان هەیە، لەوانەش تەنانەت باجدان و دادگاییكردن. لەو شێوازەی كە بنەمای "شەڕ لە دژی یاخیبووان"ی پێ جێبەجێ دەكرا، روون و ئاشكرا بوو، كە شتەكە جۆرە یاسایەكی نێودەوڵەتیی ناوئیسلامییە،



كە پێوەندییەكانی نێوان دەوڵەتانی موسوڵمانی رێك دەخست. ئەمەش بە ئاسانی ئەو پرسیارەی بێ وەڵام هێشتەوە كە ئاخۆ كامەیان حوكمڕانی رەوا و كامەیان یاخییە، چونكە هەریەكەیان بە شێوەیەكی سروشتی خۆی بە رەوا و ئەوەی تری بە یاخی دەزانی. ئەمەش وای كرد بە شێوەیەكی یاسایی دەوڵەتانی ئیسلامیی لە كاتی ئاشتی و دەرگیری لە شەڕدا پێوەندییان هەبێت و رێكەوتنەكانی نێوانیان یاسایی بن و كاریان پێ بكرێن.

رەنگە نموونەیەك بە كەڵك بێت. پەیماننامەی ئەماسیا[١٢٤] كە لە ١٥٥٥دا شای فارس و سوڵتانی توركیا لە كۆتاییی شەڕێكی درێژخایەندا لە سەری رێك كەوتن، بە گشتی لە لایەن مێژوونووسانەوە بە یەكێك لە گرینگترین رێكەوتنە نێودەوڵەتییەكانی رۆژهەڵاتی ناوین لەو ماوەیەدا دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر یەكێك لە كۆكراوەی پەیماننامەكانی چاپكراو یان ئەرشیڤكراوی عوسمانی بڕوانێت، ئەم پەیماننامەیە نادۆزێتەوە. ئەم تۆمارانە تا مێژوویەكی زۆر درەنگ تەنیا پەیماننامەكانی نێوان ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و دەوڵەتانی مەسیحییان دەپاراست. دەوڵەتانی مەسیحی راستییەكی یاسایی بوون. دەوڵەتێكی موسوڵمانی تر راستییەكی یاسایی نەبوو. لە روانگەی سوڵتانەوە، شا یاخییەك بوو، هەروەها بە تێڕوانینی شا، سوڵتان یاخییەكە بوو و هەردووكیان لە سەر ئەوە رێك كەوتن پرسیارەكە بە بێ وەڵام بەجێ بێڵن. دەستنووسێكی هەڵكەندراوەی سەردەمی عوسمانیی دوو بەڵگەی پێوەندیدار دابین دەكات. یەكەمیان كە بە گونجاوی ناونیشانی "نامەیەكی تكاكاری"ی لێ نراوە، وای دەنوێنێت لە لایەن شاوە هاتبێت، بەڵام ئاشكرایە بەدەستی كارمەندێكی عوسمانییەوە نووسراوە. بۆ ئەمەیان سوڵتان میهرەبانانە بە شتێك وەڵامی داوەتەوە، كە وەك راگەیاندنێكی یەكلایەنە لە لای خۆیەوە خراوەتە روو، بەڵام لە راستیدا مەرجەكانی رێكەوتنەكە لە خۆ دەگرێت. بێ گومان بەڵگەیەكی هاوتای ئەمەش لە لای فارسەكان هەبووە.

جیهانی ئیسلامی كە ئێستا لە سەدەی پازدەهەمیدایە، یەك بیلیۆن خەڵك و رووبەرێكی فرەوانی زۆرێك لە كیشوەرەكان دەگرێتەوە. لەگەڵ رووخانی دوا ئیمپڕاتۆرییەتی

١٢٤ Amasya .

ئیسلامیی گشتگیری مەزن، واتە ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانییەکان لە ١٩١٨دا، خەونی یەکبوون بۆ ماوەیەك ڕەوایەوە و موسوڵمانان هەوڵیان دا خۆیان لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکاندا بگونجێنن. کێشەکە تەواو نوێ نەبوو. لەوەتەی ڕۆژانی هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی ڕەسەنەوە، لە ڕاستیدا نەك بە شێوەیەکی تیۆری، نەتەوەگەلی موسوڵمان بە سەر چەند قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆ دابەش کرابوون و دەزگای سیاسییان پێك هێنابوون و خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی کردەوەی سیاسی ڕێك خستبوو. چۆن ئەمەیان پێ کرا؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕەنگە لەو نەریت و دەزگا دیاریکراوانەدا بدۆزرێنەوە کە لە کۆندا بە قووڵی ڕەگیان داکوتابوو و ئەمڕۆکەش زۆر چالاکن. یەکێك لەمانە دەوڵەتە، نەك نەتەوە و نەك وڵات بەڵکو خودی دەوڵەت، هێزی یەکخراوە و سەپێنەری ناو کۆمەڵگە، شادەماری کار و بەرژەوەندییەکانی تێکئالاو و کارلێککەر، کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەکات. یەکێکی تر سوپایە کە دەوڵەت بۆ مانەوەی پشتی پێ دەبەستێت.

سوپاکانی ئیسلام بە شێوەیەکی نەریتی لە سەربازانی خێڵەکی و لە کۆیلەکان پێك دەهات. خێڵەکییەکان بە زۆری خۆبەخش و بۆ ماوەیەکی کورت سەرباز بوون و کۆیلەکان لە سەردەمی مەملوکەکانەوە تا جاننیسارەکانی عوسمانی کەسانی بێگانە بوون. لە بەر ئەوە هەردووکیان لە جەماوەری شارنشین و گوندنشینەوە دابڕابوون.

ئاشنابوون بە نەریتی ئەوروپییانەی خزمەتی سەربازیی زۆرەکی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، لەگەڵ خۆیدا بۆ یەکەم جار پێوەندییەکی نزیك و بەردەوامی دروست کرد لە نێوان خەڵکی گوندنشین و شارنشینی لەگەڵ دەوڵەت و ئەو کەسانەی کاریان بە دەسەڵاتی دەوڵەتەوە دەکرد. پێشتر ئەزموونی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت تەنیا لە کۆکردنەوی باج و جێبەجێ کردنی یاسادا کورت کرابووە. ئەمانە هەردووکیان پێویستییان بە ملکەچی هەبوو. هیچ کامیان نە پێویستی بە هەستێکی لایەنگری هەبوو و نە وروژێنەری لایەنگری بوو. لەگەڵ خزمەتی سەربازیی زۆرەکیدا ئەزموونی خەڵکی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەت ڕەهەندێکی تەواو نوێی وەرگرت. لە ڕێگەی خزمەتی سەربازیی زۆرەکییەوە خەڵکی ئاسایی بۆ یەکەم جار بوونە بەشێك لە سیستەمی دەوڵەت و دیسانیش بۆ یەکەم جار لەگەڵ خەڵك و



شوێنی بەدەر لە گوند یان گەڕەکی ڕاستەوخۆی خۆیان تێکەڵ بوون. پێویستی بە ئەفسەر و بە تایبەتیش بە نائیب عەریف و عەریف و بۆ هەندێك کەس هەلی کارکردن بە دەسەڵاتی دەوڵەت و بۆ ژمارەیەکی زۆرتریان ئۆمێدی ئەم هەلەی بەخشی. ئامرازی نوێی وەك یونیفۆرم و باج و ئالا و سروود شێوەیەکی هێمائامێزی بەم شوناسە گشتییە نوێیە دا.

سوپای نوێ پێویستیی بە جۆرێکی نوێی ئەفسەرانەوە هەبوو، دەوڵەتی نوێ پێویستی بە ژمارەیەکی یەکجار زۆری کارمەندانەوە هەبوو. بۆ دابینکردنی ئەمانە دەوڵەت بۆ یەکەمین جار خۆی هەڵقورتاندە ناو پەروەردە، واتە خزمەتگوزارییەك کە پێشتر لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە دابین و ئاراستە کرابوو و تێچووەکەی لە خێری شازادە و کەسانی تری زەنگینەوە دابین دەکرا. دەرچووانی قوتابخانە و کۆلێژە نوێیەکان بە زۆری دەچوونە بەر خزمەتی دەوڵەتی، جا چ سەربازی بووایە چ شارستانی. ئەمە ئەو ئامانجە بوو قوتابخانە و کۆلێژەکانی بۆ درووست کرابوون، ئەمە ئاواتی دەرچووانیان بوو. بۆ ماوەیەك تەنانەت دەرچووانی خوێندنگە پزیشکییە نوێیەکان هەوڵیان دەدا ئیشێك بە پلەی کارمەندی دەوڵەتی بدۆزنەوە و لە ڕاستیدا تەنیا ئەوانەی کەمتر سەرکەوتوو بوون، پزیشکییان دەکرد.

ئەمە هەمووی گەشەسەندنێکی بەرچاوی لە خوێندەواریدا هێنایە ئاراوە کە لە بەرامبەردا ڕێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانی میدیا و خۆیشی بە سەرهەڵدانی میدیاوە ڕێی بۆ هەموار بوو. یەکەم چاپەمەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەهوودی و ئەوانی دواتر مەسیحی بوون. یەکەمین ڕۆژنامەکانی هەرێمەکە بەرهەم و ئامرازەکانی شۆڕشی فەڕەنسا بوون کە لە لایەن باڵوێزخانەی فەڕەنسییەوە لە ئەستەمبوڵ و ئیدارەی بۆناپارت لە میسر دەردەچوون. هەندێك ڕۆژنامە و کۆواری تریان بەدوادا هاتن، کە سەرچاوەی زۆربەیان سەرمایەگوزاریی ئەورووپی و بڵاوکەرەوانی مەسیحییەت بوون و خوێنەر و کاریگەرییەکی کەمیان هەبوو. ئەمانە لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بە هۆی ئەو کۆوار و ڕۆژنامانەی سەرەتا لە میسر و تورکیا و دواتر لە سەرانسەری هەرێمەکەدا دەردەچوون، بە تەواوەتی پەراوێز خران. ئەمانەش سەرەتا سەرمایەگوزاریی دەوڵەتی بوون کە بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی دەوڵەت دامەزرابوون و ئاراستە کرابوون. لە گوتارێکی بەرجەستەدا چاودێری فەرمیی عوسمانی لە ١٨٣٢دا ڕوونی کردبووەوە، ئەم چاپەمەنییە

جێگرەوەی سروشتیی هێڵی درێژی مێژوونووسانی ئیمپریاڵە و لە خزمەتی هەمان ئامانجدایە، واتە "ڕاگەیاندنی سروشتی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان و مەبەستی ڕاستەقینەی کردەوە و فەرمانەکانی حکومەت"، لە پێناو ڕێگری لە خراپ لێك تێگەیشتن و ڕەخنەی بێ بنەما. تەنانەت پاشان کە میدیای تایبەت دامەزران، هەر لە ژێر کۆنترۆڵ یان سەرپەرشتیی دەوڵەتدا مانەوە. لە زۆربەی وڵاتانی هەرێمەکەدا ئەمڕۆکەش هەر بەم شێوەیەن.

کاتێك حکومەتی عوسمانی لە ١٨٣٤دا خزمەتگوزاریی پۆستەی نەتەوەییی دامەزراند، بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکان و بە شێوەیەکی گشتیتر پێوەندیی نێوان پارچە جیاوازەکانی هەرێمەکە وزەیەکی گەورەی هاتە بەر. داهێنانی تێلێگراف لە ١٨٥٥دا کە لە ئاکامی پێداویستییەکانی شەڕی کریمنەوە[١٢٥] بوو، دروستکردنی یەکەم هێڵی شەمەندفەر لە ١٨٦٦، هەر هەموو ئەمانە یارمەتیدەر بوو بۆ زیادکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت.

لە سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامە و چاپەمەنی سەرەتا ڕادیۆ و دواتر تەلەڤزیۆنی هاتە سەر. بە بۆنەی ئەمانەشەوە، دەسەڵاتی دەوڵەت بە سەر هەست و بیری خەڵکەکەیدا بەهێزتر بوو، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی وەشانی نێودەوڵەتی بۆ یەکەم جاریش بە ڕاستی تووشی بەرەنگاربوونەوە هات. شۆڕشی پێوەندییەکان بەرەنگاربوونەوەکە توندتر دەکات.

پێویست نەبوو ڕۆژنامە و وێزگە ڕادیۆییە فەرمییەکان، وەك ئامانجی ڕاستەوخۆیان، هاوشێوەی سوپا و وەزارەتەکان، خزمەت بە وڵات یان نەتەوە یان کۆمەڵگە بکەن. ئەوان خزمەتیان بەو دەوڵەتە دەکرد کە بە زۆری دای مەزراندبوون و پشتیوانیی لێ دەکردن و زۆربەی جار کۆنترۆڵی دەکردن. بە زۆری مەبەست لە دەوڵەت حوکمڕان و ئەو کۆمەڵە بچووکەی خەڵك بووە، کە لە کارکردن بە دەسەڵاتە ئۆتۆکراتییەکەیدا یارمەتییان دەدا.

خانەدانێتی لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناویندا هێزێکی پڕدەسەڵات بووە و تەنانەت زۆرجار زێدەمانایەکی ئایینیی وەرگرتووە. مووسای بەڵێندراوی یەهوودییەکان دەبووایە لە بنەماڵەی "داوود"ەوە بێت، سۆشانتی ئێران دەبووایە لە توخمی پیرۆزی زەردەشت بووایە. موسوڵمانان بە گشتی ڕێزێکی تایبەت لە نەوەکانی پیامبەر دەنێن، شیعەکان لەو باوەڕەدان ڕابەرایەتیی

١٢٥ Creamen .



کۆمەڵگەی ئیسلامی مافی ئەم نەوانەیە و ئەو حوکمڕانە موسوڵمانانەی لەم ڕەچەڵەکەوە نەبن، داگیرکەرن یان بە باشترین شێوە، لانی کەم لە ڕاستیدا، جێگرەوەی کاتەکی بوون. سوننییەکان بە شێوەیەکی تیۆری، بنەمای میراتگرییان لە ڕابەرایەتیی کۆمەڵگە، واتە خەلافەتیان ڕەت کردەوە و یاسایەکی هەڵبژاردنیان داڕشت. بەڵام بە کردەوە، خەلافەتی هەڵبژێردراوی سەرەتایی بە زنجیرەیەك حوکمڕانکوژی و شەڕی ناوخۆیی بە کۆتا هات و لە بەنزیکەیی هەر دەوڵەتێکی موسوڵماندا دەسەڵاتەکە بووە خانەدانی. تەنانەت لە کۆمارەکانی ئەم سەردەمەدا کە لە سەر شێوازی خۆیان شۆڕشگێرانەن، حوکمڕانی وەك سەدام حوسێن لە عێراق و حافز ئەسەد لە سووریا کوڕەکانی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی جێیان بگرنەوە. هەندێك جار ناوە خانەدانییەکە بۆ دەوڵەت و وڵات و تەنانەت نەتەوایەتیش بەکار هاتووە. باشترین نموونەی ناسراو لە ڕابردوودا ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و لەمڕۆکەش شانشینیی سەعودییە. هەردووکیان ناوەکانیان لە دامەزرێنەری بنەماڵەی حوکمڕانەوە وەرگرتووە.

ئێستا بۆ چەندین سەدەیە لە زۆربەی هەرێمەکەدا تا ئەمڕۆکەش، تەنیا دوو ڕێگەی گۆڕینی حکومەت هەبوون. یەکێکیان بە میراتگرییە لە ناو خێزانی حوکمڕان و ئەوەی تریان لادان یان جێگرتنەوەی حوکمڕانە بە بەکارهێنانی زەبر یان هەڕەشەکردن پێی. جێنشینیی خانەدانی تا سەردەمی هاوچەرخیش تاکە ناوونیشانی بە گشتی پەسەندکراو بووە بۆ شەرعییەت. ئەوانەی بە بەکارهێنانی زەبر گەیشتوونەتە دەسەڵات زۆربەی جار هەوڵیان داوە هەمان شەرعییەت بۆ جێگرەوەکانی خۆیان دەستبەر بکەن. لەوەتەی کۆتایی هاتنی خەلافەتەوە جگە لە بنەماڵەی شاهانەی مەراکیش و ئوردن نەبێت، کە هەردووکیان لە نەوەکانی پەیامبەرن، زۆربەی ڕژێمە شانشینییەکانی جیهانی عەرەب لە لایەن فەرماندارانی یاخیبوو و کارمەندانی بێ وەفا و شازادەکانی بێنکورت یان سەرخێڵەکانی بێ ئۆقرەوە، یان دامەزرێنراون یانیش داگیر کراون. سەردەمی هاوچەرخ دیاردەیەکی نوێی سەرنجڕاکێشی زیاد کردووە- سەرکردایەتیی شۆڕشگێڕانەی میراتی.

هێزی زۆری ڕژێمی شانشینی بۆ بڕیاردان لە سەر دڵسۆزی و هەروەها شوناسیش لەو سەقامگیری و بەردەوامییەی دابینی دەکات، سەرچاوە دەگرێت. بە شێوەیەکی وردتر، فۆڕمێکی

جێنشینییەکی زانراو و بێ کێشە پێشکەش دەکات. یاسای خانەدانیی ئەرشەدێتیی[١٢٦] تایبەت بە ئەورووپا بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕژێمە شانشینییەکانی موسوڵماندا پێڕەو نەدەکرا، چونکە لەوێدا نەریتی باوتر ئەوە بوو هەر حوکمڕانێك دەبوایە جێنشینێکی گونجاو لە ناو ئەندامانی بنەماڵەی خۆیدا دەستنیشان بکات. جێنشینەکە ڕەنگە و زۆربەی جاریش برایەك، برازا یان خۆشکەزایەك[١٢٧] یان تەنانەت کوڕەمام یان کوڕەخاڵێك[١٢٨] بوو. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ میراتگری و هەڵبژاردن تەنیا شێوەی پەسەندکراوی جێنشینیی شەرعی بوون. کاتێك ئەو شێوازانە گەندەڵ بن یان بە کۆتا بهێنرێن- تەنیا توندوتیژی دەمێنێتەوە- دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات بە پیلانگێڕی، تیرۆرکردن، کودەتا، یان یاخیبوونی چەکداری. وێ دەچێت هەڵبژاردن کە تەنیا بە تیۆری ناسراوە و هەرگیز لە راستیدا کاری پێ نەکراوە- ڕێگەیەکی تر بخاتە ڕوو.

لە کۆمارە دیموکراتەکانی هاوچەرخدا جێنشینیی بێ کێشە لە ڕێی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ماوەی دیاریکراو و بە پێی یاسای چەسپاوەوە ئەنجام دەدرێن، مسۆگەر کراوە. دیموکراسیی هەڵبژاردنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا مێژوویەکی کورت و بگۆڕی هەبووە. بۆ ماوەیەك لە لوبناندا گەشەی کرد، بەڵام بە هۆی هێرشی دەرەکی و دووبەرەکیی ناوخۆیی کۆتاییی پێ هات. لە تورکیا و ئیسرائیل هێشتاش کاری پێ دەکرێت، هەرچەندە لە هەر دوو وڵاتدا هەڕەشی جۆراوجۆری لە سەرە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵبژاردنی بەردەوام هەم بۆ سەرۆکایەتی و هەم بۆ پەرلەمان ئەنجام دەدات و بۆ ئەمانەش لە ڕاستیدا ڕکابەرێتی دەکرێت. بەڵام پێویستە پاڵێوراوانی هەر دوو هەڵبژاردنەکە لە لایەن لیژنەیەکی شارەزایانی ئایینییەوە بە وردی هەڵبسەنگێنرێن و ڕەزامەندییان لە سەر بدرێت. سەرۆکی هەڵبژێردراویش لە ریزبەندی دەسەڵاتدا بە پلەی سێیەم دێت دوای دوو پلەبەرزی تری خاوەن دەسەڵاتی جێبەجێکاریی ڕەهاوە. لەگەڵ هەموو ئەم کوتوبەندانەش، سیستەمی ئێرانی لە چاو زۆربەی سیستەمەکانی تری هەرێمەکە لەوانەیە ڕێگە بە ئازادییەکی پتر لە ململانێ و ناڕەزایی بدات.

١٢٦ Primogeniture .

١٢٧ Nephew .

١٢٨ Cousin .



میسر پەرەی بە سیستەمێکی بێ هاوتای تایبەت بە خۆی داوە- جۆرە سەرۆکایەتییەکی شانشینانەی ئاوێتە لەگەڵ سیستەمێکی نیمچە پەرلەمانی نیمچە هەڵبژاردنی. لەو کاتەوەی کە سەرۆکایەتی لە ١٩٥٢-١٩٥٤وە دەستی پێ کردووە هەر سەرۆکێك جێنشینی خۆی دەستنیشان دەکات و دای دەمەزرێنێت، بەڵام نەك بەو شێوەیەی لە رابردوودا باو بوو، واتە لە ناو بنەماڵەیەکی شایانە یان شازادە یان شێخزادەدا، بەڵکو لە ناو کۆمەڵەی کارمەندانی دەسەڵاتگێڕدا. ژمارەیەکی کەم لە دەوڵەتانی تر دەستەی هەڵبژێردراویان تاقی کردووەتەوە. لە شوێنەکانی تردا زۆربەی هەرێمەکە لە نێوان ڕژێمەکانی شانشینی و دیکتاتۆری و هەندێك ڕژێم کە ئاکارەکانی هەردوو جۆریانی ئاوێتە کردووە، دابەش بووە.

تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی سەردەمی هاوچەرخ و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەردەمیانەکردن[١٢٩] بە سەر ئیسلامی هێناوە، بریتی بووە لە بەهێزکردن نەك لاوازکردنی دەوڵەت وەك چەقی چالاکی. هۆکاری ئەمەش پێشکەوتنێکی ناوخۆیی گرینگە. لە کۆمەڵگەی کۆنباوی ئیسلامیدا دەسەڵاتی دەوڵەت هەم بە تیۆری و هەم بە کردەوە سنووردار بوو. بە گوێرەی بۆچوونێکی گشتی، نەریتی سیاسیی ئیسلامی ڕێخۆشکەر بووە بۆ حوکمی ڕەها و تەنانەت حوکمی میزاجییانە و وێ دەچێت ڕووداوەکانی ئەم دواییانە جەخت لە سەر ئەم بۆچوونە بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکە لە سەر بنەمای بە هەڵە تێگەیشتنێك لە مێژوو و شەرعی ئیسلامییەوە وەستاوە. دەوڵەتی ئیسلامیی کۆنباو ڕەنگە ئۆتۆکراتی بووبێت، بەڵام ڕەها نەبووە. هێزی خاوەن دەسەڵات بە هۆکارگەلێك کە کۆمەڵێکیان یاسایی و هەندێکیان کۆمەڵایەتی بوون، سنووردار کرابوو. لە بنەڕەتیشدا و بە پێی شەرعی پیرۆز کە هی خوای پیرۆزە و پێشینەی هەیە و حوکم لە سەر دەوڵەت دەگێڕێت، دەسەڵاتەکە بەرتەسك کرابوو. دەوڵەت و خاوەن دەسەڵات، بە پێی ئەم بنەمایە لە ژێر حوکمی شەرع دان و لە ڕوویەکەوە بە پێی شەرعەوە دامەزراون و دەسەڵاتیان پێ دراوە نەك بە پێچەوانەوە، وەك لە سیستەمەکانی تردا بەو شێوەیە.

١٢٩ Modernization.

جگە لەم کۆتبەندە تیۆرییە، کۆتبەندی کارەکیش هەبوون. لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی کۆندا زۆر بەرژەوەندیی تەواو ئاڵۆز و دەسەلاّتی ناوەندی هەبوون کە کۆتوبەندی کاریگەرییان دەخستە سەر دەسەلاّتی دەوڵەت بە سەر تاکەکانی. ئەمانە لە هەموو کات و شوێنێك دامەزراوە سەربازی و ئایینییەکانی دەگرتەوە. زۆربەی جار لە سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، واتە لە ماوەی راستەخۆ پێش بەسەردەمیانەکردندا ئەم دامەزراوانە هەم ئەریستۆقراتیی گوندنشین و هەم خانەدانی شارنشینیان لە خۆ دەگرت. لەگەڵ پرۆسەی بەسەردەمیانەکردن لە جیهانی ئیسلامیدا ئەم دامەزراوە ناوەندییانە یەك لە دوای یەك لاوازتر کراون یان دەستیان بەسەردا گیراوە و دەوڵەت پلەیەکی زۆر گەورەتری دەسەلاّتی ئۆتۆکراتی بە سەر تاکەکانیدا هەیە لە چاو ئەوەی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی کۆندا هەی بووە. لە کاتێکیشدا دەسەلاّتە سنووردانەرەکان بچووك بوونەتەوە یان لەناو چوون، دەوڵەت سیستەمی سەردەمیانەی دەسەلاّتی بە تەواوەتی کەوتووەتە ژێر دەست. دەرەنجامەکە بریتییە لەوەی دەوڵەتانی ئەم سەردەمەی ناو جیهانی ئیسلامی، تەنانەت بەوانەشرا کە خۆیان بە پێشکەوتوو و دیموکرات دەزانن، لانی کەم لە کاروباری ناوخۆییاندا زۆر بەهێزترن لە بە ناو دیکتاتۆرییەکانی رابردوو.

ئەمە رەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی تا رادەیەك سەرسوڕمێنی تری جیهانی رۆژهەلاّتی ناوینی ئەم دواییانە و ئێستاکە، کە بریتییە لە خۆڕاگریی سەرووئاساییانەی دەوڵەتەکان پاش ئەوەی دامەزراون. پێش جەنگی جیهانیی یەکەم تەنیا دوو دەوڵەت یان رەنگە بڵێین دوو دەوڵەت و نیو یان دوو دەوڵەت و سێ چارەك لە رۆژهەلاّتی ناوین هەبوون. هەڵبەتە دووەکان شانشینە بەجێماوەکانی تورکیا و ئێران بوون. هەردووکیان بە ئیمپراتۆرییەتی جیهانیی موسوڵمان دادەنران، نەك بە دەوڵەتی نەتەوەیی بە پێی چەمکی رۆژئاواییی سەردەمیانە. بە بەراورد تەنیا لەم دواییانەدا تورکیا و ئێران ناوونیشانی هەرێمی و نەتەوەیی لە پرۆتۆکۆڵ و زمانی فەرمییاندا بەکار هێناوە.

نیو ولاّتەکە میسرە. لە سەدەی دەیەم بە سەرەوە، میسر کە پێشتر پارێزگایەکی ناو ئیمپراتۆرییەتی خەلیفەکان بوو، بووە شوێنی دەسەلاّتێکی سەربەخۆی موسوڵمان کە بە زۆری حوکمی بە سەر سووریا و فەلەستین و عەرەبستانی رۆژئاوا و هەروەها دۆڵی نیلدا دەکرد.



فەرماندە و سەربازەکان بە زۆری خەڵکی شوێنی تر بوون- بەربەری و کورد و تورك و قرقیزی و خەڵکی تر- بەلاّم ئیدارەیان کە ژیان و ئارامیی ناوچەکەی دەپاراست، بە تەواوەتی میسری بوو.

داگیرکاریی عوسمانی لە ١٥١٧دا کۆتایی بە سەربەخۆیی میسر هێنا و لە ١٨٨٢ میسر لەگەڵ داگیرکاریی بەریتانی چووە ژێر حوکمی دەسەلاّتێکی ئیمپریالّی ئەورووپییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا میسرییەکان سەرەڕای سەربەخۆیی و کەوتنە ژێر حوکمی دەرەکی و داگیرکاریی بێگانەوە، ئۆتۆنۆمییەکی زۆریان لە کاروباری ناوخۆییاندا هەبوو. لە ژێر دەسەلاّتی تا رادەیەك دوورەدەستی عوسمانییەکان و دواتریش دەسەلاّتی نزیکتری بەریتانییەکان، میسر وەك قەوارەیەکی سیاسی بەخۆ بە حوکمڕان و حکومەت و خزمەتگوارییەکی شارستانیی ناوخۆییەوە لە دۆڵی نیل بەردەوام بوو و ئەو شتەی بەڕێوە دەبرد، کە ئەگەر بە ناویش نەبێت، لە ئەنجامدا بووە دەوڵەتێکی میسری. کەواتە دەوڵەتی میسری هاوچەرخ، لە شانشینییەوە بۆ کۆماری، پێکهاتەیەکی نوێ نییە، بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی درێژی گەشەسەندنی سیاسی و ئەزموونە.

لوبنان دەوڵەتێکی ترە کە نەریتێکی نیمچە سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی هەبوویێت. لوبنان بە رواڵەت وەك یەکێك لەو دەوڵەتە نوێیە زۆرانەیە لە ئاکامی رووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم دروست بوون، بەلاّم زۆر لەوانی تر جیاواز بوو. لوبنان لە سەر نەریتێکی زیندوو و چەسپاوی ئۆتۆنۆمی و هەستکردن بە شوناسێکی سەربەخۆ دامەزرابوو، کە بە درێژایی سەدەکانەوە پارێزرابوو. ئەم لوبنانە ئەوەیان نەبوو کە بە "لوبنانی گەورەتر" ناو دەبردرا و لە لایەن فەرەنسییەکانەوە بۆ پاڵپشتیی دەسەلاّتیان داهێنرابوو. "لوبنانی بچووك" لە چیا پێك هاتبوو، رووبەرێکی رەقی لاکێشەیی کە رێك لە باشووری ترابلۆس تا کتومت باکووری سیدای[١٣٠] لەخۆ دەگرت و ناوچەی دوورەسنووری[١٣١] بەرین دەکردەوە. دانیشتووانی بە گشتی مەسیحی و بە زۆری مارۆنییەکان بوون لەگەڵ کەمایەتییەکانی درووز و شیعە. ئەم هەرێمە لە ژێر حوکمی سەرخێڵەکانی ناوچەییەوە ئۆتۆنۆمییەکی زۆری هەبووە، عوسمانییەکان بە گشتی رێزیان لەو هەرێمە دەنا و خەڵکەکەی پەرەی بە شێوە ژیانێکی جیاکراوە دابوو. چونکە مارۆنییەکان سەر

١٣٠ Sidon، صیدا.

١٣١ Inand.

بە کەلیسەیەکی کاسۆلیکی بوون کە پێوەندیی لەگەڵ ڕۆمدا هەبوو، ماوەیەکی درێژ بوو پێوەندییان لەگەڵ ئەورووپای مەسیحیدا هەبوو. لە ١٨٦١وە تا جەنگی جیهانیی یەکەم لوبنان بە ڕژێمێکی تایبەتی ناسراو بە دەستووری[١٣٢] بەڕێوە دەچوو، کە ئەمەش ئەنجوومەنێکی ئیداریی هەڵبژێردراوی هەبوو بە سەرۆکایەتیی فەرمانداڕێکی مەسیحی (غەیرە لوبنانی) یەوە. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و کاتێك دەسەڵاتی فەرەنسی هاتە سەر کار، حوکمڕانە نوێیەکان ڕژێمەکەیان نەگەڕاندەوە و لە جیاتی کۆمەڵێك ناوچەی دراوسێیان خستە سەر ڕووبەری بنەڕەتیی لوبنان. بێ گومان مەبەست لەوە بەهێزترکردنی بنیاتی لوبنان بوو لە ڕێی گەورەکردنی قەبارەکەیەوە و ئامانجی درێژمەوداش، دابەشکردن و بێهێزکردنی لوبنان بوو لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ژمارەی دانیشتووانی.

ناوچەیەکی تری خاوەن سەربەخۆییەکی ڕەگداکوتاو عەرەبستان بوو. گوایە لەگەڵ داگیرکاریی عوسمانییەکاندا بەشی گەورەتری نیمچە دوورگەی عەرەبی، لە ڕاستیدا لە سەر شێوازی خۆی وازی لێ هێنرابووە و لە لایەن خانەدانی ناوخۆیی کە زۆربەیان بە ڕەچەڵەك خێڵەکی بوون، بەڕێوە چووە. وەك دەوڵەتانی هیلالی بەپیت، ئەوانیش لە میانەی هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆرییەتەکاندا سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت، بەڵام هەم سنوور و هەم شێوەی دەوڵەتەکانیان بە گوێرەی ڕۆڵی سیاسەتەکانی عەرەبی نەك ئیمپێریالیییەوە، دیاری کران.

پاشماوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە رووی بەدەوڵەتبوونی سەربەخۆ یان کارکردن بە دەسەڵاتی سیاسیی درێژخایەن هیچ ئەزموونێکی نەبوو. ئەو نەتەوانەی لەوێ ژیاون، شوناسەکانی خۆیانیان ئاوێتە بە لایەنگرییەکانی ناوکۆیی و خانەدانیی گەورەترەوە کردبوو، ئەو وڵاتانەی ئەوان تێیدا دەژیان، تەنیا پارێزگای داگیرکراو بوون و ناو و سنووره دەقاودەقەکانیان لە ژێر کاریگەریی گۆڕانی بەردەوام دابوون و جگە لە میسر نەبێت، گرینگییەکی مێژووییان نەبووە یان تەنانەت ڕاست ودروستییەکی جوگرافیانەی کەمیان هەبوو.

١٣٢ Reglement organique، organic statute، قواعد العچویه، یاساکانی ئۆرگانەکان، یانیش قانون ئەساسی.



لە ئاکامی دوو جەنگی جیهانی و گەشە و نەمانی دەسەڵاتی ئیمپریالی ئەورووپیدا، زنجیرەیەکی تەواو لە دەوڵەتانی نوێ دامەزرێندران، بەو سنوور و تەنانەت شوناسانەی کە بە نزیکەیی هەموویان لە لایەن ئیدارەی داگیرکەر و دیپلۆماسییەتی ئیمپریالەوە دروست کرابوون. پێکهاتە و ژێرخانەکانیشیان بە هەمان شێوە بۆ دابین کران. لە ١٩٣٠ و ١٩٤٠ەکان شێوازی نوێی حکومەت لە ئەورووپاوە هاتن، حیزب و سەرۆك. لە ماوە کورتەکانی دیموکراسییی پەرلەمانی کە بە هۆی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ئێران و تورکیا و هەروەها حوکمڕانانی بێگانەوە لە میسر و هیلالی بەپیتدا هاتبووە ناساندن، پارتە سیاسییەکان لە چەندین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەریان هەڵدابوو. سیستەمی تاکە پارتێك وەك تۆخمێکی ناوەندی لە هەیکەلی حکومەتدا نوێ بوو، وەك پارتی کۆمۆنیست لە یەکێتی سۆڤیەت و پارتی فاشیست لە ئیتاڵیا و پارتی نازی لە ئەڵمانیا. ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بە نموونەی خەباتێکی سەرکەوتوو بۆ یەکگرتنی نەتەوەیی دەبینران. وەك نموونەی چۆنیەتیی وەدەستخستنی دەسەڵات و پاشان کارکردن پێی لە دەوڵەتی نەتەوەییدا، ئێستا زۆر کەس لەم نموونانە ورد دەبێتەوە. لە پارتی بەعس کە لە سووریای ڤیشی[١٣٣] لە ١٩٤١دا بۆ پشتیوانی لە ڕژێمی ڕەشید عەلیی لایەنگری ئەکسیز لە عێراق دامەزرا، ئەم ئایدیۆلۆژییایە گەیشتە ترۆپکی خۆی. لقە ڕکابەرەکانی پارتی بەعس ئێستاکە هەم لەم وڵاتانەدا حوکم دەگێڕن و هەم پاڵپشتن بۆ سەرکردە ڕێزلێنراوەکانیان، سەدام حوسێن و حافز ئەسەد. وەك سەرکردایەتییە ئەورووپییەکانی پێش خۆیان کە لە مێژەوە لەناو چوون، هەر یەك لەم کەسانە لە وڵاتی خۆیدا کتومت دەربڕی دەوڵەتە و وەفاداری بۆی گرینگترین پێناسەیە بۆ ئەندامێتی لەو کۆمەڵگەیەدا.

پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بۆ ماوەیەکی درێژتر لە نموونەکانی فاشیستی ئەڵمانی و ئیتاڵی ماوە و لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا سۆشیالیزم بە هەر شێوەیەك

١٣٣ Vichy .

بووبێت، بووە ئایدیۆلۆژیای زاڵ. هەرچەندە سۆشیالیزم هیچی بۆ باشترکردنی ئابووری لە دەست نەهات، بەڵام دەسەلاتی دەوڵەتی بەسەر تاکەکانیدا یەکجار بەهێز کرد.

یەکێك لە هەرە سەرووئاساییترین تایبەتمەندییەکانی رۆژهەلاتی ناوینی سەردەم، لە راستیدا ئەم هێزەی دەوڵەتان و توانایانە بۆ خۆڕاگری لە ژێر فشار، کە ئەمیش یان بە هەڵوەشانەوەیانە بۆ پێکهاتە ناوچەییەکانیان یانیش بە تێکەڵبوونەوەیانە لە ناو یەکێتییەکی مەزنتر. هەندێك لەم دەوڵەتە نوێیانە لە سەر قەوارەی مێژوویی راستەقینەوە دامەزراون و هەندێکی تر تەواو دەستکردن. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای پێویستیی ئایدیۆلۆژیی بەهێز بۆ یەکگرتن کە لە بزاڤی یەکێتیی سیاسیی عەرەبەوە هەڵقوولابوو، هیچ کام لەم دەوڵەتە عەرەبانە جگە لە یەکێکیان نەبێت، لە ناو نەچوون. ئەم دەوڵەتانە، تەنانەت رێتێنەچووەترینەکانیان، چەندیش دەسکرد و ناسروشتی بێنە بەرچاو، چەندیش لە رەچەڵەکدا بێگانە بن، چەندیش ئەو کولتوورانەی کە لە سەریان بنیات نراون جیاواز بن، توانستێکی بەرچاویان پێشان داوە بۆ خۆپارستن و مانەوە، زۆربەی جاریش لە هەلومەرجی زۆر سەختدا. زۆر هەوڵ دراون بۆ یەکخستن یان لانی کەم لێك نزیککردنی دوو یان سێ دەوڵەتی عەرەبی. تا ئێستا هیچ کام لەم جۆرە هەولانە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ خۆی نەگرتووە. تەنانەت یەکگرتنی یەمەنی باکوور و باشوور- کە لە رووی مێژووییەوە ولاتێك بوون و لە لایەن داگیرکەرانی بەریتانیی عەدەنەوە[١٣٤] دابەش بووبوون- بە ئاشکرا یەکجار دژوار بووە. پێشتر دەکرا شکەستی هەولەکان بۆ یەکگرتنی عەرەب بدرێتە پاڵ کاریگەریی دەرەکی و هەڵبەتە واش دەکرا. هەبوونی هەولی زۆر نوێتر، ئەوە روون دەکاتەوە رۆڵی کاریگەریی دەرەکی لە رابردوودا هەر چۆنێك بووبێت، ئیدی بۆ ئێستا راڤەیەکی ورد نییە. کۆسپەکانی بەردەم یەکگرتنی عەرەب لە ناوخۆی جیهانی عەرەب، نەك لە دەرەوەی سەر هەڵدەدەن و شکستی یەکخەرەوەکان گەواهە لە سەر خۆڕاگریی بەرچاو و دەسەلاتی رووەو زیادبوونی خودی دەوڵەت وەك هۆکارێکی سیاسی.

١٣٤ Aden .



لەوانەیە زەقترین وێنەی کاریگەریی لایەنگری بۆ دەوڵەت، شکەستی عێراق و ئێران بێت بۆ لە ناوبردنی دوژمنانیان لە جەنگی یەکەمی کەنداودا. عەرەبەکانی ئێران وەك شیعەکانی عێراق بەرامبەر بە بانگەوازەکانی هەستی نەتەوەیی و تایفی خۆڕاگر بوون و بە ولات و حکومەتەکەی خۆیان وەفادار مانەوە.

چارەنووسی پەنابەرە فەلستینییەکان لە ١٩٤٨ و دواتردا نموونەیەکی زۆر نەرێنییە سەبارەت بە گرینگتربوونی دەوڵەت لە پێناسەکردنی شوناس و دڵسۆزیدا. لە ئوردن- کە نیوەکەی تری دەسەلاتی فەلستینی بوو- یاسای هاوولاتییانی[١٣٥] ساڵی ١٩٥٤، "جگە لە یەهوودییەکان" هاوولاتیبوونی ئوردنیی بەخشییە هەموو ئەو کەسانەی لە پێش کۆتایی دەسەلاتەکە هاوولاتیی فەلستینی بوون و لەو کات بە دواوە لە شانشینیی ئوردندا نیشتەجێ بوون. لە دەوڵەتانی عەرەبیی تر کە فەلستینییەکان پەنایان بۆ بردوون، خۆیان و ئەو نەوانەی لەو ناوچانەدا لە دایك بوون، تا سێیەم نەوەش وەك پەنابەر، واتە بێگانەی بێ دەوڵەت ماونەوە. پی.جێی.ڤاتیکیۆتیسی کۆچکردوو، جارێکیان گوتی کرۆکی کێشەی فەلستینی لە قۆناغی دواتریدا زیاتر لەوەی خەڵکێك بن کە بە دوای نەتەوەیەکدا دەگەڕێن، بریتییە لە دەستەبژێرێکی سیاسی کە وێڵی دەوڵەتێکن. نیشتەجێکردنەوەی چەندەها ملیۆن پەنابەر لە هیندستان و پاکستان لە ١٩٤٧، و چەند ساڵێکیش پێش ئەوە، راکێشانی بە ملیۆنەها ئەڵمانی و پۆڵەندیی بێجێوڕێ بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا و پۆڵەندا رەنگدانەوەیە بۆ تێڕوانینە جیاوازەکان لەمەڕ گرینگیی بەراوردیی جەماوەربوون و نەتەوەبوون و دەوڵەتبوون، کە بەرهەمی ئەزموونە مێژووییەکانی نیمچە کیشوەری هیندی و ئەورووپای ناوەڕاست و رۆژهەلاتن. خۆهەڵقورتاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کێشەی فەلستین نەك لە کێشەی ئەوانی تر، رەنگە رێخۆشکەر بووبێت بۆ جیاوازییەکە.

یەکێك لە هۆکارەکانی هێزی دەوڵەت لەو هەلانەدایە، کە دەوڵەت بۆ ئەو کەسانەی بەڕێوەی دەبەن، دابینیان دەکات. هەر یەك لەم دەوڵەتانە لە ماوەی

١٣٥ Nationalities .

سالآنێکدا، دەستەبژێرێکی حکومیی نوێی دروست کردووە، کە لە بارەیانەوە ئادۆلفۆس سلادێ، یەکێك لە زیتترین چاودێرانی رۆژئاوایی سەردەمی خۆی لە بواری پەرەسەندنی رۆژهەلآتی ناوین، گوتویەتی "دەولّەت مولّکی نوێی خانەدانی نوێیە".

هۆکارێکی تر کە هێشتاش زۆر ناگوزیرە و تەنانەت کاریگەرە لە سەر ئەوانەی سوودێکی کەم لە دەولّەتەوە وەردەگرن، ترسی ئەو شتەیە کە رەنگە لە کاتی هەلّوەشاندنەوەی دەولّەت بۆ سەر پێکهاتەکانی، روو بدات. ئەمە لە کاتی شەڕی ناوخۆیی لە لوبنان رووی دا و لە عێراقدا لە پاش جەنگی کەنداو هەڕەشەی کرد. ولآتانی تر هەن کە تێیاندا ئەم رێتێچوونە تۆقێنەرە بە روونی دەبینرێت. تۆقێنەرایەتیی شەڕی ناوخۆییی لوبنان (بارودۆخێك کە بە گوێرەی توانجی لوبنانیی جەرگبڕی ئەو کاتەوە- تەنانەت یاسای دارستانیش رێزی لێ نەدەگیرا) بە رادەی پێویست بەناوبانگە بۆ ئەوەی وەك زەنگێکی مەترسی رۆڵ بگێڕێت. لە ولآتانی وەك عێراقدا کە قازانجی نەتەوەیی لە تاکە سەرچاوەیەك، واتە داهاتەکانی نەوەتەوە دابین دەکرێت، و تێیاندا سامانی دەستکەوتوو لە لایەن حکومەتەوە دەستی بە سەردا دەگیرێت و دابەش دەکرێت، ئەگەری ئەم جۆرە هەلّوەشانەوەیە کەمترە. دەسەلآتی بەناوەندیکەری[١٣٦] پارە لە لایەن هێزەکانی چەکداری بالآدەستەوە، کە بە خودی ئەو پارەیەوە بۆ حکومەتی ناوەندی دەکرێن، بەهێزتر دەکرێت. لە ولآتانی ناجێگیردا کە ئەم سەرپشکییەیان نییە یان ئیتر نەیان ماوە، هەلّوەشانەوە و شەڕی ناوخۆیی مەترسییی هەمیشە ئامادەن.

١٣٦ Centralizing .



# بەشی حەوتەم

## هێماکان[١٣٧]

جیهانی سەردەم پڕە لە هێماکانی شوناس، هەم دیدەنی، هەم بیستەنی. نەتەوەکان ئالآ و سروودییان هەیە و لە بارودۆخی جیاوازدا، ئەندامانی کۆمەلّگەی نێودەولّەتی بە پێشانگایەکی بێ کەموکوڕیی بالّندە و جانەورانەوە دەربڕاون کە زۆربەیان وەك شێر و باز و ئەژدەها و ورچ دڕندە و ترسناکن یان وەك کەلّەشێر، لانی کەم شەڕانین. هەروەها رووەکی وەك گولّەباخ و شەبەنزەر و دڕك و گەلآی دار کەوەتیش هەن کە ئامانجێکی هاوشێوە دەپێکن. دروشمەکانیش رەنگە دەربڕی جیاوازیگەلی تایبەت بە ئایین و بیروباوەڕ بن، وەك دووبەرەکیی نێوان کەلیسەکانی رۆژئاوا و رۆژهەلآت. لایەنگریی ئەم یان ئەو کەلیسەیە بە شێوە جیاوازەکانی خاچەکانی لاتینی و یۆنانییەوە دەردەبڕدرێت. لە جیهانی رۆژئاوادا و ئێستاکە لە شوێنەکانی تریشدا زۆر ئەنجوومەنی بژاردەیی- کۆلێژ و کۆمەلّگە و پارتی سیاسی و کۆمپانیا و یەکێتی و یانە وەرزشییەکان- دروشم و باج و تەنانەت کلآو و بەرگ و قردێلەی جیاکراوەیان هەیە، کە بەهۆیانەوە ئەندامان خۆیان بە کەسانی تر دەناسێنن.

لە رۆژئاوادا ئەم زمانە هێمائامێزەی شوناس و ناسینەوە رەگداکوتاوە و بەرهەمی پەرەسندنێکی درێژخایەنە. لە رۆژهەلآتی ناوینی سەردەمدا بەشی زۆری ئەم زمانە نوێیە هەندێك جار سەپێندراوە و بە زۆریش لە سەر دەرەوە کۆپی کراوە. ناساندنی سروودی نەتەوەیی و تیپی

١٣٧ Symbols .

مۆزیکیی مسی[١٣٨] بۆ ژەنینی ئاوازی سروودەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، کاتێك سوڵتانی ریفۆرمخواز، سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانیی لە میانەی بەسەردەمیانەکردنی هێزە چەکدارەکانیدا داوای لە باڵوێزی ساردینیا لە ئەستانبوڵ کرد تا سەرۆك تیپێکی مۆزیکژەنانی بۆ بدۆزێتەوە. کەسی هەڵبژێردراو جۆسێپێ دۆنیزێتیی برای گەتانۆی زۆر بەناوبانگتر بوو. چەندین گەشتیاری رۆژئاوایی سەرکەوتنی سەرۆك تیپەکە لە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی ئەو شتەی بە فەرمی وەك "موسیقای ئیمپریالی عوسمانی" ناو نرا، پشتڕاست دەکەنەوە. ئێستاکە هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی رۆژهەلاتی ناوین وەك شوێنەکانی تر سروودێکی نەتەوەیی هەیە.

هاوردەنییەکی تری رۆژئاوایی ئالآی نەتەوەیی بوو کە لە نەخش و رەنگەکەیدا هێمای شوناسی نەتەوەییە، بە هەمان شێوە کە سروود لە دەنگی زوڕنا و دهۆڵدا دەربڕی هەمان شوناسە. جۆرێك لە نیشانەکانی تایبەت بە ولآت لە سەردەمانێکی پێشوودا شتێکی زانراوە بووە. لە میسر و سووریای سەدەکانی ناوەڕاستدا سوڵتان و ئەمیرە گەورەکان زۆر جار جۆرە دروشم یان نیشانێکیان هەبووە، کە لە عەرەبیدا بە "رەنك" ناسرابوو و لەوانەیە لە "رەنگ"ی فارسییەوە وەرگیرابێت کە تەنیا بە مانای رەنگەوە دێت. ئەم نیشانانە بە جۆرەها شێوە بەکار دەهاتن- لە سەر سککە دەدران، لە سەر تەلارەکان هەڵدەکەندران، دەهۆنرانەوە، بە نەخش و نیگار هەڵدەکەندران، یان بە پێچەوانەوە لە سەر کوتاڵ یان پارچە فلز یان شتی ترەوە دەکێشرانەوە. بەلآم بە دەگمەن لە ناو نووسینە مێژوویەکاندا ئاماژەیان پێ دراوە و وێ دەچێت هیچ جۆرە گرینگییەکی سیاسی و تەنانەت گرینگییەکی خانەدانیشیان نەبووبێت. بەکارهێنانی ئالآی سێگۆشە و ئالآی شەڕ لە رۆژهەلآتی ناوینی ئیسلامی لە سەردەمانی زۆر زوودا پشتڕاست کراوەتەوە. ئەمانە بە زۆری لە پارچە کوتاڵێکی یەك رەنگ پێك دەهاتن. هەندێك جار هێمای تاکە حوکمڕانێك و زۆرتر هێمای خانەدانێك بوون. بەم شێوەیە، لە کۆندا ئالآی ئۆمەوییەکان سپی و هی عەباسییەکان رەش و هی بنەماڵەی پەیامبەر سەوز بووە. ئەم سێ رەنگە کە هێمان بۆ سێ خانەدانی سەرەکیی عەرەب بە جۆرەها شێوە لە ناو ئالآی زۆرێك لە دەوڵەتانی عەرەبیی سەردەمدا ئاوێتە کراون.

١٣٨ Brass band.



ئەمڕۆ هەر دەوڵەتێك لە رۆژهەلآتی ناویندا، بە لەخۆگرتنی شێخنشینە خانەدانییەکانیش، ئالآیەکی نەتەوەییی هەیە. زۆربەی ئەمانەش وەك ئالآکانی نەتەوە رۆژئاواییەکان پێکهاتوونە لە رەنگی هەڵبژێردراو کە لە شێوەی لاکێشە و سێگۆشەدا رێك خراون. ئالآکانی نەتەوەیی و رەنگەکان بەشێکی زۆر گرینگییان لە رووبەرێکی بەرفرەوانی کردەوەگەلی سیاسییدا هەیە. نەریتێکی زۆر باوی رۆژهەلاتی ناوین لە هێماسازی و بەرجەستەکردنی[١٣٩] دروشمەکان ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی نەریتی، یان رەنگە یەکێك بلێت بە شێوەیەکی ئەفسوونگەرانە، ئالآی نەتەوە هەرە ناپەسەندەکان لە ژێر پێ دەنرێت و دەسووتێنرێت.

دیسان وەك ئالآ رۆژئاواییەکان، لە هەندێك ئالآدا ئەو شتانە بەکار هاتوون کە بە دروشمگەلی جیاکراوە و پێناس دەزانرێن. لە یەکەم نیگادا ئەمانە تەواو ئایینی دێنە بەر چاو. ئالآی ئیسرائیل ئەستێرەیەکی شەش گۆشەی هەیە کە لە لای یەهوودییەکان بە قەڵغانی داوود ناسراوە و زۆر پێش ئەوەی بچێتە سەر ئالآی دەوڵەتی تازە دروستبووەی ئیسرائیلەوە، وەك دروشمێکی یەهوودی ناسرابوو. ئالآی عەرەبستانی سەعودی کە بە سادەیی شمشێرێکی لە قەڵغان راکێشراوە و بنەمای ئیسلامیی لە تەك یەك داناوە، بە ئاشکرا هێمایە بۆ یەك شرۆڤە بۆ ئیسلام. تورکەکان کە هەندێك ولآتی موسوڵمان نەك هەموویان لاساییان کردنەوە، هیلالێکیان بە کار هێنا کە ئێستا بە گشتی بە دروشمی ئیسلام دەزانرێت. بۆ هەندێك کەس ئەم بەکارهێنانەی هیلال وەك جەختکردنەوەیە لە سەر ناوەندێتیی ئیسلام لە شوناسەکانیاندا، بۆ کەسانی تر ئەوە مانایەکی نییە جگە لە مانای بەکارهێنانی خاچ و دارشتە جیاوازەکانی لە ئالآی نەتەوەی وەك بەریتانی و سکاندیناڤییەکان، ئەو نەتەوە مەسیحییانەی لە رووی ئایینییەوە دەمارگیر نین. بە هەمان شێوە، قەڵغانی داوود لە ناو ئالآی ئیسرائیلدا رەنگە بە لای هەندێك هاوولآتییەوە ئایینی بێت و بۆ ئەوانی تر ئەوەندە دەربڕی ئایین نەبێت ئەوەندەی دەربڕی نەتەوەی یەهوودە، نەتەوەیەکی ژیێندراوە پاش ئەوەی نازییەکانی پێش ئەوان کە لاساییان کردنەوە، ئەم دروشمەیان وەك هێمایەکی ژێردەستەیی بۆ ماوەیەکی درێژ بەکار هێنابوو.

١٣٩ Imagery .

هەموو ئەم دروشمانە و مانا جۆراوجۆرەکانیان لە سەر ئەو گریمانەیە بەندن، کە هیلال و قەڵغانی داوود دروشمی ئایینی موسوڵمان و یەهوودییەکانن و بە هەمان رادە کە خاچ بۆ مەسیحییەکان گرینگە، ئەمانەش بۆ موسوڵمان و یەهوودییەکان ئەوەندە گرینگن. ئەم گریمانەیە نە لە مێژوو نە لە ئایینزانیدا هیچ بنەمایەکی نییە. خاچ بۆ کەسی مەسیحی نزایەکی زۆر بەتینە و هێمای کرۆکی شوناسە ئایینییەکەیەتی- بنەمای سەرەکیی ئایینەکەی و رووداوی سەرەکیی مێژووەکەیەتی. نە هیلال و نە قەڵغانەکەی داوود هەرگیز گرینگییەکی لەم جۆرەیان نەبووە و نییانە. هەردووکیان تەنیا لە نەخشاندن بەکار دەهاتن، هەردووکیان لە لایەن خەڵکانی سەر بە ئایینی جیاوازە بەکار دەهاتن. وێ دەچێت ئەستێرەی شەش گۆشە یەکجار زۆر وەك نەخشێکی گشتی لە ناو هونەری بیناسازیی ئیسلامیدا لە رۆژئاوا تا مەراکیش و لە رۆژهەلاتدا تا پاکستان بۆ رازاندنەوە بەکار هاتبێت. هەبوونی هیلالەکە کە هەندێك جار لەگەڵ ئەستێرەیەکی شەش گۆشە (یان پێنج گۆشە یان حەوت گۆشە) دابووە، لە ئێرانی پێش ئیسلام و هەروەها لە پاشماوەکانی ئیمپڕاتۆرییەتەکانی ڕۆمی و بیزەنتینی پشتڕاست کراوەتەوە. هیلال و ئەستێرە هەردووکیان هەندێك جار لە دەقەکانی ئایینیی ئیسلامیدا لەگەڵ نەخشی تر دێنە بەر چاو، بەلاّم هیچ بایەخێکی ئایینیان نەبووە.

مەسیحییان سەرچاوەی پیرۆزکردنی ئەم دوو دروشمەن (ئەگەر بکرێت شتێك وا بگوترێت) و ئەمەش بە هۆی ئەو هەڵە گشتییەی مرۆڤەوە رووی دا کە بیرۆکە و نەریتەکانی خۆی دەداتە پاڵ کەسانی تر. بە هۆی ئەو بۆچوونە هەڵەیەی کە موحەممەد بۆ موسوڵمانان وەك مەسیحە بۆ مەسیحییەکان، بۆ ماوەیەکی درێژ مەسیحییەکان بە موسوڵمانانیان دەگوت موحەممەدییەکان. بە لێکچوواندنێکی هەڵەی هاوشێوەوە ئەوان پلەیەکی هاوتای خاچی خۆیانیان دا بە هیلالەکە و قەڵغانەکەی داوودەوە. موسوڵمانان هەرگیز بە زاراوەی موحەممەدی کە بۆ ئەوان هەم نادروست و هەم کوفرانی بوو، رازی نەبوون و بە کاریان نەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هیلالیان پێ قبووڵ بوو.

پرۆسەکە دەگەڕێتەوە بۆ لانی کەم سەدەی شازدەهەمەوە. لە نیگارەکانی تایبەت بە سەرکەوتنی دەریایی مەزنی مەسیحییەکان بە سەر تورکەکان لە لێپانتۆ[١٤٠] لە ١٥٧١دا،

١٤٠ Lepanto .



کەشتییەکانی مەسیحی خاچ و ئەوانەی موسوڵمانان هیلالیان بەرز کردەوە. ئەم دروشمە یەکجار زۆر لە نەخشاندن لە سەر شێوازی موسوڵمانان و بێ گومان لە سەر کەشتییەکانیشدا، دێتە بەر چاو و هەڵەیەکی سروشتییە بوو کە بە دروشمێکی ئیسلامییان دانابا. سەرەڕای ئەمەش هەڵەکە هەر کرا. روونترین ئاماژە بەوەی لە سەدەی شازدەهەمدا هیلالەکە تەنیا نەخشێکی رازاندنەوە بووە نەك دروشمێکی ئایینی، پانتۆڵێکە کە بە هیلالەوە خەمیلێنراوە و لە مۆزەخانەی تۆپکاپی سارای لە ئەستەمبوڵ پارێزراوە و پێشتر سوڵتان سلێمانی پڕشکۆ کردبوویەتە بەری. بەدڵنیاییەوە زۆر دوورە دروشمێکی ئایینیی پیرۆز ئاوا بە کار بێت.

بەلاّم لە کاتی خۆیدا لە جیهانێك کە رۆژئاوا بە سەریدا زاڵە و لە بەر ئەوەش بە هەندێك پێوانەوە، بیروبۆچوونە مەسیحییەکان زاڵن، هەم موسوڵمان و هەم یەهوودییەکان ئەو دروشمە ئایینییانەیان قبووڵ کرد کە بۆیان دیاری کرابوون و ئەمڕۆکەش بە گشتی شوێنکەوتووانی هەر دوو ئایین دان بەم دروشمانە دەنێن.

لە کاتێکدا کە ئالاّ و دروشمەکانی دەوڵەت و کەلیسە لە نەریتی رۆژهەلاّتی ناویندا بێگانەن، نەریتی دیاریکردنی شوناس، لە رێگەی بەرگێکی جیاکراوەوە، هەم لە پێناو خۆدەربڕین و هەم بۆ یەکتر ناسینەوە، بە راستی لە هەرێمەکەدا زۆر کۆنە و تا ئەمڕۆکەش ماوەتەوە. هەندێك جار هێمایەکی تایبەت بە شوناس کە لە جلوبەرگدا رەنگی دابێتەوە لە سەرەوەڕا دەسەپێندرا، بۆ ئەوەی بە روونی و بە شێوەیەکی دەستبەجێ ناسراوە- جیاوازییی نێوان حوکمڕان و ژێردەستە دەربخات. بەلاّم لە دەقە مێژووییەکاندا وا دیارە ئەم جۆرە رێنماییانە زیاتر لەوەی جێبەجێ بکرێن، پشتگوێ خراون. بە گشتی دەرخستنی شوناس لە رێگەی پۆشاکەوە لە پێویستیی دەروونییەوە سەرچاوەی دەگرت، نەك لە فشاری دەرەکی. جووتیار و ئاژەڵداران، ئەندامانی خێلاّنی دوژمندار، یەهوودی و بتپەرستان ومەسیحی و موسوڵمانان و ئەوانی تر بەشانازییەوە شوناسە جیاوازەکانی خۆیان لە رێگەی جلوبەرگ و پێلاّو و یەکجار زیاتریش لە رێگەی مێزەرەوە[١٤١] دەردەخەن.

ئەمە وەك ئەرکێکی کۆمەلاّیەتی و کاتی خۆی وەك ئەرکێکی ئایینیش دەبینرا. زوو لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینیدا پەیامبەرێك یەهوودییەکان لەو سزایەی ئاگادار دەکاتەوە، کە خوا

١٤١ Headgear .

بۆ "هەموو ئەوانەی بەرگی نامۆییان لەبەرە" دەنێرێت (سەفانیا ١:٨). پاشان هەم دەسەڵاتدارانی ڕەببانی و هەم دەسەڵاتدارانی ئیسلامی حوکمەکەیان بۆ بڕواداران دووپات کردەوە، بەوەی لە جلوبەرگ و هەروەها لە بیروباوەڕ و کردەوەدا جیاوازییەکی ئاشکرایان لە نێوان خۆ و ئەوانی تردا هەبێت. مێزەری پیاوێك  بە رادەیەکی زۆر وەك دەرخەری ئایین و لایەنگری و هەندێك جار پلەی کۆمەڵایەتی و پیشەییی گرینگ بووە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا نەریت بوو نموونەیەکی جیاکراوەی تەڕبووش کە عوسمانییەکە لە ماوەی ژیانیدا لە سەری نابوو، لە سەر بەردەگۆڕی هەڵبکەندرێت. ڕەنگە بەم شێوەیە یەکێك بە ئاسانی گۆڕی قادییەك[١٤٢]، کارمەندێکی جاننیساری، و کارمەندێکی دیوانی عالی[١٤٣] و گۆڕی خەڵکانی تری بناسیباوە.

سەرەتاکانی بەرۆژئاواییکردن لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە هۆی ئەوەی پۆشاك لە رووی دەربڕینەوە گرینگییەکی نوێ پەیدا بکات. سەربازانی ناو سوپای نوێ کە لە سەر شێوازی ڕۆژئاوایی بوو، قۆڵکورت و پانتۆڵ و پووتی شێوازی ڕۆژئاواییان لە بەر دەکرد و تەنانەت ئەسپەکانیشیان لە جیاتی هەوسار و بەرگە کۆنەکانیان هی ڕۆژئاواییان بە بەر دەکرا. تەنیا مێزەر وەك دوا سەنگەری ڕێکخستنی کۆن مایەوە. لە راستیدا لەمێژ بوو مێزەر گرینگییەکی تایبەتی وەرگرتبوو. بە گوێرەی گوتەیەك کە بۆ پەیامبەری دەگێڕنەوە، مێزەر بە دیواری نێوان دینداری و بێ دینی پێناسە کراوە. بە شێوەیەکی زۆر باوتر مێزەر بۆ ئاماژەدان بە جیاوازییی نێوان پیاوانی ئایین پیشە و پاشماوەی تری کۆمەڵگە بەکار دێت. لە تورکیا لەگەڵ چاکسازییەکانی کەمال ئاتاتورکدا تەنانەت ئەم دوا سەنگەرەش کەوتە بەر چاکسازی و جۆرەها کڵاو و شەبقەی شێوازی ئەورووپی شوێنی مێزەرە و تەڕبووشی گفکەدار و سەرپۆشە کۆنباوەکانی تریان گرتەوە.

بۆ هەندێك لە بزووتنەوەکانی ئەم ڕۆژگارە کە تایبەتن بە ژیاندنەوەی ئایینی، جا چ ئیسلامی بن چ یەهوودیی، گەڕانەوەیەك بۆ پۆشاك و کەلوپەلە کۆنەکان مانایەکی هێمائامێزی هاوشێوەی وەرگرتووە. نموونەیەکی بچووك پۆشینی بەرگی کاهینانە لە لایەن ئەو یەهوودییانەی ناو ئیسرائیل کە تازە بڕوایان هێناوە- ئەوانەی کە بە گوێرەی دەستەواژەی پەسەندکراوەوە "بەتۆبەکردنەوە دەگەڕێنەوە". نموونەیەکی تر گرینگییە تازەکەی قردێلەیە. موسوڵمانانی خواناس، کە وەکی دی

---

١٤٢ Qadi .

١٤٣ Sublime Porte، باب عالی، دیوان عالی یان دادگای باڵا.



ساقۆ و کراس و پانتۆڵی ڕۆژئاوایی لەبەر دەکەن، قردێلە نابەستن. چۆن هیلال پێشتر لە لایەن مەسیحییەکانەوە  پیرۆز کرا، لە بەرامبەریدا بە شێوەیەکی سەیر کراوات - بۆ هەندێك لە موسوڵمانان بووەتە دروشمێکی مەسیحی و لە بەر ئەوەش هێمایەکی ملکەچبوونە بەرامبەر بە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا، ئەمەش ڕەنگە بە هۆی شێوە خاچییە نارێکەکەیەوە بێت.

بۆ ژنان شوڕشی جلوبەرگ زۆر زەقتر و ترسناکتریش بوو. لە هەندێك بەشی جیهانی ئیسلامیدا بە شێوەیەکی بەرچاویش لە ئێران و ئەفغانستاندا تا ئەمڕۆش بەو شێوەیە ماوەتەوە. دوو بەرگ گرینگییەکی هێمائامێزییان وەرگرتووە، بالاپۆش[١٤٤] کە رووخسار دەپۆشێنێت و سەرپۆش کە پرچ دەشارێتەوە. بۆ ژنانی ڕۆژهەلات ئەوانە دروشمن، بۆ خواناسان، دروشمی خۆبەدەستەوەدانن، بۆ سەربەخۆکانیش دروشمی چەوساندنەوەن. بۆ ژنانی موسوڵمانی ناو ڕۆژئاوا هەندێك جار ئەوانە نیشانەی دەربڕینێکی سەربەرزانەی شوناسیانن.

---

١٤٤ Veil کە بە مانای نیقاب یان مانتۆ یان سەرپۆشیش دێتەوە.

# بەشی هەشتەم

## بێگانە و بێ دینان

بەشێکی سەرەکیی هەر پێناسەیەکی شوناس ئەو هێڵەیە کە "خۆ" لە "ئەوی تر" و ناوخۆیی لە دەرەکی جیا دەکاتەوە. پێناسەی جۆراوجۆری شوناس پێویستیان بە هێڵی جیاواز هەیە و ئەم هێڵانە رەنگە لە کاتی جیاوازدا بگۆڕێن، بەسەر یەکدا کەڵەکە بن و یەکتر ببڕن، بەڵام لە هەر شوێنێکدا بکێشرێن، هەمیشە لانی کەم لە مێشکی خەڵکدا هێڵێکی ئاشکرا لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا هەیە. پێناسەکردنی "ئەوی تر" بەشێکی سەرەکیی پێناسەی "خۆ"یە.

لە جیهانی سەردەمیانەی ئێمەدا تاکە پێوەری بە گشتی پەسەندکراو بۆ پێناسەکردن و جیاکردنەوەی سیاسی ئەو پێناسەیەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی دابینی کردووە. هەموو پیاوان و ژنان دابەش کراونەتە سەر هاووڵاتی و بێگانەکان و جیاوازیی نێوانیان بە یاسا پێناسە کراوە و بە کردەوە پیادە دەکرێت و بە شتێکی رەوا لە قەڵەم دراوە. جیاوازیی زیاتر هەن لە نێوان هاووڵاتیان و لەم رووەوە لە نێوان بێگانەکانیشدا کە رەنگە هەبن و هەندێك جار کاریگەر بن، بەڵام ئەم جیاوازییانەی تر گوایە شاراوە و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ناپەسەندن و لانی کەم لە وڵاتانی شارستانیدا بە یاسا پشتڕاست نەکراونەتەوە.

دیواری یاسایی نێوان هاووڵاتی و بێگانە درزبەرە و بە پرۆسەیەك کە ئەمرۆکە بە هاووڵاتیبوون ناسراوە، دەرمێت. لەمەدا ئەو دیوارە بە شێوەیەکی سەرەکی جیاوازە لە پێوەرە سەرەتایترەکانی خزمایەتی و ئیتنیك و نەژاد کە هێشتاش زۆر بە کار دێن،

بەڵام لە جیاوازیی ئایینی دەچێت کە ئەمیش هەروەها بۆ هەندێك کەس، نەك بۆ هەمووان بە پرۆسەی وەرگەڕان دەسڕێتەوە.

لەمڕۆکە و لە راستیدا بۆ ماوەیەکیش لە رابردوودا رۆژهەڵاتی ناوین و بە شێوەیەکی گشتی جیهانی ئیسلامی، لانی کەم بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی، هاووڵاتیبوونی وەك شێوازی رۆژئاواییی ئەم سەردەمەی بۆ شوناس و جیاوازی پەسەند کردووە. جیهانی ئیسلامی ئەمڕۆ دابەش کراوەتە سەر کۆمەڵێك نەتەوە کە لە زۆربەیاندا خەڵکی خۆجێییی ناموسوڵمان هاووڵاتین، بەڵام موسوڵمانانی ناهاووڵاتی بێگانەن. هەروەها ژمارەیەکی گەورە و رووەو زیادبوونی موسوڵمانان هەن، کە وەك کەمایەتی لەو وڵاتانەی ئاسیا و ئەفریقا و بەم دواییانە لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکاشدا دەژین، کە تێیاندا زۆرینەکان موسوڵمان نین. بۆ ئەم کەمایەتییانە بە تایبەتیش لە رۆژئاوای دیموکراتدا پرسی پێوەندیی نێوان موسوڵمانان و خەڵکانی تر لە سەر شێوازێکی نوێ و زۆر بێ هاوتاوە سەر هەڵدەداتەوە.

بەڵام هەستی کۆنتری شوناسی ئایینی کاری تێ نەکرا. لە راستیدا هەستەکە زۆر بەهێزتر لەوەی ئەورووپاش مایەوە، یەکەم لە بەر ئەوەی گۆڕانەکە زۆر نوێ بوو و دووەم دەسەڵاتی رەسەنی شوناس و دڵسۆزییی ئایینی زۆر رەگداکوتاوتر بوو. لەم ساڵانەی دواییدا ئێمە شایەتی پشتیوانی لە بنەما و بۆچوونەکانی ئیسلامی بووین، کە ئەمەش هەڵبەتە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن حوکمڕانانی ئێرانی شۆڕشگێڕ، و هەروەها لە لایەن کۆمەڵانی گرینگ و کاریگەری خەڵك بوو لە وڵاتانی تردا. ئەم سەرهەڵدانەوەی ئیسلام لە خودی خۆیدا، هەروەها بە مانای پشتیوانیکردنە لە بۆچوونە کلاسیکییەکانی ئیسلامی سەبارەت بە پێگەی ئایین لە بڕیاردان لە سەر شوناسی کۆمەڵایەتی و سیاسی، واتە پشتیوانیکردن لە ئیسلام وەك پێناسەی بنەڕەتیی شوناس و سەرچاوەی شەرعییەت بۆ موسوڵمانان. تا دێت پتر هەست دەکەین لە وڵاتانی موسوڵمان و نەك تەنیا لە ئێراندا، چ بۆ بەرگریکردن چ بۆ بەرپەرچدانەوەی حکومەتێك، چ بۆ سەلماندنی رەوابوونی رژێمێکی بەرقەرار، چ بۆ داڕشتنی گوتارێکی رەخنەگر لەو حکومەتە و پێشنیارکردنی جێگرەوەیەك بۆی، ئەوەی بەکار دێت



پێوەر و بەڵگە و دەستەواژەی ئیسلامین. بۆ زۆر کەس، ئیسلام دووبارە بووە بە پێوەری بنەڕەتی بۆ جیاوازیکردن لە نێوان برا و بێگانەدا. لە سەردەمی نەتەوایەتی و نەتەوەپەرستیدا، موسوڵمانێکی عێراقی یان میسری، مەسیحییەکی عێراقی یان میسری بە هاووڵاتییەکی هاوبەش لە هەمان نیشتیمان و هەمان مێژووی درێژ و پڕشکۆ دەبینێت. لە روانگەی ئیسلامەوە، هاووڵاتیانی مەسیحی و بابوباپیرانی بتپەرستی موسوڵمانێك هەردووکیان بۆی بێگانەن و تاکە شوناسی راستەقینە و بەم هۆیەشەوە تاکە برایەتیی راستەقینە شوناسی کۆمەڵگەی بڕوادارانە.

ئەم بیرۆکەیە هەڵبەتە نوێ نییە و لە بیروباوەڕی یاسایی و سیاسیی کلاسیکیی ئیسلامیدا بنەڕەتییە و زۆربەی کات لە سەدەی بیستەمدا لە دژی ئەو شتەی بە نوێگەرییە دووبەرەکیخەرەکانی نەتەوەپەرستان دادەنرێت، پشتیوانی لێ کراوە. لە ١٩١٧ وەزیری بەناوبانگی عوسمانی، سەعید حەلیم پاشا، بە روونییەوە گوتی "زێدی موسوڵمانێك هەر شوێنێکە شەرعییەتی تێدا زاڵ بێت". هەمان ئەو بیرۆکەیە لە کاتێکی زۆر نزیکتردا لە گوتە زۆر خوازراوەکەی ئایەتوڵڵا خومەینیدا هاتووە، کە دەڵێت " لە ئیسلامدا هیچ سنوورێك نییە"، بە واتایەکی تر شوناس و لایەنگریی ئیسلامی، شوناس و لایەنگرییەکانی وڵات و نەتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ پووچەڵ دەکاتەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونانە تەنانەت لە ناو لایەنگرە توندڕەوەکانیاندا هەمیشە بە وردی جێبەجێ نەکراون. بۆ نموونە لە کۆتاییە باشوورییەکەی کەنداوی فارسدا دوورگە بچووکەکانی تومب و ئەبو مووسا هەن کە عەرەبی بوون، بەڵام لە لایەن شای کۆچکردووی ئێرانەوە دەستیان بەسەردا گیرا و داگیر کران. پاش شۆڕشی ئێران خاوەنەکانی پێشوویان بەنەزاکەتەوە داوایان لە کۆماری ئیسلامی کرد ئەم دوورگانە بداتەوە. هێشتاش نەدراونەتەوە و هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەگەری دانەوەیان لە ئارادا نییە. نموونەیەکی تر: بە گوێرەی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە دەستەواژەکانیدا بە گشتی ئایینییە نەك نەتەوەیی یان نیشتیمانپەروەرانە، مەرجە سەرۆك کۆمار بە خێزان و بە رەچەڵەك ئێرانی بێت. ئەمە مەرجی زیاترە لەوەی لە دەستووری ویلایەتە

یەکگرتووەکاندا هاتووە کە تێیدا بۆ سەرۆکایەتی مەرجە کەسەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دایك بووبێت. چەند ساڵ لەمەوبەر روون بووە ئەم مەرجە لە ئێراندا تەنیا تیۆری نییە، کاتێك کاندیدێکی سەرۆکایەتی هەرچەندەش لە ئێران لە دایك بووبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دایکوباوکێکی ئەفغانییەوە بوو، رەت کرایەوە.

بۆ شیکردنەوەی تێگەیشتنی موسوڵمانان سەبارەت بە "ئەوی تر"، رەنگە بەراوردکردنی بۆچوون و روانگەکانی ئیسلامی لەگەڵ هی ئایینە لێکچووەکانی رۆژهەڵاتی ناوین سوودی هەبێت. یەهوودییەت و مەسیحییەت و ئیسلام سێ ئایینن کە لە رووی مێژووییەوە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و لە رووی جوگرافییەوە لێك نزیك و لە رووی ئایینزانییەوە لێکچوون. بە بەراورد لەگەڵ ئایینە گەورەکانی تری جیهان، وێ دەچێت جیاوازیی نێوان ئەم ئایینانە کەم و لێکچوونەکانیان زۆر بن. لە بەشی زۆری مێژووەکانیاندا هەر سێ ئایینەکە یەکجار زۆرتر لەوەی چاودێریی ئایینەکانی شوێنە دوورەکانی جیهان بکەن، وریای یەکتر بوون. هەر یەکەیان بە تەواوەتی لە کیشەکانی سەرچاوەگرتوو لە ئایینی تر ئاگادار بووە و پێوەندییەکانی نێوانیان نەك تەنیا بە هۆی جیاوازییەکانیان، بەڵکو رەنگە بە رادەیەکی زۆر زیاتر بە بۆنەی لێکچوونەکانیانەوە خراتر بووە.

ئەمڕۆکە لە رۆژئاوا وەك شتێکی باو باس لە "بیروباوەڕی یەهوودی-مەسیحی" دەکرێت و هەندێك جار بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو شتەی بە بیروباوەڕێکی ئیسلامیی جودا ناو دەبردرێت. زاراوەکە نوێیە و رەنگە پێشتر یەهوودی و مەسیحییەکان وەك یەك بە سووکایەتپێکەریان دانابا. بەڵام ئاماژە بە دیاردەیەکی راستەقینەی مێژوویی و کولتووری دەدات. مەسیحییەت تەوراتی یەهوودییی هێشتەوە و ناوی لێ ناو، سەردەمی کۆن[١٤٥] و سەردەمێکی نوێی[١٤٦] خستە سەری. ئیسلام هەردووکیانی وەلا نا. پێویستە تەنیا بیر لە گرینگییی زۆری تەورات لە ئەدەبیات و مۆسیقا و هونەری مەسیحیدا بکەیتەوە، بۆ ئەوەی لە گرینگیی ئەم توخمە هاوبەشەی نێوان یەهوودی و مەسیحییەت تێ بگەیت.

---

١٤٥ عەهدی کۆن The Old Testament.

١٤٦ عەهدی نوێ، The New Testament.



کەسێك کە ئەگەر مەبەستی ئێستاش نەبێت، بەڵکو مەبەستی رابردوو بێت، دەتوانێت بە هەمان رادەی دڵنیاییەوە، باس لە بیروباوەڕی یەهوودی-ئیسلامی یاخۆ تەنانەت ئیسلامی- مەسیحیش بکات. یەهوودییەت و ئیسلام دوو ئایینی یاساین کە باوەڕیان بە شەرعێکی خواییەوە هەیە، کە لە رێگەی هەمان دەسەڵات و بە گوێرەی هەمان فەرمانەکان هەموو رەهەندێکی ژیان، گشتی و تایبەتی، شارستانی و تاوانی، ناوخۆیی و سیاسی، دابونەریت و پارێزکاری رێك دەخات. جیاوازیی نێوان خوا و قەیسەر، کەلیسە و دەوڵەت و دەسەڵات و پیرۆزی، هەم بە بیروباوەڕی یەهوودی و هەم بیروباوەڕی ئیسلامییەوە نامۆیە. هەروەها لە بیروباوەڕدا پێوەندییەکی یەهوودی-ئیسلامی هەیە. یەهوودی و موسوڵمانان لە سەر تاکپەرستییەکی تەواو و یەکلاکەرەوە هاوڕان و بیروباوەڕی مەسیحییەت رەت دەدەنەوە، چونکە پێیان وایە لەگەڵ ئەو بنەمایەدا ناکۆکە.

پێوەری تر هەن ئیسلام و مەسیحییەت بەیەکەوە لە لایەك و یەهوودی بە تەنیا لە لایەکی تر دادەنێن. یەهوودییەت بێشك فرەخواپەرستی و بتپەرستی رەت دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ لێدوانێکی لە بارەی خوای تاك نییە. تاکپەرستانی سەر بە هەموو نەتەوە و بیروباوەڕێك بە گوێرەی بنەماکانی رەببانییەوە، لە دونیای تر بێبەش نین. بە بۆچوونی زانایانی یەهوودییەوە، یەهوودییەت بۆ یەهوودییەکان و ئەوانەیە کە بە پەرۆشن بۆ هاتنە ریز یەهوودییەکان، کەسیش ناچار ناکرێت ئەم کارە بکات. یەهوودییەت ئیدیعای ئەوە دەکات راستییەکانی گشتین و تایبەت نین و لەم رووەوە زیاتر لەوەی لە ئیسلام یان مەسیحییەت نزیك بێت، لە ئایینەکانی ئاسیا نزیکترە. مەسیحییەت و ئیسلام هەردووکیان لە سەر ئەوە کۆکن تەنیا تاکە کتێبێکی یەکلاکەرەوەی حەقیقەتی خوایی هەیە و رزگاربوون تەنیا بە هۆی ئەو حەقیقەتە و ئەگەر بکرێت لە رێی نوێنەرە رێگەپێدراوەکانییەوە دەبێت. مەسیحی و موسوڵمانان وەك یەك بەشیان لەم شکۆمەندییەدا هەبوو، هەریەکەیان پێی وابوو ئایینی ئەو ئایینە راستەقینە و گشتی و دوایین ئایینە، کەوا بیروباوەڕی ئەو بە مسۆگەری سەر

دەکەوێت. موسوڵمانان وەك مەسیحییەکان، دەیان زانی ئەوانەی لەگەڵیان هاوبڕوا نین، لە ناو ئاگری هەمیشەیی دۆزەخدا دەسووتێن. بە پێچەوانەی مەسیحییان، موسوڵمانان بە پێویستیان نەزانی مەزندەی دادوەریی خوایی لەم جیهانەدا بکەن.

هەر دوو خاوەنەکەی دوا گوتاری خوا پێیان وابوو ئەرکی ئەوانە ئەم گوتەیە بە هەموو مرۆڤایەتی رابگەیەنن، واتە کافرەکان وەربگێڕن و لەم پرۆسەیەدا شارستانییەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن. وەك یەکەم هەنگاو بەرەو لوتکەی بەرزێتی، هەر دوو ئایینەکە لە سەر هەمان ناوچەی مەدیتەرانە کەوتنە کێبەرکێ. ئەمەش خەباتی درێژخایەنی جیهاد و خاچپەرستی و داگیربوون و داگیربوونەوەی لە ماوەی چەندین سەدەوە لێ کەوتەوە- سێ لە هێرشە سەرەکییەکانی موسوڵمانان بۆ سەر ئەوروپا: هی عەرەبەکان بوو لە سیسیلی و ئیسپانیا، هی تورکەکان لە نیمچە دوورگەی باڵکان و هی تەتەرەکان لە رووسیا. و هەڵبەتە گەورە هێرشی پێچەوانەی ئەوروپاش بە دەستبەسەرداگرتنەوەی نیشتیمانەکانەوە دەستی پێ کرد و بەردەوام بوو تا لە کاتێکی زۆر هاوچەرختردا، ئیمپڕاتۆرییەتەکانی مەسیحیی ئەوروپی لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیدا دامەزران.

لە ماوەی خەباتی درێژی نێوان ئەم بیروباوەڕە ناکۆکانەدا مەسیحی و موسوڵمانان هەردووکیان ئیمپڕاتۆرییەتیان دامەزراند، هەردووکیان حوکمیان بەسەر ئەو نەتەوانەدا گێڕا کە سەر بە ئایینی جیاواز لە هی خۆیان بوون و رووبەرووی کێشەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم تاکانە بوونەوە. تا ئەم دواییە یەهوودییەکان تووشی ئەم دووڕەیانە نەبووبوون. بە نزیکەیی لە تەواوی ماوەی مێژووی مەسیحییەت و ئیسلامدا یەهوودییەکان بۆ خۆیان خەڵکی ژێردەستە بوون و یەهوودییەت ئایینی کەمایەتییەك بوو، کە هیچ جۆرە نەریتێکی زیندووی سەبارەت بە چۆنیەتی حوکمکردن بە سەر خەڵکی ترەوە نەبوو. دەوڵەتی هاوچەرخی ئیسرائیل، هەرچەندە بە گوێرەی دەستوورەوە عیلمانی نییە، بەڵام لەم رووەوە ئاواتەخوازی گەیشتن بە پێوەری دیموکراسییەکانی لیبڕاڵە و هێشتاش گیرۆدەی کێشەی لێکگرێدانی شوناسێکی ئایینییە لەگەڵ سیاسەتێکی هاوچەرخی فرەحزبی.



بە گوێرەی ریزبەندی مێژوویی سەرهەڵدانیان، بۆچوونەکانی هەرسێك ئایین بەرامبەر بە یەکتر بەقووڵییەوە کاریان تێ کراوە. بۆ موسوڵمانان، یەهوودییەت و مەسیحییەت ئایینی بڕواپێکراو بوون لە سەردەمی خۆیاندا، بەڵام دوایین و باشترین ئایین کە ئیسلامە شوێنی ئەوانی گرتنەوە و باویان نەما. بنەماکانی موسوڵمانان مەسیحی و یەهوودییەکان بەوەش تۆمەتبار دەکەن کە لە راسپاردەکەیان سەرنەکەوتوون و رێگەیان بە گەندەڵبوون و لێکترازانی ئەو ئایینانە داوە کە خۆیان باوەڕیان پێ هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئایینی پێشەنگ کە خاوەنی کتێبی لە بنەڕەتدا بڕواپێکراون، رێگە بە شوێنکەوتووانیان دراوە لە ژێر دەسەڵاتی موسوڵماناندا لە ئایینەکانی خۆیان بەردەوام بن و پەرستگای خۆیان هەبێت، بە مەرجێك کۆمەڵێك پابەندیی جیاکارانە و دیاریکراویان پەسەند کردبا. جگە لە هەندێك ریزپەڕی دەگمەن و نائاساییەوە نەبێت، دەنا بە گشتی حکومەتەکانی موسوڵمان پابەند بوون بەم یاسایەی ئازادی.

لە روانگەی مەسیحییەوە ئیسلام رکابەرێکی جیاواز و زۆر مەترسیدارتر بوو. بە پێچەوانەی یەهوودییەت، ئیسلام دواتر هات نەك پێشتر و لەبەر ئەوەش بەهەر حاڵ هەر هەڵە بوو. ئیسلامیش هەمان تێڕوانینی هەیە بەرامبەر بە ئایینەکانی پاش خۆی وەك بابییەت[147] و بەهائی. دووبارە بە پێچەوانەی یەهوودییەت، ئیسلام و مەسیحییەت هەر یەکەیان بۆ ئەوەی تر وەك هەڕەشەیەکی سیاسی و سەربازی و بۆ ماوەیەکیش هەڕەشەیەکی رۆشنبیریی سەرەکی بووە. یەهوودییەت لە ئەوروپای رۆژئاوادا سەرەڕای چەوساندنەوە و دەربەدەری زیندوو مایەوە. پاش داگیرکردنەوەش ئیسلام سڕایەوە. بە گوێرەی دەنگوباسەکانی ئەوروپا تەنانەت ئەمڕۆکەش هەندێك لە مەسیحییان و پۆست- کریستیانەکان،[148] لە پێکەوە هەڵکردن لەگەڵ موسوڵماناندا کێشەیان هەیە.

---

١٤٧ Babism، بزووتنەوەیەکی ئایینی بوو لە فارسدا کە پاش ئەوەی سەرکووت کرا، ئایینی بەهائیی بەدوادا هات.

١٤٨ Post- Christians، ئەوانەی بڕوایان بە کولتوور و کۆمەڵێك بەها هەیە کە بە تەواوەتی مەسیحی نین. ئەم رەوتە لە سەدەی بیستەمدا سەری هەڵداوە.

لە ماوەی هەشت سەدەی حوکمی موسوڵمانان لە ئیسپانیادا یەهوودییەت و مەسیحییەت هەردووکیان بە زیندوویی مانەوە و کەمێك بڵاو بوونەوە. لە ماوەی چەند مانگێك پاش دەرکردنی یەهوودییەکان و چەندین ساڵ دەرکردنی موسوڵمانان لە نیمچە دوورگەکەدا داگیرکردنەوەی لە لایەن مەسیحییەکان لە ١٤٩٢دا تەواو بوو. شوناسە گەڕێندراوەکەی ئیسپانیای مەسیحیی دووبارە داگیرکراو ڕێگەی بە هیچ یەهوودی یان موسوڵمانێك نەدەدا. دەوڵەتانی موسوڵمان هەم لە ناوچە کۆنەکان و هەم لەو ناوچانەی تازە لە لایەن موسوڵمانانەوە داگیرکراوبوون، بێندرێژتر بوون. جگە لە عەرەبستان، وڵاتی پیرۆزی موسوڵمانانەوە نەبێت، موسوڵمانان ڕێگەیان بە ناموسوڵمانان داوە لە ژێر حوکمی ئەواندا بژین و بەشیان بە وڵاتەکەیانەوە هەبێت نەك شوناسەکەیان. لە ڕاستیدا تا ئەو کاتەی بیرۆکەگەلی نەتەوەپەرستانەی هاوچەرخ کاریگەرییان دروست نەکرد، پرسی ئەم جۆرە هاوبەشییە لای هیچ کام لەم لایەنانە سەری هەڵنەدا.

پرسی ڕێگەدان یان نەدان بە بۆچوون و قبووڵکردنی دەرەکییەکی بە ئایین پێناسەکراو- هەر هەمووی- هێشتاش هەم لە ناو موسوڵمان و هەم لە ناو مەسیحییەکاندا بە هۆی مشتومڕی و ئەفسانەوە زۆر شێوێندراوە. موسوڵمانان بە بۆنەی کوێرەباوەڕە شەڕانگێزانەکەی[١٤٩] خاچپەرستانەوە مەسیحییەکان شەرمەزار دەکەن و ئەوە فەرامۆش دەکەن شەڕی خاچپەرستی خۆی کاردانەوەیەکی زۆر دواکەوتوو و کورتخایەن بووە بۆ جیهاد، هەوڵێك بۆ ئەوەی بە شەڕێکی پیرۆزەوە ئەو شتەی لە میانەی شەڕێکی پیرۆزدا دۆڕاوە، وەدەست بهێنرێتەوە. مەسیحییانیش، موسوڵمانان بە دەمارگیری تۆمەتبار دەکەن و ئەوە فەرامۆش دەکەن لە ماوەی چەندین سەدەدا وڵاتانی موسوڵمان پەناگەیەکیان بۆ قوربانیانی ستەمی مەسیحییەکان، واتە نەك تەنیا بۆ یەهوودییەکان، بگرە بۆ مەسیحییە دووبەرەکیخواز و مولحیدەکانیش دابین کردووە.

تا ئەم دواییە نزیکانەوە نەبێت، گواستنەوەیەکی هاوشێوەی کوچبەران لە وڵاتانی ئیسلامییەوە بۆ مەسیحییەکانەوە نەبووە و کۆچکردنە نوێیەکە هۆکارگەلێکی تری هەبووە و پرسیارگەلێکی تر هەم بۆ خانەخوێ و هەم بۆ میوانان دێنێتە ئاراوە.

١٤٩ Fananticism .



دوو جیاوازیی گرینگی تر لە نێوان ئیسلام و دوو ئایینەکەی تردا هەن. یەکەمەیان ئەوەیە ئیسلام لە بنەڕەتدا ئایین بە بابەتێك دادەنێت، بە پۆلێك دیاردە و وشەی دین، واتە ئایین، وەك ناوێك بەکار دێنێت، کە کۆ دەکرێتەوە. لە خودی قورئاندا ئایەتێکی دیار هەیە کە زۆر جار دەخوازرێتەوە "من ئایینی خۆم و تۆش ئایینی خۆت هەیە" (١٠٩:٦ )، چەمکێك کە بە دڵنیاییەوە بۆ مەسیحییانی سەردەمانی پێشووتر زۆر نامۆ دەبوو. ئایەتێکی تر لە قورئاندا دەڵێت "ئایین بە زۆری نییە" (٢:٢٥٦). ڕۆشنبیرێکی ئەڵمانیی هاوچەرخ ئەمەی بە مانای وازلێهێنان لێك داوەتەوە، نەك بەخشینی ئازادی، بەڵام لە بیروبۆچوونی موسوڵماناندا هەمیشە ئەم ئایەتە بە مانای بەخشینی ئازادییەوە هاتووە و هەروەها بە مانای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێزە، جگە لە چەند بارودۆخێکی دیاردا نەبێت کە باش پێناسەکرابن.

لە سەرەتاوە ئیسلام ئەوەی قبووڵ کرد، کە پێش ئەو ئایینی تر هەبوون و هەندێکیان کە توانیان لە پاش سەرهەڵدانی ئیسلام زیندوو بمێننەوە، ئایینی هاوچەرخیش بوون. ئەوە بەو مانایەیە لە کتێبی پیرۆزی موسوڵمانان و لە کۆنترین نووسینە نەریتییەکانی خواناسی و یاساییدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی شوێنکەوتووی ئایینی ترن، بنەماگەلێکی دیاریکراو دامەزران و یاساگەلێك چەسپان. ئەم فرەئایینییە بەشێکە لە شەرعی ئیسلام و ئەم یاسایانە لە زۆر خاڵدا پڕوردەکای و تایبەتن. بە پێچەوانەی یەهوودییەت و مەسیحییەت، ئیسلام ڕاستەوخۆ بەرەنگاری کێشەی ئازادیی ئایینی دەبێتەوە و دەستنیشانی هەم رادە و هەم سنوورەکانی ئەو ئازادییە دەکات، کە پێویستە بە ئایینەکانی تر بدرێت. بۆ موسوڵمانان مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ئایینی تر پێوەندیی بە را و هەڵبژاردن، بە گۆڕانکاری لە لێکدانەوە و بیرورا بە گوێرەی بارودۆخەکانەوە نییە، بەڵکو پشت دەبەستێت بە دەقە پیرۆز و یاساییەکان، واتە بۆ موسوڵمانان ئەمە گرێدراوی حوکمی خوا و شەرعی پیرۆزە.

ئەم دەق و یاسایانە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان ئایینەکانی بەدەر لە ئیسلام و پێڕەوانیان دیاری دەکەن. یەکەمین و یەکلاکەرەوەترین جیاوازی لە ڕووی ئایینزانییە.

ئایینگەلێکی دیاریکراو خاوەنی کتێبێکی پیرۆزن، کە ئیسلام بە راست و دروستیان هەژمار دەکات یانیش بە شێوەیەکی وردتر، بە پێی ئیسلام راست و دروست بوونە. سێیانیان لە قورئاندا ناویان هاتووە وەك یەهوودی و مەسیحییەکان و هەروەها سابییەکان کە کەمێك نەناسراوەن. لە روانگەی موسوڵمانانەوە یەهوودییەت و مەسیحییەت پێش ئیسلام هاتوون، قۆناغە بەراییەکانن لەو زنجیرەی وەحییە نەبەوییانەی لە لایەن خواوە بۆ مرۆڤ نێردراون و بەم شێوەیە بە جۆرێك قۆناغە بەراییەکانی خودی ئیسلامن. لیستی پیامبەرانی موسوڵمان ئەمانە لە خۆ دەگرێت: ئادەم، نوح، ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقووب، یوسف، لووت، مووسا، هارون، داوود، سولەیمان، عیسا، یەحیای باپتیست و کەسایەتییەکانی تری ئینجیل. کتێبە پیرۆزەکانی بەخشراو بە یەهوودی و مەسیحییەکان لە قورئاندا بەم شێوەیە ناویان هاتووە: تەورات واتە پێنجینەی پەیامبەر مووسا و زەبووری پەیامبەر داوود و ئینجیلی پەیامبەر عیسا. هەر هەموو ئەمانە بە دوا کتێب و باشترین کتێب کە موحەممەدی پەیامبەر هێنای، وەلا خران و پێویستییان پێ نەما چونکە قورئان هەموویانی لە خۆ گرتبوو. لە بەر ئەوەی شوێنکەوتووانی ئەم ئایینە پێشینانە لە لایەن خواوە هەڵبژێردرابوون بۆ ئەوەی کتێبی ئاسمانییان پێ ببەخشرێت و هێشتا تاکپەرستن و رێز لە دەق و شەرعێکی پیرۆز دەگرن، سەرەڕای هەڵە بەردەوامەکانیان، پێویستە رادەیەکی دیاریکراوی ئازادییان لە ناو دەوڵەتێکی ئیسلامی واتە لە ناو حکومەتێکی موسوڵمان پێ بدرێت.

ئەو ئازادییە بە یاسا پێناسە کراوە و سنووری بۆ دانراوە. سوودمەندانی ئەو ئازادییە بە پێی ئەو یاسایە پابەندی رێنماییگەلێکی کۆمەڵایەتی و دارایی جیاکەرەوەن، بەڵام لە بری ئەوە گەرەنتیان پێ دراوە بە ئازادی کار بە ئایینەکانیان بکەن و جگە لەوەش ئاستێکی بەرزی سەربەخۆییان لە بەجێهێنانی کاروباری ناوخۆییاندا هەبێت. پێویستە ئەو کەسانە سەربەخۆییەکی تەواویان لە بابەتی وەك زەواج و تەڵاق و میرات و خوێندن و تەنانەت بە شێوەیەکی بەرچاوتر، پێویستە دەسەڵاتی بەرگریکردن و بەجێهێنانی بڕیارەکانی خۆیانیان هەبێت و ئەگەر پێویست بوو داوای خزمەتگوزارییەکانی دەسەڵاتە سیاسییەکان بکەن. لەبەر ئەوەی ئەوان موسوڵمان نین، ناچار نین پابەندی ئەو یاسایانە بن، کە بۆ موسوڵمانان دانراون



نەك ئەوانی تر. ئیسلام خواردنەوەی کحولیی قەدەغە کردووە، بەڵام بە گوێرەی کارپێکردن و شرۆڤەی کۆنی شەرع، مەسیحی و یەهوودییەکان سەربەستن لە دروستکردن و فرۆشتن و خواردنەوەی مەی. لە ئەدەبیاتی عەرەبیی کلاسیکدا دێری مەسیحی بە زەقی لە شیعرەکانی مەیخواردنەوە و ئەوانی تردا دێنە بەر چاو، چونکە دێر ئەو شوێنە بووە شاعیران و هاوڕێکانیان کاتێك بیان ویستبا شتێك بخۆنەوە، سەردانیان کردووە. وشەی Der واتە دێر یان خانەقا بە نزیکەیی مانای مەیخانەی وەرگرت. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، میوانانی موسوڵمانی ناو زەماوەندی یەهوودی و مەسیحییەکان کە تێیاندا مەی بە ئازادی ئەم دەست ئەم دەست دەکرا، کێشەیان دەنایەوە. لە هەوڵدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە قەددیسەکان بەردەوام فەرمانییان دەردەکرد و بەردەوام فەرمانیشیان پێ دەدرا.

چیرۆکێکی یەکجار سەرنجڕاکیش هەیە لە بارەی دەروێشێکەوە کە لە سەردەمی عوسمانیدا لە بەر خواردن لە مانگی رۆژووگرتن، واتە لە رەمەزاندا زیندانی کرابوو. ئەوە هەڵبەتە تاوانێکە و لەبەر ئەوەش دەروێشەکە زیندانی کرا. دەروێشەکان بەوە ناتۆرە بوون کە لە بەجێگەیاندنی دابونەریتی ئایینییەکانیان تا رادەیەك کەمتەرخەمن. گوایە دەروێشەکە لە نێوان شیشەکانی ژوورەکەی زیندانیەوە لە دەرەوە رادەمێنێت و پیاوێك دەبینێت لە سەر شەقام خەریکی خواردنی کەبابە و بانگی دەکات و دەڵێت "هەی، تۆ، ئەوە رەمەزانە. ئەگەر کەسێك بتبینێت، تۆش لەگەڵ من زیندانی دەکەن". پیاوەکە دەڵێت "نا، ئاساییە، من مەسیحیم". دەروێش بەسەرسووڕمانەوە دەڵێت "یانی مەبەستت ئەوەیە لەبەر ئەوەی تۆ مەسیحیت، رێگەت پێ دراوە لە شەقامدا کەباب بخۆیت؟". و ئەویش دەڵێت "بەڵێ، رەمەزان بۆ ئێمە نییە". کە لە وەڵامیدا دەروێش دەڵێت "پێویستە هەموو رۆژێك سوپاسی خوا بکەیت شوێنکەوتووی ئایینی راستەقینە نیت".

هەندێك حکومەتی ئیسلامیی هاوچەرخ دەستبەرداری ئەو ئازادییە کۆنە بوونە و شەرعی ئیسلام، بەلەخۆگرتنی بڕگەکانی تایبەت بە سزاکانیش، بە سەر هەموو تاکەکانیان پیادە دەکەن، بێ ئەوەی رەچاوی ئایینیان بکەن.

ئەوانەی شوێنکەوتووی ئایینێکن کە بە یاسایی هەژمار ناکرێت، واتە ئەوانەی کتێبێکی پیرۆزی دانپێدانراویان نییە، نابێت لە دەوڵەتی موسوڵماندا لەو ئازادییەیان سوودمەند بن.

دەبێت لە نێوان وەرگەڕان و مردن یەکێکیان هەڵبژێرن و ڕەنگە ئەمەش بە کۆیلایەتی سووکتر بکرێتەوە. ئەمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا لە کۆنترین رووبەرەکانی سەردەمی پەرەسەندنی ئیسلام، لە هیلالی بەپیت و ئەفریقای باکوور و سیسیلی و ئیسپانیادا هیچ کێشەیەکی گەورەی بە دوادا نەهات، چونکە هەموو خەڵکەکە یان مەسیحی بوو یان موسوڵمان. ئەوە لە ئێران کە تێیدا زۆربەی خەڵکەکە زەردەشتی بوون کێشەگەلێکی هێنایە ئاراوە و تەنانەت کێشەی زیاتری لێ کەوتەوە، کاتێك موسوڵمانان چوونە هیندستان و بەرەنگاری هیندووەکان بوونە کە بە ئاشکرا فرەخواپەرست بوون و وێ دەچوو بتپەرستیش بن. لەئاکامدا هاوکێشەی یاسایی داڕێژران بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی بگونجێنن.

ئەوانەی بە گوێرەی یاساکانی شەریعە شایستەی ئازادی بوون، زیممەیان پێ دەدرا، واتە ڕێکەوتنێك لە نێوان دەوڵەتی موسوڵمان و کۆمەڵگەیەکی ناموسوڵمان کە بە هۆیەوە دەوڵەتەکە دانی بە کۆمەڵە مافێك دەنا و کۆمەڵگەکەش ئەرك و کۆتگەلێکی دیاریکراوی پەسەند دەکرد. ئەندامێکی کۆمەڵگەیەکی خاوەن زیممە بە زیممی ناو دەبردرا. ئەم کۆتوبەندانە کۆمەڵێك مەرجیان تێدا بوو لە بارەی ئەو پۆشاکەی دەبوایە زیممییەکان لەبەری بکەن، ئەو دەوارانەی دەتوانن سوارییان بن و ئەو چەکانەی بۆیان هەبوو هەڵیان بگرن. ژمارەی بیناکان و بەکارهێنانی پەرستگاکان سنووردار بوون. پەرستگاکان هەرگیز نەدەبووایە ڕەسەر مزگەوتەکان بدەن و نەدەبووایە هیچ پەرستگەیەکی نوێ دروست بکرێت، بەڵام دەکرا کۆنەکان ئاوەدان بکرێنەوە. مەسیحی و یەهوودییەکان دەبووایە پۆشاکی جیاکەرەوە یان دروشمیان لە سەر جلەکانیان پۆشیبا. ئەمە سەرچاوەی غیارە، کە پینەیەکی زەردە و یەکەم جار لە لایەن خەلیفەیەکەوە لە بەغدا لە سەدەی نۆیەمدا هاتە ناساندن و- بۆ یەهوودییەکانیش- لە کۆتاییی سەدەکانی ناوەڕاستدا گەیشتە ئەوروپا. زیممییەکان لە ستایش و دابونەریتەکانیاندا نەدەبوو دەنگەدەنگ بنێنەوە و خۆیان دەربخەن. بۆ نموونە مەسیحییەکان لە کەلیسەکانیاندا لە جیاتی ناقوس دەبووایە سنج[١٥٠] بەکار بێنن، دەبوو هەردەم بەرامبەر بە ئیسلام ڕێز و بەرامبەر بە موسوڵمانان ملکەچییان نواندبا. زۆربەی

١٥٠ Clappers .



ئەم مەرجانە کۆمەڵایەتی و هێمائامێز بوون، نەك هەستپێکراو و کارپێکراو و بە پێی بەڵگەکانەوە بە نایەکسانی و پچڕپچڕی جێبەجێ دەکران. لانی کەم لە وڵاتانی ناوەڕاستدا زۆرێك لە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر پشتگوێ دەخران، لەوەی جێبەجێ بکرێن. ئەرکێك کە بەردەوام بەسەر زیممییەکاندا دەسەپێندرا، جزیە بوو، باجێکی سەرژمێری کە ساڵانە لە هەر نێرینەیەکی هەراشی تەندروستەوە وەردەگیرا. لە گشت چاخەکاندا تا سەدەی نۆزدەهەم لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیدا ئەمە کاری پێ دەکرا.

یاسای زیممە جیاوازییەکی گرینگی تری لە بارودۆخی کەمایەتییە ئایینییەکانی ناو جیهانی مەسیحییەت و ئیسلام لێ کەوتەوە. لە جیهانی مەسیحییەتدا هەڵسوکەوتی کەمایەتییە غەیرە مەسیحییەکان تەنیا کاریگەرییەکی بچووك یان جاربەجاری دەبوو لە سەر چۆنیەتیی ڕەفتارکردن لەگەڵیان. بە شێوەیەکی گشتیتر پێدانی ئازادی یان نەدانی بەند بوو بە لۆژیکی ناوخۆییی کۆمەڵگەی زاڵ و خودی کەمایەتییەکان هەر چۆنێك بێت، کارێکی ئەوتۆیان لە دەست نەدەهات بۆ ئەوەی کاریگەرییان لە سەر بڕیارەکەوە هەبێت. لە ئیسلامدا یاساکانی زیممە ناسراو بوون و خەڵك باش لێیان تێ گەیشتبوو و زیممییەکان زۆر باش دەیان زانی چ جۆرە هەڵسوکەوتێك پەسەند و چ جۆرە هەڵسوکەوتێك تۆڵەسەندنەوەی لێ دەکەوێتەوە. کاریگەرییەکانی ئەم وشیارییە لە ناو مێژوو و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەکانی زیممیی و هەندێك جار لە هەڵسوکەوتی نەوەکانیاندا کە بە فەرمی ئازاد بوون، زۆر ئاشکرایە.

پۆلێنەکەی تری ناموسوڵمانان سیاسی و سەربازییە- پۆلێنکردنیان بە سەر ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلام دان و ئەوانەی هێشتا نەهاتوونەتە ژێر بار. جیهان دابەش کراوەتە سەر ماڵی ئیسلام و ماڵی شەڕ، دارولئیسلام و دارولحەرب. دارولئیسلام هەموو ئەو وڵاتانەیە تێیاندا حکومەتێکی موسوڵمان بەرقەرارە و شەرعی پیرۆزی ئیسلام زاڵە. غەیرە موسوڵمانان دەتوانن لەوێدا بە ڕەزامەندیی موسوڵمانان بژین. جیهانی دەرەوە کە هێشتا نەهاتووەتە ژێر فەرمان بە "ماڵی شەڕ"

ناو دەبردرێت و بە شێوەیەکی وردتر شەڕ جیهادێکی هەمیشەییە، واتە شەڕی پیرۆز دەسەپێنێت. هەروەها بە گوێرەی شەرع ڕەنگە جیهاد بە هۆی ئاگربەستەکانەوە لە کاتی گونجاودا وەستانی تێ بکەوێت. لە ڕاستیدا ماوەکانی ئاشتی و شەڕ زۆر جیاواز نەبوون لە ماوەکانی ئەو ئاگربەست و شەڕانەی نێوان دەوڵەتانی مەسیحیی ئەورووپا کە لە زۆربەی مێژووی ئەم کیشوەرەدا، ڕوویان داوە.

بەم شێوەیە شەرع بێ دینان، لە ڕووی ئایینزانییەوە، دابەش دەکاتە سەر ئەوانەی کتێبێکیان هەیە و بڕوایان بەو شتەیە کە ئیسلام بە ئایینێکی ئاسمانی دەی ناسێتەوە و ئەوانەی بەم شێوەیە نین. لە ڕووی سیاسییەوەش دابەشیان دەکاتە سەر زیممییەکان و حەربییەکان. زیممییەکان ئەوانەن کە دەسەڵاتی دەوڵەتی موسوڵمان و باڵادەستیی موسوڵمانانیان قبووڵ کردووە و حەربییەکان، واتە دانیشتووانی دارولحەرب،ماڵی شەڕن کە لە دەرەوەی سنووری ئیسلامن و لە بەر ئەوەش بە گشتی و بە ناچاری دەرگیری شەڕێکی یاسایی و هەمیشەین، تا ئەو کاتەی تەواوی جیهان یان وەردەگەرێت یانیش دێتە ژێر فەرمان.

لە کاتی خۆیدا لە نێوان بێگانەی دەرەکی و دوژمنی گریمانەیی لە لایەك و بێ دینی ناوخۆییی قبووڵکراودا لە لایەکی تر، بارێکی ناوەندی دروست بوو، کە ئەمەش گەشتیاری کاتەکی بوو. دانیشتووە کاتەکییەکانی بێگانە دەیان توانی سوود لە ڕێکەوتنێکی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و حکومەتەکەی خۆیان وەربگرن. ئەو جۆرە ڕێکەوتنە پێی دەگوترا ئەمان و ئەوانەی لێی سوودمەند دەبوون، بە موستەعمین ناو دەبردران. بەڵام "کاتەکی" ڕەنگە ماوەیەکی درێژی خایاندبا و ڕێکەوتنی نیمچە هەمیشەییی لەم جۆرە بۆ تاکەکان و تەنانەت دەوڵەتانیش مۆر کران. لە سەردەمی خاچپەرستان لە شارە بەندەرییەکانی موسوڵمانشیندا کۆمەڵێك نشینگەی بازرگانانی مەسیحیی ئەورووپی هەبوون، کە لە لایەن کارمەندانی کۆنسوڵی خۆیانەوە ڕێك خرابوون و بێ هیچ کۆسپێکی دارایی و کۆمەڵایەتی لە مافگەلی کۆمەڵگە زیممییەکان سوودمەند بوون. پاشان لەگەڵ گۆڕانی پارسەنگی هێز لە نێوان جیهانی مەسیحییەت



و ئیسلامدا، ئەم سەرپشکییانە کە لە بنەڕەتدا خۆڕاییانە لە لایەن دەوڵەتی موسوڵمان و بە گوێرەی لۆژیکی دامودەزگاکانییەوە دەبەخشران، بوون بە سیستەمێك ماف و حەسانەی تایبەت بە دەرەوەی سنووری وڵات، کە ئەم سیستەمەش لە لایەکەوە بە زۆر دەسەپێندرا و لە لایەکی ترەوە بە توندی نارەزایی لێ دەکەوتەوە.

پێناسەیەکی ئایینیی بۆ شوناسی کۆمەڵ بە مسۆگەری، پرسی شێوازێکی تری "جیاوازبوون" دێنێتە ئاراوە کە لە مێژووی جیهانی مەسیحییەتدا بنەڕەتی بووە، پرسی بارێکی ناوەندی لە نێوان بڕوادار و بێ دین- دووبەرەکیخوازی و ئیلحاد و لادەری.

ئەزموونی ئیسلام هەم لە ڕابردوو و هەم لە ئێستادا زۆر کۆمەڵی لادەر پێشان دەدات، کە لە ڕووی باوەڕ یان کردەوە یان لە هەر دوو ڕووەوە لەگەڵ ئیسلامی سەرەکی ناکۆك بوون. ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی ڕەخنەگری لەم کۆمەڵانە هەیە، کە زۆر چڕتر و هونەرمەندانەترە لە هەر جۆرە ڕەخنەیەك لە دژی ناموسڵمانان. لادان ترسناك و مەترسیدار بوو. دەربڕی دوژمنێکی ڕاستەقینە بوو. ئەم ڕەخنانە زیاتر لە نێوان سوننی و شیعەکان، دوو لقە سەرەکییەکەی ئیسلام و هەروەها لە نێوان ڕێباز و ڕەوتە جیاوازەکانی ناو هەر یەك لەمانەشدا سەریان هەڵدا. ئەم ڕەوتانە کە لە سەردەمانی زۆر زووەوە سەریان هەڵدا، تا ئەمڕۆکەش بەردەوامن.

سەرەڕای ئەم پۆلێنکردنانەش لە ئیسلامدا هاوتاییەکی ڕاستەقینە نییە بۆ دووبەرەکیخوازی یان ئیلحاد، بەو واتایەی ئەم زاراوانە لە مەسیحییەتدا بەکار هاتوون. لە عەرەبیی هاوچەرخدا وشەی ئیلحاد "هەرتەقە"یە. ئیلحاد و مولحید لە عەرەبیی هاوچەرخدا وشەی وەرگیراوەن و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ژمارەیەکی گەورە کۆمەڵی لادەرە لە ناو ئیسلامدا هەن، ئاشکرایە ئەگەر موسوڵمانان چەمکێکی ئیلحادیان هەبووایە، دەبووایە وشەیەکیشیان بۆی هەبا. زۆر ناو بۆ زۆر جۆر لە ئیلحاد هەن، بەڵام هیچ ناوێك بۆ ئیلحاد نییە.

بۆچی؟ دووبارە، کۆمەڵێك هۆکار دەبینرێن. دووبەرەکیخوازی بە مانای کەرتبوونە. بە واتای دووبەرەکایەتییەوە، هیچ کەرتبوونێك لە نێوان کەلیسەکانی

یۆنانی و رۆمیدا نییە، چونکە هیچ دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی هەبوونی نییە، و لە بەر ئەوەش هیچ باسێکی ملکەچی یان رەتکردنەوە لە ئارادا نییە. ئیلحاد بە مانای هەڵبژاردنە و لەبەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ هەر ئەو شتەیە کە هەیە، وشەکە بە تایبەتی بە مانای هەڵبژاردنی هەڵەوە دێت. دیسانیش ئەمە لە ئیسلامدا روو نادات، چونکە بۆ موسوڵمانان بۆ هەڵبژاردن لە بابەتی وەك ئاییندا، لە چوارچێوەی سنوورگەلێکی بەرفرەوانەوە، ئازادییەکی بەرچاویش هەیە.

سەرەڕای لادانی بەردەوام و سەرکوتکردنی جاربەجار، هەندێك ئاماژەی یاسایی و ئایینزانی یان کرداریی ئیلحاد لە جیهانی مەسیحییەتدا دەبینین. ئەمانە بە ئەستەم دەکران، ئەگەر دامەزراوەیەکی پێکهاتوو لە شارەزایانی دەسەڵاتدپێدراو نەبوایە، تاوەکو بیروباوەڕی راستەقینە پێناسە بکات و بەرگری لێ بکات و هەڵەکان بدۆزێتەوە و راستییان بکاتەوە و لە کاتی پێویستدا سزایان بدات. ئەمە هەمووی کە ئاکاری جیاکەرەوەی هەندێك کەلیسەی مەسیحی بوو، هیچ هاوتایەکی راستەقینەی لە ئیسلامدا نەبوو.

هەندێك ریزپەڕ هەبوون. لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمدا خەلیفەکانی بەغدا جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئایینییان دەست پێ کرد، بە ئاشکرا مانییەکانیان چەوساندەوە، چەوساندنەوەیەك کە تێیدا زۆرێك لە هەڵگەڕاوەکان کە هەموویان مانی نەبوون، دەدۆزرانەوە و ریسوا دەکران و دەکوژران. لە کاتێکی کەمێك درەنگدا، خەلیفە مەئموون (٨١٣-٨٣٣ی زایینی) هەوڵی دا بیروباوەڕێکی خوایی بە فەرمی پێناسەکراو بسەپێنێت و جێبەجێی بکات. ئەوە زۆری نەخایاند. لە کاتە دواترەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی هاوچەرخ، جاربەجار سونییەکانی ناو وڵاتانی شیعە و شیعەکانی ناو وڵاتانی سوننە و سۆفییەکانی ناو هەر دوو جۆری ئەم وڵاتانە دەچەوسێنرانەوە. جاربەجار و زۆربەی کات رژێمێکی تازە دامەزراوەی پێکهاتووە لە چاکسازیخوازانی میلیشیایی تەنانەت هەوڵی داوە، غەیرە موسوڵمانان بە زۆری وەربگێڕێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەك زیممییەکان، بەکارهێنانی هێز لە دژی لادەران بەدەگمەن، نائاسایی و گرێدراوی بارودۆخی تایبەت بووە.



هۆکاری تر هەن بۆ ئەم جیاوازییە. لە ئیسلامدا ئەوەی پتر گرینگی هەبێت، راست ودروستیی کردەوەیە، نەك هی بیروباوەڕ. ئەو شتەی تۆ دەی کەیت گرینگە نەك ئەوەی بڕوات پێیەتی. وەك دەگوترێت، تەنیا خوا دەتوانێت بڕیار لە سەر راست و دروستبوونی ئایین بدات. ئەوەی تۆ دەی کەیت راستییەکی کۆمەڵایەتییە و پێوەندیی بە دەسەڵاتی دامەزراوەوە هەیە. ئەوەی ئیسلام بە گشتی لە بڕوادارانی داوای کردووە، ئەوە نییە لە ئاییندا دەقاودەق بن، بەڵکو وەفادارییە بەرامبەر بە کۆمەڵگە و سەرکردە دانراوەکەی. ئەمەش رێخۆشکەر بووە بۆ ئەوەی لە لاداندا ئازادییەکی بەرفرەوان هەبێت تا ئەو خاڵەی دەگاتە بێ وەفایی کە ئەمەش بە ئاسانی بە ناپاکی هەژمار دەکرێت و ئەو کاتەی دەگاتە ئاژاوەگێڕی و پیلانگێڕی بە مەترسییەك لە سەر رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەرقەرار دادەنرێت. کاتێك ئەوە روو دەدات، زۆری پێ ناچێت لادەر سنوورێکی نێوان ئیسلام و هەڵگەڕانەوە دەبەزێنێت — نەك سنوورێکی نێوان راست و دروستیی بیروباوەڕ و کردەوە کە بە بەراورد گرینگ نین. ئەو کاتەی لادان لە بیروباوەڕ دەگاتە ئەو خاڵە، ئەوە دەبێتە بابەتێك بۆ یاسا و بۆ لێکۆڵینەوەی یاسایی. و هەڵگەڕانەوە بە گوێرەی هەموو رێبازەکانی فیقهی ئیسلام تاوانێکی گەورەیە[١٥١].

ئایینزانان هەمیشە ئامادە بوونە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە کە ئایینی جیاواز لە هی ئەوانیان هەبووە، بە "بێ دین" ناو ببەن و شەرمەزارییان بکەن. ئەلغەزالی (١٠٥٩-١١١١)، زانای ئایینی گەورە و سۆفیگەر، رستەیەکی یەکجار هەژێنەری هەیە، لە بارەی ئەو زانا ئایینییانەی بێباکانە تۆمەتی بێ دینی دەدەنە پاڵ ئەو کەسانەی لەوان جیاوازن و بە بێ دین ناویان دەبەن. ئەمە پێی دەگوترێت تەکفیر کە تێیدا کەسێك بە کافر واتە بێ دین رادەگەیەنرێت. ئەو دەڵێت ئەوان هەوڵ دەدەن "بەهەشت ببێتە پاداشتی کۆمەڵێکی بچووکی زانایانی ئایینی"، بەڵام ئەو جۆرە ریسواکارییەی زانایانی ئایینی بە کردەوە کاریگەرییەکی کەم یان هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. یاسازانان لە پیاوانی ئایینی مێشککراوەتر بوون و ئەگەر هۆیەکی باشیان نەبوایە، تەکفیرییان لەگەڵ دەرەنجامە یاساییەکانی، واتە دەستبەسەرداگرتن و مەرگ، رانەدەگەیاند.

---

١٥١ Capital offense گوناهی کەبیرە کە سزاکەی مەرگە.

ئاخۆ شەڕی ئایینی لە نێوان ئەم کۆمەڵە جیاوازانەدا هەبووە؟ لە مێژووی ئیسلامدا زۆر شەڕی ناوخۆییی ئیسلامی هەبوون و لە هەندێکیاندا خەڵکانی سەر بە بەرەکانی جیاوازی شەڕ، بڕوایان بە شێوازە جیاوازەکانی ئیسلامەوە هەبووە. بەڵام کەس ناتوانێت باس لە شەڕەکانی ئایینی لە ناو جیهانی ئیسلامیدا بکات، لە بەر ئەوەی ئەم زاراوەیە بۆ شەڕەکانی ئەوروپا لە سەدەی شازدەهەم و حەڤدەهەم بەکار دێت. شەڕی هەرێمی و خێڵەکی و خانەدانی هەبوون لە نێوان، دەتوانین بڵێین، رەنگە جیاوازەکانی ئایینیدا. لە سەدەی شازدەهەم و تا ماوەیەك دواتری سوڵتانەکانی تورکیا و شایەکانی فارس رکابەرێتییان بوو بۆ حوکمکردن بە سەر رۆژهەڵاتی ناوین. سوڵتان سوننی و شا شیعە بوو. شیعەکانی عوسمانی و سوننەکانی فارس لەبەر ئەوە لە لایەن فەرمانڕەواکانیانەوە بە ناپاکی رێتێچوو هەژمار دەکران و هەندێك جار وەك ناپاك رەفتاریان لەگەڵ دەکرا. بەڵام زێدەڕۆییە ئەگەر ئەمە بە شەڕی سوننی و شیعە وەسف بکرێت. بە نزیکەیی شەڕی ئایینیی تر هەبوون، شوڕشەکانی شوبهە عیسەوییەکان[١٥٢] و هەروەها توندوتیژی نواندنی ئەوانەی هەوڵیان دەدا ببن بە چاکسازیخواز، بۆ ئەوەی ئیسلام بێگەرد بکەن و جیهان بگۆڕن، بەڵام زۆربەی ئەمانە کورتخایەن بوون و کاریگەرییەکی کەمیان هەبوو. هەندێکیان خێرا و بە ئاسانی بە هۆی تێکشکان و سەرکوتبوونەوە زوو و بە سانایی دۆڕاندیان. ئەوانی تر رووبەڕووی شکەستێکی ئاڵۆزتر بوونەوە، واتە دەسەڵاتیان بردەوە و پاشان بەخێراییەکی کەمتر یان زۆرتر گەڕانەوە سەر خووی ئەو کەسانەی خۆیان ریسوایان کردبوون و رووخاندبوونیان. تاکە ریزپەڕێکی گەورە شەڕی نێوان خەلافەتی سوننییە عەباسییەکانی بەغدا و خەلافەتی ئیسماعیلییە فاتیمییەکانی قاهیرە بوو لە سەدە گرینگەکانی ناوەڕاستدا و زۆری نەبرد تەنانەت ئەو شەڕەش بووە پێکدانی نێوان ئیمپڕاتۆرییەتەکان نەك پێکدادانی ئایینی.

ناکۆکیی نێوان سوننی و شیعە بە دووبەرەکیی نێوان پرۆتێستانت و کاسولیکەکان چوێندراوە، لێکچوواندنێك کە تەنیا لەو بارەدا مانابەخشە، کە ئاین بە شێوە زۆر ناتەواو و

١٥٢ Psedue- Messiah.



گشتییەکەی و لە سەر پێوەرێکی گەورەوە دابەش بکرێتە سەر دوو کۆمەڵی ئایینی. جیاوازیی سەرەکیی نێوان سوننی و شیعە، جیاوازی لە بیروباوەڕی ئایینی یان دەسەڵاتدا نییە. لە بنەڕەتدا ناکۆکییەك هەبوو لە نێوانیاندا لە سەر بابەتێکی سیاسی، سەبارەت بەوەی ئاخۆ کێ و بە چ مافێك دەبێتە سەرۆکی دەوڵەت. وشەی شیعە لە عەرەبیدا بە مانای حیزبە و ئاماژە بە شیعەکانی عەلی، ئەوانەی باوەڕیان وایە عەلی وەك خزمی پیامبەر دەبێت وەك خەلیفە جێنشینی پەیامبەر و سەکردەی کۆمەڵگە بێت. هەر دوو کۆمەڵەکە پەرەیان بە رێبازی جیاواز دا، بەڵام جیاوازییەکان، پتر لەوەی لە رووی رێباز یان ئایینەوە بن، بە شێوەیەکی سەرەکی لە رووی ئەزموون و هەست و بۆچوونەکانن. هەندێك کەس لە شیعایەتیدا شێوازێکی خۆدەربڕینی نەتەوەییانەی فارس و تەنانەت شۆڕشێکی فارسییان لە دژی عەرەبایەتیی سوننیدا بینیوە. ئەم بۆچوونە دوور و بێ بنەمایە، بۆچوونی باوی ناو رۆشنبیرانی ئەوروپا بوو لە سەردەمێکدا کە تیۆرییە رادیکاڵەکان هێشتاش کاریگەر بوون لە سەر هزری سیاسیی رۆژئاوا. بۆ ماوەی چەندین سەدە پاش سەرهەڵدانی ئیسلام شیعایەتی هیچ ناوێکی ئیتنیکی یان هەرێمیی نەبوو. وەك خودی ئیسلام، شیعایەتی لە لایەن عەرەبەکانەوە هێنرایە ئێران و وێ دەچێت زۆربەی موسوڵمانانی فارس سوننیی دڵسۆز بووبن، بەڵام لە سەدەی شازدەهەم بەسەرەوە شیعایەتی بووە ئایینی دەوڵەتی ئێران، ئێرانێك کە هەروەها تاکە دەوڵەتی گرینگی شیعەی ناو جیهانی ئیسلامی بوو. ئێران نەك تەنیا دەوڵەتێکی شیعەی میلیشیایی بوو، بەڵکو لە هەموو لایەکەوەش بە دەوڵەتانی سوننییەوە دەورە درابوو- ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی لە لای رۆژئاوا و دەوڵەتە سوننەکانی هیند و ئاسیای ناوەڕاست لە دەستی رۆژهەڵاتەوە و بەم شێوەیە بە مسۆگەری تێکئالۆسکانێك لە نێوان ئایینی شیعە و کولتوور و خۆوشیاریی سیاسیی ئێرانییەکاندا هەبووە.

بە گشتی دەکرێت بۆچوونی موسوڵمانان سەبارەت بە جیاوازی لە ئایین و تەنانەت پەرستش بە مێشککراوەیی ناو بنرێت. جاربەجار و بە تایبەتیش لە ماوەی بارگرژی یان ناکۆکییە ناوخۆیی یان دەرەکییەکاندا هەوڵ دراوە بۆ ئەوەی باوەڕێکی راست ودروست بسەپێنرێت و هەموو بیروباوەڕ ناکۆکەکان لا بدرێن. بەڵام بە گشتی

موسوڵمانان لە سەر ئەو بنەمایە دەڕۆیشتن، کە زانایەکی ئایینیی ڕێزلێنراوی سەدەکانی ناوەڕاست، دای نابوو- بە لای ئەو زانایەوە هیچ کەسێك کە رووی نوێژی لە مەککە کردبێت، ناکرێت بە بێ دین هەژمار بکرێت.

پرسی قبوولکردن لە سەردەمی ئێمەدا گرینگییەکی تازەی پەیدا کردووە. بە شێوەیەکی گشتی لە جیهانی رۆژئاوادا وادیارە ئەوە بە مانای گەرەنتیکردنی مافەکان، و ئەگەر بکرێت گەرەنتیکردنی مافگەلی یەکسانە بۆ ئەو کەسانەی جیاوازن. ئەم مافانە ئازادی پەرستش و ئازادی ڕێکخستن و ئازادی بنیاتنان و سوودوەرگرتن لە پەرستگاکان و هەروەها جیاوازبوون لە ئایینی زۆرینە یان زاڵ لە خۆ دەگرن، ئەمەش بە بێ لەدەستدانی هیچ پلەوپایەیەکی شارستانی یان سیاسی. بۆ موسوڵمانان قبوولکردن مانایەکی تەواو جیاوازی هەبووە. بیرۆکەی قبوولکردن، بە تەواوەتی بۆ موسوڵمان و مەسیحییان، بیرۆکەیەکی تا رادەیەك سەردەمیانەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پاش شەڕە گەورەکانی ئایینی لە ئەوروپادا. کاتێك هەم پرۆتێستانت و هەم کاسولیکەکان لە کۆتاییدا جۆرە سازشێکیان کرد، جۆرە ڕێکەوتنێکی سەردەمییانە پێوست بوو. لە سەردەمانی پێشووتردا بەخشینی ئازادییی رەها بە کارێکی باش دانەدانرا، بەڵکو بە پشتگوێخستنی ئەرك دادەنرا- کارێکی بە ئاشکرا نابەجێ بوو کە ئەو کەسانەی بیروباوەڕی راستەقینەیان قبووڵە و ئەوانەی رەتی دەکەنەوە، مافی یەکسانیان هەبێت. بۆچوونەکە بە نزیکەیی لە هەر ئایینێکدا هەر بەم شێوەیەیە، جا با ئایینی راستەقینە هەر ئایینێك بێت.

هیچ گومانێك لەوەدا نییە بە گشتی تاوەکو سەدەی حەڤدەهەم پێوەندیی حکومەت و جەماوەرگەلی موسوڵمان لەگەڵ ئەو کەسانەی ئایینێکی جیاوازیان هەبووە، بێندرێژانەتر و بەڕێزتر بووە لەو پێوەندییەی لە ئەوروپادا هەبووە. چەوساندنەوەکانی ئیسلام لەو کاتەدا بووە کە بە هەر هۆیەك حکومەت یان جەماوەرگەلی موسوڵمان سەرپێچییان لە یاساکانی شەرعی پیرۆزی خۆیان کردبێت و هەروەها ئەو کاتانەی ئیسلام تەنانەت دانی بەوە بڕە ئازادییە نەناوە، کە شەرعی پیرۆز بۆ شوێنکەوتووانی ئایینە بەتاڵبووەکانی دیاری کردووە. بەڵام لە مێژووی



ئیسلامیدا هیچ شتێك نییە لەگەڵ ئەو رەشەکوژی و وەدەرنان و لێکۆڵینەوە ئایینی و چەوساندنەوانەدا بەراورد بکرێت، کە مەسیحییەکان بە بەردەوامی بە سەر غەیەرە مەسیحییەکان و هەروەها بە سەر یەکتریان هێناوە. لە وڵاتانی ئیسلامیدا چەوساندنەوە ریزپەڕ و لە جیهانی مەسیحییەتدا بەداخەوە، زۆربەی کات پێوەر بووە.

چاکسازی و شەڕە ئایینییەکان گۆڕانێکی سەرەکییان لێ کەوتەوە. لە سەدەی حەڤدەهەم بە سەرەوە بارودۆخی غەیەرە مەسیحییەکانی ژێر حوکمی مەسیحییە رۆژئاواییەکان لە هی زیممییەکانی ژێر حوکمی موسوڵمانان خراپتر نەبوو، بەڵام بەرەبەرە بارودۆخیان بە شێوەیەکی بەرچاو باشتر بوو. لەم ناوەدا خراتربوونی بارودۆخی زیممییەکان نەك تەنیا پێوەندیی هەبوو، بەڵکو یەکلاکەرەوەش بوو. خاوەنە بەختەوەرەکانی حەقیقەت هەمیشە بۆیان سەختە گەمژەیی و سەرکێشیی ئەو کەسانە قبووڵ بکەن کە ئارەزوومەندانە ئەو حقیقەتە رەت دەکەنەوە و لە سەر هەڵە کۆنەکانیان مکوورن. لەگەڵ ئەوەشدا شتەکە ئاسانتر دەبێت کاتێك هێزێکی جیهانیی گەورەوە کە هێمای دەرەکی و بینراوەی رەزامەندیی خوایە، کەسێك لە راست و دروستبوونی خۆی دڵنیا دەکاتەوە. ئەم بێندرێژبوونە یەکجار ئەستەم دەبێت، کاتێك لە جیاتی "حەقیقەت"، "هەڵە" سوودمەندە لە سەرپشکییەکانی سامان و هێز و کاتێك هاونیشتیمان و دراوسێیە بێ دینەکانی کەسێك کە ئیتر بە شێوەیەکی گونجاو ملکەچ نین، لە لایەن دەسەڵاتە دەرەکییە بەهێزەکانەوە، کە بە جۆرەها شێوە بێ دینن، پشتیوانی دەکرێن و هان دەدرێن. ئەم دەسەڵاتانە و یاریدەدەرە ناوخۆییەکانیان ئێستا بەرەنگاری دەسەڵاتی بەرزی بڕوادار بوونەتەوە، سەرەتا لە ناو جیهان، و دواتر لە ناو وڵاتی خودی بڕوادار و لە دواییدا تەنانەت لە ناو ماڵی خودی ئەو کەسە، کە تێیدا دەسەڵاتە مسۆگەرەکەی پێشووی بووەتە جێی گومانی ئافرەتی رسکاو و منداڵانی یاخیبووەوە، کە هەردووکیان بە هۆی بیرۆکەگەلی کوفرانیی دەرەکییەوە هەڵخەڵتاون.

لە ماوەی سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا ئەو ڕێکەوتنە کۆنەی بە زیممە ناسرابوو، لە زۆرینەی جیهانی موسڵماندا بەتاڵ بووە. تاکە مەسیحی و تا رادەیەکیش تاکە یەهوودییەکانی ناو دەوڵەتێکی موسوڵمان کە بیرۆکەگەلی لیبڕاڵی رۆژئاوایی سروشی بۆ هێنابوون، ئیتر بەو مافانە کەمانە رازی نەبوون کە لە لایەن دەوڵەتەوە بۆیان

مسۆگەرکرابوون. دەوڵەتانی موسوڵمان و زۆرینەکان کە هەستیان بە هەڕەشە لە سەر خۆیان دەکرد، تەنانەت مافە سنووردارەکانی زیمەیان وەك مەترسییەك دەبینی و لە بێ دینە خۆماڵییەکانی خۆیان، کە پێشتر بێ ئازار بوون، کەوتنە گومانی ئەوەی نوێنەر و نێردەی کۆمەڵێك بیانیی بێ دینی زۆر مەترسیدارتر بن.

لەم ماوەیەدا بارودۆخی تابعە غەیەرە موسوڵمانەکان، لە سەر کاغەز، زۆر باش کرا. حکومەتە موسوڵمانەکان هەندێك جار لە وەڵامی فشارە دەرەکییەکان و زۆربەی جار لە وەڵامی ئایدیۆلۆژیگەلی هەناردەکراوی لیبراڵ و نەتەوایەتی و بیانیدا، پەیتا پەیتا وازییان هەم لە تیۆر و هەم لە نەریتی زیمە هێنا و یاسا و مەرجگەلێکی نوێیان راگەیاند کە بە گوێرەیانەوە هەموو تاکەکان و پاشان هاوولاتیان، بە بێ جیاوازی لە ئایین، پلەوپایەی یەکسانیان وەرگرت.

زۆرجار حاڵی کەمایەتییە ئایینییەکان لە راستیدا لە چاو پێشتر زۆر خراپتر بوو. زیمە پلەوپایەیەکی یاسایی دانپێندانراوی پێ بەخشیبوون، کە هیچ دەسەلاتێك جگە لە شەرعی پیرۆز دەستنیشانی نەکردبوو و جەماوەری موسوڵمان بۆ ماوەی چەندین سەدە، وەك بەشێك لە یاسای کۆمەلایەتی و سیاسیی خواوەندی قبووڵیان کردبوو. لە ژێر حوکمی عوسمانییەکاندا، مەسیحی و یەهوودییەکان نەك تەنیای رێگەیان پێ درابوو پابەندی یاساگەلی ئایینیی خۆیان بن، بەڵکو بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەشیان پێ درابوو. شەرعی مەسیحی لە هەموو کەلیسەکاندا هەم فرەژنی و هەم کەنیزەداری قەدەغە کرد. شەرعی رەببانی رێگەی بە فرەژنی دا نەك بە کەنیزەداری. شەرعی ئیسلامی رێگەی بە هەردووکیان دا. دەسەلاتدارە ئایینییەکانی مەسیحی و یەهوودی دەیان توانی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەکانی خۆیان بە بۆنەی سەرپێچیکردن لەم یاسایانە لێپێچینەوە بکەن، شەرمەزاریان بکەن و حوکم و سزایان بدەن، تەنانەت ئەگەر ئەم سەرپێچییە هیچ سووکایەتییەکی بە یاسا و دابونەریتەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی زۆرینە نەکردبا. لە ژێر حوکمی سوڵتاندا شوناسێکی مەسیحی بە مانای ملکەچی بوو لە بەرامبەر دەسەلاتی مەسیحی و هەروەها دەسەلاتی سوڵتانی.



زاراوەی هاوولاتیی پلە دوو مانایەکی ناوێزە بە گوێی رۆژئاواییانی هاوچەرخدا دەچرپێنێت، بەلام هاوولاتیی پلە دوو- کە مانای ئەوەیە هەندێك نەك تەواوەی مافەکانی هاوولاتییەك، دانیان پێدا نراوە و رێزیان لێ گیراوە- باشترە لەوەی هەر هاوولاتی نەبیت. حاڵەتی دووەمیان زۆربەی جار بارودۆخی ئەو کەمایەتییە ئایینییانە بووە، کە خۆیان لە ناو ئەو دیکتاتۆرییەتە نوێیانەدا دەدۆزنەوە کە لە سەر وێرانەکانی ئەزموونە دیموکراسییەکاندا قووت کراونەتەوە. ئیمپڕاتۆرییەتی کلاسیکی عوسمانی بواری دا چەندین کۆمەڵی ئایینی و ئینتیکی لەتەك یەکتر بە پێکەوەهەڵکردن و رێزگرتنێکی دوو لایەنەوە بژین و تەنیا ملکەچی سەرکردایەتی ئیسلام و بالادەستیی موسوڵمانان بن. چاکسازیخواز و شۆڕشگێڕە لیبراڵەکان کە رێکخستنەکەی کۆنیان هەڵوەشاندەوە و یەکسانبوونی هەموو هاوولاتیانی عوسمانیان بە پێی دەستوور راگەیاند، ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی کێشاندنە ناو دوایین پێکدادانە سەخت و خوێناوییەکانی ناوخۆیی- کە ژمارەیەکی زۆر لە سەختترین ئەم پێکدادانانە لە نیوەی هەزار ساڵەکەی مێژووەکەیدا بوون.

ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی نەماوە، بەلام ئەو کێشانەی لە دەیەکانی کۆتاییدا هاتە ئاراوە، بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە و بەردەوام ژیانی سیاسیی سەرجەم جێنشینانی دەوڵەتانی عوسمانی لە باڵکان و رۆژهەلاتی ناوین و هەروەتر لە ولاتەکانی تری موسوڵمان کە بە ناو پرۆسەی هاوشێوەی پێشکەوتندا گوزەرییان کردووە، دەپەشۆکێنن.

قورئان وەك کتێبە پیرۆزەکانی تر جۆرەها رێنماییی تێدان و لەوەتەی بلاوبووەتەوە، لە زۆر ولاتدا چەندین نەوە ئەزموونی لەگەڵدا هەبووە و لێکی داوەتەوە و بەمەش مەودای هەڵبژاردن بەرفرەوانتر بووە. لە ئیسلامدا نەریتی ملکەچییەکی رەها بەرامبەر بە دەسەلات هەیە. هەروەها نەریتی یاخیبوونیش هەیە لە دژی دەسەلاتێك کە بە نادادوەر و نایاسایی دەزانرێت. هەر دوو نەریتەکە لە کتێبی پیرۆز و سوننەتدا رەگی پتەویان داکوتاوە، هەردووکیان بەرفرەوان کراون و نەوە دواترەکانی موسوڵمانان بە تیۆر و بە کردەوە پەرەیان پێ داون. بەهەمان شێوە، دۆزینەوەی مافی شەڕکردن و مافی سازشکردن لەگەڵ بێ دینان لە ناو کتێبی پیرۆز و فیقهەوە، سەخت نییە. لە قورئاندا دوژمنانی خوا بە بێ دینان ناویان هاتووە و چارەنووسیان ئاگری دۆزەخە

(٢:٩٨، ٤١:١٩، ٤١:٢٨). بڕواداران فەرمانیان پێ دراوە "دوژمنی خوا و دوژمنی خۆتان بتۆقێنن"، بەڵام پێویست ناکات خەباتەکە بۆ کوشتنیان بێت. "ئەگەر دوژمنەکە سازشی کرد ئێوەش سازش بکەن و پشت بە خوا ببەستن" (٨:٦٠ تا ٨:٦٢). بە گوێرەی دەقێك کە چەندین جار لە قورئاندا دووبارە بووەتەوە "ئەگەر خوای بیویستایە، هەموو مرۆڤایەتیی دەکردە یەك کۆمەڵگە" ١١:١١٨، ١٦:٩٣، ٤٢:٨). بەڵام بە ویستی خواوە جیهان دابەش بووەتە سەر نەتەوە و ئایینی جیاواز و خوا بڕیار دەدات کێ ڕێگەی راستی بگرێت و کێ بەلاڕێدا بچێت. و بەدڵنیاییەوە، ئەمە باسوخواسێکی پڕهێز سەبارەت بە دڵسۆزی و پێکەوەهەڵکردن هەڵدەگرێت.



# بەشی نۆیەم

## ئاواتەکان

بە پێچەوانەی هیندستان، چین یان ئەوروپا رۆژهەڵاتی ناوین هیچ شوناسێکی کۆمەڵی نەبووە. لە کاتە زووەکانەوە تا ئەمڕۆکەش لە ئاین و لە زمان و لە سەرووی هەمووشیانەوە لە لەخۆتێگەیشتندا شێوازەکە جۆراوجۆر بووە. بە گشتی بەکارهێنانی زاراوەی بێمانا و بێهێز و ناشیرین و بەلای زۆربەی جیهانەوە، زاراوەی نادروستی رۆژهەڵاتی ناوین لەم سەردەمە و لە ناو وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکوور و باشووری ئەو ناوچەیەی بەم ناوە ناسراوە و تەنانەت لە ناو خودی ئەو شوێنەشدا، باشترین ئاماژەیە بۆ نەبوونی شوناسێکی گشتیی ئاشکرا نە لە ناوخۆ و نە لە دەرەوەدا.

چوار پرۆسەی یەك لە دوای یەکی بەیۆنانیکردن و بەکاسۆلیککردن و بەمەسیحیکردن و بەموسوڵمانکردن، یەکێتییەکیان لانی کەم لە سەر هەندێك لە بەشەکانی هەرێمەکە و هەندێك لە توخمەکانی کۆمەڵگەی ئەو هەرێمەدا سەپاند. ئیسلام کە یەکەمین پرۆسە بوو سەرانسەری هەرێمەکە بتەنێتەوە و یەکەمینیان بوو، کە سەنتەرە سەرەکییەکانی داهێنان و دەسەڵاتگێڕیی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناویندا دامەزرێت، تاکە شوناسی هاوبەشی بەخشییە هەرێمەکە کە تا ئەمڕۆکە پێی زانیبێت. بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی ئیسلام لە لایەن ئەو کەسانەی بە دوای شتێکی گەورەتر لە لایەنگریی خێڵەکی یان تایفی یان هەرێمی، واتە شتێکی بەشکۆتر لە دامەزراوە دەوڵەتییە بەرقەرارەکاندا دەگەڕێن، ئەستەمە جێی سەرسڕمان بێت.

بەڵام بانگەوازی تریش هەبوون. لە زۆربەی سەدەی بیستەمدا دوو بیرۆکە- سۆسیالیزم و نەتەوەپەرستی- کە هەردووکیان بە رەچەڵەك ئەوروپین، بە سەر هزر و کردەوەی سیاسیی

ڕۆژهەڵاتی ناویندا زاڵ بوون. ئێستاکە هەردووکیان باویان نەماوە، یەکێکیان بە شکەستهێنان و ئەوەی تریان بە سەرکەوتن. بۆ زۆربەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، سۆسیالیزم لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی زلهێزی پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە و بە تایبەتی بە بۆنەی هەڵسوکەوتی ناپەسەندی ڕژێمە سۆسیالیستەکان لە ناوخۆدا، سەنگی نەماوە. نەتەوەپەرستی ئەوەندە بێ سەنگ نەبوو، ئەوەندەی پوچەڵ بوویەوە. لە هەموو وڵاتانی هەرێمەکە و ئێستا لەگەڵ ئەوانیشدا لە وڵاتانی سۆڤیەتی جاران، دەسەڵاتی کۆڵۆنی بە کۆتا هاتووە و ئامانجی بێزووپێکراوەی سەربەخۆیی سەروەرانە هاتووەتە دی و ئەمەش بووەتە دەسکەوتێکی تاڵ.

لە ژمارەیەکی کەم وڵاتدا نەتەوەپەرستی و سۆسیالیزم لە ڕێگەی وەچە نارەسەنەکەیانەوە- واتە سۆسیالیزمی نەتەوەگەرانە[١٥٣] سەرکەوتوون، زاراوەیەك کە ڕەنگە بە بێ هۆ بۆ دیکتاتۆرییەتەکانی تاکە پارتێك کە لە عێراق و سووریا حوکمی گێڕاوە، بەکار نەهێنرابێت. هاوشێوەی نموونە و پێشینیانیان لە ئەورووپای ناوەڕاست و باشوور، ئەم دیکتاتۆرییانەش لە ژێر وێرانەکانی دیموکراسییە دۆڕاو و داڕماوەکاندا سەریان وەدەر نا.

دیموکراسی کە بە گوێرەی مانا ڕۆژئاواییەکەی بریتییە لە سیستەمێك کە تێیدا هەڵبژاردنی ڕکابەرانەی ئازاد لە ماوەی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت و حکومەت ڕەنگە بە بڕیاری دەستەی هەڵبژێردراوەوە لا بدرێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا شتێکی دەگمەنە. زۆرێك لە وڵاتانی هەرێمەکە هەڵبژاردن دەکەن، لە لایەك لەبەر ئەوەی ئەمە خەوشی باوی دەوڵەتانی سەردەمە، لە لایەکی دیش لەبەر ئەوەی پێویستە جۆرە هەڵبژاردنێك هەبێت بۆ وەرگرتنی مافی هاوکاریی نێودەوڵەتی و سوودەکانی تر. بەڵام لە زۆربەی ئەم ڕژێمانەدا، هەڵبژاردنەکانن کە لە ڕێی حکومەتەوە دەگۆڕدرێن، نەك پێچەوانەکەی. تەنیا دوو دەوڵەت لە هەرێمەکەدا هەن- تورکیا و ئیسرائیل- کە تێیاندا هەڵبژاردنی ڕاستەقینە بەڕێوە دەچن و ڕەنگە حکومەت بە هەڵبژاردنەوە بگۆڕێت و هەندێك جار دەشگۆڕێت.

دیموکراسییەتی ئیسرائیلی بۆ ماوەیەکی درێژ لە هەرێمەکەدا شتێکی ناوێزە بووە. دەوڵەتەکە لە لایەن ئەو کۆچبەرانەی لە ئەورووپاوە هاتوون، دامەزرا و ئاکارە ئەورووپییەکەی،

---

١٥٣ National Socialism .



بە هۆی بایکۆتی عەرەبەوە کە دەوڵەتی یەهوودیی لە هەر جۆرە ئالۆزییەك لەگەڵ دراوسێیەکانی دابڕاند، پارێزرا و تەنانەت بەرجەستەش کرا. بەڵام ئەمە لە گۆڕانەدایە. لە لایەکەوە یەهوودییەکانی بە ڕەچەڵەك ڕۆژهەڵاتی ناوینی و ئەفریقای باکووری بوونەتە زۆرینەیەك لە ناو جەماوەرە یەهوودییەکەی ئیسرائیل و لە لایەکی ترەوە، پرۆسەی ئاشتی سەرەڕای ئالۆزی و وەرچەرخانە زۆرەکانی بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بووە. ئیسرائیل ئێستا بە ڕێکەوتننامە پێوەندیی لەگەڵ دوو وڵاتی عەرەبی و پێوەندیی بازرگانیی لەگەڵ کۆمەڵێکی تر هەیە. لە هەمووشیان گرینگتر ئیسرائیل لە نزیکەوە لەگەڵ فەلستینییەکان تێکەڵ بووە و ئەم تێکەڵییە تەنانەت لە نەرێنیترین ڕەهەندەکانیشیدا، هەندێك چاودێری فەلستینی و چاودێرە عەرەبەکانی تری لە بەهاکانی سیاسەت و ئابووریی لیبراڵ ئاگادار کردووەتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم گۆڕانانە کاریگەرییان هەیە لە سەر سروشتی خودی شوناس و لەخۆتێگەیشتنی ئیسرائیلییەکان و گرینگییە بەراوردییەکەی دین و دەوڵەت و وڵات.

ئەوەی پێوەندییەکی زۆر زیاتری بە ئەزموون و پێداویستی و ڕێتێچوونەکانی هەرێمەکەوە هەبێت، نموونەی دیموکراسیی تورکیایە. لە سەرەتای ئەم سەردەمەدا ئەو کاتەی ئیمپڕاتۆرییەتەکانی ئەورووپی خەریك بوو لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناویندا پەرەیان دەسەند، لە هەرێمەکەدا تەنیا دوو هێزی سەرەکی هەبوون، تورکیا و ئێران و چەندین سەدەی بەسەرچوو بە ڕکابەرایەتی و زنجیرە شەڕێکی درێژ لە نێوانیاندا مێژووی هەرێمەکەی پێك هێنابوو. لە ماوەی دەسەڵاتی ئەورووپیدا سەربەخۆیی تورکیا و ئێران هەرچەندە زۆرجار لە مەترسی دابوو و هەستیار بووبوو، بەڵام هەرگیز بە یەکجارەکی لە ناو نەچووبوو. تورك و ئێرانییەکان هەریەکەیان پایتەختێك و سنوورگەلێکیان هەبوو هەرچەندە لە ژێر هەڕەشەش دابوون، حکومەتێك و پێکهاتەیەکی دەوڵەتییان هەبوو هەرچەندە زۆر سست کرابوون. لە بەر ئەوە هەردووکیان ئەو شتەیان هەبوو کە ڕۆژئاواییەك- نەك دانیشتوویێکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی ئەو سەردەمە- ڕەنگە بە هەستی شوناسێکی نەتەوەیی و هەروەها بە نەریتی قبووڵکردن و دڵسۆزی لە ناو خەڵکەکە و نەریتی سەربەخۆیی بڕیار و کردەوە لە ناو حوکمڕاناندا ناوی ببات. دامەزرێنەرانی تورکیا و ئێرانی هاوچەرخ لە ١٩٢٠ەکاندا دەبوو بۆ پاراستنی پێگەیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تێ

بکۆشن- بەڵام پێگەیەکیان هەبوو بۆ ئەوەی بیپارێزن. لەگەڵ نەمانی دەسەڵاتی ئیمپریالیش، هەردووکیان لەئەنجامدا رۆڵی خۆیان وەك هێزە سەرەکییەکانی هەرێمەکە وەرگرتەوە.

ئەمڕۆکە دیسان وەك رابردوو هەر دوو وڵات هێمان بۆ هەڵبژاردنە ئایدیۆلۆژییەکان - ئەمجارە نەك لە نێوان ئیسلامی سوننی و ئیسلامی شیعەدا، بەڵکو لە نێوان دیموکراسیی عیلمانی و خواسالاریی ئیسلامیدا. هەر دوو وڵات لە رێبازدا کۆمارین، هەردووکیان سەرکردەی کاریزماییان هەن کە رژێمەکانی پێشوویان رووخاندووە. کەمال ئاتاتورك دیموکراسییەتێکی عیلمانیی لە شوێنی سوڵتان و ئایەتوڵڵا خومەینی رژێمیکی ئایینیی ئیسلامیی لە جیاتی شا دامەزراند. زۆر کەس رێنمایی و بەرنامەکانیان، واتە کەمالیزم و خومەینیزم، بە دوو رێگەچارەی سەرەکیی هەرێمەکە بۆ داهاتوو، دەزانن.

تورکیا کاندیدێکی بێ مەیلە بۆ وەرگرتنی هەر رۆڵێك لە رۆژهەڵاتی ناوین. لە وڵاتێکدا کە سنوورەکانی نێوان رۆژهەڵاتی ناوین و ئەوروپا لەخۆ دەگرێت، سەرکردایەتیی سیاسی و رۆشنبیریی تورکیا لە هەڵبژاردنی رۆژئاوا و شوناسێکی رۆژئاواییدا لێزان بوو. سەردەمێك شانۆی سەرکەوتنی هەرە مەزنی تورکەکان واتە رۆژهەڵاتی ناوین لە ناو مێشکیاندا لە نەمان و شکەست و ریسوایی نزیك بووبووە. بە پێچەوانەوە وێ دەچوو رۆژئاوا ئامرازگەلی پێشکەوتنی ئابووری و ئازادیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەستبەر بکات. شۆڕشی کەمال ئاتاتورك کە کۆتاییی بە سەڵتەنەت هێنا و کۆماری تورکیای دامەزراند، لەم ئاراستەیەدا هەنگاوی سەرەکی و یەکلاکەرەوەی هاوێشت.

عیلمانییەت بەو شێوەیەی لە کۆماری تورکیادا لێك دراوەتەوە، بە مانای وازهێنان لە ئایینی بابوباپیران و هەروەتر بە مانای سەرکوتکردنی نییە. عیلمانییەت بە مانای جیابوونەوەیەکی روون و ئاشکرای ئایین و سیاسەت، زانایانی ئایینی و دامەزراوەکانی حکومەت، و لە رووی شوناسی بنەڕەتییەوە، بە مانای گۆڕان لە کۆمەڵگە و ئایینەوە بووە بۆ وڵات و نەتەوە.

گۆڕانە مەزنەکەی تر ناساندنی دیموکراسیی نموونەیی[١٥٤] بوو. زۆرێك لە وڵاتان شێوازەکانی حکومەتی دەستووری و حکومەتی پەرلەمانیان گرتووەتە بەر. ئەمانە هەمیشە بە شێوەیەکی

١٥٤ Represenitive Democracy .



سنووردار کاریان پێ کراوە و زۆربەی جار کورتخایەن بوونە. لە تورکیادا، سەرەڕای شەڕە سەختەکان و زۆر نسکۆوە گەشەی دامەزراوە دیموکراسییەکان بەردەوام بوو. ئەمڕۆ لە ناو ئەندامانی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامیدا تەنیا تورکیا هەڵبژاردنی ئازاد و بەردەوام ئەنجام دەدات کە تێیدا هەندێك جار حکومەتە دەسەڵاتدارەکان دەدۆڕێنن و واز لە دەسەڵات دێنن.

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران جۆرێکی جیاوازی نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوین و رەچەتەیەکی جیاواز بۆ چارەسەرکردنیان پێشکەش دەکات. ئەمانەش دەوەستنە سەر پێناسەیەکی جیاوازی تایبەتمەندی و شوناسی نەخۆشەکە. وەك شۆڕشەکانی فەرەنسی و رووسی و بە پێچەوانەی کودەتا سەربازی و حیزبییە جیاوازەکان، کە لە بەشەکانی تری هەرێمەکەدا ناو و شێوازی شۆڕشیان هەڵگرتووە، ئەوەی لە ئێراندا رووی دا شۆڕشێکی راستەقینە بوو، دەربڕی تووڕەیی و ئاواتەکانی جەماوەر و وەدیهێنەری گۆڕانی مەزن لە هەر رەهەندێکی ژیانی نەتەوەیی بوو. کات ئەوە دەردەخات ئاخۆ ئەو گۆڕانانە بەرەو باشتربوونن یان خراپتربوون.

دیسان وەك شورشەکانی فەرەنسی و رووسی شۆڕشی ئێران کاردانەوەیەکی پڕهێزی هەبوو لە جیهانی ئیسلامیدا، لەو جیهانەی کە لەگەڵیدا یەك دونیا لێك تێگەیشتنی هاوبەشی هەبوو. سەرەتا لە سەرجەم وڵاتانی موسوڵمان لە رۆژئاواوی ئەفریقاوە بگرە تا باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و هەروەها لە تاراوگەشدا جۆشوخرۆشێکی زۆر هەبوو. لەوکاتەوە وەك فەرەنسی و رووسییەکان، سەرکردە شۆڕشگێرەکانی ئێرانی بە هۆی کردەوەکانیان لە ناوخۆ و لە دەرەوەدا لە دژی بەشێکی زۆری هەوادارانی پێشوویان وەستاونەتەوە. بەڵام هێشتاش کەسانێك هەن ئاواتەخوازن چاوپۆشی لە تاوانەکانیان بکەن و تەنانەت لاساییشیان بکەنەوە، ئەمەش لە پێناو بەرزترین ئاوات، واتە کۆمەڵگەیەکی دادوەر و پاك کە بە گوێرەی شەرعی پیرۆزی ئیسلامەوە بەڕێوە دەچێت.

لە ئێراندا ئاماژەی رووەو زیادبوون هەن بۆ فشارهێنان و هەروەها بەرزبوونەوەی نائومێدی و تەنانەت نارەزایی لە ناو جەماوەری گەنجدا کە زۆربەیان لە پاش شۆڕشەوە پێ گەیشتوون. پێشکەوتنی هۆکارەکانی پێوەندیکردن کە ناوەستێندرێن- سەتەلایت کە بەرنامەگەلێك لە جیهانی دەرەوە پێشان دەدات، فەکس و ئەنتەرنێت و ئیمێیل کە پەیامی ئاژاوەگێڕانە دەگوازنەوە- ئەم دڵساردبوونەوەیە بەهێزتر دەکات، کە تەنانەت لە ناو ئەو ئازادییە کەمەی

بەپەرلەمان و راگەیاندن دراوە، خۆی دەنوێنێت. هێمایەکی تری نائومێدی پەلکێشبوونی رووەوهەڵکشانی گەنجانە بۆ کولتووری گشتیی ئەمریکا، بۆ مۆسیقا و شێوازی پۆشاک و بە زۆر رێگەی وردتر، پەلکێشبوونیانە بۆ بەهاکانی ئەمریکا. خومەینی پەنجەی بۆ ئەم پەلکێشییە راکێشا کاتێك ئەمریکای بە "شەیتانی گەورە" ناو برد. دەزانین شەیتان نە داگیرکەرە و نە چەوسێنەر. شەیتان وەسوەسەگەرە، هەڵخەڵەتێنەرە و کاتی بزەکردن لە هەمیشە مەترسیدارترە. کاتێك ئەو نائومێدییە گەشە دەکات و بڵاو دەبێتەوە، رژێمەکە بە چەکە کلاسیکییەکانی دیکتاتۆرییەتێکی دەرگیرەوە[155]، وەلآم دەداتەوە —واتە چەوساندنەوە لە سەر ئاستی ناوخۆیی و تۆقاندن و سەرەڕۆیی لە سەر ئاستی دەرەوەدا. ئەمانە بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی رژێم پشت بە سوودی نەوت ببەستێت یان لەگەڵ بازرگانە بیانییە هاوبەشەکانی هاودەست بێت یان لانی کەم لەگەڵیان رێك کەوتبێت. ئەگەر هەر کام لەم پاڵپشتانە بلەرزێن، رژێم لە لایەن خەڵکەکەی خۆیەوە مەترسییەکی مەزنی دەکەوێتە سەر.

هیچ لایەك، نە تورکیای دیموکرات و نە ئێرانی بنیاتگەرا لە دژی پەلکێشییەکانی ئەوەی تر پارێزراو نییە. لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی تورکیا لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٥دا پارتێکی سیاسی کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای بنیاتگەرای ئیسلامی بوو، لە سەر ئاستی نەتەوەدا لە سەتا ٢١ی دەنگەکانی بردەوە. لەوانەیە بەشێك لەو دەنگانە بە دەنگی کەسانی دژی پارتە کۆنەکان دابنرێن. بەلآم ئەوی دەمێنێتەوە، جەختکردنەوەیەکی گرینگە لە سەر پشتوانیکردن لە بەرنامەی کاری بنیاتگەرایان. بۆ ماوەیەکیش سیاسەتی فرەپارتیی تورکیا بواری دا بە سەرکردایەتیی بنیاتگەرا لەگەڵ یەکێك لە پارتە عیلمانییەکان هاوپەیمانێتی پێك بێنێت و سەرکردایەتیشی بکات. هاوپەیمانەتییەکە لە ژێر فشاری سوپادا، کە پاراستنی دەستوور و بەم هۆیەشەوە پاراستنی عیلمانییەت وەك یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی خۆی دەبینێت، بە کۆتا هێنرا. ئۆپۆزیسیۆنێکی بنیاتگەرای ئایینی هێشتاش هەم لە پەرلەمان و هەم لە وڵاتدا چالاکە.

١٥٥ Embattled، واتە رووبەڕووی کێشە بووەتەوە.



کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەستوورێکی نووسراو و هەڵبژاردنی بەردەوامی هەیە کە هەردووکیان لە بۆچوون و نەریتی ئیسلامی کلاسیکدا وەك یەك نەناسراو بوون. هەڵبژاردنەکان رکابەرێتیان بۆ دەکرێت و مشتومڕییە سیاسییەکە هەندێك جار بەجۆشە. بەلآم سنوورەکان زۆر بە وردییەوە پێناسە کراون و رێگە بە گومان خستنە سەر بنەمای ئیسلامیی حکومەت نادەن. ئەنجوومەنێکی ئایینی لە هەموو کاندیدەکان دەکۆڵێتەوە و ئەگەر مەرجەکانیان تێدا نەبێت، لە رکابەرایەتییەکەوە دەردەکرێن. لەبەر ئەوەشە هیچ پێوەرێك نییە بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ چ ژمارەیەك لە دەنگدەرانی ئێرانی دەنگ بە پرۆگرامی پارتێکی عیلمانی دەدات ئەگەر بێو دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت. بە پێی ئاماژەکان ژمارەکە بەرچاو دەبێت. رەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت هەلی دەربڕینی ئەو هەڵبژاردنەیان پێ نادرێت. بەلآم گرژییەکە هەستپێکراوە و وێ دەچێت ئێرانیش وەك تورکیا، بەلآم بە شێوەیەکی جیاواز هەر دوو ئاراستەکەی هەبێت، یەکێکیان لە دەسەلآت و ئەوەی تریان لە ئۆپۆزسیۆن.

جیاوازییەکی گرینگی نێوان هەر دوو لا لە لەخۆتێگەیشتن و خۆدەربڕینیاندایە. حوکمڕانانی ئێران خۆیان بە سەرکردەگەلی جیهانی ئیسلام دادەنێن، سەرکردەگەلی بزووتنەوەیەك بۆ خۆژیاندنەوەی موسوڵمانان و گەڕاندنەوەی شکۆ و گەورەییبان. بۆ گەیشتن بەم مەرامە سەرکردەکان، موسوڵمانانی سەرانسەری جیهانی ئیسلامی و کەمایەتییەکانی موسوڵمانی ناو ئەورووپا و ئەمریکا و شوێنی تر بۆ بزووتنەوەگەلی رادیکاڵی هان دەدەن و پێشیان دەخەن. ئەم هاندانە لە سەر شێوەی پارە و رێکخستن و چەك و راهێنان و زۆربەی جار رێنوێنیی ستراتیژیکدایە. تورکەکان ئەم جۆرە بەرنامەیان نییە، بەلآم ئامانجی زۆر میانەڕەوانەتریان پاراستنی دیموکراسییە بەدەردەسەر و دەرگیرەکەیانە لە چنگ دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی. تورکیا خۆی وەك دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ دەبینێت، کە شوناسەکەی لە زمان و کولتوور و دامەزراوەکان و لە سەرووی هەموویانەوەش لە وڵاتدا دەبینێت. تورکیا خۆی ناکاتە مۆدیل یان نموونەیەك بۆ ئەوانی تر و جگە لە هەندێك یارمەتی کە بە کۆمارە تورکییەکانی ئاسیای ناوەڕاستی بەخشیوە، نە هاوکاری ماددی و نە مەعنەویش بۆ هەوادارانی خۆی لە شوێنەکانی تر دابین ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی تورکیا بێ کاریگەری نییە. پێشتر دوو جار

تورکەکان سەرکردایەتیی هەرێمەکەکان کردووە- کاتێك عوسمانییەکان لە جیهادی ئیسلامیدا سەرکردایەتییان کردن و کاتێك لە سەر ئاستی نەتەوەیدا بەسەرکردایەتیی کەمال ئاتاتورك خۆیان رزگار کرد. رەنگە ئەم کارە دووبارەش بکەنەوە.

ئاماژەگەلی گۆڕانکاری لە کۆمەڵێك وڵاتی عەرەبیدا هەن. ئەمانەش هێشتاش دیموکراسییان نییە، بەو مانایەی کە دیموکراسی لە ئەوروپا و ئەمریکا بەکار هاتووە، بەڵام لە رووی ئەو شێوازانەی حکومەت کە لە رابردوودا خۆیان و ئێستا دراوسێیەکانیان لێیان شارەزان، پێشکەوتنێکی بەرچاویان پێشان داوە. چەمکی رۆژئاواییی وەك مافی مرۆڤ و بەشداریی سیاسی تا دێت زیاتر تاوتوێ دەکرێن، بەهای ئیسلامیی وەك سەربەرزی و راوێژکردن مانای نوێیان وەرگرتووە. هەنگاوگەلێکی ورد بۆ بەدیموکراسیکردن لە ئوردن و میسر و تا رادەیەکی کەمتریش لە هەندێك لە دەوڵەتانی کەنداودا دەبینرێن. ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان ئێستا هەڵبژاردن دەکەن و رەنگە کاندیدەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش تێیدا رکابەرایەتی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هیچ وڵاتێکی عەرەبی نییە تێیدا هەڵبژاردنێك بتوانێت حکومەت بگۆڕێت، بەڵام بەردەوام پتر بوار بە ئۆپۆزیسیۆن و ئازادی دەربڕین دەدرێت. جۆرە هەڵبژاردنێکیش لە وڵاتانی تردا بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە تەنیا داننانێکی نەریتییە بە راستییە سیاسییەکان، وەك ڕێوڕەسمی تاجدانانی بەریتانی یان نەریتی ئەمریکییەکان لە دەستبەکاربوونی سەرۆك نەك خودی هەڵبژاردنێکی بەریتانی یان ئەمریکی. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٦دا کە لە لایەن حکومەتی لوبنانی و لە لایەن دەسەڵاتی فەلستینییەوە رێك خرابوون، دوو ئاراستەی پێچەوانە ئاشکرا بوون. هەڵبژاردنەکانی حکومەتی لوبنانی بە هۆی بارودۆخی ناوخۆییەوە کردەوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو بوو. هەڵبژاردنەکەی تریان دیسان بە هۆی بارودۆخی ناوخۆییەوە، رەنگە ئازادترین و دادوەرانەترین هەڵبژاردنی بەڕێوەچوو لە جیهانی عەرەبدا بووبێت.

پرۆسەی بەدیموکراسیکردن تەنیا لە ئەنجامدانی هەڵبژارنەکانەوە کورت نابێتەوە. لە ژمارەیەکی کەم لە وڵاتان و بە رادەیەکی زۆریش لە راگەیاندنی عەرەبیی تاراوگەدا، ئازادییەکی بەردەوام پتر لە گوتاردا هەیە. ئەمانە هەرچەندە زۆربەیان لە لەندەن یان پاریس دەردەچن، هەم بەشداربوو و هەم خوێنەریان لە وڵاتانی عەرەبیدا هەیە.



دیموکراسی لە سەر شێوازە رۆژئاواییەکەی لە ناو عەرەبدا پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت. بنیاتگەراییی ئیسلامیش بە هەمان شێوەیە. لە وڵاتێکدا، واتە سوودان، بنیاتگەرایان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و بۆ هەڵگیرساندنی جیهادێك لە دژی مەسیحی و ئەنیمیستەکان[١٥٦] لە باشووردا بەکاری دێنن. لە ئەفغانستاندا بزووتنەوەیەکی ئایینی کە سوننی و دژە ئێرانی و یەکجار بنیاتگەرایانەیە- زۆرینەی وڵاتی لە ژێر کۆنترۆڵدایە. لە وڵاتانی تردا و بە شێوەیەکی هەستپێکراو لە ئەلجەزیرە و کەمتر هەستپێکراویش لە میسر و شانشینی و ئیماراتی عەرەبیدا بنیاتگەرایان بە تۆقاندن و رێگەی ترەوە هەوڵ دەدەن حکومەتە بەرقەرارەکان بڕوخێنن و شوێنیان بگرنەوە. ئەوان لە سووریادا بێ بەزەییانە سەرکووت کراونەتەوە. لە ئوردن و مەراکیشدا هەندێکیان هەڵبژێردراون تا بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن. بە نزیکەیی لە هەموو ئەم وڵاتانەدا، بنیاتگەرایی هێزێکی دەستڕۆیشتووە و لەگەڵ بەرزبوونەوەی نارەزایی بەرامبەر بە رژێمی بەرقەرار بانگەوازەکەی بەهێزتر دەبێت. بە هیچ شێوەیەك دوور نییە، رژێمەگەلی بنیاتگەرا لە وڵاتانی تری عەرەبیدا سەر هەڵبدەن و دەسەڵات بگرنە دەست. ئەوانەی نەوتیان هەیە رەنگە ئەم گۆڕانکاریانەی بەسەردا نەیەت. ئەوانەی هیچ داهاتێکی نەوتیان نییە بۆ نەرمکردنەوەی توندوتیژیی سیاسەتەکانی بنیاتگەرایان رۆژگارێکی سەختتریان لە پێشە. لە ناو ئەو بیست یان بیست و چەند وڵاتەی جیهانی عەرەب پێك دێنن، شێوازێکی نوێ وا خەریکە سەر هەڵدەدات کە تێیدا داوای لایەنگری دەکرێت و لە سەر سێ ئاستدا- کە هەندێك جار بە هاوسەنگی و هەندێك جار بە ناکۆکی کار لێك دەکەن- لایەنگری دەردەبڕدرێت. نزمترین ئاست رەنگە بە زاراوەیەکی گونجاوتر بە"ناوخۆیی" ناو ببردرێت. ئەمەش رەنگە خێڵەکی و ئیتنیکی بێت یان بە شێوەیەکی نائاسایی نەتەوەیی بێت- واتە کۆمەڵێکی لێکگرێدراو بە هەستی رەچەڵەکێکی هاوبەش، جا چ راستەقینە بێت چ خەیاڵی (لە راستیشدا ئەمە هیچ کاریگەرییەکی نییە، گرینگ ئەوەیە کۆمەڵەکە باوەڕیان بە رەچەڵەکێکی هاوبەشەوە هەبێت) و بەم شێوەیە ناساندنی خۆی لە بەرامبەر ئەوانی تردا. جیاوازیگەلی خێڵەکی و عەشیرەتی ناو خودی عەرەبەکان بەم شێوەیەن. ئەو جیاوازییە خێڵەکی و عەشیرەتییانەش بە

---

١٥٦ Animist کەسێك بڕوای بەوە هەبێت کە سەرجەم شتە سروشتییەکان وەك دار و درەخت و بوومەلەرزە و هتد رۆحیان هەیە و کاریگەرییان لە سەر ژیانی مرۆڤ دەبێت.

شێوەیەکن کە تاقانە کەمایەتییە ئیتنیکییە گرینگەکانی ناو جیهانی عەرەبی، واتە بەربەرەکان لە باکووری ئەفریقا و کوردەکان لە رۆژهەلاتی نزیك و کۆمەڵەی جیاواز و جۆراوجۆری رەشپێستەکان لە موریتانی و سوودان، جیا دەکەنەوە.

هەندێك جار رەنگە پێوەندییەکە تایفی یان ئایینی بێت- واتە کەسێك ئەندامی کۆمەڵگەیەکی ئایینیی دیاریکراو یان کەرتە گرووپێکی ناو ئەو کۆمەڵگەیە بێت. مەسیحییەکانی لوبنان دابەش بوونەتە سەر ئۆرسۆدۆکس و کاسۆلیك و جۆرەها کۆمەڵی بچووکتر و ئەمانەش بۆ خۆیان دابەش بوونەتەوە سەر عەشیرەت، بنەماڵە یان دەستە. هەندێك جار رەنگە پێوەندییەکە هەرێمی بێت- و بوەستێتە سەر شوێنێك، ناوچەیەك یان پارێزگایەك. یان هەڵبەتە رەنگە پێوەندییەکە تێکەڵەیەك لە هەر کام لەمانە بێت.

ئەم جۆرە قەوارە هەرێمی، تایفی یان خێڵەکییانە رەنگە ژیانی سیاسیی ولاتێك پێك بێنن یان تەنانەت دەستیشی بەسەردا بگرن، چونکە ئەو یەکێتییە پێویستەیان هەیە کە رێگە بە کۆمەڵێك دەدات دەسەلات وەدەست بێنێت و بیپارێزێت. بۆ نموونە لە عێراقدا رژێمەکە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتئەستوورە بەو خەڵکانەی سەر بە شوێنێکی دیایکراون کە ئەمەش شاری تکریتە. سووریا شێوازێکی تا رادەیەك جیاواز دەخاتە روو- دەسەلاتێکی هەم هەرێمی و هەم تایفی، واتە دەسەلاتی عەلەوییەکانی باکووری رۆژئاوا. لە یەمەندا پێکدادانی نێوان سێ کۆمەڵی موسوڵمانی رکابەر و هەروەها پێکدادنە خێڵەکی و هەرێمییەکان دەبینین.

لە سەرووی ئاستی ناوخۆیی ئەو ئاستەیە کە رەنگە بە ئاستی ناوەندی ناو ببردرێت- ئاستی دوڵەتی سەربەخۆ. زۆربەی ئەم دەوڵەتانە نوێن و خاوەنی سنووری نوێ و هەندێك جار تەنانەت شوناسی نوێن. هەندێك لەمانە لە سەر بنەمای قەوارەی مێژوویی راستەقینەوە دامەزراون و ئەوانی تر بەتەواوەتی دەسکردن.

سێیەمین و بەرزترین ئاست لە سەرووی دەوڵەتی سەربەخۆیە و دەربڕی ئاواتی گەیشتن بە یەکێتییەکی گەورەترە، شتێکی پڕشکۆتر و بەڕێزتر لە سیاسەتەگەلی ناوخۆیی چەپەڵی هەندێك لەم دەوڵەتانەی ئێستا. ئەم قەوارە گەورەترانە یان بە زاراوەی ئایینی دەربڕاون یان بە زاراوەی نەتەوەیی- واتە بە یەکێتیی سیاسی تورك، یەکێتیی سیاسی عەرەب و یەکێتیی سیاسی ئێرانییەکان. بۆ ئەو قەوارانەی بە



زاراوەی ئایینی دەربڕاون، تاکە کاندیدێك هەیە- واتە یەکێتیی سیاسی ئیسلام- هەرچەندە ئەوەش بە جۆرەها شێوە شرۆڤە کراوە.

لەم کاتەی ئێستادا وێ دەچێت بزووتنەوەگەلی نەتەوەپەرستانەی سەرووناوچەیی پشتیوانییەکی کەمیان لێ بکرێت. یەکێتیی سیاسی ئێرانی هەرگیز ئەوەندە هێزەی نەبووە. لە دەرەوەی ئێراندا تەنیا دوو جەماوەری فارسی زمانی گەورە هەن- لە تاجیکستانی کۆماری پێشووی سۆڤیەت و لە بەشێك لە ئەفغانستان. هیچ کامیان گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە و هەردووکیان بە گشتی سوننین، کە ئەمەش هۆکارێکی تا رادەیەك گرینگە بە تایبەتیش لەگەڵ یاساکانی ئێستای ئێراندا، چونکە بە گوێرەی ئەو یاسایانەوە دەسەلاتی ئاین بۆ دابەشکاری زۆر گەورەترە لە دەسەلاتی زمان بۆ یەکخستنی خەڵك. یەکێتیی سیاسیی تورك تا ئەو کاتەی جەماوەرە تورکەکان لە ژێر چنگی رووسیای ئیمپریالدا مابنەوە، خەونێکی وەدینەهاتووە. کاتێك لە ئاکامی شۆڕشی بۆلشەڤیکدا ئیمپڕاتۆرییەتی رووسیا هەلوەشایەوە و دابەش بوو ئەم یەکێتییە رۆژنەیەکی بۆ کرایەوە کە کاتێك رژێمی سۆڤیەت دەسەلاتی خۆی لە ناوچە ئیمپریالەکانی پێشوودا قایمتر کرد، داخرا. هەلوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت تا ئێستا هاندەر نەبووە بۆ سەرهەڵدانەوەی یەکێتیی سیاسی تورك، هەرچەندە پێوەندییە کولتووری و ئابوورییەکانی نێوان دەوڵەتانی تورك زمان وەك جارانی لێ هاتووەتەوە و رەنگە پەرەش بسەنێت.

لە ناو هەرسێکیاندا یەکێتیی سیاسیی عەرەب، وەك ئاواتێك، بە نزیکەیی بەهێزترین یەکێتیی سیاسییە و بۆ ماوەیەکی درێژیش بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیی پیرۆز بوو لە هەموو ولاتانی عەرەبیدا، کە هەندێکیان تەنانەت ئەمەیان خستە ناو دەستوورەکانیانەوە. بەلام ئەو کاتەی دەوڵەتانی عەرەبی جیاواز پێگەی خۆیان بەهێزتر کرد و بەرژەوەندیگەلی نەتەوەییی جیاوازی خۆیان بە روونییەکی رووەزیادبوون پێناسە کرد و بەدواداچوونیان بۆ کردن. پابەندبوونیان بە یەکێتیی سیاسیی عەرەب بەرەبەرە رۆتینانەتر بوو. ئێستاکە پاش زنجیرە پێکدادانێکی سەخت لە ناوخۆی عەرەبەکاندا تەنانەت لایەنگرییە نەریتییە سەر زارەکییەش زۆربەی جار نادرێت. رەنگە لە داهاتوودا یەکێتییی سیاسیی عەرەب بگەڕێتەوە. ئێستاکە جیهانی عەرەبی وەك تێکەڵەیەك لە دەوڵەتانی نەتەوەییی سەربەخۆ دەمێنێتەوە کە بە زمان

و کولتوور و ئایین و مێژوو لێك بەستراونەتەوە، بەڵام بلۆکێکی سیاسییان پێك نەهێناوە و هیچ مەیلێکی راستەقینەشیان بۆ یەکێتییەکی تۆکمەتر نییە.

یەکێتیی سیاسیی ئیسلام خۆڕاگرتر بووە، هەرچەندە هێشتاش زۆر لە سەرکەوتن دوورە. لە ناو زۆرێك لە شێوازەکان دوو رەوت زاڵ بوون. یەکێکیان لە رووی ئاواتەوە سیاسی و لە رووی رێبازەوە هەندێك جار دیپلۆماسی و لە سیاسەتدا زۆربەی جار کۆنەپارێزە. ئەوەی تریان جەماوەری و زۆربەی جار رادیکاڵی و بە زۆری رووخێنەرە. هەردووکیان جاربەجار لە لایەن حکومەتەوە پاڵپشتی دەکرێن، یەکێکیان لە لایەن رژێمگەلی پیاوسالار و ئەوەی تریان لە لایەن رژێمگەلی شۆڕشگێڕەوە. هەروەها هەردووکیان پشتیوانیی داراییی زۆریان لێ دەکرێت لە لایەن کەسانی ئاساییەوە- کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بە عەرەبستان و کەنداون، کەسانێك کە سەرمایەی نوێ و ئاواتە کۆنەکان ئاوێتە دەکەن. هەڵبەتە هیچ جیاوازییەکی روون لە ئارادا نییە، چونکە حکومەتەکان هەوڵ دەدەن بزووتنەوەگەلی جەماوەری لە شوێنەکانی تردا بەکار بێنن، لەکاتێکدا ئەم تەڤگەرانە هەوڵ دەدەن کاریگەرییان لە سەر حکومەت هەبێت یان تەنانەت کۆنترۆڵیشی بکەن. هەرچەندە هەر دوو جۆریان تا ئێستا تەنیا سەرکەوتنێکی کەمیان وەدەست هێناوە، ئاستی کاریگەریی ئایینی لە سەر سیاسەتەکانی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی- و بەم شێوەیە لە سەر خۆناساندنی سیاسی- زۆر زیاترە لە کۆمەڵگەکانی تر. بەڵام بە گشتی یەکێتیی سیاسیی دیپلۆماسیی ئیسلام لە باشترین بارودۆخیدا بەرهەمی نەبووە و ئەو هەوڵانەی جاربەجار لە هەندێك حکومەتی موسوڵماندا دەدرێن بۆ گۆڕینی ئیسلام بۆ بنەمایەکی رێکخستنی پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی، کاریگەرییەکی کەمیان هەبووە.

ئیسلامی جەماوەری و رادیکاڵ بابەتێکی ترە. شەپۆلی ئێستای خەباتی ئایینی، شەپۆلێکی ناو کۆمەڵێك شەپۆلی مێژووی ئیسلامی، هێشتا بەرز نەبووەتەوە و پێش ئەوەی هێزی لەبەر ببڕێت، رەنگە زۆر وڵاتی تری موسوڵمان تەواو نغرۆ بکات. بەڵام ئەگەر سیاسەتەکانی ئێران و سوودان، ئەو دوو وڵاتانەی تێیاندا شۆڕشگێرانی ئیسلامی دەسەڵاتیان بردووەتەوە، بە رێنوێنێك دابنرێن، دەوڵەتانی ئیسلامی بە هەمان رادەی دەوڵەتانی پێش خۆیان لە سەر بەدەوڵەتبوون پێداگر بوونە - هەر دەوڵەتەو لەگەڵ پێکهاتە و بەرژەوەندی و دەستەبژێر و دڵسۆزی و شوناس و ویستی خۆی بۆ مانەوە.



لە ئەیلوولی ١٨٦٢دا عەلی پاشا کە ئەو کات وەزیری دەرەوەی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بوو، نامەیەکی بۆ باڵوێزی خۆی لە پاریس نارد و تێیدا ئەو شتەی نووسی دیپلۆماتکاران بە "تێڕامانێکی کورت و پوخت"[١٥٧]ی ناوی دەبەن. عەلی پاشا بە گشتی لە ئەوروپا وڵات بە وڵات چاودێری بارودۆخی دیپلۆماسییی کرد تا لە ئیتاڵیادا کۆتایی پێ هێنا. ئیتاڵیا ئەو کات لە سەروبەندی خەبات لە پێناو یەکێتیی نەتەوەیدابوو. لە نامەکەیدا عەلی پاشا نووسی:

ئیتاڵیا، کە تەنیا یەك نەژادی تێیدا نیشتەجێیە، کە بە هەمان زمان دەدوێت و باوەڕی بە هەمان ئایینەوە هەیە، بۆ یەکبوونەوەی رووبەرووی کێشەگەلێکی زۆر بووەتەوە. و ئێستاکە بەشی تەنیا ئاژاوە و پەشێوییە. پێت وایە چ شتێك لە تورکیا رووی دەدا، ئەگەر هاتباو سەرجەم ئاواتگەلی نەتەوەییی جیاواز بواریان بۆ رەخسابا..... سەدەیەك و چەندین سێلاو خوێن پێویست دەبوون بۆ هێنانەدیی بارودۆخێکی تا رادەیەك سەقامگیر".

عەلی پاشا پێشگۆیەکی راستەقینە بوو- لە راستیدا ئەو بۆ پێشگۆیکردنی داهاتوو زۆر کارامەتر بوو لە دیتنی کاتی خۆی. لە سەردەمی خۆیدا ئەم بیرۆکانە، کە عەلی پاشا هۆکاری باشی هەبوون بۆئەوەی لێیان بترسێت، دزەیان دەکردە ناو وڵاتانی عوسمانی و دەستیان دەکرد بە دابەشکاری. لەو کاتەوە پتر لە سەدەیەك تێ پەڕیوە، خوێن هێشتاش دەرژێت و تەنانەت "بارودۆخێکی تا رادەیەك سەقامگیر" هێشتا نەهاتووەتە دی. هەموو ئەم دەوڵەتانە هەر پێکهاتەیەکیان هەبێت یان بە هەر شێوەیەك لە خۆیان تێ گەیشتبن بە خێرایی و بە شێوازی جیاوازەوە، خەریکە دەگۆڕێن. ئەمەش لە رێی بەسەردەمیانەکردنە کە لەگەڵ خۆیدا خوێندەوارییەکی زیاتر دێنێت و هەروەها بە هۆی شۆڕشی زانیاری و رسکانی زۆر دواکەوتووەی ئافرەت و بەشدارییەکەیەتی. ئەمە هەمووی کاریگەریی هەیە لە سەر دیدی خەڵك بەرامبەر بە خۆی و کەسانی تر و لەدواییدا ئەم تێڕوانینە دەگۆڕێت و رەنگە تەنانەت بواری سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی کراوە و ئازادەوە بدات. بەڵام ئەوە پێویستی بە کاتە و لەم ناوەدا کۆمەڵگەکان بە هۆی کارلێککردنی شوناسە زۆرەکانیان کە زۆربەی جار ناکۆکن، ئازار دەدرێن.

---

١٥٧ Tour dhorizine.